





هەموو نامۆن و من تاک و غەریبم
نەماوە ئاشنا، بۆ کوێ نەزەر کەم
شەوارەم بێ نەبینم ڕۆژی ڕووناک
ئەگەر بەو شارەدا ئیتر گوزەرکەم

# جەلال مەلەکشا، شاعیری خوێن و کوێستان و تفەنگ

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێڕست:


١- کۆچی دوایی جەلال مەلەکشا، شاعیری نەتەوەیی و ئەدەبی بەرگریی کورد................... کوردستان و کورد ..... ٤

٢- مامۆستا جەلال مەلەکشا، لەنێو خەم و پەژارەی خەڵکی کوردستاندا بە خاک سپێردرا......... کوردستان و کورد ..... ٧

٣- ژیاننامەی جەلال مەلەکشا...................................................... ماڵپەڕی فەرمی جەلال مەلەکشا ..... ٩

٤- جەلال مەلەکشا.................................................................. ماڵپەڕی فەرمی جەلال مەلەکشا ..... ١٥

٥- جەلال مەلەکشا... شاعیرێک لە ڕەگەزی داربەڕوو .................................... شەریف فەلاح ..... ٢٠

٦- جەلال مەلەکشا؛ دوو جیهان و دوو زمان ................................................. یوونس ڕەزایی ..... ٢٤

٧- بە هەگبەیەکی کوردانەوە، گەشتێک بە دیوانەکەی (جەلال مەلەکشا) دا .............. هەڵۆ بەرزنجەیی ..... ٣٤

٨- ئاوردانەوەیەک لە ژیان و تێکۆشانی شاعیری "دارە پیرە"شێعری "جەلال" نامرێت..... یەحیا سەمەدی ..... ٥٠

٩- جەلال مەلەکشا یەکێــکە لەو سەرمایەیانەی کە بایەخی کەمی پێ دراوە ..................... کەژاڵ حەسەنی ..... ٥٧

١٠- جەلالی مەلەکشا لە دوای خۆی، دەنگدانەوەی زیاتر دەبێ ......................................... ناسرِ حسامی ..... ٦٤

١١- شاعیران خوڵقێنەری جیهانێکی نوێن .... وتووێژ لەگەڵ شاعیر "جەلال مەلەکشا" ............. فریا یوونسی ..... ٦٧

١٢- جەلال مەلەکشا، پێشمەرگەیەک لە ڕەگەزی وشە سەرکەشەکان ................................... بێهزاد قادری ..... ٨٣

١٣- چی مامۆستا جەلال مەلەکشای کرد بە شاعێری نیشتمان ...................................... پژمان حەبیبی ..... ٨٨

١٤- جەلال مەلەکشا؛ شاعیرێکی لەخاچدراو ................................................ دوکتۆر مەسعوود بینەندە ..... ٩١

١٥- جەلالی شێعر و جەلالی کورد .............................................................. مەنسوور مروەتی ..... ١٠٠

١٦- لە یادی جەلال مەلەکشادا ............................................................... خالد توکلی ..... ١٠٥

١٧- ئەمشەو ئارێز بەسەر سنەدا دارِووخا! ........................................................ بەختیار سەجادی ..... ١١٠

١٨- بۆ یادی جەلال مەلەکشا؛ شاعیری ئەدەبیاتی بەرگریی کوردستان ........................... ساماڵ ئەحمەدی ..... ١١٢

١٩- گەشتێک بۆ ئەو دیوی چیا ... دیدارێکی جەلالی مەلکشا ......................................... کاوە ئەمین ..... ١١٩

٢٠- بیرەوەریەک بە بۆنەی کۆچی دوایی ماموستا جەلال-ی مەلکشا.................................. شاسوار ڕەحمانی ..... ١٢٤

٢١- کاتێک جیهان بە کروتەونی کارەسات دەچندرێ.................................................. ڕەهبەر مەحموودزادە ..... ١٢٩

٢٢- شاعیری خوێن و کوێستان و تفەنگ ........................................................ ڕەسووڵ سوڵتانی ..... ١٣٤

٢٣- جەلالی مەلەکشا لە ڕەوت و پڕۆسەی ژیان و بەرهەمەکانی؛ چیرۆکی ڕەنج و ئەوین ..........................

............................................................................................ چاوپێکەوتن محەمەد موتەقی ..... ١٣٩

٢٤- جەلال مەلەکشا: شیعر ژیانی منی بە قوڕدا کرد ................................................ فریا یونسی ..... ١٤٦

٢٥- جەلال مەلەکشا، شاعیری کەڵکەڵە ناسکەکان ......................................... وریا رەحمانی ..... ١٥٣

٢٦- جەلال مەلەکشا قەڵەمێکی پڕ هاوار .......................................... شەماڵ ئیسماعیل پوور ..... ١٥٦


٢٧- گوزەرێک بە ناو ژیان و کارەکانی جەلالی مەلەکشا دا ..................................... یەحیا سەمەدیی ..... ١٥٨

٢٨- جەلال مەلەکشا، شکۆی شێعری بەرگری......................................................... کوردستان و کورد ..... ١٦٤

٢٩- مەلەکشا ڕۆژهەڵاتی بێناز کرد............................................................... ئاوا تۆدەی ..... ١٦٨



## کۆچی دوایی جەلال مەلەکشا، شاعیری نەتەوەیی و ئەدەبی بەرگریی کورد



### جەلال مەلەکشا، شاعیری ناودار و یەکێک لە ئاڵاهەڵگرانی شێعری بەرگریی کورد کۆچی دوایی کرد.

**ئێوارەی ڕۆژی شەممە، ١٠ی خەزەڵوەر لە تەمەنی ٦٩ ساڵیدا دڵە پڕ سۆز و ئەوینەکەی جەلال مەلەکشا بەهۆی جەڵتەی دڵ ڕاوەستا و کوردستانی نوقمی ماتەم کرد.**

جەلال مەلەکشا ساڵی ١٣٣٠ی هەتاوی لە گوندی مەلەکشای سەر بە شاری سنە لە دایک بووە. هەر لەو شارە خوێندوویەتی پێگەیشتوە. لە منداڵییەوە هۆگری شیعر و نووسین بووە. مەلەکشا مرۆڤێکی ئازادیخواز، قەڵەمێکی دەروەست و ئاشتیخوازێکی خەباتکار بوو کە ئەسپی قەڵەمی لە مەیدانی خەبات دژ بە زوڵمدا تاو دەدا. جەلال مەلەکشا پێش شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ ئەندامی «کانوونی نووسەرانی ئێران» بوو، دواتر و لە سەردەمی ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران لەدژی حکوومەتی شادا، بە شیعری پڕ لە حەماسە و وره و وزەی شۆڕشگێڕانە ناوبانگی دەرکرد.

جەلال مەلەکشا ماوەی ١٤ ساڵ ئەندامی کارای گۆڤاری "سروە" بوو، و لەو سەنگەرەی خەباتی نەتەوەییدا پەرەی بە زمان و ئەدەبی کوردی دا. ئەو دواتریش بە بیری بوێر و قەڵەمی بەبڕشتی خۆی وەک خاوەنداری لە شێعری بەرگری و خۆڕاگری کرد و لە سۆنگەی بیری ئازادیخوازی و نیشتمانپەروەرییەوە زۆری چاشت. بەڵام وەرەی بەر نەدا و بە شێعر و پەیڤەکانی بەردەوام

وەرەی دەخستە بەر دڵی ڕێبوارانی ڕێی عیشق و ئازادی؛ ئەو عیشقەی لە شیعری مەلەکشادا لە خزمەتی بیری ڕزگاری لە ستەم و چەوسانەوەی نەتەوەیی دابوو.

جەلال مەلەکشا هیچ کات شیعر و نووسین و قەڵەمەکەی نەکردە قوربانیی ناو و نیشان و پلە و پایە و توانی پاش خۆی "زڕەی زنجیری وشە دیلەکان (کۆشێعر)" و "کارەسات (کۆمەڵە چیرۆک)" بە یادگار بۆ نەتەوەکەی بەجێ بێڵێ. ئەو شاعیرە مەزنە لە ماوەی ژیانی ئەدەبیی خۆیدا خزمەتێکی زۆری بە ئەدەب و وشەی کوردی کرد و خەرمانێکی گەورەی لە شێعر و چیرۆک و لێکۆڵینەوەی وەسەر یەک خست و ئەدەبی کوردیی پێ دەوڵەمەندکرد. مەلەکشا تا دواهەناسە پێشمەرگانە ژیا، ئازایانە بوێرانە نووسی و پەیڤ و شێعرەکانی دەبوونە چقڵی چاوی نەیاران.

**مەرگی جەلال مەلەکشا خەسارێکی گەورەیە بۆ ئەدەبی بەرگریی کورد.**

**جەلال مەلەکشا دوای تێرۆری شەهید د. عەبدولڕەحمان قاسملوو بەو شێعرە دڵە زامارەکەی نیشتمان دەلاوێنێتەوە:**

کاتێ زانییان،
دڵت پاپۆڕی ئەوینە و
بۆ گەیشتن بە بەندەری خۆشەویستی
دەریای شەختە و سەهۆڵ ئەبڕی
هاتن سینگتیان هەڵدڕی...
کاتێ زانیان،
دڵت پردێکە پان و پۆڕ
بەرەو ناخی مێژووی جیهان
دەستی کوێستانت گرتووە و
لە قووڵایی مەرگ و خوێنا
ئەیبەی بەرەو کۆشکی ژیان
پەردەی وەرزی زریان ئەدڕی
هاتن سینگتیان هەڵدڕی...
کاتێ زانیان،
بورکانە دامرکاوەکان ئەخرۆشێنی
بوومەلەرزە خنکاوەکان،
لەناو خوێنا ئەجوولێنەوە

**نەخشەی جیهان ئەشێوێنی**
**سنوورەکان لەژێر پێتا ئەتوێنەوە**
**وەک بڵێسەی کڵپەی ئاگر،**
**لەناو شەوەزەنگا ئەگڕی**
**هاتن سینگتیان هەڵدڕی...**
**کاتێ زانیان،**
**ناوت بووە بە جوانترین وشەی ئەوین**
**دڵدارەکان ئەبزوێنی**
**دەنگت بووە بەچەپکە تیشک**
**شەوی چڵکن ئەشڵەقێنی**
**شانت داوە بەژێر خەمی نیشتمانا و**
**فرمێسک لەچاو هەژار ئەسڕی**
**هاتن سینگتیان هەڵدڕی...**
**کاتێ زانیان،**
**کوێستانت کردووە هێلانە**
**بەشمشاڵی لوولەی تفەنگ،**
**دڵدارەکان بۆ جێژوانی چیا ئەچڕی**
**هاتن سینگتیان هەڵدڕی...**
**هاتن سینگتیان هەڵدڕی...**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٠**



## مامۆستا جەلال مەلەکشا، لەنێو خەم و پەژارەی خەڵکی کوردستاندا بە خاک سپێردرا




**مامۆستا جەلال مەلکەشا گەورە شاعیری شێعری بەرگری لەنێو خەم و پەژارە و ئاپۆرای خەڵکی کوردستاندا بەخاک سپێردرا.**

**کوردستان لە ناشتنی تەرمی شاعێری بە هەڵوێست و دەستەمۆ نە کراو مامۆستا"جەلال مەلەکشا"دا پەیامێکی سیاسی گەورەی دا بە ڕیژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران و سروود و پەیڤە کوردانە و شۆڕشگێرانەکانی مەلەکشایان دووپات کردەوە.**

**ڕۆژی یەکشەممە ١١ی خەزەڵوەری ١٣٩٩ی هەتاوی، تەرمی مامۆستا" جەلال مەلەکشا" سەرەڕای نارەزایەتی ڕیژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و بەرپرسانی حکوومەتی، لە نێو ئاپۆڕای خەڵکی هونەردۆستی سنە و هەموو شارەکانی کوردستان لە "مەلەکشا" بە خاک سپێردار.**

**شایانی باسە کە تەرمی پیرۆزی مامۆستا جەلال، بە وتنەوەی سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب بە خاک سپێردرا و لەلایەن چەندین شاعێری بە هەڵوێستی گەلەکەمانەوە لە سەر گۆڕەکەی شێعر خوێندرایەوە و پەیامی هاوخەمییەکانی مامۆستایان**

ناسری ڕەزازی و عەزیز شارۆخ لە سەر گۆڕی پیرۆزی مامۆستا "جەلال" خوێندرانەوە.


جێگای ئاماژەیە کە ڕێزلێنان و بەرزڕاگرتنی یادی مامۆستای نەمر جەلال مەلەکشا بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پووستێر لە لایەن لاوان و خەڵکی نیشتمانپەروەری لەیلاخەوە لە شارەکانی دێولان، بڵواناوا و شارەدێی گدمیران و ئاوایییەکانی دەوروبەر و چەند شوێنێکی دیکە بە ڕێوەچوو.

مامۆستا جەلال مەلکشا یەکێک لەو شاعیرە بە هەڵوێستانەی کورد بوو کە لە هۆنینەوەی شێعری بەرگریدا جێگە و پێگەی تایبەتی هەیە. مەلەکشا وەک زۆر لە شاعیرە نیشتمانپەروەرەکانی کورد سادە ژیا بەڵام بە شێعرەکانی و بە هەڵوێستەکانی کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر هەستی خەڵکی ئازادیخواز و مافخوازی کوردستان دانا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٠



# ژیاننامەی جەلال مەلەکشا




## • منداڵی و میرمنداڵی

جەلال مەلەکشا، ٢٨ی ئازاری ١٩٥٢ی زایینی، لە گوندی مەلەکشانی سەر بە شاری سنە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایکبووە. ناوی باوکی ئەحمەد ڕەحیمی مەلەکشان و دایکیشی ئامینە گەوێڵی کێڵانەیە. جەلال یەکەم منداڵی خێزانەکەی بووە و خاوەنی سێ خوشک و سێ برای دیکەیە. هەر لە منداڵییەوە، پێش ئەوەی بڕواتە مەکتەب لە ژێر کاریگەریی مامێکی خوێندەواری بە ناوی عەبدولڕەزا، فێری خوێندن و نووسینی کوردی دەبێت، وەک خۆی باسی کردووە: «پێنج ساڵان بووم، کە مامم بە هاندان و بە زۆر، شیعری شاعیرانی کلاسیکی وەکوو نالی و مەحوی و هتدی پێ لەبەر دەکردم». جەلال ٨ ساڵان بووە کە باوکی لە دایرەی کشتوکاڵی شاری سنە دادەمەزرێت و بەماڵەوە دەڕۆنە سنە و لەو شارەدا نیشتەجێ دەبن. لەبەر ئەوەی کە تەمەنی جەلال سەرەوەی ٧ ساڵ بووە بە کێشەیەکی زۆر لە قوتابخانە وەردەگیرێت. بەهۆی بارودۆخی وڵاتی ئێران و قەدەغەبوونی خوێندن بە زمانی دایکی، وەکوو هەموو منداڵە کوردەکان بە ناچاری بە زمانی فارسی دەخوێنێت. قۆناغی خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەکانی «شێخ موهاجیر»، «سەعدی»، «چواری ئابان» و «سەعدی ژمارە ٢» تەواو دەکات و قۆناغی ناوەندی و دواناوەندی لە قوتابخانەکانی «شاپوور»، «بووعەلی»، «ڕازی»، «غەزاڵی» و «هیدایەت» دەخوێنێت و دیپلۆمی وێژەیی لە زمانی فارسیدا وەردەگرێت.

## چالاکیی سیاسی

جەلال مەلەکشا لە تەمەنێکی کەمدا، تێکەڵاوی کاری سیاسی دەبێت. ئەو کە بە نووسینی شیعر و چیرۆک بە خێرایی توانیبووی جێگایەکی تایبەت لە ڕۆژنامە و گۆڤارە فارسیەکاندا بۆ خۆی بکاتەوە، چەندین جار لە بەر نووسراو و بیروبڕواکانی دەکەوێتە بەر لێپرسینەوەی ساواک و ڕەوانەی زیندان دەکرێت. زیندان بۆ جەلال دەبێتە زانستگایەک و لە زینداندا لەگەڵ چەندین کەسایەتیی سەر بە حیزب و ڕێکخراوە گەورە و بچووکەکان ئاشنایەتی پەیدا دەکات و بیروبڕوای زۆرێک لە گرووپە چەپ و سیاسیە کوردەکان و هەروەها فیدایی و موجاهید دەناسێت. بۆ نموونە لە زیندانی ناوەندیی سنە لە گەڵ «بێهرۆز حەقی مەنیع»(بهروز حقی منیع)، خەڵکی شاری تەبریز و ئەندامی ناسراوی فیداییەکان ئاشنا دەبێت. حەقی مەنیع بۆ ماوەی دوو ساڵ لە زینداندا «ماتریالیسمی دیالکتیکی مێژوویی» دەڵێتەوە و جەلال کەڵک لە وانەکانی دەگرێت و وەکوو مامۆستایەکی زۆر توانا ناوی دەبات. پێش شۆڕشی گەلانی ئێران مەلەکشا دەبێتە ئەندامی سازمانی چریکی فیدایی لە کوردستان و تا کۆتایی‌هاتن بە ڕژیمی پاشایەتی لە ئێران وەکوو ئەندامی ئەو حیزبە چالاکی دەنوێنێت و پاش ئەوەش دەبێتە ئەندامی کۆمەڵە و لە چالاکیەکانیدا بەشداری دەکات و هەر بەهۆی چالاکیە سیاسیەکانیەوە لە هەر دوو ڕژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیدا نزیک بە دوازدە ساڵ زیندانی دەکرێت. ڕەنگدانەوەی چالاکیە سیاسیەکانی جەلال مەلەکشا لە زۆربەی بەرهەمەکانی ئەو سەردەمەیدا بە ڕوونی دەبینرێت. دواتر کە لە چالاکیی حیزبایەتی دەکشێتەوە، لە وتووێژێکدا دەڵێت:«مرۆڤ ناتوانێ خۆی لە سیاسەت بدزێتەوە، بەتایبەت خاوەن قەڵەم! بەڵام نابێ هونەر لە چوارچێوەی حیزبێکدا زیندانی بکرێ، بەرپرسبوون بەرانبەر بە حیزبێک سەربەستیی بیر و ئەندێشە لە ناو دەبات».

## زیندان

جەلال مەلەکشا لە قۆناغی گەنجیدا تێکەڵی کاری سیاسی دەبێت و بەهۆی نووسراو و چالاکیە سیاسیەکانییەوە چەندین جار زیندانی کراوە. یەکەم جار ساڵی ١٩٦٩ لە ڕژیمی پاشایەتیدا و کاتێ تەمەنی حەفدە ساڵان بووە بەهۆی شیعرێکەوە ڕووبەڕووی لێپرسینەوەی و ئەشکەنجەی ساواک دەبێت و لەوە بە دوا زۆر جار بە هۆکاری گەورە و بچووکەوە دەستبەسەر دەکرێت و هەر جار، چەندین مانگ بەند دەکرێت. ساڵی ١٩٧٢ حوکمی چوار ساڵ زیندانی بەسەردا دەسەپێنن کە پاش دوو ساڵ ئازاد دەکرێ. لە ١٩٧٦ دیسان دەکەوێتە بەندیخانە، بەڵام جەلال بەو حوکمانەشەوە ناشکێ و هەر لە نێو زیندانەوە بۆ یەکەمجار دەستدەکات بە نووسینی چیرۆک و ڕەوانەی گۆڤارە فارسیەکانی دەکات، بەم چیرۆکانەش دیوێکیتر لە ژیانی ئەدەبی خۆی دەردەخات. ئەو چیرۆکانەی کە لە نێو زیندانەوە ڕەوانەی دەرەوەی دەکات، ئەوەندە کاریگەر دەبن کە دوای ئازادبوونی لە زۆر شوێن ناوی دەرکەتووە و ناسراوە و لەگەڵ زۆرێک لە ئەدیب و نووسەر و شاعیر و چالاکوانە سیاسیەکانی

سەردەم دۆستایەتی و ئاشنایەتی پەیدا دەکات. ساڵی ١٩٧٨، لە گەرمەی شۆڕشی گەلانی ئێراندا دیسانەوە دەکەوێتە زیندان، بەڵام پاش چەند مانگێک ڕژێمی پاشایەتی لەژێر تەوژمی خەباتی گەلاندا ناچار زۆربەی زیندانیە سیاسیەکان ئازاد دەکات. پاش لەناوچوونی ڕژێمی پاشایەتی، قەڵەمە بوێرەکەی جەلال، هەرگیز بەرامبەر دەسەڵاتی داگیرکەر ئارام ناگرێت و بەرپرسیارانە لە ئاست ئازار و مەینەتی گەلەکەی چالاک دەبێت. پاش شۆڕش و لە کۆماری ئیسلامیشدا لە ڕیزی سەرەتاییترین چالاکوانانی کورددایە کە دەستبەسەر و زیندانی دەکرێت! لەبەر چالاکیەکانی جەلال بۆ ماوەیەک تەنانەت هەموو ئەندامانی بنەماڵەکەیشی سەرجەم دەکەونە ژێر گوشاری ڕژێم و زیندانی دەکرێن. هەروەها چەندین جار هەوڵدەدرێت، بەهیە خانمی هاوژینی کە لە سنە مامۆستای قوتابخانە بووە، لە کار لابدرێت و وەک سزادان بۆ چەندین شاری دی دووری دەخەنەوە.

جەلال مەلەکشا ساڵی ١٩٨٣، جارێکیتر دەکەوێتە بەر پەلاماری ڕژێم و سزای دە ساڵ زیندان و دوورخستنەوە و پازدە ساڵ زیندانی هەڵپەسێردراوی بە سەردا دەسەپێندرێت، لە کاتی دەستبەسەریشدا، هەرچەند مانگێک لە زیندانێکەوە بۆ زیندانێکیتر دەگوازرێتەوە و لەم گواستنەوانەدا زۆر لە نووسراوەکانی لەناو دەچێت، هەندێکیان وەک ئەمانەت دەدرێتە دەستی دۆست و ئاشنا کە ڕەوانەی دەرەوەی بەندیخانە بکرێ و بە داخەوە بە دەگمەن دیسان دەستی جەلال دەکەونەوە و هەندێ‌تریشیان دەکەوێتە دەست زیندانەوانەکان و چەندین دەفتەرە شیعری لە بەرچاوی دەسووتێندرێت!

پاش نزیک بە چوار ساڵ تێپەڕاندنی حوکمی زیندان، بە فەرمانێکی بەخشین وەک زۆربەی کوردە بەندکراوەکان ئازاد دەبێت. دواتر و لە سەردەمی ئیشکردنی لە گۆڤاری سروەشدا، ناوبەناو، بە هۆی جیاوازەوە قۆڵبەست دەکرێ و چەند جاریتر ڕەوانەی زیندان دەکرێت.

ئەزموونی زیندان ڕەنگدانەوەی زۆری بەسەر شیعرەکانی مەلەکشادا هەبووە و زۆرێک لە شیعرەکانی بەرهەمی گۆشەی سیاچاڵ و گرتووخانەکانی هەردوو ڕژێمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی ئێرانن. جەلال بە تاوانی بیروباوەڕ و هەوڵەکانی لە پێناو بەدیهاتنی ئامانجە بەرزەکانی مرۆڤایەتی، لە هەر دوو ڕژێمدا ، بە گشتی بۆ ماوەی زیاتر لە دوازدە ساڵی تەمەنی لە زینداندا تێپەڕ کردووە. لە زیندانەکانی ساواک و پاشتر ئیتلاعاتی شاری سنە و زیندانی ناوەندی سنە تا زیندانی ناوەندی ورمێ و زیندانی شارەوانی ئابادان و زیندانی قزڵحەساری کەرەج و هتد، کە هەر یەکەیان بۆ ماوەیەک بوونەتە ژووری ئەشکەنجەدانی ئەو!

## کانوونی نووسەرانی ئێران

ئەزموونی نووسینی جەلال مەلەکشا لە تەمەنێکی خوارەوە دەستی پێکرد. ئەو لە شیعری نوێی فارسیدا سەرکەوتوویی باشی بەدەست هێنا و شیعر و چیرۆکەکانی لە زۆربەی گۆڤار و بڵاوکراوە بەناوبانگەکانی ئەو سەردەمەی ئێراندا چاپ دەکران، تەنانەت دوای ئەوەش کە بەهۆی چالاکیەکانیەوە دەکەوێتە زیندان لە نووسیندا بەردەوام دەبێت و شیعر و چیرۆک و دەقەکانی ڕەوانەی دەرەوەی زیندان دەکات. مەلەکشا ساڵی ١٩٧٧، وێڕای نەبوونی کتێبی چاپکراو، لە بەر بەهێزبوونی شیعر و چیرۆک و دەقە بڵاوکراوەکانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا، وەک ئەندامی کانوونی نووسەرانی ئێران وەردەگیرێت. ئەمەش لە حاڵەتێکدایە کە مەرجی ناونووسی بۆ ئەندامیەتی لەو ناوەندەدا دوو کتێبی چاپکراو بووە، تاکوو پاشان لەسەر شایەنبوونی ئەندامیەتی نووسەر دەنگ بدرێ، بەڵام ئەندامیەتی جەلال مەلەکشا، بە بێ کتێبی چاپکراو، ئاستی هێز و توانای قەڵەمی ئەو نووسەرە لە زمانی فارسیدا پیشان دەدات. لەو سەردەمەدا ئەندامانی دیکەی کوردی کانوونی نووسەرانی ئێران «عەلی ئەشرەف دەروێشیان» و «عومەر فارۆقی» بوون. ئەندامیەتی لە کانوونی نووسەرانی ئێران دەبێتە دەرفەتێکی باش بۆ نزیکبوونەوەی زیاتر و دۆستایەتی لە نێوان جەلال و گەورەنووسەران و ئەدیبان و شاعیرانی ئەو سەردەمەی ئێران. بەناوبانگترین ئەندامانی ئەو ناوەندە لەو سەردەمەدا کەسانی وەکوو «مەهدی ئەخەوان سالیس»، «ئەحمەد شاملو»، «هووشەنگ گوڵشیری»، «جەلال ئال ئەحمەد» و «مەحموود ئیعتمادزادە» بوون.

## پێوەندی کۆمەڵایەتی

پێوەندی زۆر باش و بەربڵاو لە گەڵ زۆربەی هونەرمەندان و شاعیران و نووسەرانی کورد و ئێرانی، لە تایبەتمەندیەکانی ژیانی جەلال مەلەکشا بوو. هووشەنگ گوڵشیری، مەهدی ئەخەوان سالیس، ئەحمەد شاملوو، ئیسماعیل خۆیی، خەسرەو گوڵسورخی، عەباس پەهلەوان، میرزائاغا عەسگەری، ئەحمەد ئەحرار، ئیسماعیل نووری ئەعلا، سەعید سوڵتانپوور و... بەناوبانگترین شاعیران و نووسەران و ئەدیبانی فارسزمانن، کە جەلال مەلەکشا لە گەڵیاندا پێوەندی هەبووە. هەر وەها لەگەڵ گەورە نووسەر و شاعیر و ئەدیب و هونەرمەندانی کورد وەکوو؛ هێمن و هەژار موکریانی، مەلاعەبدولکەریمی مودەڕس، مەسعوود محەمەد دیدار و چاوپێکەوتنی هەبووە و لەگەڵ عەبدوڵا پەشێو، شێرکۆ بێکەس، مارف خەزنەدار، ڕەحیم لوقمانی، هاشم سراج، ئەحمەد قازی، عوسمان دەشتی، مارف ئاغایی، شوکر مستەفا، کەریم دافعی، سیمین چایچی، فرەیدوون ئەرشەدی، عەباس حەقیقی، فەرهاد عەونی، محەمەد سەعید نەجاری، شوکروڵای بابان، ناسر ڕەزازی، شڤان پەروەر، عەزیز شارۆخ و نەجمەدین غوڵامی هاوڕییەتی و پێوەندی دۆستانەی هەبووە. هەروەها بەهۆی کاری ڕۆژنامەوانی و چالاکیی سیاسیەوە، جەلال مەلەکشا پێوەندییەکی باشی لەگەڵ زۆربەی کەسایەتیە سیاسیە کوردەکانی وەکوو: مەسعوود

بارزانی، جەلال تاڵەبانی، مەلا بەختیار، فرانسوا حەریری، نێچیرڤان بارزانی، عەبدوڵا موهتەدی، حسێن یەزدانپەنا، مستەفا هیجری، خالد عەزیزی، ڕەزا کەعبی و کەریم حیسامی و هتد هەبوو. مەلەکشا لە یەکێک لە دیدارە گرنگەکانی ژیانیدا، ڕۆژنامەنووس و توێژەری بەناوبانگی فەرەنسی کریس کۆچێرا دەبینێت و چەند ڕۆژێ پێکەوە دەبن و هەموو کات لە کریس کۆچێرا وەک مامۆستایەک یادی دەکرد.

## ژیانی بنەماڵەیی

جەلال مەلەکشا، ساڵی ١٩٧٥، لە تەمەنی بیست و چوارساڵیدا لەگەڵ خانمی بەهیە ئەژدەرنەژاد، کچی بنەماڵەیەکی ناسراوی شاری ورمێ، هاوسەرگیری دەکات و لە ژیانی هاوبەشیاندا دەبنە خاوەنی سێ کوڕ بە ناوەکانی کاوە، شاهۆ و نیما.

• ژیان لە دەرەوەی ئێران

جەلال بەهۆی چالاکیەکانیەوە، لە سەردەمی هەر دوو ڕژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیدا، زۆر کات ناچار بووە لە ناوخۆی ئێراندا بەنهێنی بژی. شارەکانی تاران و ورمێ و ئابادان و خوڕەمشار و شیراز و ئەسفەهان و سەقز و مەهاباد و بۆکان و تەنانەت سنەش هەر یەکە و بۆ ماوەیەک بوونەتە شوێنی ژیانی نهێنی و حەشارگەی مەلەکشا، بەڵام بە هەموو کێشە و گرفت و ئاریشەکانەوە هەرگیز بەوە ڕازی نابێت کە وڵات بەجێ بهێڵێت. لەسەرەتای کارکردنی لە گۆڤاری سروەدا نەختێک گوشارە ئەمنییەکان لەسەری کەم دەبێتەوە، بەڵام هەرچی بەرەو پێشتر دەڕوا دیسان گوشار و قوڵبەستکردنی ناوبەناو زیادتر دەبێت و پاش ئەوەی کە لەژێر گوشاری ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی لە سروە جیا دەبێتەوە، هەوڵی ئەوە دەدرێ کە سزای بەسەردا بسەپێنن و حوکمی زیندانی درێژخایەنی پێ بدەن، پاش ئەو سیناریۆیە ئیدی بەرگە ناگرێ و بەوتەی خۆی: «ئێتر تاقەتی کەلەپچە و زیندانم نەمابوو و بە قاچاخە ڕێگادا بەرەو باشووری کوردستان ڕۆیشتم»، سلێمانی و هەولێر باوەشی خۆیان بۆ جەلال دەکەنەوە، هەر وەها بۆ ماوەیەکیش لە بەغداد ژیاوە.

## کۆتاساڵەکانی ژیانی

کۆتاساڵەکانی ژیانی جەلال مەلەکشا کەم تا زۆر بە گۆشەگیری تێپەڕیوو. لە وڵاتی ئێران بە هیچ شێوەیەک ڕێگا بە چالاکیە ئەدەبیەکانی نەدەدرا و نەیدەتوانی لەبەر سانسۆر بەرهەمەکانی چاپ و بڵاو بکاتەوە، تەنانەت ڕێگا نەدەدرا لە هیچ کۆڕ و کۆبوونەوەیەکدا بەشداری بکات. بڕیار وابوو ساڵی ٢٠١٥، ڕێوڕەسمی ڕێزلێنان لە ماندووبوونی چەندین ساڵەی جەلال مەلەکشا لە ناوەندی هونەری فەجری شاری سنە بەڕێوە بچێت، تەنانەت ئامادەکاریی باش بۆ مەراسیمەکە کرا، بەڵام لە کۆتاساتەکاندا ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی ڕێگری کرد و شوێنی کۆبوونەوەکەیان داخست و بڵاوەیان بە ئامادەبووان

کرد. چەندین جار لە لایەن حکوومەتی هەرێمەوە بانگێهشت کرا بۆ باشووری کوردستان تا لەوێ بژی، بەڵام جەلال هەرگیز تاقەتی دوورکەوتنەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەتایبەت شاری سنەی نەبوو. هەروەها نەخۆشین تەنگی لێ هەڵچنیبوو و زۆر بەسەختی هاتوچووی دەکرد، بەڵام هەرگیز لە نووسین نەوەستا و هەنووکە بەرهەمی لێ بەجێماوە کە هێشتا چاپ نەکراون.

## کۆچی‌دوایی و پاش مەرگی

مەلەکشا لە کۆتا پەردەی ژیانیدا، کاتژمێر ٦:١٥ی ئێوارەی ڕۆژی سی و یەکی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠، لە ماڵی باوکی لە گەڕەکی تەپەی قەوپاڵی شاری سنە و بەهۆی جەڵتەی دڵەوە کۆچی دوایی کرد. لە ڕۆژی یەکی تشرینی دووەمی ٢٠٢٠ لە بارودۆخێکی ئێجگار ئەمنیەتیدا تەرمەکەی لەسەر شانی سەدان کەس لە جەماوەری شاری سنە و هۆگرانی، بە دروشمی شۆڕشگێڕانە و سروودی «ئەی ڕەقیب»، بەڕێکرا و لە گۆڕستانی گوندی مەلەکشانی سەربە شاری سنە و لە زێدی باب و باپیرانیدا بە خاک سپێردرا.


زۆر لە کەسایەتیە بەناوبانگەکانی کوردستان وەک: سەرۆک حکومەتی هەرێمی کوردستان نێچیرڤان بارزانی و سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان مەسروور بارزانی و سەرجەم حیزب و لایەنە سیاسیەکان پەیامی سەرەخۆشیان ئاراستەی بنەماڵەکەی و هەموو خەڵکی کوردستان کرد. هەروەها سەرۆک مەسعوود بارزانی تاجەگوڵینەیەکی بۆ سەرمەزاری جەلال مەلەکشا هەنارده کرد. جگە لەو مەراسیمە کە لە شاری سنە و گوندی مەلەکشان بەڕێوەچوو لە شارەکانی‌تری کوردستان و هەروەها لە ئەورووپا و ئەمریکا چەندین مەراسیم لە لایان کوردانی دانیشتووی تاراوگە بۆ ماڵاوایی‌کردن لە شاعیری کۆچکردوو جەلال مەلەکشا بەڕێوەچوو.

پاش مەرگی مەلەکشا چەندین کەس لە بنەماڵە و دۆستانی نزیکی جەلال بۆ ماوەی چەند مانگێک کەوتنە بەر لێپرسینەوەی دەزگای ئیتلاعاتی ئێران، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە قەڵەمەکەی جەلال و کاریگەریەکەی تەنانەت پاش مەرگیش هەر چقڵێکە لە نێو چاوی داگیرکەرانی کوردستاندا.

بەبۆنەی چلەی کۆچی دوایی جەلال مەلەکشا، وەکوو وەفایەک بەرانبەر بە تەمەنێک خزمەتی شوێندانەری جەلال لە دوو شاری هەولێر و سلێمانی لە باشووری کوردستان، ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ بۆ پەردەلادران لەسەر کتێبی «پیرەدار» بەڕێوەچوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی فەرمی جەلال مەلەکشا

## جەلال مەلەكشا




جەلال ڕەحیمی مەلەكشان ناسراو بە جەلال مەلەكشا (١٩ی ئازار ١٩٥٢ - ٣١ی تشرینی یەكەم ٢٠٢٠ز / ٢٨ی ڕەشەمەی ١٣٣٠ - ١٠ خەزەڵوەری ١٣٩٩ك.ه) شاعیر، نووسەر، ڕۆژنامەوان، ڕەخنەگر، چالاكی سیاسی - كۆمەڵایەتی و ئەندامی كانوونی نووسەرانی ئێران بوو.

لە بواری خوێندندا، بڕوانامەی دیپلۆمی لە ئەدەبیاتی فارسیدا وەرگرتووە و دواتر بەهۆی چالاكیی سیاسی و زیندانەوە ناتوانێ درێژە بەخوێندن بدات.

مەلەكشا لە تەمەنێكی كەمدا، ئارمانجخوازانە دەست بەنووسین دەكات و بەخێرایی دەتوانێت پەنجەمۆری چالاكی و داهێنانە ئەدەبییەكانی بەسەر لاپەڕەی مێژووی ئەدەبی هاوچەرخی فارسی و كوردیدا بنەخشێنێت. جەلال لە دیارترین و كاریگەرترین دەنگەكانی ڕەوتی نوێخوازیی شیعری كوردیی ڕۆژهەڵاتی كوردستانە. مەلەكشا بە كەڵكوەرگرتن لە زمانێكی ئوستوورەیی، شیعری نوێی كوردی و شیعری بەرگریی ڕۆژهەڵاتی كوردستانی بەرەو قۆناغێكی تازە برد. مەلەكشا جگە لە شیعر، لە بواری چیرۆك، ڕۆژنامەوانی، لێكۆڵینەوە و وەرگێڕاندا بەرهەمی بەرچاو و زۆری لێ بەجێماوە. بەشێ لە شیعرەكانی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانەكانی؛ ئینگلیزی، فەرەنسی، ڕووسی، عەرەبی، سویدی، فارسی و هتد.

مەلەکشا لە شیعری فارسیدا، لەژێر کاریگەریی نیمایووشیج، مەهدی ئەخەوان سالس و ئەحمەدی شاملوودا بووە و لە سەرەتای نووسینی شیعری کوردیدا، عەبدوڵا گۆران، لەتیف هەڵمەت، عەبدوڵا پەشێو و شێرکۆ بێکەس بەسەر ڕەوتی نووسینیدا کارگەری زۆریان هەبووە.

جەلال مەلەکشا کە نەخۆشینێکی درێژخایەنی هەبوو لە کۆتاییدا، ئێوارەی ڕۆژی ٣١ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ بەهۆی جەڵتەی دڵەوە کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی گوندی مەلەکشانی سەر بە شاری سنە و لە زێدی بابی و باپیرانیدا بە خاک سپێردرا.

## بەستێنی چالاکیەکانی مەلەکشا

### • شیعر و چیرۆک

جەلال مەلەکشا لە تەمەنێکی کەم و هەر لە هەرەتی منداڵی و مێرمنداڵییەوە هۆگری شیعر و نووسین بووە، لە منداڵییەوە دەست بە نووسین دەکات و بە وتەی خۆی یەکەم شیعری کاتێ پۆلی چوارەمی سەرەتایی بووە نووسیوە، خەمنامەیەک بۆ مەرگی کچە دراوسێیەکیان کە نەخۆش دەکەوێ و لەبەر نەبوونی دکتۆر و دەرمان دەمرێت. جەلال لە سەرەتای لاویەتیەوە بەشێوەیەکی تۆکمەتر ڕوو لە نووسینی شیعر دەکات و ئەزموونی شیعریشی بە زمانی فارسی دەستپێدەکات. ڕوانگەی سیاسی و بەگشتی نووسین و چالاکیە ئەدەبی و ڕەخنەییەکانی جەلال لە ژێر ڕەوتی چەپی زاڵ بەسەر کۆڕ و کۆمەڵە ڕۆشنبیریەکانی ئەو سەردەمە دەگیرسێت و گەشە دەکات. لە شیعری فارسیدا لەژێر کاریگەری نیمایووشیج و مێهدی ئەخەوان سالیس و ئەحمەدی شاملوودا بووە و لەو بوارەدا سەرکەوتنی زۆر باشی بە دەست هێناوە.

جەلال مەلەکشا هاوکات لەگەڵ ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٨دا، نووسین بە زمانی زگماکی خۆی دەست پێدەکات و لە ماوەی چەند ساڵدا وەک شاعیر و نووسەرێکی لێهاتووی کورد ناو و ناوبانگ دەردەکات. لە دەستپێکی نووسینی شیعری کوردیدا عەبدوڵا گۆران و لەتیف هەڵمەت و عەبدوڵا پەشێو و شێرکۆ بێکەس بەسەر ڕەوتی نووسینیدا کاریگەریی زۆریان هەبووە. سوارە ئێلخانیزادە (کاک سوارە)، فاتح شەیخولئیسلامی(چاوە)، عەلی حەسەنیانی(هاوار) سێ کوچکەی نوێخوازیی شیعری کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان پێکهێناوە و ڕچەیان شکاند و بەدوای ئەواندا نەوەیەکی نوێ لە شاعیرانی کورد دەستیان بە نووسین کرد کە بەبڕوای زۆر کەس جەلال مەلەکشا ئەستێرەی پرشەنگداری ئەو جیلە تازە بوو کە ڕەوتێکی شیعری تایبەت بە خۆی بونیاد نا و زۆر لە شاعیرانی ئەو سەردەمە بەدوای کەوتن. ئەگەر نیمایووشیج وەک یەکەم شاعیری نوێی فارس ناو ببەین، کە کەڵکی لە ماکە ئوستوورەییەکان وەرگرت، جەلال بە کەڵک وەرگرتن لە زمانێکی ئوستوورەیی،

شیعری نوێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەو قۆناغێکی نوێتر دەبات و ڕێگایەکی تا ڕادایەک جیاواز لە شاعیرانی پێش خۆی دەگریتە بەر. زۆربەی شیعرەکانی جەلال، یان بە ئێپیزۆدێک یان بەگشتی ڕەگێکیان لە ئوستوورەدایە. جەلال پاش شکستهێنانی شۆڕشی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وڵات و خەڵکی خۆی بە جێناهێڵێت و سێ تەوەری سەرەکی دەکات بە هەوێنی هزر و هۆنینەوە، و ژیانی ئەدەبی خۆی بەو سێ ئاراستەیە بەرەو پێش دەبات؛

**یەکەم؛ ئاراستەی کۆمەڵایەتی:** واتا شیعر لای جەلال خواستی تاکەکەسی و خەونی خۆی نییە!

**دووهەم؛** ئاراستەی نەتەوایەتی: واتا مەلەکشا لە قوڵایی ناخیەوە هەست بە کێشەیەکی گەورە بەرامبەر بە نەتەوەکەی دەکات و هەر بۆیە لە شیعرەکانیدا هەست بە خۆشەویستی وڵات و هەوڵدان بۆ پاراستن و ڕزگارکردنی نیشتمان یەک لە گرنگترین و بەرچاوترین تەوەرەکانی شیعری جەلال بە ئەژمار دێ.

**سێیەم؛ ئاراستەی مرۆڤایەتی:** واتا شیعر دەبێ پەیامی ئازادی و ئاشتی و دادپەروەری پێ بێت. جەلال مەلەکشا لە بەر ناوەڕۆکی شیعرەکانی کە دژ بە دیکتاتۆرییەت و دەسەڵاتی داگیرکەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە، بە دژواریی زۆر و بەشێوەی نهێنی لە ساڵی ٢٠٠٤دا بۆ یەکەمجار توانی یەکەم کتێبی شیعری خۆی بەناوی «زڕەی زنجیری وشە دیلەکان» بڵاو بکاتەوە و پێشوازیەکی زۆر باشی لێکرا و لە کەمتر لە یەک حەوتەدا بەچاپی دووهەم گەیشت. ساڵی ٢٠١٤ کتێبێک بە ناوی «کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی جەلال مەلەکشا» کە بریتی بۆ لە دوو بەشی شیعری کوردی و شیعری فارسی و بە دیوانی جەلال مەلەکشا ناوبانگی دەرکرد دیسانەوە بە شێوەی نهێنی چاپ و بڵاو کرایەوە. چاپی ئەم کتێبە بەهۆی کوالیتی نزم و هەڵەی تایپییەوە، هەرگیز بەدڵی جەلال مەلەکشا نەبوو. بە بۆنەی بڵاو بوونەوەی ئەم کتێبە جارێکیتر مەلەکشا کەوتە بەر لێپرسینەوەی ئیتلاعاتی ئێران و کێشەی زۆریان بۆ دروستکرد. جەلال وەک هەمیشە دیسانەوە کۆڵ نادات و بۆ چاپی دووهەمی ئەم بەرهەمە خۆی سەرپەرشتی کارەکە وە ئەستۆ دەگرێت و لە چاپی ٢٠١٦دا کتێبەکە زۆر باشتر دەردەچێت و پێشوازییەکی باشی لێدەکرێت.

جەلال مەلەکشا کە سەرەتا بە شیعر دەستی بە نووسین کردبوو، لە بەندیخانەی ڕژیمی پاشایەتیدا دەست بە نووسینی چیرۆکیش دەکات. زۆربەی چیرۆکەکانی لە بڵاوکراوە بەناوبانگەکانی ئەو سەردەمەدا چاپ کراون. ساڵی ٢٠١٣ کتێبێک لە کۆمەڵە چیرۆکە کوردییەکانی مەلەکشا بە ناوی «کارەسات» کە لە نۆزدە کورتە چیرۆک پێکهاتبوو، چاپکرا. زۆربەی ئەو چیرۆکانە کە لە کارەساتدا چاپ کراون، پێشتر لە گۆڤاری سروە چاپ و بڵاو بوونەتەوە. شێوازی خەتی و یارمەتیوەرگرتن لە سیمبۆلیزم و هەندێ جار سوڕیالیزم، تایبەتمەندیی دیاری قەڵەمی جەلال مەلەکشا لە بواری چیرۆکدایە. جەلال مەلەکشا بەرهەمی زۆری لێ بەجێماوە کە بەهۆی سانسۆر لە ناوخۆی ئێراندا تاکوو ئێستا لە هیچشوێنێ بڵاو نەبوونەتەوە.

## • ڕۆژنامەوانی

ساڵی ١٩٦٦ی زایینی یەکەمین شیعرەکانی مەلەکشا، بە زمانی فارسی، لە گۆڤاری «ئۆمێدی ئێران» و «جەوانان» چاپ و بڵاو دەبنەوە، هەر لەو ساڵەدا شیعرێکی فارسیی مەلەکشا بەناوی «شهر من» واتا «شارەکەم» کە لە «گۆڤاری جەوانان» بڵاو کرابووەوە، وەکوو شیعری یەکەمی مانگی ئەو گۆڤارە دەستنیشان دەکرێت و ئەم ئەزموونانەش دەبنە سەرەتای پەیوەندیی جەلال لە گەڵ ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا و لەوە بە دوا، شیعر و چیرۆک و وەرگێڕانەکانی لە زمانی کوردییەوە بۆ سەر زمانی فارسی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە بەناوبانگەکانی ئەو سەردەمەی ئێران وەکوو: کەیهان، فیردەوسی، کتێبی جومعە، ئیتلاعاتی حەوتانە، ئۆمێدی ئێران، چیستا، سوخەن و هتد بڵاو دەبنەوە.

یەکەم هەوڵی جەلال مەلەکشا لە بواری ڕۆژنامەگەریدا، سەرەتای ساڵی ١٩٨٦، دوای بانگهێشتکردنی لە لایەن مامۆستا هێمنەوە بۆ هاوکاری لە بەڕێوەبردنی گۆڤاری سروەدا دەست پێدەکات. مەلەکشا کە تازە لە زیندان ئازاد کرابوو، دەڕواتە ورمێ و لە گۆڤاری سروە و دەزگای سەلاحەدین ئەیووبی دەست بەکار دەبێت و وەکوو ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەو گۆڤارە دەبێتە سەرپەرشتی بەشی شیعر و ئەدەبی سروە و وەڵامدانەوە بە نامەی خوێنەران. بەداخەوە هاوکاری نێوان جەلال و هێمن زۆری پێ ناچێت و دوای چەند مانگێ مامۆستا هێمن کۆچی دوایی دەکات. پاش ئەم کارەساتە دڵتەزێنە سروە ناوەستێ و جەلال مەلەکشا بۆ ماوەی زیاتر لە چوارده ساڵی تەمەنی لەگەڵ پلەبەرزانێ وەکوو مامۆستا ئەحمەدی قازی و مارف ئاغایی و پەرویز جیهانی و کەریم قەیوومی و فارۆق کەیخەسرەوی و عەزیز کەیخەسرەوی باری قورسی چاپ و بڵاوکردنەوەی گۆڤاری سروە و ئەو کتێبانەی کە لە لایەن دەزگای سەلاحەدین چاپ دەکران لە ئەستۆ دەگرن. مەلەکشا بەشێوەیەک گیرۆدەی سروە بوو کە لە چەند شوێندا وا باسی لێدەکات: «لەو سەردەمەدا سروەم وەکوو بەشێ لە گیانی خۆم خۆش دەویست و دڵنیام لەو سەردەمەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ئەو گۆڤارە جێی هیوا و ئاواتی زۆربەی شاعیران و نووسەرانی کورد بوو». بەهۆی پێوەندیە باش و بەربڵاوەکانی جەلال مەلەکشا لەگەڵ شاعیر و نووسەر و ئەدیبانی بەشەکانی دیکەی کوردستاندا، بەستێنی سروە چ لە ڕووی خوێنەر و چ لە ڕووی جوگرافیاییەوە زیاد دەکات. بە بڕوای زۆر کەس گۆڤاری سروە لە سەردەمی جەلال مەلەکشا، لە ئاستێکی زۆر بەرزدا کاری دەکرد و خزمەتی بەرچاو و باشی بە زمان و ئەدەبی کوردی کردووە. دوای سروە بۆ ماوەیەک واز لە چالاکی ڕۆژنامەوانی دەهێنێت، تاکوو ساڵی ١٩٩٩ بۆ هاوکاری لەگەڵ بەشی کوردیی تایبەت بە پارێزگای ورمێی ڕۆژنامەی «جامجەم» بانگهێشت دەکرێت. نزیک بە ٤٠ ژمارەی ئەو ڕۆژنامەیە دەست تەنیا چاپ دەکات و زیاترین هەوڵ دەدات کە لەو ڕێگایەوە وەکوو پردێک، پێوەندیەکی باش لە نێوان حکوومەتی هەرێم و باشووری کوردستان و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان درووست بکات. ئەمەش بوو بە هۆکارێ بۆ ئەوەی کە وەک زۆر لە چاپەمەنیەکانیتر کە جەلال دەستێکی تێیدا بووە چاپی ئەم حەوتەنامە تایبەتەش ڕابگیرێت. جەلال مەلەکشا کە دیسان دەکەوێتەوە بەر پەلاماری

ڕژیمی ئێران، ئەمجارە ڕۆژهەڵات بەجێ دەهێڵێت و ڕوو دەکاتە باشووری کوردستان و لەوێشدا لەگەڵ زۆر لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی باشووردا وەک: هەولێر، ئاشتی، ئاسۆ، کوردستان و هتد، بە نووسینی بابەت هاوکاری دەکات. هەروەها بۆ ماوەیەک لە هەولێری پایتەختی کوردستان، گۆڤارێک بەناوی «پرشنگ» دەردەکات کە عومری گۆڤارەکە کورت دەبێت و تەنیا پێنج ژمارەی لێ دەردەچێت. ئەمەش دەبێتە کۆتا هەنگاوی جەلال مەلەکشا لە کاری ڕۆژنامەگەریدا.

## • وەرگێڕان

جەلال مەلەکشا بەهۆی شارەزایی زۆر باش و زاڵبوونی بە سەر زمانی کوردی و فارسی و تا ڕادەیەکیش عەرەبیدا، کۆمەڵێک کاری وەرگێڕانی ئەنجامداوە. لە گرنگترین بەرهەمەکانی دەتوانین، وەرگێڕانی شیعری شاعیرانێ وەکوو: شێرکۆ بێکەس، عەبدوڵا پەشێو، لەتیف هەڵمەت، جەوهەر کرمان و هتد بۆ سەر زمانی فارسی ناو ببەین. هەروەها زۆر کورتە چیرۆکی لە کوردییەوە بۆ سەر زمانی فارسی و بە پێچەوانەشەوە ئەنجام داوە. جیا لە بەرهەم بە چاپ گەیشتووەکانی لە بواری وەرگێڕاندا، چەندین ڕۆمانیش لە ڕیزی وەرگێڕانەکانی مەلەکشادان کە تاکوو ئێستا بە چاپ نەگەیشتوون.

## • دیکەی چالاکییەکان

بۆ ماوەیەک لە دامەزراوەی فەرهەنگیی ئەندێشەی ئەحمەدی خانی لە ورمێ، سەرقاڵی ڕاهێنان و پەروەردەی نووسەران و شاعیرانی گەنجی کورد بووە.

پاش ئەوەی کە لە ورمێ دەگەڕێتەوە سنە و لەو شارەدا بۆ هەمیشە نیشتەجێ دەبێت، بۆ ماوەیەک لە ئەنستیتۆی زمانی کوردیی ڕاژە وەک مامۆستای زمانی کوردی وانەکانی فێربوونی زمانی کوردی دەڵێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی فەرمی جەلال مەلەکشا

# جەلال مەلەکشا... شاعیرێک لە ڕەگەزی داربەڕوو



**شەریف فەلاح**

زیاتر لە شەش دەیەیە لە شاری ئەوین و جوانی، لە شاری سنەی خوێناوی، لە داوێنی ئاویەری سەربەرز، لە باژێری فەرهەنگی و هونەردا، شاعیرێک دەژی کە ناوی جەلالە. جەلال ئەو قەڵەمە یاخییەی بۆ ئەشق ئەنووسێت و بەگژ هەورا دەچێت و قەڵەم و هزر و ئەندێشەی بۆ هیچ داگیرکەر و دارەدەستێک دەستەمۆ نەبووە و هەموو کات پێی وایە ئاسمان قەڵەمڕەوی باڵندەیە. قەت ملکەچی ئەوە نەبوو کە ئاسمان قەڵەمڕەوی یاسای داڵ بێت، پشتی لە ماڵی دنیا کرد و خەم و ئازار و مەینەت بوونە بەشی. نە زیندان و نە بەند و کەلەپچە هیچیان نەیانتوانی خەونەکانی پێ شلۆێ کەن، ئەو هەر بۆ لووتکە فڕی و ئەوانەش کە بۆسەیان بۆ دانا، خۆیان بوونە بڵقی سەر ئاو. هەرچەند وەک خۆی دەڵێ، کەوتوومەتە بەر نووکە شەقی چارەنووس، بەڵام سەربەرزە وەک شیعر و سەرفەرازە چەشنی شاخی یاخی.

هەرچەند باڵندەی ناو قەفەسە، بەڵام چریکە و نەغمەکانی پڕن لە خۆزگە و بریا، ئەو باڵندەی ناو قەفەسە دەنگی ئێمەیە، دەنگی لە ناخ خنکێندراوی ئەم گەلە ئازار چەشتووەیە، دەنگی هەموو ئەو سەوداسەرانەیە کە خۆزگەیان گەیشتنە بە ئازادی.

جەلالی کورد و شیعر، لە نیشتمان و شیعر و هونەر زیاتر دەروەستی هیچ کەس و لایەن و پیلان و داو و تەڵەیەک نەبووە و

سەربەخۆیی و سەربەستبوون شانازیی ژیانییەتی. هیچکات شیعر و هونەر و نووسینی فیدای پلە و پایە و ناوبانگ نەکردووە. ژیانی تژییە لە هەوراز و نشێو و گلان و هەستانەوە، لە هەر گلان و بەند و زینداێکدا بەرهەمێکی پڕ لە جوانی و چیرۆک و سەربوردەیەکی هەرمانی کردووەتە دیاری.

ئەم قەڵەم بوێرە، چیرۆکی نەتەوەیەکی لە هەگبەی ناوە. لە زرەی زنجیری وشە دیلەکانەوە بگرە هەتا کارەسات و تراژیدیی ناخهەژێنی کورد، ئاوێنە و سیمای راستەقینەی دۆزی ڕەوای کوردن. جەلال ناسنامە و دەنگ و هاواری ئێمەیە، ئەو ئێمەیەی خۆمان لەبیر کردووە، دەنگی ڕۆژهەڵاتە، ڕۆژهەڵاتی نوقمەساری کارەسات و نامۆبوون لە ناسنامەی دزراو.

شاخ و کوێستان و تفەنگ، خوێن و شەهید، زریکە، هاوار، کەلەپچە و زیندان و گورگ لە شیعری جەلالدا قوڵپ دەدەن. هاوکات تفەنگ و قەڵەم دووانەی خەونەکانی گەیشتن بە سەربەستین، چونکە پێی وایە نەخشەی وڵاتەکەم تفەنگێکە و بتانەوێ و نەتانەوێ من شاعیری خوێن و کوێستان و تفەنگم. ئازارێک گینگڵی جەلال دەدا نابڕێتەوە، برینێکی بەسۆ، ئەویش داستانی دارەپیرەیە، کاتێک لقێک دەبێتە دەسکی تەور و هۆرە و پواز و سەراپای جەستەی داری دایک ئەنجن ئەنجن دەکات.

ئازادی، شاپەیڤی سەفەری ئەوینستانی شیعری پڕ هاواری جەلالە. سەفەرێک کە تژییە لە خەون، خەونێک کە لێوانلێوە لە ئەشق، ئەشقێک کە سەرلەبەری ڕۆحی کوێستانە و بۆ نەخشەی دزراو و پارچە پارچەکراوی ئەم گەلە دەگەڕێت، هەتا کوردستانی پێ بدووڕێتەوە. زۆرن ئەوانەی لەم سەفەرە پڕ لە هەورازەی جەلالدا هاوڕێی بوون و نەیانتوانی و جێ مان و گلان و هەڵنەستانەوە، سەفەرەکەی جەلال پڕ بوو لە چاوی گورگ، پڕ بوو لە دڕک و داڵ و قەل و ژینەخۆرە و بەربوونە گیانی، ئەم جەستە لاوازە هەموویانی ورد و خاش کرد و هەر نووسی و هەر مایەوە و هەرچەند هێشتا چریکەی نەگەیشتووەتە بن میچی ئاسمی ئازادی و شنەی سەرکەوتنی هەڵنەمژتووە، چونکە لە ڕەگەزی کۆڵنەدان و داربەڕووە.

جەلال مەلەکشا، ساڵی ١٣٣٠ی هەتاوی (١٩٦٤ی زایینی) لە گوندی مەلەکشا سەر بە شاری سنە لەدایک بووە. هەر لە شاری سنە خوێندوویەتی و بڕوانامەی دیپلۆمی وەرگرتووە. لە منداڵییەوە هۆگری شیعر و نووسین بووە.

جەلال وەکوو مرۆڤێکی ئاشتیخواز، نەیتوانی لە هەمبەر زوڵم و زۆردا چاو بنووقێنێ و ئەسپی قەڵەمی لە مەیدانی خەبات دژ بە زوڵمدا تاو داوە و لە سۆنگەی ئەم گەرناسییەوە تووشی دەردیسەری و ئازاری زیندانیی زۆر بووە.

مەلەکشا شاعیرێکی دەرەوەست و نەتەوەییە، کە لە سەرەتاوە بە فارسی شیعر و پەخشان و چیرۆکی نووسیوە و لەبەر هێز و پێزی لە نووسیندا بەبێ ئەوەی کتێبی چاپکراوەی ببێ، کراوەتە ئەندامی کانوونی نووسەرانی ئێران.

مەلەکشا لە دەیەکانی چل و پەنجای هەتاوی، بەهۆی چالاکیی سیاسی لە دژی حکوومەتی پاشایەتی، ماوەیەک لە گرتووخانە بووە و دواتر و پاش شۆڕشی گەلانی ئێرانیش بەهۆی بیروباوەڕی سیاسی و بۆچوونی جیاواز و نووسینی ڕەخنەگرانەوە، بۆ چەندین جار لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە زیندانی کراوە و بەشێکی زۆر لە ژیانی لە دەرد و ڕەنج و دژواریدا بووە و وەک خۆی دەڵێ، بەشێک لە شیعرە بەهێزەکانی زادەی کونجی زیندان و کاتی کەلەپچە و پاوانن.

مەلەکەشا لە ساڵی ١٩٧٩ بەملاوە، بە شێوەی جدیی دەست دەکا بە نووسین بە زمانی کوردی و لە کوردی نووسینیشدا سەرکەوتنێکی بەرچاوی دەبێت.

دوای دامەزراندنی گۆڤاری (سروە) لە ورمێ لەلایەن مامۆستا هێمنەوە بانگهێشت دەکرێت، بۆ ماوەی ١٤ ساڵ وەکوو نووسەر و ڕۆژنامەوان دەبێتە ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە، وەک بەرپرسی بەشەکانی شیعر و چیرۆک و وەڵامی نامەی نووسەران، هاوڕێ لەگەڵ ئەحمەدی قازی، سوارە فتووحی، مارف ئاغایی و دەیان نووسەری دیکە خزمەتێکی بەرچاو بە زمان و ئەدەبی هاوچەرخی کوردی دەکەن، کە بە گوتەی دەیان کارناسی ئەدەبی ئەو سەردەمەی جەلال و هاوڕێیانی لە گۆڤاری (سروە)دا بوون، پرشنگدارترین قۆناغی خزمەت بە زمان و ئەدەبی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمان بووە.

مەلەکشا لە بواری شیعر و چیرۆکی کوردی و فارسیدا خاوەن گەلێک بەرهەمە و هاوکات لە بواری وەرگێڕانیشدا دەستێکی باڵای هەبووە و چەند بەرهەمێکی گرنگی وەرگێڕاوە، بەڵام بەهۆی بێدەرەتانی و هاوکات سانسۆری دامودەزگا فەرهەنگییەکانی ئێران، تەنیا دوو کۆمەڵە شیعر و کۆمەڵە چیرۆکێکی بەناوی (زرەی زنجیری وشە دیلەکان)، بەشێک لە شێعرەکانی جەلال مەلەکشا و کۆمەڵە چیرۆکی (کارەسات)ی چاپ و بڵاو کراونەتەوە.

**شیعرەکانی جەلال تا ئێستا بە زمانەکانی فارسی، عەرەبی، ئینگلیزی، سویدی و... وەرگێڕدراون.**


جەلال مەلەکشا ماوەی چەند ساڵێکیش ئاوارەی هەرێمی کوردستان بووە و لێرە سەرنووسەری گۆڤاری (پرشنگ) بووە، کە پێنج ژمارەی لێ چاپ کراوە و پاشان لە دامەزراوەی فەرهەنگیی ئەندێشەی ئەحمەدی خانی لە ورمێ چالاک و سەرقاڵی ڕاهێنان و پەروەردەی نووسەر و ئەدیبانی گەنجی کورد بووە.

شیعری جەلال مەلەکشا، یەکێکە لە شیعرە بەهێزەکانی ئەدەبی هاوچەرخی کورد، شیعری جەلال سادە، بێ گرێ و گۆڵ، هاوکات ڕەسەن و تژییە لە مانا و لێوانلێوە لە خەم و بڕک و ژان. ژیانی ئەستەم و دژواری خۆی کاریگەرییەکی ئێجگار مەزنی لە شیعر و نووسینیدا داوەتەوە. شیعری مەلەکشا لەلایەک لە ڕەهەندەکانی ژان و ئازاری ئینسانی، کەموکووڕی و نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکان، لەلایەکی دیکەشەوە باسکردن لە ڕەوش و گوزەرانی تاکەکەسیی خۆی، ژانە ڕۆحییەکان، زەخت و گوشاری ژیانی لەخۆ گرتووە. هاوکات شیعری جەلال شیعرێکی قووڵ، هەرمان و هەڵگری توخم و مۆتیڤە ئوستوورەیی و مێژووییەکانە. ڕوانگە فەلسەفییەکانی جەلال و شارەزایی لە بواری چەمکە ئەفسانەییەکان یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی مەلەکشایە کە لە شاعیرانی دیکەی جیا دەکاتەوە. لە گشت گرنگتر شیعری جەلال، شیعرێکی نەتەوەیی و دەروەستە، هاوکات چوارچێوە نوێخوازییەکانیشی پاراستووە و لەگەڵ شاعیرانی دەیە پەنجا و شەست و نەوێ نوێشدا هەتا ڕادەیەک خۆی گونجاندووە.

بەرهەمی مەلەکشا هیچکات لە هەمبەر نەریت و تایبەتمەندییە ڕۆژانەکاندا کۆڵی نەداوە و هەر ئەم خەسڵەتە بووەتە هۆی ئەوەی شیعرەکانی هەردەم نوێ بن. عەشقی ڕۆمانتیک لە شیعری مەلەکشادا لە خزمەتی ئەندێشەی ڕزگاربوونە لە ستەم و چەوسانەوەی نەتەوەییدایە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی باسنیوز - ڕێکەوتی: ١ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٠

# جەلال مەلەکشا؛ دوو جیهان و دوو زمان



**یوونس ڕەزایی**

**وەرز،وەرزی زەردی پاییزە**
**ئاسمان، دڵتەنگ و بێدەنگ و زەوی سارد و خەفەتهێنە**
**هەر دەڵێی تۆوی مەرگ وەربووە بەسەر**
**عومری سەوزی جەنگەڵی پیردا**
**هەر وەکوو ئەسرین، لە گوێنی ئەو کەسەی ژیوان لە کاتی تاڵی گیانەڵڵا.**
**دادەچۆرێتن لە چاوی جەنگەڵ**
**ئەسرینی زەرد و سووری بێدەنگی گەڵا**
**وا هەتاو بێ هێز، هەر بە چەشنی دوا بزەی سەردار**
**ئەو دەمەی تێکدەشکێ کات و سەردەمی شێوان،**
**دوای برین و خوێن و**
**تێکشکانی لەشکری دەیخاتە سەر لێوان و...**

هەندێ دەستەواژە و زاراوە هەن کە بەردەوام دووپات دەبنەوە و جاری وایە بە هۆی دوپاتبوونەوەوی لەڕادەبەدەری

مەبەستمەند و بێمەبەستیان، یا لە واتای سەرەکی خۆیان دوور دەکەونەوە، یان ئەوەی واتایەکیان بۆ دادەتاشرێ کە لە جەوهەری سەرەکی دەستەواژە یان زاراوەکە دوورە. نەسلی پێشوو، بەرەی بەر لە ئێستا، ئەدەبی بەرەنگاری و زۆر بابەتی دیکە، نزیکەی دوو دەیەیە لە لایەن کەسانی جوداواز و بە توانا و تێگەیشتنی جوداوازەوە دووپات بوونەتەوە. نەسلی بەر لە ئێمە و بەرەی بەر لە ئێستا، بە تێگەیشتنی من لە زۆربەی ئەو نووسراوانەی دیتوومن واتایەکی جگە لەو ئاماژەیەیان نییە؛ کۆمەڵێک نووسەر و شاعیر هەبوون، کە ئێمە لە ئەدەبیاتدا چ پێوەندیمان بە نووسین و شێوازی بیر و ڕوانگەی ئەوانەوە نییە و بەو شێوەیە ئێمە نەسلی نوێ و بەرەی تازەین و ئەوانیش ئەگەر سووکەڵە کارێکیان کردبێ، ئەوە ئێمە ئاگادارییەکی وامان لێی نییە. بۆ واتای ئەدەبی بەرەنگاریش کە زۆر دووپات بووەتەوە، دیسان مەبەستێکی زۆر و کەم نزیک لەو واتایەی پێشوو لە گۆڕێ دایە. واتە ئەدەبیاتێک کە لە قۆناخێکی تایبەتدا، بە هۆی بارودۆخێکی سیاسی تایبەتەوە سەری هەڵدا و ئێستا کارکردی خۆی لەدەست داوە و چۆتە ناو لاپەڕەکانی مێژووەوە. زۆرتریش واتاکەی بەرەو ئەو بەستێنە بردراوە کە ئەدەبیاتێکە لە دەقەکانیدا، نووسەران بە نووسین بەرەنگاری نەیارانی گەلی خۆیان دەبنەوە و پشتگیری لایەنەکانی پێوەندیدار بەو کێشەیەوە دەکەن. لێرەشدا من هەر دوو بۆچوونەکەم پێ ناتەواوە. واتە نە ماوەی ئەو جۆرە نووسین بەسەرچووە و نە ئەدەبی بەرەنگاریش تەنیا لەو چوارچێوەیەدا بەرتەسک دەبێتەوە.

لە لایەکی دیکەشەوە پێم وا نییە کەسانی بە تەمەن پیرتر و بە نووسین بەئەزموونتر لە ئێمە، کە ئێستاش خەریکی نووسینن، هیچ پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆیان بە کار و بیرکردنەوە و شێوەی ڕوانینی ئێمەوە بۆ ئەدەبیات نەبێ. بارێکی دیکەی ئەو وتەیە ئەوەیە؛ نەسلی بەتەمەن و بەئەزموون تر کاریگەری ئەرێنی یان نەرێنییان لەسەر بەرهەمی ئەدەبی و ڕوانگەی ئەدەبی ئێمە هەبووە و کاریگەرییەکەیان بە هەر باردا لێک بدەینەوە، مانای وایە ئەوان لە دونیای فیکری ئێمەدا حوزووریان هەیە و ناو و نووسینیان لە لاپەڕەکانی مێژوودا بەو واتایەی کە دەبێ وەلابندرێن؛ تۆمار نەکراوە. چون ناتوانین بڵێین داهێنان لە چاخێکدا بوونی هەیە و کە ڕۆڵی خۆی گێڕا پاش سەردەمێک دەسپێردرێتە لاپەڕەکانی مێژوو و بایەگانی دەکرێ و نەسلێکی تازە بێ ئاوڕدانەوە لە بناخەیەکی لەوەپێش داڕێژراو، کارێکی نوێ دەست پێ دەکاتەوە کە ڕابردووی هەر بۆشاییە. داهێنانی نوێ، زمانی بەهێز و فۆڕمی تاقی نەکراوە، وێڕای ئاگاداری لە توانایی زمانی و فۆڕمی و واتایی، دەقی بەرهەمهاتووی بەر لە ئێستا؛ واتای لێکگرێدانەوەی ئەزموونەکان و تازەترکردنەوەی ڕوخسار و ناخ و ناوەڕۆکی ئەدەبیاتیشی لە ناخ دایە.

لە شێعری کوردیدا کە تا ئێستا بە هەڵە و هەڵبەت بە ئەنقەست بەسەر دوو ئاقاری شێعری کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شێعری کوردی باشووری کوردستان دابەش کراوە، ئەو بەهەڵەچوونیان بەهەڵەدابردنە، سیمایەکی زۆر زەقتری هەیە. یەکەم ئەو دابەشکردنی نەسڵ و بەرە ئەدەبییانە زیاتر بەو مەبەستە کراوە کە نیشان بدەن گرووپ و تاقمێک لە نووسەران ماوەی بەرهەمەکانیان بەسەرچووە و بوونی ئەو بەرهەمانە لە ئێستادا پێویستییەکی ئەوتۆی نییە. دووهەمیش ئەوەی؛ کاتێک

کوتیـان شێعری کـوردی باشـوور یـان ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان، هـەر کـام لەوانـەش ئامـاژەی واتـایی تایبـەتی خۆیـان هەیـە و بەداخەوە لە لایەن نووسەران و شاعیرانی ڕۆژهەڵاتیشەوە پەرەی پێدراوە. شێعری کوردی لای ئەو تاقمە، واتـە شێعرێک کـە لە باشووری کوردستان و لە لایەن شاعیرانی گەورە و داهێنەری ئەوێوە بەرهـەم هـات، ون و لـە دابەشکارییە شێعرییەکانی کوردیدا، پشکی شاعیرانی ڕۆژهەڵاتی ون و نادیارە و یەستا ئەو ئاستەیان بۆ قایل نین کە نێویـان بێتـە نێـو نێـوان. واتـە ئەو تاقمە کە هەندێکیان دڵسۆزانەش ڕەنگە حەول بـدەن مێژوویـەک بـۆ ئـەو بەرهەمانـە سـاز کـەن، دەیانهـەوێ بـە گشـتی هێڵێکی جیاکەرەوە لە مابەین ئەو بەرهەمانەدا بکێشن و... ئەو بابەتە باسێکی یەکجار تەسەل هەڵدەگرێ.

مەبەست لەو نووسینە بە لارێدابردنی خوێنەر نییە، ڕاست لێرەوە دەمهەوێ باسی ئەوە بکەم، لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە، بەرهەمی تاقمێک شاعیر و نووسەر لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کوردستانی ئێراندا بڵاو بوونەوە کە لە سازکردن و پێکهێنـانی ڕوانگەیـەکی ئـەدەبی لـەو جوغرافیایـەدا ڕۆڵـی کارایـان هـەبووە. ئـەو تاقمـە بـەهۆی ئـەوەی یـەک و دوان نین و هەموو ئەو شاعیر و نووسەرانە دەگرێتەوە کە لـە گۆڤارەکـانی سروە و ئاوێنـە و... بابـەتیان بـڵاو دەبـۆوە، هـەر بۆیـە تـا لێکۆڵینەوەیەکی وردتر لە ناوهێنانی ڕەمەکییان خۆ دەبوێرم و لێرەدا تەنیا ئاماژە بـەناوی کـاک جەلالی مەلەکشـا، یـەکێک لەو شاعیر و نووسەرانە دەکەم.

جەلالی مەلەکشا شاعیرێکی ئاگادار لە ئەزموونە شێعرییەکانی کوردی و فارسی و چیرۆکنووسێکی بەتوانایە، کە ماوەیـەکی دوورودرێژە بەرهـەمێم لـە گۆڤارەکانـدا خوێندۆتـەوە و لـەو دواییانەشدا کتێبیم دیـوە. هـەر بـە هـۆی ئـەو بەرهەمانەشییەوە دەزانم کاری ئەدەبی ئەو چەندە ڕەگاژۆی گەیوەتە سەرچاوەکانی ئەدەبی پێش خۆی و چەندەی ئاگا لە ئەدەبی جیهـانی بـووە و ئاکامی ئەو تێگەیشتنەی لەو دوو بوارەدا، بۆ شاعیرانی لەخۆی کەمتەمەنتر چ بووە.

بـارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایـەتی کوردسـتانی ئێـران -کە پێویست نییە لـەو کورتـە نووسینەدا شی بکرێتـەوە، وای کردبـوو شەپۆلەکانی نوێکردنـەوەی شێعر درەنگتر بگاتـە نـاو شـاعیران و نووسـەرانی ئێـرە و کتێـب و بەرهـەمی کـوردی بـە نەفەسـی کەمتر تازەگەڕانەوە بنووسرێ و بەرهەم بێ. ئەگەرچی شـاعیرانی داهێنـەری وەک سـوارە و هـاوڕێکـانی کـارێکی مـەزنیان لـەو بوارەدا کردبوو، بـەڵام ئـەزموونی ئـەوانیش تـا ماوەیـەکی دوور و درێـژی دوای خۆیـان بـڵاو نـەبۆوە. سـەرچاوەی خوێندنـەوەی شاعیران و نووسەرانی ئێرە یەکەم: دەقـی شێعری کەسـانی وەک گـۆڕان، هـەردی، شێرکۆ، پەشێو، لـەتیف هەڵمـەت، ڕەفیـق سابیر، ئـەنوەر قـادر و بـەهۆی بڵاونەبوونـەوەی بەرهەمـەکانیان بـە شـێوەیەکی کـەمتر سـوارە و چـاوە و... بـووە و دووهـەم بەرهـەمی شـاعیرانی نـاوخۆ کە نـە بەشێوەی کتێب، بـەڵکوو وەک تاکـە شێعر لـە گۆڤارەکانـدا بڵاو دەکرانـەوە و کاریگـەری تایبەتی خۆشیان هەبووە. لەو سەردەمەدا جەلالی مەلەکشا ناوێکی دیاری ناو زۆربەی گۆڤارە کوردییەکان بـوو و شێعری ئـەو وەک شاعیرێکی بەئەزموون کە هەم ئاگای لە ئەدەبی فارسی بوو، هەم لە ڕێگای زمانی فارسییەوە ئاگـای لـە ئەزموونـەکانی

شێعری جیهانی بوو، نەفەسێکی تازەگەرانەی لەو ئاقارە وەرگرتبوو، لە لایەکی دیکەشەوە ئاگاداریی ئەو شاعیرە و هاوڕێکانی لە شێعری کوردی، دەلاقەیەکی بچووک بووە بۆ گوێزتنەوەی بەشێک لە ئەزموونی زمانی و مانایی شاعیرانی داهێنەر و خاوەن کتێبی شێعری نوێی کوردی، کە ژینگەیان باشووری کوردستان بووە.

جەلالی مەلەکشا و هاوڕێکانی جودا لەوەی ئەو پردە دڵنیایە بوون بۆ ڕاگرتن و پەرەپێدانی ڕوانگەیەکی نوێ بۆ شێعر و چیرۆک لە کوردستانی ئێران، نەشیانهێشت کەلەبەرێکی وا بکەوێتە بەینی ئاستی شێعری کوردستانی ئێران و کوردستانی عێراقەوە کە لە زۆر نووسراوەدا ئاگادارانە یان نائاگایانە وەک دوو ئەدەبی جودا، لە شێوەی ناوەند و پەراوێز باسیان لێ دەکرێ.

شێعری جەلال مەلەکشا لە زمانی ستانداردی نووسین نزیکە و هەندێک لە توانایییەکانی بن زاراوەی ئەردەڵانیشی کەڵک وەرگرتووە. بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بە هەندی خاڵی وەک شێوەی کۆکردنی کار لە زاراوەی ئەردەڵانیدا بکەینم، ئەو حەولەشی جودا لەوەی پاراستن و بەهێزکردنی نووسراوەی ئەوی لێ کەوتەوە، ڕچەیەکیشە بۆ شێوەی لەباری کەڵکوەرگرتن لە لایەنی بەهێزی زاراوە و بن زاراوە دەوڵەمەندەکانی کوردی و خۆ پاراستنیشە لەو لایەنەی کە زمانی سەردەست دزە دەکاتە زمانی کوردییەوە. بە کورتی لەو یادادشتەدا لەسەر هەندێک شێعری کاک جەلال دەدوێم و نووسینی تەسەلتر هەڵدەگرم بۆ دەرفەتێکی دیکە.

لە شێعری هەڵۆدا شاعیر لە فەزای دوانە لێک دژەکانی وەک قەل و هەڵۆ و بە شێوەیەکی مەجازی قەل/شاعیردا ماوەتەوە لە بەشی یەکەمی ئەو شێعرەدا شاعیر چوارچێوەیەکی واتایی دامەزراندووە. بەشی دووهەم و کۆتاییش ڕاوەستان لە بەرانبەر ئەو چوارچێوەیەیە کە هەڵبەت پێشبینیکردنی بەشی دووهەم جودا لە شێوەی دەربڕین و وشەکان چاوەڕوان نەکراو نییە. ئەوە تایبەتمەندی کەشی زاڵە بەسەر شێعری ئەو سەردەمەی باشوور و ڕۆژهەلاتدا. بۆ وێنە هەر ئەو فۆڕمە لە زۆربەی کارەکانی پەشێو و لەتیف هەڵمەتیشدا دەبیندرێ. شێعری فەرمان لاپەڕەی ٢٣ نموونەی ئەو چەشنە دەربڕین و فۆڕمەیە کە فۆڕمی زاڵ و شێوە دەربڕینی باوی دەیەی شەستی هەتاوی بوو.

ئەوەی لەو سەردەمەدا زیاتر بۆ شاعیرانی ئامادەی مەیدانی نووسین جێگای تێڕامان بوو، گرینگیدان بە ڕاگەیاندنی پەیام و مانای شێعر بوو. بۆیە لە زۆر شێعردا جودا لەوەی کە بە پێی پێکهاتەی باو بەشی دووهەمی شێعر وڵامێکی لۆژیکی یان جاری وایە نەرێنی بە بەشی یەکەم بوو، زۆر جار ناوی شێعر و ئاکام و واتای گشتی شێعرەکەش هەر یەک شت بوون. ئەوەش هەم تایبەتمەندییەکی شێعری ئەو سەردەم بوو هەم لە کارەکانی کاک جەلالدا دەبیندرێ. شتێک کە لە دوایین

کارەکانی مارف ئاغاییدا کەمتر بەرچاو دەکەوێ. شێعری دوایین نامە لاپەڕەی ٢٨ نموونەی ئەو چەشنە کەشە ناسیاوەیە لە شێعردا.

کۆی ئەو بابەتە بەو مانایە ناهێنمە بەرباس کە گۆیا شیعری جەلال مەلەکشا نەیتوانیبێ شتێکی بۆ بەردەنگی کورد پێ بێ و وەک زۆر کەسیش پێم وا نییە تەنیا دووپاتەی زمان و فۆڕمی شاعیرانی باشووری کردبێتەوە، باس لێرەدا ئەوەیە شاعیرێک چۆن لە زەمینەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و دەورووبەری بیر و هزری پاراو دەکا. دواتر هەر ئەو کاریگەرییە دەبێتەوە هەوێنی کار و نووسینی و تەنانەت زمان و زەینی بەو فەزایە ڕادێ.

کاری کاک جەلال لە دوو بواری شێعری کوردی و فارسیدا بە چەندین هۆ شیاوی لێوردبوونەوەیە. ئەوەش تا ڕادەیەک هەم دەگەڕێتەوە بۆ کەشی زمانێک کە تێیدا ژیاوە و هەم بۆ فەزایەکی کۆمەڵایەتی کە بیری لێی پاراو بووە.

کاک جەلال ئەو کاتەی لە کوردستانە و شێعری کوردی دەنووسێ واتە دەیەی شەستی هەتاوی، سەردەمێکی تایبەت لە مێژوو و ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان بە سەر وڵاتدا تێپەڕ دەبێ. ئەو سەردەمە تایبەتە خۆی خوازیاری چەشنێک هەڵوێست بووە کە بتوانێ هەم دۆخی ئەو کاتی مرۆڤی کوردی پێ دەرببڕێ و هەم بە کاریگەری وەرگرتن لە کۆی شاعیرانی پێش خۆی کە شێعری بەرپرسی کۆمەڵایەتیان نووسیوە، بەرپرسانە لەگەڵ کۆمەڵگا هەڵسوکەوت بکا. بەڵام هەموو ئەوانە دەبێ بە زمانێک دەرببڕێ کە کەمترین ئەزموونی بۆ دەربڕینی ئەو فەزایە بە شێوەی نوێ پێکراوە.

لە باشوور ئەزموونی لەتیف هەڵمەت و پەشێو سەرچەشن یان هاوشانی باش بوون بۆوەی کەسانی وەک کاک جەلال خۆیان لەگەڵیان هەڵبسەنگێنن. زمان ئەوەندەی پەلوپۆ نەهاویشتووەتە باسەکانی جودا لە سروست و لە هەندێک بابەتی سەمبولیک نەترازاوە. بۆیە هەر کام لەوانە هەندێک لەو واتایانەیان بە شێوەی دیکە دەربڕیوە و هەر کامیش بەقەدەر توانایان هەنگاوێک ئەولاتر ویستوویانە شتێکی دیکە وەسەر ئەو ئەزموونانە بنێن. بەڕای من کاک جەلال کەمتر لە شێعرە کوردییەکانیدا حەولی لەو بابەتەی داوە و زیاتر شێوەی واتاسازی بەلایەوە گرینگ بووە. ئەو واتاسازییەش دیارە بە یارمەتی ئەو توانا زمانییە کراوە کە تا ئەوکات زمانی کوردی هەیبووە.

لە شێعرە فارسییەکانیدا کە وێدەچێ لە شوێنێک جگە لە کوردستانیش نووسرابن، هەرچەند مەرج نییە شوێنی نووسرانی شێعرەکە شوێنێک جگە لە کوردستان بووبێ، بەڵام کاتێک بە فارسی دەنووسێ بەڕای من کۆمەڵگای بەردەنگانی ئەو پانتایی زمانێک کە تێیدا بیر دەکاتەوە و ئەو فەزا کۆمەڵایەتی و سیاسییەی تێیدا دەژی، جۆرێک بیری کۆمەڵاتی و سیاسی و ئەدەبی لەودا ساز دەکا کە جودایە لە کەشی شێعرە کوردییەکانی. ئەوانە ئەگەر بەشێک لە هۆکارەکان بن، کراوەیی زمانی

فارسی ئەو کات بە نیسبەت ئەزموونە زمانی و واتاسازییەکان و شێوەی فۆرمەکانی زمانی فارسی و... وایکردووە کە تەنانەت لەو شێعرانەدا کە هەر بۆ دەربڕین و لەبەر یەک ڕانانی دوانە لێکدژەکانی کە پێشتر باسمان کرد دەکاری کردوون، چەشنی تەعبیرە زمانییەکانی نوێ و ڕازاوە و جوانتر بن.

وەرز، وەرزی زەردی پاییزە
ئاسمان، دڵتەنگ و بێدەنگ و زەوی سارد و خەفەت هێنە
هەر دەڵێی تۆوی مەرگ وەر بووە بەسەر
عومری سەوزی جەنگەڵی پیردا
هەر وەکوو ئەسرێن لە گوێنی ئەو کەسەی ژیوان لە کاتی تاڵی گیانەڵڵا.
دادەچۆرێتن لە چاوی جەنگەڵا
ئەسرینی زەرد و سووری بێدەنگی گەڵا.
وا هەتاو بێ هێز، هەر بە چەشنی دوا بزەی سەردار
ئەو دەمەی تێکدەشکێ کات و سەردەمی شێوان،
دوای برین و خوێن و
تێکشکانی لەشکری دەیخاتە سەر لێوان (و...)

ناوی شێعرەکە ناوێکی ئاشنایە. هەڵۆ؛ کە پێش ئەو مامۆستایان هەژار و سوارە کردوویانەتە کوردی. بە پێی سەردەم و توانستەکانی زمانی کوردی و ئەو ڕادەیەی ئەو زمانە تا ئەوکات کاری پێکراوە و هەڵبەت فەزای کایە زمانی و جوانیناسییەکانی باوی ئەو کات هەر دوو هەڵۆی پێشتر نووسراو بوونە دوو دەقی ناسراو و بە پێز لە زمانی کوردیدا. بەڵام جیلی جەلال مەلەکشا کەمیان بوونە درێژەدەری ڕێگای سوارە و ڕێگایەکی دیکەیان هەڵبژارد؛ ئەویش نزیکبوونەوە لە شێعرێکە کە لەسەر بناخەی بڕگە بەندی شێعری پێشووی کوردی دامەزاروە، ئەو میراتەش لە کەسانی وەک گۆڕانەوە بۆ شاعیرانی پاش ئەو بەجێما. بەڵام لەو شێعرە فارسییەدا کە لەسەر شێوەی بڕگەبەندی نیمایی دامەزاروە، زۆر تەرکیب و تەسویر هەن کە تا دەیەیەک دواتریش نایەتە نێو شێعری شاعیرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە.

جودا لەو ئەزموونانە هەر دەیەی پەنجای هەتاوی، جەلال مەلەکشا شێعری فارسی وای هەیە کە لەگەڵ دەقە شێعرییەکانی ئەو کاتی کوردی مەودایەکی زۆریان هەیە. لە لایەکی دیکەشەوە لەگەڵ دەقەکانی ئەو دەمی زمانی فارسی یەکجار لێک نزیکن. ئەو شێعرانەی کە ئەگەر لەگەڵ ڕەوتەکانی شێعری فارسی بەراوەردی بکەین، ئەزموونێکە لە مابەین ئەزموونەکانی شێعری شەپۆلی نوێ و شێعری سپیدا.

"یادگانی وەرز"
گوتیان بنوو
کات کاتی بێدەنگییە!
یەستاش لە گۆشەی دڵی ئەمندا
نوورێک هەیە
کە چاوەکانم بۆ زیت مانەوە هان دەدەن.
یەستاش دەنگی ناسیاوێکی کەون
وشەی هیوا
وەک ترپەی دوور و درێژی دڵم
وە لەرین دەخا.
ئەوە کەڵەشێرێکە
لەسەر لقێکی داری شەو
لە بێدەنگێکی سووردا... دەیهەوێ بخوێنێ
گوتیان بنوو
کات کاتی بێدەنگییە
بەڵام من چاوەکانم هەر زیتن
تا نەشتەر لە سەر بارستای شەو دانێم.

ئەو جیاوازبوونە، ئاکامی ئەزموونکردنی کەشی بیر و فۆرم و زمانی شێعری فارسی سەردەمی خۆیەتی و لەو کەشەدا و هاوشانی شاعیرانی ئەو کاتی فارس ئەویش بە زمانی ئەوان و تەنانەت هاوئاست لەگەڵ ئەوان دەقی بەرهەم هێناوە. ئەوە تواناییەکە خوێندنەوەی ئەو بۆ سەرچاوەیەکی جودا، بە شێعری ئەوی بەخشیوە. بۆ وێنە لە شێعری "شاری بێناسنامەم دیت" دا، ئەگەرچی ئەو شێعرە لە دەیەی پەنجای هەتاویدا نووسراوە و لە باری فۆرم و زمانەوە شێعرێکی نوێیە، بەڵام لە بەندی کۆتاییدا بە شێوەیەکی کاڵ، کاریگەری دەربڕینی سوهرابی سپێهری دەبینین، ئەگەرچی جۆری نیگای جەلال و سوهراب بۆ جیهان و شێعر زۆر لێک جودایە، لێرەدا مەبەست نزیکایەتی لە دەربڕین بۆ دۆزینەوەی زمانێکی تازەیە.

"شارێکی بێ ناسنامەم دیت"
شارێکی بێ ناسنامەم دیت
بۆنی توندی ئاسن دەشنییەوە
خەڵک،
شەپۆلی بێدەنگی خەڵک
لە بەستێنی دوور و درێژی بێهۆدەییدا دەخوشین

دەمی هەر کەسێک قوفڵێکی پێوە
کلیلەکانیش
بە قولاپی باتوونی پاسەوانەکانەوە هەڵواسراو.
لە ڕاستەڕێی شەقامی زۆر گەورەی شاردا
لەسەر سینگی پڕ یاوی قیرەتاو
ڕەنگی سوورم دیت
وەک سوورە گوڵێک
دەستی تاوانباری وەرز لێی کردبۆوە.
لە کەسێکم پرسی
لە زەنا زەنای ڕەنگە زەردەکاندا
ئەو سوورایيە مانای چییە؟
شەپۆلێکی ڕوون
تاڵاوی بێدەنگی چاوەکانی شلوێ کرد
بێدەنگ گوتی:
ئەوە خوێنی باڵندەیەکە کە
دەیوست لە سنووری قایمی وەرزەکان تێپەڕێ.
هاوار مردبوو!
تەنیا دەنگ،
دەنگی دوایین زیندووەکانی ساڵی شەڕ بوو
کە ئێستا مەستانە
لە سووچە تاریکەکانی مەیخانەی شاردا
بە گوێی ترساوی خەراباتیاندا دەچرپێنن
دەستە گەورە و سادەکان
کە سەردەمیک
دەستی شەڕ بوون
ئیستا کورت دەبنەوە لە ڕستەکانی بەنگ و وافووردا
مێشکە ڕوونەکانی سبەی
لەگەڵ قوڵپەی ئەلکۆڵ دەکوڵێن!
نامۆیانە دەگەڕام
ڕێبواران وشەی ئاسنییان لە مابەیندا لە هاتوچۆدا
ئەو کاتەی من

شێعری سەوزی خۆم خوێندەوە
هەموویان قا قا پێکەنین!
ئەو کاتەی من
باسی پێدەشت و شنە و ساکاریم کرد
هەموییان قا قا پێکەنین
ئەو کاتەی من
گەشاوەیی ساکاری دێهاتییانەی خۆم لێک دەداوە
گشت پێکەنین.
کۆمەڵناسێک
لە دەفتەری بیرەوەرییەکانیدا نووسی؛
ساویلکەیەک لە شاردایە.
نامۆیانە دەگەڕام
کەس کەسی نەدەناسییەوە
هەر کەسێک نوشتاباوە
نەشتەرێک لە ئیسقانیدا دەشکا.
بۆنی ئاسن دەشنییەوە
بۆنی توندی ئاسن لە لای ڕۆژئاواوە دەشنییەوە.
شاعیرێکم دیت
لە جۆگەیەکی پڕ قەوزە
لە وشە دەگەڕا
پیاوێکم دیت
دارێکی وشکەڵاتووی دەناشت و
لەسەر لاپەڕەی خولیاکانی
وێنەی فێنکی سێبەرێکی دەکێشاوە.
ڕووناکبیرێکم دیت
بە کتێبێکی مێژووی فەلسەفەوە
لەبەر هەیوانی مەیخانەیەک نزای دەکرد.
لەشی ئەوینیشم دیت
لە کۆڵانەکانی پودر و ماتیکدا
بۆگەن ببوو و
لە ناخەوە هەڵدەپرووکا

**سەرەڕای هەموو ئەوانە**
**جاری وابوو قیژەیەک**
**چنڕووکی لە پێستی ئەستووری شەو دەگرت**
**دەنگی سەوزی کوێستان و**
**حیلەی سەرکێشی ئەسپەکەم**
**ئۆقرەی لە ڕووحم هەڵگرتبوو.**
**١٣٥٣ تاران**

**ئەو کۆمەڵە ئەزموونە نیشاندەری ئەوەن جەلالی مەلەکشا هەم ئاگای لە ئاڵوگۆڕەکانی شێعری فارسی سەردەمی خۆی بووە و هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵیان هاتووە، هەم دەلاقەیەکیش بووە بۆ شێوە دەربڕینێکی جیاوازی دەرووەست لە زمانی کوردی لەو بەشەی نیشتماندا.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردیپیدیا - ڕێکەوتی: ٢٠ی فێبریوێری ٢٠٢٣**

# بە هەگبەیەکی کوردانەوە، گەشتێک بە دیوانەکەی (جەلال مەلەکشا) دا




**هەڵۆ بەرزنجی**

گەشتیاری میللەتە پێشکەوتووەکان کاتێ دەچنە بینینی وڵاتان، سەرەتا دەکەونە شارەزابوون لە فەرهەنگ و کولتووری ئەو نەتەوە و وڵاتانە. بۆ ئەم حەز و خولیایە زیندووەیان، هەمیشە سەردانی مۆزەخانە و شوێن و پاشماوە کۆن و مێژووییەکان، دەخەنە سەری هەرە سەرەوەی لیستی گەشتەکەیان... ئینجا هەوڵی بەدەستهێنانی بلیتی ئۆپێرا و شانۆ و کۆنسێرت و گەلەری و شوێنە هونەرییەکانی دیکە دەدەن. ئیدی بەم جۆرە چێژی ڕۆحی و بژێوی زانین و زانیاری لە گەشتەکەیان وەردەگرن و شتی لێوە فێر دەبن. دەرئەنجام دەبنە خاوەنی جیهانبینییەکی فراوان لەسەر پێشکەوتن و کەلەپوور و شارستانێتی میللەتەکان.

لەم گەشتەمەدا بە نێو جیهانی فراوان و پڕ لە گوڵ و گوڵزار و وێنەی شیعری بەرز و تەکنیکی لێوەشاوانە و خەیاڵی فراوان و سەلیقەی شاعیرانە و گەلێ لایەنی دیکەی ئەم دیوانەدا، خۆم وەک ئەو گەشتیارانە دێتە بەرچاو. بەڵام گەشتەکەی من هەر لە نیشتمانی خۆمدایە. لەبەر زۆر هۆکار نیشتمانم جارێ بە داگیرکراوی و دابەشکراوی و بێ کیانی و بێ ئاڵایی ماوەتەوە و بێ پەساپۆرتم و دەرفەتێکی ئازادانەی گەشتی جیهانم بۆ نەڕەخساوە... جارێ هێشتا دەرگای

قەفەزێکی ئاسنینم لەسەر کلۆم کراوە و توانام نییە بە حەز و خواستی خۆم لە شەقەی باڵ بدەم.. . لەمەدا ئێوەش هەر وەک منن . . جا لەتەک ئەو ڕاستیانەشدا، من هێشتا پێویستم بە زانین و زانیاریی و شارەزایی لە وڵاتی خۆمدا هەیە. پێویستە لە نێو بەرهەم و نووسین و کاری هونەریی و چالاکییەکان دا، ئەو وێنە و دیاردانە دیاری بکەم و لێیان بدوێم، کە بەها و نرخی گفتوگۆ و شرۆڤەکردنیان پێویستە...




هەنووکە دیوانی شاعیرێکی داهێنەر و خاوەن ئەزموون و ڕێچکەشکێنی تایبەتمەند بەسەر دەکەمەوە. بێ ئەملاولا کردن یەکە و ڕاست بەدوای ئەو بیرۆکە و پرس و حەز و خولیا و ئەو تایبەتمەندییەدا دەگەڕێم، کە بە دیدی من پێویستە لە هەر تاکێکی کوردی نووسەر و هونەرمەند و بازرگان و ڕەنجدەر و کاربەدەست و بەرپرس دا ئامادەگی هەبێت. ئاخر ڕاستییەکان لە حوکمی بەڵگەنەویستدان! ڕۆڵەی میللەتێکی بندەست، هەر دەبێت بۆ ئازادی و سەربەخۆیی بیر بکاتەوە و تێبکۆشێ و بنووسێ و داهێنان بکات... هتد.

(جەلال مەلەکشا) ناوێک نییە، دوور بێت لە هیچ خوێنەرێکی کورد. ئەو بە کۆمەڵێ شیعری شێواز تایبەت و زیندووی بارگاوی بە ڕەگەزەکانی کوردبوون و بانگی ئازادی و بیر و هزری مرۆڤ، جوانی نیشتمانی کورد و ڕۆحی بەربەرەکانی و بەگژداچوونەوەی دەسەڵاتی بێگانە. قارەمانی ژێر ئەشکەنجە و ژووری تاریکی زیندانەکان، هەر زوو ناسنامەی تایبەتی و کەسی و شیعری خۆی بەدەستهێناوە و بە پێناسەی تایبەت بە خۆیەوە چۆتە نێو کایەی ڕۆشنبیریی کوردییەوە.

مەلەکشا، لەکات و ڕۆژگارێکدا ئەم هونەر و جوانییە تۆمار دەکات، کە ژیان دەرەتانی زۆر شتی لێ بڕیوە. لە ڕووبەر و مەملەکەتێکدا ئەم هەڵوێستە تۆمار دەکا، دەسەڵاتێکی خوێناوی و ستەمکار و دواکەوتووی داگیرکەر حاکمی زاڵە بەسەرییەوە. ئەم دیاردە و سیفەتەش بۆتە نهێنی و پەنهانی گەورەیی سەرکەوتنی ئەم شاعیرە، لە کاروانی شاعیرێتی خۆیدا، جوانی و پیرۆزیی و نرخی بەرزی بەخشیوە بە جیهانی شیعرەکانی.

ئەو شیعرانەی مەلەکشا پێشکەشی کردووین، گەر زادەی بارودۆخێک بونایە، کە شاعیر بەوە تۆمەتبار بوایە، لە کۆشک و تەلارێک سوڵتان ئاسا پاڵی لێداوەتەوە و وەعز دەدات و ئامۆژگاری دەفرۆشێتەوە. ئەوە بەرهەمەکانی چ سوودێکیان نەدەبوو و نەشدەبوونە کەرەسە و بابەتی ئەم نووسینە. خۆ گەر بهاتایە و لە دوورەوەی نیشتمانیشەوە پەیامی بۆ بناردباینایە، دیسان هەقمان بوو بڵێین: تۆ دووری لێمان و باش ئاگات لە ئازارەکانی نیشتمان نییە و قسەی سەرمێزی ڕازاوە و سکی پڕ دەکەیت. هەرچەندە دەبێت ئەوە بڵێم، پەیامی جەنتڵمانانە و واقیعی و زیندوو، لە هەر دەڤەرێک و پێگەیەکەوە بێت، هەر پەیامە و زەبری خۆی هەیە. نەخێر مەلەکشا هێشتا بۆ خۆی بە خاکدا چەقیوە و زێدەکەی توند و گەرم لە ئامێز گرتووە و یەک تاقە سەنتیمەتر لە نەتەوە و خاکەکەی دوور نییە.

پێویستە ئاماژە بەو ڕاستییە بدەم،ناسینیم بۆ شاعیر شیعرەکانی لە ڕێگای گۆڤاری سروەی خنجیلانەوەیە و لەمێژیشە بەتاسەوە بووم دیوانەکەی مەلەکشام دەستکەوێت و بیخوێنمەوە. ڕێکەوت وابوو، خوشکەزای خۆشەویستم هێمن حسین دەبوو بۆ چارەسەر بچێتە ئێران. منیش داوام لێ کرد، سۆراخی ئەم دیوانەم بۆ بکات. هێمن لە شاری سنەی خۆشەویست لە دۆستێکی هەواڵی ئەم بەرهەمە دەپرسێ. مامۆستا شادمان ئەو برا ئازیزە کە هاوکاریی زۆری هێمن دەکات لە چارەسەری نەخۆشییەکەیدا،لە ڕۆژی ٧ - ٣ - ٢٠١٨ دا ئەم دیوانەم لە ڕێی هێمنەوە پێشکەش دەکات. سوپاس مامۆستا ئازیز بۆ دیارییە جوان و بەنرخەکەت.

هەر کە بەدەستم گەشت دەستبەجێ وەک هەنگوینم لە کلۆری داردا دۆزیبێتەوە، بە تاسەوە کەوتمە خوێندنەوەی. ئیدی لێگەڕام دەرفەتێکی ناچیزە ساز بێت، بەچەند وشەیەک لە ڕوانگەیەکی جیاوازەوە، سەرنج لە دیوانی ناوبراو بگرم و قسەی خۆمی لەسەر بکەم. من لێرەدا هەروەک گەشتیاری ئاماژەپێکراو ، تەنها وێڵی باوەڕ و جیهانبینی و تەواوی ئەو شتانەم کە دەکەونە بەر حوکمی چەمکی کوردبوون و بنەمای کوردایەتی لە خۆ دەگرن.

دەمەوێ لەم ڕوانگەیەوە چی لە عوودەی هزر و قەڵەمەکەمدا بێت، بیخەمە گەڕ و دوایی هەگبەکەمی لێ پڕ بکەم و پێشکەشی خوێنەرانی بکەم. لەم کارەدا هەرچی سوودبەخش بوو، ئەوەماڵی هونەرە بەرزەکەی مامۆستا مەلەکشا و ئەدەبی کوردییە و هەرچیش قەڵب و نالەبار بوو، دەبێتە بە ماڵی من و بە سنگفراوانییەوە لێتان وەردەگرمەوە. دیوانەکە وەک

گوڵجارێک تژییە لە گوڵی بۆنخۆشی ڕەنگاوڕەنگی جوان. لێ من هەر بەدوای ئەو گوڵەی خۆمدا وێڵم، کە مەبەستمە و گەرەکمە چەپکێکی بۆ ئێوەش لێ ئامادە بکەم و پێشکەشتانی بکەم.

ئەو گوڵانەی چیرۆکی خاک دەگێڕنەوە، بۆنی نیشتمانیان لێ دێت. ئەو گوڵانە خوێن لە زام و برینیان دێ و چوونەتە سەنگەری بەربەرەکانی داگیرکەرەوە. ئەو گوڵانەی بە خوێنی گیانبەختکردووانی کورد ئاو دراون، ئەو گوڵانەی بوونەتە سیمبۆلی ئازادی و بەها جوانەکانی تری کوردبوون و مرۆڤ بوونەوە. بەڵێ ئەم تەوەرانە لەم نووسینەدا جێیان دەبێتەوە. ئەم تایبەتمەندی و ڕاستییەش وام لێ دەکات، لە پێشڕا لە خودی شاعیر و خوێنەری بەڕێزیش داوای لێ بووردن بکەم، کەوا من جارێ بە وشیارییەوە دەڵێم، تەنیا کڕیاری ئەم جۆرە گوڵانەم.. با پسپۆڕان و کڕیارانی دیکە خۆیان سەرگەمی گوڵەکانی دیکە بن. ئەوەش دەبێ بگوترێ، مافی ڕەوای هەر لایەکمانە چ گوڵێک دەکڕین.

دیوانی ج. مەلەکشا، لەبەر بارودۆخی ناسروشتی و پڕ لە گێرمەوکێشەی سیاسی پڕە لە شیعرگەلێکی سیمبۆلی . شاعیر لە شیعری (بێ وڵات) دا هەر زوور دەرک بەوە دەکات لە جوگرافیای جیهان دا و لە سەر ئەتڵەس، بە هۆی ئەو زوڵم و زۆرداری و چەوساندنەوە و تاڵانییەی دوژمنەکانییەوە بەسەردیدا سەپاندووە، نەخشە وڵاتی خۆی نادۆزێتەوە.

هەر بۆیە کاتێ دەمرێ و ژیان بەجێ دێڵێ، بستە خاکێ نابینێ لاشەکەی تێدا بنێژرێت.

## بێ وڵات

چل ساڵە من
تەرمی خۆمم لە کۆڵ ناوە
دەتگێڕم و ئەشک ئەڕێژم
ڕێگەی دووری تەمەن ئەبڕم
بستێ خاکم دەست ناکەوێ
ئەم جەستە پڕ لە ئازارەی
تیا بنێژم! ل ٣١

**شاعیر لەم بابەتە زۆر دوور ناکەوێتەوە ڕەپوڕاست پەیامی خۆی بەرووی داگیرکەراندا دەتەقێنێتەوە و لە شیعرێکی دیکەدا دەڵێ:**

## وشەی پیرۆز

مێژوو دەڵێ
سەدان کەڕەت
گۆڕەپانی منیان کردە جەهەندەم و
وڵاتێکیان تیا هەڵقرچان!
بەڵام هەرگیز نەیانتوانی
دوو دیاردە
لەسەر سینگم بسڕنەوە:
یەکیان کورد و
ئەوی تریان
وشەی پیرۆزی کوردستان ل٣٢

کەواتە دوژمن بەو هەموو توانا و هێزەیەوە ناتوانێ ناسنامەی نەتەوەیی بسڕێتەوە. ئەوە زیاتر لە ٢٥ سەدە بەڵگەی مێژوو.

دواتر لە ئاکامی بێ دادیی و نەبوونی ئازادی، ناتوانێ سەردانی دەزگیرانی بکات:

## تۆڵەی چاوپێکەتن

ئەی گیانەکەم!
بڵا پۆلیسەکان بنوون
زیندان بنوێ
بێدەنگی گشت بەند و قاوشەکان بگرێ
دەلاقەی ژوورەکە داناخەم
چاوەڕوانم بەڵێنت پێدام شەوێ
بخزێیتە ناو خەونەکانم
کاتێ هاتی دەخیلت بم
کەس نەتبینێ
چونکە پۆلیس بەتاوانی نافەرمانی

**تۆڵەی چاوپێکەوتنی تۆم لێ دەستێنێ! ل ٣٣**

**شاعیر لە زیندانە و بە زۆر تاوانی هەڵبەستراوی بەسەردا ساخ کراوەتەوە. خەون بە دیداری گراوییەکەیەوە دەبینێ، کەچی زۆر بە چرپە پێی دەڵێ: گەر هاتی با کەس نەتبینێ، دەنا تۆڵەم لێ دەکەنەوە. لێرەدا ئاماژە بۆ دڕندەییەکی تری داگیرکەر دەکات.. چۆن و لەبەر چی زیندانییەک سزای قورستر دەبێت.. چۆن تۆڵەی لێ دەکەنەوە! بۆ لێی دەکەنەوە و لەسەر چ شتێکی سزایەکی نوێی قورستری دەدەن!.؟؟ شاعیر ناتوانێ باز بەسەر ئەو هەستەدا بدات، کە دەوری کەسایەتی و نیشتمانی تەنیووە. ئەوەتا بێ ئەوەی داوای لێ بکەین، خۆی پێمان دەڵێ خەڵکی کوێیە و چ چارەنووسێکی هەیە و ئەندێشەکانی چین....**

**بەخشش**

**خەڵکی وڵاتی گریانم**
**کێڵگەی کامتان وشک و برینگە**
**هەر دوو چاوم پێشکەش ئەکەم**
**وەک شەم لەناو شەوەزەنگا**
**دەسووتێم و دەتوێمەوە**
**شەوگاری کامتان زۆر ڕەشە**
**دڵی ڕوونم دابەش ئەکەم ل٣٦**

**ئەم شاعیرە وەک مرۆڤێکی ماف زەوتکراو و بێ سەربەستی، لە پەیامێکدا کە بریتییە لە داوای ئاوات و حەزێکی سروشتی ژیان ، خواستێکی هێجگار سادە و ساکار دەردەبڕێت، کە لە هەموو مێژووی مرۆڤایەتی و خەباتی گەلاندا نموونەی نییە و بەرچاو ناکەوێ.**

**کاتالانییەک گەرچی بێ دەوڵەتە! بەڵام دەتوانێ لە بەرشلۆنەوە بۆ هەر شارێکی تری وڵاتەکەی و جیهان گەشت بکات. ئیرلەندییەک چەند لەژێر ستەمی ناسیۆنالیستی ئینگلیزدا دەناڵێنێ، لێ لە دەبلنەوە بۆ هەر کوێی بوێت بێ گرفت دەتوانێ بڕوا و بێت.**

**کەچی چ جارێ کاوەی کوڕی شاعیر لە گەراجی سنە، گوێی لە دەڵاڵەکان نابێت، هاوار بکەن... سلێمانی سلێمانی،**

ئوتومبێل بۆ سلێمانی یاخود ئامەد و قامیشلۆ!.. ئاخر سنوورەکان لەنێو دڵی کوردستاندا بە زۆرەملێی کێشراون تۆخن و بە تەلی دڕکاوی و جەندرمەی دڵڕەق تەنراون، دەرباز بوونیان سەختە...

کاوە، دەبێ بۆ گەیشتن بەودیو سنووری دەستکرد!، دیوار بڕوخێنێ و سنوور هەڵتەکێنێ، یان وەک کۆڵبەرەکان! لەسەر سنوور سەرکێشی بکات و بە قاچاخی! بڕوا ، تا تەقەی لێ بکرێ و بکوژرێ. یاخود هاوشێوەی کەسێکی نافەرمی سنووری دەستکرد ببەزێنێ ئەوجا بە ترس و دزییەوە خۆی بگەیەنێتە سلێمانی . ئەمەش دیسان بێ پاسپۆرتی داگیرکەر نابێت.

## ئاواتێک

ئاخۆ دەبێ،
ئەو ڕۆژە بێ
کاوەی کوڕم
جانتای سەفەر کاتە شانی؟
دەڵاڵانی بەر گاراژی شاری سنە
هاوار بکەن:
سلێمانی، سلێمانی! ل٤٥

لە تابلۆی شیعری شەهید دا هەموو پەیامەکانی میللەتێکی بندەست و دەسەڵاتێکی دڕندە و خوێناوی و ڕەگەزەکانی سیاسەتی نامرۆڤایەتی داگیرکەر بەرچاو دەکەون. گەر کوردستان سەربەخۆ بێت، نە سنوور بەناو دڵیدا دەکێشرێ و نە بێگانە داوای پەساپۆرت لێدەکات و نە کەسیش بە قاچاخچی ناو دەردەکات.

## شەهید

کۆترێ سپی
نامەی ئاشتی
وڵاتێکی زامداری بۆ مێژوو ئەبرد
ڕاوچی هاتن
دێوجامەیان بۆ ڕاگرت و
دەسرێژیان کرد لە پڕ زەوی زریکاندی
ئاسمان

لەخەو ڕاچڵەكا
خوێنی كۆتر
دڵۆپ دڵۆپ بەسەر هەموو تكا! ل ٤٨

مەلەكشا هێندە سەرسەختانە و بە باوەڕەوە بەرەنگاری دوژمن بۆتە، باجەكەی بەسەر بردنی تەمەنێكی زۆری ژیانێتی لە زیندان. زیندان هێمای مەدالیای شانازی سەر سنگی مەلەكشایە. ئێستا شاعیر بۆتە سیمبۆلێكی دیار و خۆشەویستی بەرخۆدانی زیندان.. زیندان هێندە بەسەر ژیانی شاعیرەوە شوێن پێی هەیە، لە شیعرە دیارەكەیدا دەڵێ:

## زیندانی

لەنێو ژوورە تاكە كەسییە تەنگەكەمدا
هەڵكوڕماوم
كارەساتێ بەڕێوەیە
لەو دێو دیوار
وەردیانەكەم ڕاوەسراوە
دەلاقەتەكی بچكۆلە
لەسەر سینگی دەركەكەیەو داخراوە
كۆترە باریكەی خەیاڵم
تامەزرۆیە هەڵفڕێت تا،
ئاسمانی كاكی بە كاكی!
وەردەیانەكەم...
دەلاقەكە دەكاتەوە و
لێم دەڕوانێ
ئەو تاریكی دەبینێ و من ڕووناكی ! ل ٤٩

ئەم هاوكێشەی تاریكی بۆ دوژمن و ڕووناكی بۆ من، دەچێتەوە سەر بنچینەی میتۆلۆژیای كۆنی كوردی. شاعیر لەوێوە وێنە شیعرییەكەمان بۆ ڕادەگوازێ.. ئاخر خۆر هێشتا هەر تۆخمێكی گرنگی ژیانە و لای كورد بەرز و پڕ بەها و پیرۆز دەماشا دەكرێ.

لەو شیعرەدا كە بۆ كچێكی قەرەجی وتووە و مەلەكشا هێندە عەوداڵی نیشتمانە، قەرەجی لێ دەبێتە نیشتمان و نیشتمانی

خۆی لێ دەکاتە قەرەج... ئەم مەدالیا دوو دیوە شاعیر تێیدا بێ نیشتمان و بێ ئازادی و بێ مافە ، بەڵگەی هەموو ئەو ستەم و چەوسانەوە و ناهەقییەیە کە باری گرانی سەر شانی شاعیر پێک دێنن. گەر بێ دەوڵەتی تا سەر ئێسک ئازاری شاعیری نەدابێ، گەر بێ ناونیشانی خەمی گەورەی شاعیر نەبێ، گەر بێ ناسنامەیی دەردی گرانی مەلەکشا نەبێ،ئەدی شاعیر چۆن خۆی دەکاتە قەرەجێکی بێ نیشتمان و ناونیشان قەرەج. ئاخر شاعیر چۆن خۆی دەکاتە قەرەج ،لە کاتێکدا قەرەج خۆیان گەڕۆکن و بێ نیشتمانن و ناسنامەیان لەم گۆی زەوییەدا بزرە !؟... لە کاتێکدا نیشتمان بۆخۆی پارچە زەوییەکی جێگیر و دیاریکراو و ناسراوە و خاوەنی پێناسەیە.

لەشیعری گەڕانەوەدا مەلەکشا دەڵێ: کاتێ لە غەریبی مردم، ڕەنگە مەبەستی تاران بێت، یان هەر شوێنێکی تری دوور لە کوردستان، نابێت لەوێ بمنێژن.. کەواتە دوای ماڵئاوایش لە ژیان شاعیر نایەوێ دوور لەخاک و نەتەوەکەی خۆی، شوێنێکی تری بۆ تەرخان بکەن و لێی بنێژرێت. بۆیەکا دەڵێ:

## گەڕانەوە

گەلێ یاران!
کاتێ مردم، دەخیلتان بم!
لەم غەریبستانە مەمنێژن
جەستە ماندووە خەمڕێژەکەم بسووتێنن
خۆڵەمێشە خەمبارەکەم
بە ئاوی دیجلە بسپێرن!
دیجلە دەمبا بۆ ئۆقیانووس
دەبمە هەڵم و دەگەڕێمەوە بۆ ئاسمان
بای زریانیش هەڵدەکات و
جەستەی سپیی چەشنی هەورم
دەباتەوە بۆ کوردستان!
دڵتەنگ ، دڵتەنگ
لەسەرچاوەکەی ژیانمەوە
چەشنی هەورێکی خەمازۆ، دادەبارێم
لە کوێستان و لە پێدەشت و دارستانا
دادەبارێم، تۆزقاڵ تۆزقاڵ
ژیلەمۆی دڵ، دابەش دەکەم

بەسەر هەموو کوردستانا! ل ٦١

لەتیف هەڵمەتیش وێنەیەکی شیعری نزیک بەمەی هەیە. کەواتە شاعیر ببرێ بۆ هەر کونجێکی گۆی زەوی و بەرزایی ئاسمان و قوڵایی زەوی و دوورایی نەخشەی جیهان هەر دێتەوە بۆ نیشتمان و زێدی خۆیی و لەوێدا ڕۆحی ئارام دەگرێ و دەتوانی خەوی قوڵی یەکجارەکی بکات. ڕۆح و جەستەی ئاوێزانی بۆنوبەرامەی خاکی خۆی بکاتەوە. ئەم هەستە قوڵە و وابەستە توندەی شاعیر بە نیشتمانەوە، سەرچاوەی ئەو گیانە بەرزەی خۆڕاگریی نەبەزییەتی، بەرامبەر بە هەموو ناڕەحەتییەکانی ژیان.

چەند پەڕەیەکی تر لە دیوانەکەی هەڵئادەینەوە، دەکەوین بەسەر پارچە شیعری زێڕینی دڵخۆش دا. لەوێدا شاعیر لە چەند بەیتێکی کورتدا هەموو شت دەڵێ و پەیامەکەی تەواو زیندوو و ئاگرینە و چ شاراوەیەکی لە خۆ نەگرتووە.

## دڵخۆشی

کڵاوم لارە!
قەڵەمەکەم
لە بەرامبەر چی سوڵتان و
فەرمانڕەوا و ... داگیرکەرە
کڕنووش نابات!
هیچیش وەک ئەو
تفەنگە دەم بە هاوارە
وا لە پەنا قەڵەمێکدا
لەسەر پێیە...
منی ئەویندارى وڵات
دڵخۆش ناکات! ل ٦٢

مەلەکشا زۆر دڵخۆشە قەڵەمەکەی نەبەزە و شانازی بە تفەنگی شانی پێشمەرگە و ڕاپەرینەکانی کورد دەکات. ئاخر ئەم لە خۆ ڕاپەرموونە کە جێی شانازی شاعیر و شیعرەکانێتی بۆ خەڵک لە سەرچاوەیەکی دڵسۆزانەی کوردبوونەوە هەڵقوڵاون. ئەم هەموو هەوڵ و تێکۆشان و باوەڕ بەرزییە، بە ئازادی و سەربەستی و مافی ژیان وا دەکات شاعیر بڵێ:

## تاوان

چونکە ئەموت:
مرۆڤ دەبێ،
ئازاد و شاد و سەربەست بێ
شادی، دڵداری، ئازادی
بنەڕەتی ژیان بێت
بچووکترین وشەی ئەوین
ماچ و ئاواز و هەڵبەست بێ
دڵیان کۆڵیم
داخی هەزار خەمیان چزان بە جەرگمەوە
مۆری سووری قاچاخ بوونیان
کوتا بە وشە و شیعر و دەفتەرمەوە ل ٩٥

دە سا بنۆڕن ئەم دەنگە شیعرییە، لە دووتوێی خۆیدا، سادەترین داوای لە - ئازادی، شادی ، دڵداری، شیعر و ئاواز گۆرانی - بۆ مرۆڤ و ژیان هەڵگرتووە، جەرگی زامدار کراوە، هەستی ڕووشێندراوە، زیندانی کراوە، لێپێچینەوە لە وشە و شیعر و بەرهەمەکانی کراوە...دوژمنەکانی بە ئەشکەنجەدان و پێشێلکردنی مافی بوون و ژیانی، وەڵامییان داوەتەوە.

## کوردستانم بۆ بێنەوە

...کە خۆم ناسی،
وتم: دایە! من کێم و چیم؟
خەڵکی کام شار
کام مەڵبەندی ڕووی سەر زەویم؟
وتی: ڕۆڵە...
تۆ کوردی دیل و هەژار
نیشتمانت کوردستانە
بەڵام ناوی نیشتمانت،
لەسەر نەخشەی جیهان نییە

بێ نیشانە!!
وتم : دایە!
باوکم کوانی؟
بۆچی هەرگیز دەستی حەزی نەگووشیوم
بە کام تاوان
من هەتیوم؟!
وتی : ڕۆڵە!
ڕۆژێ کاتێ داگیرکەران
شاریان سووتان
تفەنگی مافی کردە شان
لێزمەی خوێنی گەشی لەشی
بەسەر لێوی خاکا پژان
وتم دایە! ئەی براکەم؟
شەپۆلی خەم
ئاوی ماتەم
گۆمی چاوی پڕ کرد لە ئەستێرەی فرمێسک!
وتی ڕۆڵە!
لە کازیوەی وەرزی ڕەشا
لاشەیان کردە نیشانە
خەونەکانی ئازادی ئەم کوردستانەی
بردە ژێر خاک
گیانی پاکی کردە فیدای
سەربەستی ئەو نیشتمانە!
وتم دایە!
ئەی من چبکەم؟
هەستا سەر پێی
تفەنگێکی بڕنەو کورتی بزمارڕێژی دایە دەستم
وتی ڕۆڵە
ئەی هۆی ئاوات و مەبەستم
دەیان ساڵە لە چوار لاوە
کوردستان وەک پاڵەوانێ

**لە قەڵای دێوی داگیرکەر**
**دەست و پێی زنجیر کراوە**
**ڕێبازی خوێن بگرە و بڕۆ**
**دوعای گەلی چەوساوەی کورد لە پشتی تۆ**
**سنوورەکان بشێوێنە**
**سیمای ونبووی خۆت لە نێو مێژووی کۆنا بدۆزەرەوە**
**کوردستانم بۆ بێنەوە**
**با بە دەوریا بسوڕێمەوە**
**کوردستانم بۆ بێنەوە**
**با دانیشم لەتە – لەتە**
**وڵاتەکەم بدروومەوە! ل ١٩٠**

لێتان ناشارمەوە سەرەتا ویستم لە گوڵجاری ئەم دیوانەدا ئەم تاقە گوڵە بچنم و پێشکەشتان بکەم.. ئاخر مەلەکشا لێرەدا پەلی بۆ زۆر بواری گرێدراو بەو ئاوات و خاڵەوە ڕاکێشاوە، کە بەندە مەبەستێتی. ئەم شیعرە بۆ ئەم باسە و بۆ گێڕانەوەی داستانی دوور و درێژی مێژووی کورد، پانۆڕامایەکی پڕاوپڕە.. ئاماژەی بە هەموو دیمەنەکانی خەباتی کورد کردووە. تێکڕای چیرۆکەکانی پەیوەست بە کوردبوونەوەی گێڕاوەتەوە.. ئەڵقە بە ئەڵقەی باسەکانی تایبەت بە شۆڕشی ئاماژە پێداوە. زۆر کۆد و هێمای پرسگەلی جیاوازی داوەتە دەستمان، وانەی هەڵبژاردنی شێوازی خەباتی خستۆتە بەرچاومان و وێنەیەکی گەورەی دوژمنیشی بۆ کێشاوین. ئەو داگیرکەرەی نەخشەی نیشتمانەی مەلەکشای دزیوە، سامانەکەی تاڵان کردووە و دەکا، ئازادییەکانی لێ قەدەغە کردووە، مافی پێشێل کردووە و دەیچەوسێنێتەوە و هەوڵی قڕ کردنی دەدات،ئەویشمان وەک خۆی پێ دەناسێنێ.

ئەم شیعرە دەتوانێ بۆ خۆی بێتە دیوانێک، ئاخر هێندەی دیوانێکی شیعر، مانای لە خۆگرتووە و بارگاوییە بە پرسی کورد و دۆزە ڕەواکەی .لە درێژەی باسی نیشتمانی دزراودا، مەلەکشا دەیەوێ پێمان بڵێ بۆ ئەو هێندە عەوداڵ و شەیدای کوردستانی دایکە. نیشتمان چییە و چی دەگەیەنێ؟ نیشتمان بۆ مەلەکشا لە یەک کات دا، دایک، زێد و نیشتمان و هاوکات بە مانا مەجازییەکی دەوڵەتیشە. بڕوانە چ دەڵێ:

**تووڕەیی**

**لەم جیهانە،**

**پەلەوریش**
**نیشتمانی بۆ خۆی هەیە**
**دارستانێ، تاقە داشێ**
**ئاوارەش بێ**
**نیو ئەشکەوتێ، بن پاساری!**
**چۆن شێت نەبم، نەچم بە گژ کوێستانێکا و**
**چوار ڕێیانی گەردوون نەگرم**
**هێشتا بستێ خاک شک نابەم**
**تیا بژیم، تیا بمرم!**
**چۆن شێت نەبم**
**هەموو ڕێگام لێ بەسراوە**
**بەهەر جادە و شەقامێکا ڕادەبوورم**
**تەپۆڵکەیەک**
**کڵاوێکی سەربازابەی کەسەر ناوە**
**دڵ و گیرفان دەپشکنێ**
**بەڵفەی خوایشم لەگەڵدا بێ**
**ڕێگام دەگرێ**
**نەکا نەخشەی وڵاتێکم لە گیرفان و**
**ڕەمزی نهێنیی ناوێکم لە دڵدا بێ!**
**چۆن شێت نەبم**
**تووڕەم، توڕە....**
**وەک ئاگرم**
**شمشێرێکی هەڵکیشراوم**
**لەناو بریسکەی خوێنی خۆما ئەزریکێنم**
**هەتا کالان نەدۆزمەوە**
**ئۆقرە ناگرم!**
**خوا ئەزانێ**
**من حەز ناکەم، وەک ئەشقیا**
**سەرگەردان بم لەم کوێستانە**
**ڕێگام بدەن بێمە خوارێ**
**هیچم ناوێ لەم جیهانە**

جگە نەختێ سەربەستی و
بستێ خاک و
ئالأیەک و
ڕەشماڵێکی قەرەجانە! ل ١٩٧

شاعیر حەسرەتی بێ وڵاتی داخی زۆری بە جەرگیدا ناوە. ئەو نە دەیەوێ وڵاتێکی تر داگیر بکات و نە بەسەر کەسەوە خۆی بکاتە بێگانە و نە گەرەکێتی ستەم لە خەڵکی تر بکات و بێ نیشتمانیان کات. مەلەکشا تەنها و تەنها وێڵی دوای دایکی خۆیەتی، ئەو بەس ئەو هەوار و زێدەی دەوێ، ئەو خاک و ئاوەی مەبەستە، کە لێی زادە بووە و پێی پەروەردە بووە. دەیەوێ بە ئارامی و دڵنەوایی و ئاشتی دوور لە کوشتن و بڕین و زیندانی و ئەشکەنجەدان و ڕاوەدوونان - کە سیمای هەرە زەقی ژیانی ناو دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانە - بژی بە سەربەستی لە سەر خاکی باووباپیرانی و ئالأی نەتەوەکەی بەسەر کۆشک و باڵەخانەکانییەوە بشەکێتەوە. جا گەر خۆشی لە سایە و لەژێر ڕەشماڵێکی قەرەجئاساکانیش دا ژیان بگوزەرێنێ، هەر بەختەوەر و ڕەزامەندە، چونکە خاوەنی سێبەری دەوڵەت و شیلەی ئازادییە...

## کوردستان

کاتێ پێنووسی چارەنووس
کەوتە گەڕان،
لەدوای ئەوەی
نەخشەی عەرد و دنیای نەخشان.
کە گەیشتە لای خۆرهەڵاتی نێوەڕاست
لەسەر خاڵێک،
ساتێ ڕاما
نازانم بۆ.. کەوتە لەرزین
دڵی شکا، چاوی تۆقی،
دڵۆپێ خوێن
بەسەر ئەو خاڵەدا تکا!
خێرا هاتن، دەوریان تەنی
شەقڵیان کرد
بە پەرژین و موورد و تێمان!
گەڕان، ناوێک بدۆزنەوە

**فرمێسکی چاوی گەردوونی تیا بگونجێ**
**ئێنجا هاتن**
**ناوی ئەو خاڵە سوورەیان**

**نا، کوردستان! ل١٩٩**

**خوێنەری هێژا، برای نووسەر...**

**بە گرنگی دەزانم ئاوڕی زیاتر لەم شاعیرە و دیوانەکەی بدرێتەوە، چونکە ئەمە دەنگێکە لەسەردەمێکی سەخت و دژواردا گوێمان لێی دەبێت. هاوارێکە سەرەداوەکانی بە سێبەری شیعری پەشێوی گەورە دەگاتەوە. ناڵەیەکە درێژەی دەنگی مامۆستا هەژار و هێمنی پێوە دیارە و هاوکات مەلەکشا بە تایبەتمەندی خۆیەوە هاتۆتە سەر شانۆی ئەدەبی کوردی. بەڕاستی شیعری "زڕەی زنجیری وشە دیلەکانە."**

**هاوارێکی سەردەمێکی تەواو سامناک و پڕ لە ستەمکارییە.. دەنگێکە لە قەیرانی بیروبۆچوونەکان و قاتووقڕی کوردبوون دا، نەعرەتەی خۆی هەڵبڕیووە. شێواز و ڕێچکەیەکە بە جیاواز لەوانی دیکە ئامادەیی خۆی سەلماندووە. ئاخر هەموو کەس توانای ئەوەی نییە لە دوای ئەو کەڵە شاعیرانە جێی خۆی باسانایی لە پانتایی شیعر و ئەدەبی کوردیدا بکاتەوە، مەگەر مەلەکشای پادشای وشە و وێنەی شیعریی کورت و مانا پڕ و باڵا بەرز و سەلیقەی زرنگانەی شاعیرانە و ئەو تایبەتمەندییەی شاعیری پێ ناسراوە.**


**مەلەکشا دەنگێکە زادە و هەڵقوڵاوی ناو ناخی مێژووی ڕاپەڕین و شکست، تێکۆشان و قوربانی، ستەمکاری و نامرۆڤایەتی داگیرکەر و ژیانە چڤاکییەکەی کورد. بانگەوازیی شیعریی مەلەکشا، دەرئەنجامی چەشتنی راستەوخۆی زوڵم و زۆرداریی زیندانە تاریکەکانی سەردەمی شای گۆڕبەگۆڕ و کۆماری پەت و سێدارەیە و بە ڕوون و ئاشکرایی، سیما و مۆرکی بێ نیشتمانی و بێ ئازادی و بێ دەوڵەتی کوردیان پێوە دیارە..**

---

**کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی جەلال مەلەکشا کوردی و فارسی چاپی یەکەم ١٣٩٣ - ٢٠١٥ ٤٦٢ لاپەڕە**
**بەشی کوردی: زڕەی زنجیری وشە دیلەکان**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی پێشمەرگەکان - ڕێکەوتی: ٣٠ی مارچی ٢٠٢٠**

## ئاوردانەوەیەک لە ژیان و تێكۆشانی شاعیری "دارە پیرە"شێعری "جەلال" نامرێت




**یەحیا سەمەدی**

پایگاه تحلیلی خبری پاوە پرس، ئەسپە سەرشێتەكەی زەمان شاعیر و نووسەر و ڕووناكبیری ناوداری كورد، مامۆستا جەلال مەلەكشایشی گلان.

ئێوارەی ڕۆژی شەمە ١٠ی خەزەڵوەری ١٣٩٩ی هەتاوی بەرانبەر بە ٣١ی تشرینی یەكەمی ٢٠٢٠ مامۆستا جەلال مەلەكشا شاعیر و نووسەر و ڕووناكبیری كورد لە شاری سنە ماڵئاواییی لە ژیان كرد و بەیانی ڕۆژی یەكشەمە ١١ی خەزەڵوەر ١٣٩٩ی هەتاوی لە گوندی مەلەكشا لە ڕێ و ڕەسمێكدا بە خاک ئە سپێردرا.

مامۆستا جەلال مەلەكشا، شاعیری ناسراو، پڕ هەست، بە توانا و بەناوبانگی كوردە و خزمەتی بە نرخ و جوان و باشی بە شیعر و ئەدەبی كوردی كردووە.

جەلال مەلەکشا ساڵی ١٣٣٠ کۆچی هەتاوی (١٩٥١ی زایینی) لە گوندی مەلەکشا سەربە شاری سنە لە دایک بووە. لە منداڵییەوە هۆگری شیعر و نووسین بووە و تا پۆلی سێ سەرەتایی لە گوندی "مەلەکشا" بووە. مامی جەلال خوێندەوارێکی تا ڕادەیێک باش بووەو شارەزایی لە ئەدیبان و شاعیران هەبووە، بۆیە جەلال هەر لە تەمەنی منداڵیەوە لە خزمەتی مامی لە گەڵ شیعر و ئەدەب ئاشنا دەبێت و دواتر هاتونەتە شاری سنە و لە تەمەنی تازە لاویدا تێکەڵی کۆڕە ئەدەبییەکانی شاری سنە دەبێت. هەر لە شاری سنە خویندوویەتی و پەروەردە کراوە.

مامۆستا جەلال مەلەکشا لە سەرەتاوە بە فارسی شیعر و پەخشان و چیرۆکی دەنووسی و لەبەر هێز و پێزی لە نووسیندا بە بێ ئەوەی کتێبی چاپکراوەی ببێ، دەبێتە ئەندامی"کانوونی نووسەرانی ئێران"

پاش ساڵی ١٣٥٧ ک.ه لەغاوی قەڵەمی دەگێڕێتەوە بۆ نێو زمانی کوردی و لە کوردیشدا سەرکەوتنێکی بەرچاوی دەبێ .لە سەر داواکاری مامۆستا هێمن چۆتە گۆڤاری سروە و هاوکات لە گەڵ (ئەحمەدی قازی . سوارە فتووحی و مارف ئاغایی) خزمەتێکی بەرچاوی بە زمانی کوردی کردووە و بۆ ماوەی ١٥ ساڵ وەکوو نووسەر و ڕۆژنامەوان دەبێتە ئەندامی گۆڤاری سروە و بە ڕاستی پەرە بە زمان و ئەدەبی کوردی ئەدات، وەک بەرپرسی بەشەکانی شیعر و چیرۆک و وەڵامی نامەی نووسەران، هاوڕێ لەگەڵ ئەحمەدی قازی، سوارە فتووحی، مارف ئاغایی و دەیان نووسەری دیکە خزمەتێکی بەرچاو بە زمان و ئەدەبی هاوچەرخی کوردی دەکەن.

مامۆستا جەلال تا کاتی ماڵاواکردنی لە ژیان لە شاری سنە بوو، هەرچەند کەوتبووە بەر تووکەشەقی چارەنووس و نەخۆش بوو و وەزعی جەستەیی باش نەبوو، بەڵام بێ گومان جەلال لەو نووسەرە دەگمەنانەیە کە قەد قەڵەمی نەبردوەتە قوربانگای نان و ناو و دەسەڵات، ئەگەر جەستەی نەخۆش بوو، شێعری نەخۆش نەبوو.

جەلالی مەلەکشا لە بواری شیعر و چیرۆکی کوردی و فارسیدا خاوەن گەلێک بەرهەمە و هاوکات لە بواری وەرگێڕانیشدا دەستێکی باڵای هەبووە و چەند بەرهەمێکی گرنگی وەرگێڕاوە، وەکوو بۆ خۆی دەڵێ: ئەو کاتانەی توانیویەتی بە وشەی سێحراوی و کورت و پرهەست مەبەستی خۆی دەرببڕێ چۆتە هەواری شێعرەوە و کاتێکیش بە بابەتە دوور و درێژ و ئاو هەڵگرەکانەوە خەریک بووە، لە چوار چێوەی چیرۆکدا خۆی دیتۆتەوە. ئەو پێی وایە بۆ نووسینێکی پتەو چیرۆک شیاوترە. جەلالی مەلەکشا هەمیشە ئازار بەشێک لە ژیانی بووە.

شیعری جەلال یەکێکە لە شیعرە بەهێزەکانی ئەدەبی هاوچەرخی کورد، سادە، ڕەسەن و بڕ مانا و لێوانلێو لە خەم و ژان. جەلال بۆ ڕەنج و دەردی خەڵک و ئازادی کۆمەڵگا نووسی و هەمیشە عاشقی ئاو و خاک و باوەڕی نیشتمان بوو. بەڵام

یەکێکە لەو سەرمایەیانەی کە بایەخی کەمی پێ درا و بە بێ دەنگ لە سوچێکی شاری سنە ژیانی بەسەر دەبرد.

شیعری جەلال وەکو ئەدەبیاتی بەرخودان دێتە ئەژمار و شیعرەکانی بوونێکی تایبەتی هەبووە و زۆربەی شێعرەکانی بەرز و جوانن و بۆ نموونە دوو شیعری «هەتا لووتکە چەندی ماوە؟» و «داستانی دارە پیرە» لە شیعرە بە ناوبانگەکانی کاک جەلالن کە لە کتێبەکەی "زرەی زەنجیری وشە دیلەکان" چاپ کراوە. شیعرەکانی جەلال تا ئێستا بە زمانەکانی فارسی، عەرەبی، ئینگلیزی، لیبیایی، سوێدی و..وەرگێڕدراون.

لە بواری ڕۆژنامەگەری؛ بەرلە ساڵی ٥٧ لە ڕۆژنامە فارسییەکان لە تاران ئیشی کردووە وەک: کەیهان و چەند ڕۆژنامەیەکی دیکە .لە کوردیشدا لە سەردەمی مامۆستا هێمن دا چووە تە گۆڤاری سروە تا ئەو کاتەی وازیان لەو گۆڤارە هێنا. هەر لە سەردەمی سەرنووسەریی ڕەحمەتی مامۆستا هێمن و دوای ڕەحمەتی مامۆستا ئەحمەدی قازی دا لەگەڵیان بووە تا ماوەی ١٥ ساڵ. پاش ئەو ماوەیە و بە هەر هۆیەک بووە دەستیان لەو گۆڤارە کێشایەوە. کاک ئەحمەدی قازی لەوێ بووە، کاک مارف ئاغایی، سەرتیپ جە عفەری، ڕەحیم سورخی، ڕەحیم لوقمانی، سوارە فتووحی و... ئەمانە کە هاوکاریان لەگەڵ گۆڤارەکە نەما و بە ناچار ئەو گۆڤارە کەوتە دەستی کەسانێک کە شارەزاییان لەو کارەدا نەبوو، یان ئەوەی کە پابەندییەکیان نەبوو، یان مەبەستێ تریان بوو و زۆر بایەخیان بە کارەکە نەدەدا و هەر بۆیە ئەو گۆڤارە زۆر زوو لە کیس چوو.

لەو سەردەمەی قازی و جەلال و ئەو کەسانەی کە ئاماژەیان پێ کرا لەو گۆڤارە بوون، سروە بە شاهیدی دۆست و دوژمن خراپ نەبوو. بە هەر حال بە باوەڕی هەندێ کەس، بوونی لە نەبوونی زۆر باشتر بوو و لە ئاستێکی بەرزدا کاریان دەکرد و سروە بوو بوو بە هەوێنی خزمەت لە زۆر بواردا و خزمەتێکی باش و زۆری بە زمان و ئەدەبی کوردی کرد .دوای سروە کاک جەلال بۆ ماوەیەکی زۆر وازی لە چالاکی ڕۆژنامەوانی هێنا و تا حەفتاکان و پێم وایە لە ساڵی ١٣٧٨ بوو کە بانگهێشت کرا بۆ هاوکاری لەگەڵ ڕۆژنامەی جام جەم (جامی کوردی) و ئەوش بڵاوکردنەوەی لاپەڕەکانی تایبەت بە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و چەن ساڵ لەوێ خزمەتی کرد.

بۆ ماوەیەکیش جانتای سەفەری هەڵدەگرێت و دەچێتە شاری هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستانی عێراق T لە گۆڤاری پرشنگ سەرقاڵی کاری ڕۆژنامەوانی دەبێ و سەر نووسەرانی گۆڤاری پرشنگ لە شاری هەولێر دەبێ. بەڵام دیسان چارە نووس دەستی لێ بەرداوە .چەندین بەرهەمی جوانی بە یادگار لە هەولێری پایتەخت هۆنراوەتەوە، یەکێک لەوانە شیعری جوانی (ئێوارە) یە.

دواتریش لە پەیمانگای هونەرو ئەندیشەی ئەحمەدی خانی،، لە شاری ورمێ، نووسەران و شاعیرانی تازە لاوی پەروەردە كردووە. لە شاری سنەش لەگەڵ چەند حەوتەنامە و گۆڤاردا كاری دەكرد. بەڵام ڕاستییەكەی ئەوەیە كە بە دڵی نەبووە و ئیدی تاقەتیشی نابێ و وەكوو كارێكی هەمیشەیی لەگەڵیان هاوكاریی ناكات.

ماوەیەكیشە بە هۆی نەخۆشییەوە ئیدی تاقەتی كاری ڕۆژنامەوانی و چالاكی فەرهەنگی نامێنێ و ئیتر چەن ساڵ بوو كە خانەنشین بوو و لە ماڵی دایكی لە سنە دەژیا و هاوسەر و كوڕەكانیشی كاوە و نیما و شاهو لە ورمێ دەژین.

جەلالی مەلەكشا هەر لە تەمەنی لاوەتی و سەرەڕای ئەوەی كە هیچ بەرهەمێكی چاپكراو وەكوو كتێبی نەبوو، دەبێ بە ئەندامی كانوونی نووسەرانی ئێران، لەو كاتەدا زۆرێك لە شاعیران و نووسەرانی گەورەی ئێرانی لەو كانوونەدا ئەندام بوون. شاعیران و نووسەرانێك وەكوو ئەخەوانی سالس، ئەحمەدی شاملوو و جەلالی ئالی ئەحمەد و مەحموود ئیعتماد زادە و هووشەنگ گوڵشیری و كەسانی تر و ئەوان خۆیان دامەزرێنەری كانوون بوون و پاش ئەوانیش كانوون بەردەوام بوو لە كار و چالاكییەكانی و زۆربەی شاعیر و نووسەرانی توانا و ناودار ئەندامی كانوون بوون. لەو كاتەدا بابەت و نووسینی كاك جەلال لە چیرۆك و شیعر لە گۆڤار و ڕۆژنامەكان بڵاودەكرایەوە و لە حاڵێكدا هیچ كتێبێكی لە چاپ نەدرابوو و ڕێگە بە چاپ كردنی كتێبی نەدرابوو.

لەگەڵ ئەحمەدی شاملوو ئاشنایەتی هەبووە، زۆر شتی دەنووسی و بۆی دەنارد و لە گۆڤاری جومعەدا بڵاوی دەكردەوە. زۆرێك لە شیعر و نووسینەكانی خۆی بۆی دەنارد و وەڵامی دەدایەوە.

جارێكیان لە یەكێك لە دانیشتنەكاندا نەمر شاملوو لە هەڵسەنگانی نووسینەكانی كاك جەلال وەكوو پێداهەڵگوتنێ لە سەری لە یەك دوو ڕستە دا دەڵێ: «مەلەكشا شاعیرێكی سادق و ڕاستبێژە و نووسین و شیعرەكانی هەر بەم شێوەیە سادقانەیە و هیوام وایە ببێت بە شاعیرێكی باش.»

ئەوەی كە لە پێوەندی كاك جەلال مەلەكشا و مامۆستا ئەحمەدی شاملوو گرینگ بوو، وەرگێرانی شێعر و بەرهەمی كوردی بوو كە مامۆستا جەلال مەلەكشا لەو سەردەمە هەوڵی بۆی دەدا و دەیكرد و وەرگێڕدراوی بەرهەمی شاعیرانێك وەكوو شێركۆ بێكەس، عەبدوڵڵا پەشێو و لەتیف هەڵمەت لە گۆڤاری كتێبی جومعە شاملوو بڵاوی دەكردەوە. وەك بڵێین كاك جەلال دۆستایەتیەكی نێزیكی لەگەڵ شاملو بوویێت؛ نا وا نەبوو، لەو ئاستەدا بووە كە باسی كرا.

ژیانی کاک جەلال مەلەکشا هەر بە نووسین و گۆڤارەکان تێپەڕ نەبووە، هەست و سۆزی کوردستان وایَ لێ کرد بوو ئەو ئینسانە دڵسۆزە قەڵەمی بۆ بەرخۆدانی گەلەکەی بە کار بهێنێت و ناڕەزایەتی خۆی دژ بە ئەوانەی ماڤی کورد و نیشتمان پێشێل دەکەن دەردەبڕی و هەر بەردەوام بوو.

جەلالی مەلەکشا یەکێک لەو ئەدیبانەیە کە هەم لە دونیای شیعردا بووە و هەمیش لە دونیای چیرۆکدا. لەهەر دوو بوار کاری کردووە. بەڵام بە شیعر بەرهەمێکی جوانتر و زەریف تر و کاریگەرتری بە بەرهەم گەیاندوە و قەڵەمێکی بەهێزتری لە شیعردا بووە.

**خۆی دەڵێ:** جوانی شیعری من بۆ ئەو شوێن و کۆمەڵگایە دەگەڕێتەوە کە تێیدا لە دایک بووم و ژیاوم، کۆمەڵگایەک کە لە گەڵیان ژیاوم لە گەڵیان ئازارم چێشتووە و شیعر ئەزموونی هەژاری و نەداری، و هەلاتن و ئازاری بۆم هێنا، بەڵام لە بەرمبەردا عیزەت و ئیحترامی پێ بەخشیم. شیعری کوردی لە ئستێکی بالادایە، شیعری نوێی کوردی تەمەنی کورتە بەڵام ئاستی زۆر بەرزە و بە لای منەوە شیعرێک کە وێنە و خەیاڵی تێدا نەبێت، شیعر نییە و تەنیا نەزمە.

**مامۆستا شێرکۆ بێکەس سەبارەت بە مەلەکشا دەڵێ:** (شیعری جەلال مەلەکشا دەبێتە هۆیێک بۆ پەرەپێدانی زمان و ئەدەبیاتی کوردی،شیعرەکانی روون وبە قووەتە،لە دڵەوە هەڵدەقوڵێت و بە دڵەوە دەنیشێت،ئەگەر جەلال ژیانێکی ئاسوودەتری هەبوایا بێگومان دەکرا بەرهەمی هەرە پڕ بایەختری پێشکەشی خەڵکەکی بکات.)

ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ئەو تایبەتمەندیانەی کە هەست و بیری شێعری تێدا بێت و مانای شێعر بات و وەک بەرهەمێکی ئەدەبی ڕەنگ بداتەوە لەئێستادا لای خەڵک و نووسەران و زانایانی بواری ئەدەب و شێعر پەسند بکرێ، مامۆستا جەلال گەیشتۆیە قۆناخ و دوایین مەنزڵی شێعری و کەسێکی خاوەن بەرهەم و بە مانای کلیمە شاعیر بووە و شاعیرە و لە رەوتی شێعری کوردی و تایبەتی لە کوردستانی ئێران ڕۆڵ و کاریگەری چاک و بە قازانجی بووە، خودی جەلال مەلەکشا مرد و ئەمە ئاسایە و درووستە بە جەستە مردووهو.... بەڵام ئەندێشە و باوەڕ و شێعری جەلال مەلەکشا نامرێت و ناکەوێت و قەد ناوی ون نابێ و تا شێعر و وشە و زمانی کوردی بمێنێ شێعری جەلال یش دەمێنێ و نامرێت.

**«کاروان»**

کاروان، کاروان

کێ نوستووە؟ کێ بێدارە؟

ئەم ڕێگایەی پێدا دەچن،

هەر ڕێگا کۆنەکەی پارە

دەور و بەرتان گورگە لوورە

چەقڵ کاسەی سەر و گۆشتی دڵتان ئەخوا

ئەوەندە تاریکی چڕە،

جندۆکە کۆرپەتان دەدزێ،

پێ نازانن

چاوتان لە ناو تاریکیدا،

تا ئەم خوارە هەتەر ناکات

بیرتان ئاسمانێکی تەسکە

هێندە بەرچاوتان تاریکە،

نازانن ڕۆژ لە ئاسۆی کام پێدەشتەوە سەر هەڵدێنێ

هەر بە تەشیە کۆنەکەتان دەیرێسن و لە بیری نوێ،

سڵ و سرک،

هەر ئەڕۆن و هەر بە ناقی قووڵی زوڵمەتا ڕۆ دەچن

چراکانیش کز ئەسووتێن

هێندێ چرایش چاوی گورگن

کاروان!کاروان!

هۆ کاروانی سەر لێ شێواو!

لە شەوگاری ئەنگوستە چاو

گۆچانی شک دەلاقەیەک ناکاتەوە

مەشغەڵ مەشغەڵ،

مەشغەڵی بیر، چرای ئەندیشەتان هەڵکەن

ڕێگا و ڕەوتێ هەنگاوەکانتان بگۆڕن

ئەم ڕێگایەی پێدا دەڕۆن،

زۆر کاروانی پێدا ڕۆی و نەهاتەوە

کاروان!کاروان!

بۆ کوێ دەڕۆن؟!

ئەم هەورازەی مێرووڵە

پێدا ڕێکچەتان بەستووە،

دەتانباتە هەڵدێرەکەی ساڵی پێشوو

ئەو بنارەش

وا بە ئێسک و کاسەی سەرتان داپۆشراوە،

دەگاتەوە بەفرەچاڵی کلیلەی ڕندوو

کاروان!کاروان!

ڕێگای تازە بدۆزنەوە!

کاروان!کاروان!

ڕێگای تازە بدۆزنەوە.

***

گەلێ یاران!

کاتێ مردم، دەخیلتان بم!

لەم غەریبستانە مەمنێژن

جەستە ماندووە خەمڕێژەکەم بسووتێنن

خۆڵەمێشە خەمبارەکەم

ە ئاوی دیجلە بسپێرن!

دیجلە دەمبا بۆ ئۆقیانووس

دەبمە هەڵم و دەگەڕێمەوە بۆ ئاسمان

بای زریانیش هەڵدەکات و

جەستەی سپیی چەشنی هەورم

دەباتەوە بۆ کوردستان!

دڵتەنگ ، دڵتەنگ

لەسەرچاوەکەی ژیانمەوە

چەشنی هەورێکی خەماژۆ، دادەبارێم

لە کوێستان و لە پێدەشت و دارستانا

دادەبارێم، تۆزقاڵ تۆزقاڵ

ژیلەمۆی دڵ، دابەش دەکەم

بەسەر هەموو کوردستانا!

# جەلال مەلەكشا یەكێـــكە لەو سەرمایەیانەی كە بایەخی كەمی پێ دراوە



**كەژاڵ حەسەنی**

جەلال مەلەكشا یەكێكە لەو سەرمایەیانەی كە بایەخی كەمی پێ دراوە و هێشتا ناوەكەی وەكو توانا هەرە باشەكانی بڵاو نەبووتەوەو، بێ دەنگ لە سوچێكی كوردستان ژیان بەسەر دەبات.

(جەلال مەلەكشا) شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ . ساڵی (١٩٥١)ی زایینی لە گوندی مەڵەكشان سەر بە شاری سنە لە بنە ماڵەیێكی جووتیار لە داییک بووەو باوكی خوێندەواری نەبووە . بەڵام مامی مەلەكشا خوێندەوارییێكی تا ڕادەیێک باشی هەبووەو شارەزایی لە ئەدیبان و شاعیران هەبووە . بۆیە جەلال هەر لە تەمەنی منداڵیەوە لە خزمەتی مامی لە گەڵ شیعر و ئەدەب ئاشنا دەبێت.

خولیا و حەزی شیعر وای لێ دەكات وەكو خۆی دەڵێت لە خزمەتی مامی فێری شیعر و ئەدەبی شاعیرانی كورد وەكو،،مەولەوی كورد و نالی،، و هەروەها،،حافیزو سەعدی و مەولانا،،بووە.

جەلال تا پۆلی سێ سەرەتایی لە گوندەكەی بووەو دواتر هاتونەتە شاری سنە و هەر لەوتەمەنە كەمەدا تێكەڵی كۆڕە

ئەدەبییەكانی شاری سنە دەبێت .

چالاكی لەو كۆڕەئەدەبییانە وای لێدەكات لە تەمەنێكی كەمدا وەكو منداڵێكی بەتواناو بەهرەمەند ڕچاو بكرێت.

بەڵام تینوویەتی ئەو شاعیرە دانامركێت و بەرەو ئامانج هەر دەڕوات - لە تەمەنی ١٦ساڵیدا ڕوو دەكاتە شاری شیراز و هەر ئەوكات دەبێتە ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری شاری شێراز . زۆری ناچێت لە زۆربەی گۆڤارەكانی تەواوی ئێران نووسینەكانی مەلەكشا بڵاو دەبێتەوە.

جەلالی مەلەكشا لە بواری شیعرو ئەدەبی فارسیدا ناوبانگێكی زۆر باش لە هەموو ئێران پەیدا دەكات هەر بۆیە بەردەوامی كاری لە گەڵ ئەو گۆڤارە ١٧ساڵ دەخایێنێت .

دوای ئەوەی ناو بانگی شیعرو ئەدەبی مەلەكشا زۆربەی شارەكانی ئێران دەگرێتە بەر.

ئەحمەدی شاملو داوای لێ دەكرێت لە گۆڤاری (دونیای سۆخەن) بە سەرنووسەری شاعیری بەناو بانگ،، ئەحمەدی شاملو،، و لە شاری تاران دەبێت درێژە بە هونەرە پڕ بایەخەكەی بدات.

ئەحمەدی شاملۆ بە نووسینەكانی مەلەكشا زۆر خۆشحاڵ دەبو،بە شیوەێك ئەگەر لە گۆڤارەكەی جاروبار نووسینی جەلال نەبوایە لە پێشەكی نووسەر ناوی دەهێناو دەیگوت مەخابن ئەمجارە گۆڤارەكەمان لە نووسینەكانی مەلەكشا بێ بەهرەیە.

مەلەكشا لە بواری وەرگێڕاندا دەستێكی باڵای هەبووە شیعرو بەرهەمەكانی شاعیرانی گرینگ و پایە دار وەكو مامۆستایان،، شێركۆ بێكەس،، ..،، عەبدوڵلا پەشێو،، و،، لەتیف هەڵمەت،، ی بردووتە سەر زمانی فارسی و شیعری كوردی ناساندووتە خەڵكانی دیكە و بەو شێوەیە خزمەتی بە شیعری كوردی كردووە.

لەو كاتەدا لە كۆڕە ئەدەبییەكاندا هەڵسەنگاندن هەبوەو ئەحمەدی شاملو لە كۆڕێكدا هەڵسەنگاندی مەلەكشا دەكاتو دەیهێنێتە ڕیزی شاعیری گەورەو بەناو بانگ (شەفیعی كەدكەنی) و دەقی وتارەكەی ئەمە دەبێ (مەلەكشا هاوشێوەیٚ،، شەفێعی كەدكەنیە،، و وەكو داڵێك وایە هەر بەرەو ئاسمان دەڕواتو هەر بەرزتر دەبێت و هێشتا نەگەیشتووتە شوێنە هەرە بەرزەكەیٚ خۆیٚ . بەڵام شەفێعی كەدكەنی گەیشتووتە شوێنی خۆی) و هیوای دەخواست نمونەی مەلەكشا زۆرتر ببێت.

لە هەمان ساڵانە دا بوو کە مەلەکشا بە بێ ئەوەی کتێبێکی چاپ کراوی هەبێت، دەبێتە (ئەندامی دەستەی نووسەرانی وڵاتی ئێران) و شانازییێکی گەورەیە بۆ هەر نووسەرێک، هاوکات دەبێت لە گەڵ بەناوبانگانێک وەکو. (ئەخەوانی سالیس. ئەحمەدی شانلو . جەلالی ئالی ئەحمەد . مەحموود ئیعتمادزادە . هۆشەنگی گوڵشیری . ).

مەلەکشا تا ساڵی (١٩٧٨) واتا ڕاپەڕینی کۆماری ئیسلامی ئیران هەر بە فارسی نووسیویە و لە هەمان ساڵدا بڕیار دەدات خامەکەی بۆ ئەدەبیاتی خەڵکەکەی خۆێ بە کار بێنێت.

ژیانی مەلەکشا هەر بە نووسین و گۆڤارەکان تێپەڕ نەکراوە.

هەست وسۆزی کوردستان وایٚ لێ کردەبوو ئەو پیاوە قەڵەمی بۆ بەرخۆدانی گەلەکەی بە کار بهێنێت . نارەزایەتی خۆی دژ بە ئەوانەی مافی کورد و کوردستان پێشێل دەکەن دەردەبڕێ و هێشتا بەردەوامە.

جەلال دەڵێ نەخشەی وڵاتەکەم تفەنگێکە و بتاتەوێ و نەتانەوێ من شاعیری خوێن و کوێستان و تفەنگم.

هەر بۆیە پێش ڕاپەڕین چەندین جار کەلەپچە لە دەستی دراوەو ڕادەستی بەندیخانەکان کراوە . و دوای ڕاپەڕینیش هەر بەو شێوە بووە و سەرجەم ساڵەکانی زیندانی دەگاتە ١٦ ساڵ کە ماوەێکی زۆرە.

و دەڵێ چی دیواری سجنی ئێران هەیە یادگاری منی پێوەیە و زۆربەی شیعرەکانی لە سووچی بەندیخانە گووتراوە.

وەکو:

دەمویست کۆشکی ستەمکاران بە هێرشی واژە برۆخێنم
لە هەر لاوە دامیانە بەر پلار و پەڵ
بوومە پارووی چەوری خێڵی گورگ وچەقەڵ
ئیتر من بوومو دوو دەستی ئاشنای بەندو کەلەبچە
قەڵەمێکی دەنگ لە گەروودا خنکاو و
ئەندامێکی پڕ لەزامی سارێژ نەبووی شوێن پێ شەلاخ
ئیتر من بوومو قاوشی زیندانەکان
وەک خەمێکی پشت کۆماوی ڕدێن سپی

له ئەم زیندان بۆ ئەو زیندان،

--------

دوای ڕاپەڕین دەست دەكات بە كوردی نووسین و دەڵێ (شێوەی شیعرەكانی عەبدوڵا پەشێو شیعر دەڵێم) و بۆ یەكەم جار شیعری عەبدوڵا پەشێوی بە دڵ دەبێت.

هەر وەكوو دیارە لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتی كوردستان جەلالی مەلەكشا خامەوقەڵەمی زۆر بەرچاو و دیارە و لە ئێستادا لووتكەی ئەدەبیاتی ڕۆژ هەڵات دێتە ئەژمار، پسپۆڕان و ئەدەب ناسانی ئەدەبی كوردی دەڵێن لە دوای هێمن و هەژار جەلالی مەلەكشا بێ وێنەیە.

شیعری جەلال وەكو ئەدەبیاتی بەرخودان دێتە ئەژمار.

سەبارەت بە نەچەوساندنەوە، زوڵم و ئەو نادادوەریانەیە كە چەپێندراوەتە سەر خەڵكەكەی . زیندان . سێ دارە . شەهید ـ خوێن . شاخ . كوێستان . تفەنگ . زریكە . هاوار . كەلەبچە . گورگ . ئەمانە هەموویان قوڵپەی شیعری جەلالن.

(عەدنان بەرزەنجی) پسپۆڕێكی زمانی كوردی و،نالی ناس، و مامۆستای زانكۆی كوردستانی سنە . سەبارەت بە شیعری مەلەكشا دەڵێ كێشی شیعری مەلەكشا وەكو شاعیرانی نوێ خوازی پێش خۆی نیە.

بە پێچەوانەی نوێ خوازانێ پێش خۆی وەكو سوارە كە كێشێكی عەرووزیە، كێشێكی بڕگەیی هەیە،

هەتا لووتكە چەندی ماوە؟
دانامركێ
هەتا دێ هەر زیاد ئەكا
گڕ و گڵپەی ڕۆحی یاخی بووی ئەشقیام
ڕامەوەستە،بڕو لە لام
با تاوانی من تۆش نەگرێ
--
كە ئەمە كێشێكی بڕگەییەو چوار چوارە.

جەلال زۆر بەرهەم و شیعرو چیرۆک و وەرگێڕانی هەرە باشی هەیە، بەڵام بە هۆی بێ دەرەتانی وهاوکات سانسۆری دامۆ دەزگا فەرهەنگییەکانی ئیران نەتواندرا لە کاتی گونجاو ئەو بەرهەمانە چاپ بکردرێت و زۆری پێ خایاند تاکۆ بەرهەمە کانی لە چاپ درا، هەر بۆیە وەکو پێویست ئەو سەرمایە نەناسراوە . یەکەم کتێبی لە ساڵی ٢٠٠١ بە ناوی (زڕەی زەنجیری وشە دیلەکان) چاپ کراوە و دووهەم کتێبی کۆمەڵە چیرۆکێکە بە ناوی (کارەسات) و دواترکوپلەیێک لە شیعرە کوردی و فارسیە کانی چاپ کراوە و مەخابن هێشتا زۆر بەرهەم و شیعری جوانی ماوە و چاپ نەکراوە،

سیمای جەلال پڕە لە خۆزگەو بریا و ئاواتی جوان هەر ئەوەش لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە .

**شیعری مەلەکشا بۆنێکی تایبەت و بوونێکی تایبەتی هەبوە.**

شێرکۆ بێکەس سەبارەت بە مەلەکشا دەڵێ (شیعری جەلال مەلەکشا دەبێتە هۆیێک بۆ پەرەپێدانی زمان و ئەدەبیاتی کوردی،شیعرەکانی روون وبە قووەتە،لە دڵەوە هەڵدەقوڵێت و بە دڵەوە دەنیشێت،ئەگەر جەلال ژیانێکی ئاسوودەتری هەبوایا بێگومان دەکرا بەرهەمی هەرە پڕ بایەختری پێشکەشی خەڵکەکی بکات)،

لە سەر داواکاری مامۆستا هێمن چۆتە گۆڤاری سروە و هاوکات لە گەڵ ئەحمەدی قازی . سوارە فتووحی و مارف ئاغایی) خزمەتێکی بەرچاوی بە زمانی کوردی کردووە . ماوەی ١٤ساڵ شیعرو چیرۆکی نووسیوە . وەکو دەڵێن دوای کوچی مامۆستا هێمن هەوڵۆ تێکۆشینی جەلال مەلەکشا بۆ گۆڤاری سروە سەردەمی زێڕینی سروە ناو دەبردرێت.

بۆ چەند ساڵێک جانتای سەفەری هەڵدەگرێتو دێتە شاری هەولێر و چاوەڕوانی ئەوەدەکات شاری بەدی هێنانی ئاواتەکانی شاری قەڵا و منارە بێت و بەڕێوبەری سەر نووسەرانی گۆڤاری پڕشنگ لە شاری هەولێر دەبێت بەڵام دیسان چارە نووس دەستی لێ بەرداوە و لێرەش نەگەیشت بە ئامانج و چەندین بەرهەمی جوانی بە یادگار لە هەولێری پایتەخت هۆنراوەتەوە . یەکێک لەوانە شیعری جوانی (ئێوارە)یە.

**ئێوارەی غەریبستان**
**نازانم بۆچی هەر ئێواران**
**شاعیرو عاشق و دێوانە ئقرەیان لێدەبڕێ**
**دنیایان لێ دەبێ بە پێستە چۆلەکەو**
**حەزدەکەن لە ڕۆحی خۆیان یاخی بن**

بەرەو رووی گەردوون و گشت جیهان ڕاپەڕن!
دەبن بە ئاگرو بڵێسەیان کۆڵەکە دەبەستێ
هەر بۆیە...
-------

دواتریش لە پەیمانگای هونەرو ئەندیشەی،، ئەحمەدی خانی،، لە شاری ورمێ . نووسەران و شاعیرانی تازە لاوی پەروەردە کردووە.

شیعرەکانی بە زمانەکانی (فارسی . عەرەبی . ئینگلیزی . لیبیایی و سوییدی) وەرگێڕدراوەتەوە.

ئەوین و خۆشەویستی لە شیعری جەلال دا دیارە و شیعری خۆشەویستی یەکێکە لە شیعرە هەرە جوانەکانی.

--------

خۆشەویستی من،
چۆن بەرایی دا،
چاوەکانت وا ببینێ من بە تەنیایی
خۆ دڵی من کۆتری بن گوێسوانەی چاوەکەی تۆ بوو،
نەتئەزانی من بە بێ تۆ رۆحی ڕۆحی نەسرەوتم؟
وەک گوڵی نێو شۆرەکاتی وەرزی بێ باران
زرِ دەژاکێ، سیس دەبێ، دەمرێ!

-------

شیعری جەلال یەکێکە لە شیعرە بەهێزەکانی ئەدەبی هاوچەرخی کورد . سادە . بێ گرێ و گۆڵ هاوکات ڕەسەن و تژییە لە ماناو لێوانلێوە لە خەم و برِک و ژان.

بێگومان ژیانی ئەستەم و پڕ کۆسپ و کەندەڵانی مەلەکشا کاریگەری یەکجارێکی هەبووە لە سەر نووسینەکانی . ئازاری مرۆڤایەتی . کەمۆکوڕی و نایەکسانی کۆمەڵایەتیەکان و لە لایێکی دیکەشەوە ڕەوش و گوزەرانی تاکەکەسی خۆی . ژانە دەروونییەکان زەخت و گوشاری ژیانی لە خۆی گرتووتەوە .

بەرهەمی جەلال هیچکات نەکەوتووتە بەر تەوژمی ژیانی ڕۆژانە و کۆن نەبووە هەر بۆنی تازەیی لێ دێت بۆ نموونە داستانی(دارە پیرە) ساڵی ١٩٨٨ گوتراوەو ئێستاش بۆنی بەربەیانی ئەمڕوی لێ دێت ـ دارە پیرە تەشبیهێکە بە ناوی بەرزی کورد و کوردستان و نەیاران و ناحەزان ـ نەچەوسانەوە ـ هێمای ژیان و ئازادی ـ دەست لێک بەرنەدان و ڕوانەوەی لەڤتۆ پۆی هیواو ئامانج.

ساڵی ٢٠١٤ خەڵاتی دار بەڕووی زێڕینی هونەرمەندان لە شاری مەریوان پێ بەخشدراوە و ساڵانە لە لایان کۆڕی ئەدیبانی شاری سنە بۆ ماندووبونو خزمەت بە گەلەکەی ڕێزی لێ دەگیردرێت.

لە ئێستادە جەلال مەلەکشا لە سنەیە و هەرچەندە وەکو خۆی لە شیعرێکدا دەڵێ کەوتووتە بەر تووکە شەقی چارەنووسی ژیان، بەڵام لەغاوی قەڵەمەکەی بەرەو(نان و ناو و دەسەڵات) نەبردووە و هەر لە گۆڕەپانی سەربەرزیدا ژیاوە.


جەلال مەلەکشا باری تەندرووستی ناجێگیرە ماوەییک بە هۆی جەڵدە لە نەخۆشخانەی شاری سنە بووە لەم کاتەدا و بە تەنها لە گەڵ دایکی ژیان دەکات.

لە لایان ئەدیبانی شاری سنە زۆر هەوڵ دراوە تاکوو کاک جەلال لە ژیاندایە کۆی بەرهەمەکانی چاپ بکرێت بەڵام زۆربەی بەرهەمی کاکە جەلال بەرخودان و لێوانلێوی ئاڵاو شەهیدی کوردە بۆیە سانسۆرو پێوانەی زۆری لەسەرە و هەوڵەکان بێ ئەمک ماون.

**کەژاڵ حەسەنی**

**نۆڤەمبەری ٢٠٢٠**

# جەلالی مەلەکشا لە دوای خۆی، دەنگدانەوەی زیاتر دەبێ



**کۆچی ئاویەر**

**ناسڕ حسامی**

جەلالی مەلەکشا، کۆچی دوایی کرد. کاک جەلال کە خەڵکی شاری سنە بوو، ناوی شاخی "ئاویەر"ی کردبوو بە ناسناوی خۆی. لە سەردەمی ڕاپەڕینی خەڵکی ئێراندا لەدژی حکوومەتی شا، کاک جەلال بە شیعری پڕ لە حەماس و وره و وزەی شۆڕشگێڕانە ناوبانگی دەرکرد. کاسێتی شیعرەکانی، کە پێم وایە بە دەنگی خۆی تۆمار کرابوو، لە بنکەکانی پێشمەرگە، لە کۆبوونەوە جەماوەرییەکاندا و لەو شوێنانەی شارەکان کە ڕۆژنامە و بەیاننامەی حیزب و لایەنەکان بڵاو دەکرانەوە، زۆربەی جار بەدەنگی بەرز بڵاو دەکرانەوە:

ئەوا ڕێوی لە پێچی کوێرەرێیانەوە دێن
بڵێ شێرەکوڕان ئامادە بن.
-----
بەجێت ناهێلم
ئەی وڵاتی سووتاو

بە تەنیات بەجێ ناهێڵم.

کاک جەلال وڵاتە سووتاوەکەی خۆی بەجێ نەهێشت و بە هەموو هاوارە حەماسییەکانییەوە، لە پەراوێزی وڵاتەسووتاوەکەی خۆی مایەوە. ئەو "شێرەکوڕان"ـەی کاک جەلال بانگەوازی کردبوون بۆ خۆڕاگری، سەردەمێک شار و ناوچەکانی خۆیان پاراست. بەڵام نە ئەو دەم و نە ساڵانی دواتریش، نەبوونە چیایەک کە کاک جەلال دەنگدانەوەی بانگەوازەکەی خۆی لێ ببیستێتەوە. کاک جەلال خۆیشی ئیدی زۆر چاوەڕێی بیستنی دەنگدانەوەی بانگەوازەکەی خۆی نەمایەوە.

وەک ئەحمەدی شاملوو دەڵێ:

بوومە میوەی سەر لقی دار
خڕەبەردی دەستی منداڵ
تەلیسمی موعجیزەیەک مەگەر
لە دەست خۆمم بپارێزی
وا کە هەلینگم داوەتە تاڵانکردنی خۆم.

شاعیری "ئاویەر"، شاعیری ڕاپەڕین و خۆڕاگری، بەڵام بە شێوەیەکی دیکە بوو بە هێمای وڵاتەکەی خۆی: شارێک دەکەوێتە بەر هێرش و، لە دوای سووتماک و وێرانی و تاڵان و بڕۆ، قەڵایەکی سووتێنراو هەتا ساڵانی ساڵ دووکەڵی لێ هەڵدەستێ. جەلالی مەلەکشا، ئەو قەڵایەی سەردەمی خۆڕاگری بوو کە هەتا ژیا وەک یادگاری ئەو سووتماکە گەورەیە، برین و دڵشکاوی و ئازاری وەبیر هێنایەوە. مەلی کونجی قەفەس بوو، بەڵام هەرگیز چریکەی خۆی لەبیر نەبردەوە.

جەلالی مەلەکشا لە دوای خۆی، دەنگدانەوەی زیاتر دەبێ. ئەو کاتەی نەوەکانی داهاتوو ئیدی نەک دیمەنی لەشی بیماری ئەو شاعیرە دڵشکاوە، بەڵکوو دیمەنی شاعیری شیعری گەرمی هاندەرانە و ستایشی ئازادی لە یادیاندا دەمێنێتەوە.

-----

جەلال مەلەکشا، شاعیر، نووسەر و وەرگێڕی ناسراوی کوردی خەڵکی سنە، ئێوارەی ڕۆژی شەممە ٣١ ی ١٠ ی ٢٠٢٠ لە تەمەنی ٦٩ ساڵیدا بە جەڵتەی دڵ لە شاری سنە کۆچی دواییکرد..

لە ساڵی ١٩٦٤ لە گوندی مەلەکشا سەر بە شاری سنە لەدایک بووە. هەر لە شاری سنە خوێندوویەتی و بڕوانامەی دیپلۆمی

وەرگرتووە. لە منداڵییەوە هۆگری شیعر و نووسین بووە.

مەلەكشا شاعیرێكی نەتەوەیی بوو كەلە سەرەتاوە بە فارسی شیعر و پەخشان و چیرۆكی نووسیوە و لەبەر هێز و پێزی لە نووسیندا بە بێ ئەوەی كتێبی چاپكراوەی ببێ، كراوەتە ئەندامی كانوونی نووسەرانی ئێران .

شیعرەكانی جەلال مەلەكشا تا ئێستا بە زمانەكانی فارسی، عەرەبی، ئینگلیزی، لیبیایی، سویدی و... وەرگێڕدراون.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پۆڵەتیک پرێس - ڕێكەوتی: ١ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٠

# شاعیران خولقێنەری جیهانێکی نوێن
# وتوویژ لەگەڵ شاعیر "جەلال مەلەکشا"



فریا یوونسی

لە ئەدەبیاتی هاوچەرخدا، گەلێک کەس هەبوون و هەن کە پێش ئەوەی سەرنجی بەرهەمەکانییان بدرێت، شێوازی ژیانیان دەبێتە بەرهەمێک -ی چاک یان خراپ لە ڕوانگەی کۆمەڵگەوە- کە بەردەنگەکانی ئەدەبیات زیاتر هەوڵی خوێندنەوەی ئەو بەرهەمە دەدەن تا کۆی بەرهەمەکانی ئەو کەسە. ئەو بەرهەمەش، لە ڕێگەی هەڤپەیڤین و چاوپێکەوتنە میدیاییەکانەوە زیاتر ڕوون دەبێتەوە، ئەویش بە مەرجێک ئەو کەسایەتییە هەوڵی خۆشاردنەوە، یاخود قارەمان دروستکردن لە خۆی نەدات. هەڵبەت ئەم خاڵەیان، ئەویش لەم سەردەمە میدیاییەدا، لە کەم کەسدا هەیە. بە واتایەکی دیکە، گەلێک شاعیر و نووسەر و هونەرمەند، هەتا چاویان بە میدیاکارێک یان ڕۆژنامەنووسێک دەکەوێت، ڕووە ڕاستەقینەکەی خۆیان فەرامۆش دەکەن و هەوڵی دروستکردنی ڕوویەکی گونجاو و دڵخوازی کۆمەڵگا دەدەن. ئەمە ڕێک هەمان ئەو خاڵە بوو کە منی شەیدای مەلەکشا کرد. منیش وەک زۆر کەسی دیکە ئەو قسە بێ بنەمایانەم بیستبوو کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان باسی لێدەکرا کە گوایە شاملوو گوتوویەتی "دوای من شێعری فارسی بە مەلەکشا هەڵدەستێتەوە..."، یان "خەمتان نەبێ ئەگەر منیش نەمام مەلەکشا هەیە...". لە راستیدا لە دووهەمین دانیشتنم لەگەڵ مەلەکشا، ڕێک هاوکات بوو لەگەڵ هەڤپەیڤینی یەک لەو ڕۆژنامەنووسە ڕۆژهەڵاتییانە کە لە دەقەکەی لە باشوور چاپ کردبوو و تێیدا لەو جۆرە قسانەی کردبوو. ئەو رۆژە مەلەکشا زۆر تووڕە و عەسەبی بوو، تا کۆتایی هەڤپەیڤینەکە هەر باسی ئەو بابەتەی دەکرد، دەیگوت - فیلمی ئەو هەڤپەیڤینەم هەیە- "ئەوەی کە ئەو قسانە بە دەمی شاملووەوە ساز دەکەن بۆ گەورە کردنەوەی من، نازانن تەنیا منی پێ

سووک دەکەن ."

کە مەلەکشا ڕۆیی، تازە زانیم دەڵێ چی، دیم هیچکام لەو ڕۆژنامەنووسانە لە دەوری تەرمی بەجێماوی قەسیدەی نەبوون . بۆیە حەزم لێبوو دوای ئەم ماوە لە ڕۆشتنی، ئەم هەڤپەیڤینە، جارێکیتر بخوێندرێتەوە. پێشتر لە ژمارە (٦)ی گۆڤاری (شی) بڵاوکراوەتەوە.

**فریا**: پێش هەر شتێک پرسیارم لەسەر بارودۆخی جەستەیی و ڕۆحی خۆتە و دەمەوێ بزانم لە ئێستادا باری سڵامەتیت چۆنە؟

**مەلەکشا**: باری سڵامەتیم باشە و هەروا کە دەمبینن هێشتاش بە خۆشی و ئازایەتی ژیان دەکەم، نێو سروشت دەچم، کاروباری خۆم بەڕێوە دەبەم و لە هەمووی گرینگتر دەخوێنمەوە و دەنووسم .

**فریا**: واتە ئێستاش شیعر دەنووسی؟ دواهەمین شیعرێک کە نووسیت کەی بووە و پێم خۆشە بزانم ڕوانگەی ڕاستەقینەی تۆ لەسەر شیعر چییە؟

**مەلەکشا**: بەڵێ، ئەی مەگین دەکرێ نەنووسم؟ ئەی شاعیر بە چی شاعیرە، هەر بە نووسینی شیعرە کە دەتوانێ بڵێ من شاعیرم. منیش هەر دەنووسم و دواهەمین شیعرم یەک دوو شەو لەمەوبەر تەواو کرد. من پێم وایە ئەگەر شیعر نەکەینە کەرەستەیەک بۆ خۆ نواندن و ئامرازێک بۆ دەربڕینی بیروبڕوا سیاسی و دینی و...ـەکان و نەهێڵین شیعر و شوعار جێگەیان بگۆڕدرێت و لە جیاتی وشەی شاعیرانە و ڕوانگەی ئینسانی، نووسراوەکانمان پڕ ببن لە دروشمی سیاسی؛ ئەوە ئیتر هەرگیز شیعر لێمان ناتۆرێت و دەتوانین بەردەوام شیعر بنووسین. باسی ڕوانگەی منت کرد لەسەر شیعر، دەمەوێ ئەوە بڵێم کە بێتو ئێمە بتوانین شیعرییەتی شیعر، وەک خۆی بپارێزین و نەهێڵین ببێتە دەستەچیلەی هیچ مەرام و بیر و بڕوایە، ئیتر شیعر هەر درێژە بە ژیانی خۆی دەدات و لەهەر شوێنێکدا کە پێویستی کۆمەڵگە بێ، دەتوانێ هەم مێژوو، هەم ئایین، هەم سیاسەت و... بێت. هەروا کە هەموومان باش دەزانین شیعرمان هەیە لە زمانی کوردیدا کە ڕەنگە هی ١٥٠٠ ساڵ لەمەوبەر بێت و لە سەردەمی هاتنی ئیسلامدا بۆ ئەم ناوچە، نووسرابێ. دەبینین وەها بە زمانی شیعر، مێژووی لە خۆیدا تۆمار کردووە کە ڕەنگە دەقە مێژووییەکان بەو جوانییە و بە شێوەیەک کە لە هەموو دەورەیەکدا هەستی مرۆڤدۆستانە ببزوێنێ، باسی ئەو کوشتوبڕانەیان نەکردبێ. وەها بە شیعر و لەڕێگەی وشە و کێش و دووپاتکردنەوەی هەستە جەرگبڕەکان، باس لە وێرانی و بەدبەختی خەڵک لەو سەردەمەدا دەکا، کە بێگومان مێژوو هەرگیز بەو وردەکارییانەوە و لەو ڕوانگەوە باسی ئەو کارەساتانەی نەکردووە. من پێم وابێ هەمیشە هەم و غەمم هەر ئەوە بووە و لە شیعرەکانیشما هەر وام کردووە. لە کاتی

ڕووداني هەر كارەساتێكدا بەسەر ئەم گەلە لێقەوماوەی خۆماندا، من بە زمانی شیعر باسی دەرد و ئازارەكانمانم كردووە و هەرگیز بێدەنگ و بێهەڵوێست نەبووم لە ئاست ئەو گشتە مەینەتی و ناخۆشییانەی كە لە مێژووی ئەم چەن ساڵەدا بە سەرماندا هاتووە. دەبینی لە زۆر كاتدا، شیعرەكانیشم كاریگەرێتی سەدان مانیفێستی سیاسی بووە. من هەرگیز وەكوو شاعیرێك لە ئاست هیچ یەک لەو زوڵمانەدا بێدەنگ نەبووم. لەبیرتانە كاتێ كارەساتەكەی "ئایلان" لە دەریای توركیا ڕووی دا، هەموو دنیا بە شێوەیەكی سیاسییانە هەڵوێستییان گرت و دەشتوانم بڵێم زۆربەی ئەو هەڵوێستانە، لەلایەن كەسانێكەوە كە خۆیان هۆكاری ئەو كارەساتە بوون، پڕوپاگەندایەكی سیاسی بوو بۆ خۆیان. كاتێ هاواریان دەكرد ئەوە ڕەساڵەتی سەدەی ئێمەیە و بە مەكرەوە دەگریان. من بە شیعر بە گوێی نوستووی ئەواندا هاوارم دەكرد كە ئەوە ڕەساڵەتی ئێوەیە. ئێوەن كە هۆی دروست بوونی ئەم سەدەیە بوون و ئێستاش نكووڵی لە هەموو درێوییەكانی خۆتان دەكەن. بەڵام نازانن هێشتا كەسانێك هەر ماون كە بە دەنگی خۆشیان نەبێ، بە دەنگی شیعر و چیرۆك و هزریان بە گوێیاندا هاوار دەكەن و ڕۆژێك دەبێ هەر بە وشە و بە شیعر، كۆتایی بە ناحەزی و بەدڕەوشتیی هەموو ئەو ملهووڕانە بهێنن...

**فریا**: بە تێر و تەسەلی باسی خۆتمان بۆ بكە. باسی ئەو مێژووەی بووە هۆی دروست بوونی كەسایەتی جەلالی مەلەكشا. دەمانەوێ خوێنەرانمان بزانن لە كوێوە و چۆن دەستت پێكردووە و بە ئێرە گەیشتوون؟ سەرەتا لە گەڵ شیعری كوردی چۆن ڕووبەڕووبوونەوە و چۆنتان مامەڵە لەگەڵ زمانی زگماكی خۆتان كردووە بۆ نووسینی شیعر؟ بە تایبەت لە سەردەمێكدا كە ڕەنگە نووسین بە زمانی زگماكی - ئەویش نووسینی شیعر- زۆر سەخت و ئەستەم بووبێت. ئەوەی دیارە و تا ئێستا لە زۆر جێگەدا باسی لێكراوە، ئەوەیە كە ئێوە لە سەردەمی خۆتاندا، یەكێك بوون لە كەسایەتییە پێشەنگەكانی شیعری كوردی و تەنانەت جار و باریش زۆرێك لە قۆناغە جیاوازە ئەدەبییەكان و سەبكە تایبەتییەكانی ئەو سەردەمە، ئێوە دەخەنە پاڵ خۆیان و وەك یەكێك لە داهێنەرانی ئەو ڕەوتە دیارانە، لە ڕۆژهەڵاتی كوردستاندا، ناوتان دەبەن. لەلایەكی دیكەشەوە زۆرێك لە شاعیرانی بەناوبانگی سەردەم - وەك شێركۆ بێكەس- بە باشی باسی ئێوە دەكەن و وەك یەكێك لە باڵەكانی شیعری كوردی لە ڕۆژهەڵاتدا ناوتان دەبات. لەو سەردەمەشدا هەندێك شاعیری دیكە كە ئێستا خۆیان دەنگێكی دیارن لە ئەدەبی كوردی ڕۆژهەڵاتدا، لەگەڵ ئێوە هاوڕێ و هاوهزر بوون - وەكوو بەڕێزان فەرەیدوون ئەرشەدی و ئیبراهیم ئەحمەدی نیا- كە گەشەیەكی تایبەتیتان بە شیعری ئەو سەردەمەی ڕۆژهەڵات دابوو. دەمەوێ بە وردی باسی ئەو مژارە تایبەتەم بۆ بكەن.

**مەلەكشا**: سەرەتا پێم خۆشە خاڵێكی گرینگتر لەوانە بێنمە ئاراوە و ئەویش ئەوەیە كە دەبێ دیان بەوەدا بنێم كە من پیاوێكی گوندیم. واتە كەسێكم كە هێشتاش و هەمیشە هەر عاشقی گوند و سروشت و كشتوكاڵ و هەموو ئەو لایەنە گوندییانەم كە مرۆڤی مودێرن لێی وەڕەزن و لەگەڵی بێگانەن. هێشتاش هەموو وجوودی من بە گۆشت و پێست و ئێسقانەوە، هەر گوندییە و تاكوو بشمێنم لە گوند نابڕێم. هێشتاش لە گوندی خۆمان زەوینم هەر هەیە و ماڵیشم هەر لەوێ ماوە و

دەخوازم تا کۆتایی تەمەنم هەروا بمێنمەوە. هەربۆیە ڕاشەکاوانە دەڵێم ئەم خاڵی گوندنشینی و خۆشویستنی سروشتە لەلایەن منەوە، کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر ڕۆح و هزری من داناوە و هەمیشەش ئەو کاریگەرێتییە بە ڕوخساری شیعرەکانمەوە دەمێنێتەوە. هەر ئەم حەزە کارێکی کردووە کە هەمیشە هەموو هەوڵ و تێکۆشانی من لە پرۆسەی ئەدەبیی شیعردا ئەوە بێ کە ئاوڕی جددی لە بارودۆخی مرۆڤی گوندنشین —یان باشتر وایە بڵێم مرۆڤی سروشتی- بدەمەوە و هەوڵ بدەم شیعرەکانم هاواری گوندییەکان و سروشتپەروەرەکان بن. بەڵام بەداخەوە بارودۆخی ژیانم بە بۆنەی پیشەی باوکمەوە کە کارمەندێکی دەوڵەتی بوو، ناچاری کردین کە بێینە شار و بۆ هەمیشەش لە شار بمێنینەوە. لە شاریشدا لە جێگایەک دەژیاین کە جێی ژیانی مودیری گشتی ئەو سازمانە بوو کە باوکم کارمەندی ئەوێ بوو. ژیانی ئەویش بە بۆنەی هاوسێیەتی لە گەڵ مودیری گشتی ئەو سازمانە و دیکەی کارمەندەکانی، بووە هۆی ئەوەی کە ئاگەداری شێوازێکی دیکەی ژیان لە دەروبەری خۆمان بین کە ئەویش ژیانێکی بۆرژوازییانە و لوکسی شاری بوو. لێرەدا دژوازییەکی گەورە لە ژیانی مندا دروست بوو: ژیانی کارگەری و هەژارانەی ئێمە لە هاوسێیەتی ئەو ژیانە لوکسە بۆرژوازییانەی مودیر و کارمەندە باڵادەستەکان. بەراوردی ژیانی دوو کەسایەتی ئەم دوو بوارە —کارگەرێک و مودیرێک- دەبێتە هۆی تێڕامانی زیاتری منداڵێک کە هەموو خولیای ئەوەیە ببێتە شاعیر و هاوارەکانی خەڵکی گوندەکەی خۆی بە گوێی دنیا بگەیەنێت. ئەم دژوازی و پاڕادۆکسە کە لە هەموو شتێکدا بە حاسانی دەبیندرا، لە جلوبەرگەکاندا، لە شێوەی قسەکردنەکاندا، لە شێوەی هەڵسوکەوتی کەسەکاندا، لە شتومەکی نێو ماڵەکاندا، بە حاسانی دەهاتنە بەرچاو، ببوونە هۆی ئەوەی کە زیاتر بیر لە ژیان و ئازارەکانی و کەموکووڕی و مەحرووم بوونەکانی بکەمەوە. ئەم پاڕادۆکسە، ڕەنگە لە وجوودی مندا زۆر نەبووبێتە هۆی نەفرەت و ڕق، بەڵام جۆرێک بێزاری لە مندا بە نسبەت ئەو کەسانەوە کە بێ هیچ هۆیەک ژیانێکی خۆشتر و شاهانەتر لە ئێمەیان هەبوو، دروست کردبوو. جۆرێک جیاوازی و لە یەکنەچوون کە هەر ئەم جیاوازی و لەیەکنەچوونە بوو خەریک بوو وردەوردە ڕێگەی بۆ دەردەخستم و دەیبردم بەرەو شیعرەوە و لە شیعریشدا کە ئاساییە ئەو دژوازییە، ڕەنگدانەوەی خۆی هەبێت. لە راستیدا ئەو دژوازیی چینایەتییەی کۆمەڵگەی ئێرانی —کە بە ئاشکرا لەنیو کورد و فارسدا هەبوو، ئیستاش هەر هەیە- ڕۆژبەڕۆژ زیاتر لە من و شیعردا باڵای کردووە و لە گەڵمان گەورە بووە. ئەو سەردەمە بە تایبەت لەنێو سیاسییەکاندا، زۆرتر باس لەو دژوازیی چینایەتییە دەکرا و منیش هەر بەو دژوازییەوە سیاسەت و دوجار شیعرم دەست پێکرد. خەبات لە دژی ئەمپریالیزم و چینە بۆرژواکانی کۆمەڵگە، دەبوونە هەوێنی شیعرەکانم و بەم ڕوانگەوە هاتمە دنیای ئەدەبییەوە. تەنانەت یەکەمین زیندانیش کە چووم، هەر لەپێناو ئەو خەباتە بوو کە لەو سەردەمدا بە بۆنەی ڕوانگە تایبەتییەکانی مارکسەوە لە مندا شکڵی گرتبوو. چەند ساڵێک بەم بۆنەوە لە زینداندا مامەوە و دوای ئەوەش چەن جارێک بە بۆنەی بابەتی دیکەی وەکوو بابەتە نەتەوایەتییەکان کەوتمەوە نێو زیندان و ئەم زیندان چوونانەم بووە هۆی ئەوەی لە گەڵ کەسایەتییە گەورەکانی ئەو سەردەمە و بەرهەمە ناوازەکانییان ئاشنا ببم. لە سەردەمی شۆڕشی سپیی ئێراندا کە ڕیفۆرمخوازییەکی جددی شکڵی گرتبوو، لە قوتابخانە و بەندیخانە، یەکێک لەو کەسانە بووم کە هەمیشە بانگەشەی ئەو خەباتە تازە لەدایکبووەم دەکرد و جاروباریش شیعرم لەو بارەیەوە دەنووسی و دەمخوێندەوە. ئێمە ئاوا گەورە بووین: بە

زیندان و شاربەدەرکران و گرتن و ئەشکەنجە، منداڵی و مێرمنداڵیمان تێپەڕاند. منیش وەک زۆرێک لە شاعیرانی کوردی ئێرانی، لە خوێندنەوە و نووسینی شیعر بە زمانی فارسییەوە دەستم پێکرد. کەم کەم لەگەڵ شاعیرانی ناسراو و نەناسراوی ئەو سەردەمەی ئێران، پێوەندیم دروست کرد و لە زۆرێک لە کۆبوونەوەکاندا شیعرم دەخوێندەوە. تەنانەت جارێک چەن شیعرێکم بۆ **ئەحمەدی شاملوو** خوێندەوە - بە پێکەنینەوە - کە زۆر بە دڵی نەبوو و وتی لەو شێوازە شیعرییە وەرە دەر، کاتی خۆت بە فیڕۆ مەدە لەوەزیاتر. لەگەڵ کەسانی دیکەش وەک خوسرەوی گوڵسورخی پێوەندی باشم هەبوو. چونکە شەو و ڕۆژ بە شوێن جەرەیانی سیاسیی ڕۆژی ئێرانەوە بووم و دەمویست سەری لێ دەر بهێنم. نەک بە مەبەستی ئەوەی کە داخڵ بەو جەرەیانانە ببم، نا. زیاتر بە مەبەستی ئەدەبیات و شیعر وام دەکرد و دەمویست کار بکەم. نزیکیش بوومەوە لێیان. بەڵام کە لەگەڵ زمانی زگماکی خۆم ئاشنا بوومەوە و زانیم بەو زمانە جوانتر و باشتر دەتوانم شیعر بنووسم، لەو جەرەیانانە دوور کەوتمەوە و زیاتر هاتمەوە بەرەو هەستە نەتەوایەتییەکانی خۆمان کە بە هەموو شێوەیەک پامال کرابوون و لەبەرچاو نەدەگیران.

**فریا**: سەرەتا کە دەستتان کرد بە نووسین بە زمانی زگماکی، شیعرەکانتان لە چ ڕێگایەکەوە بڵاو دەکردەوە؟

**مەلەکشا**: ئەو سەردەمە نە گۆڤارێکی وەها هەبوو کە تایبەت بێ بە شیعر و بابەتی کوردی، نە کەسیش بە جۆرێکی جددی بیری لە چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب دەکردەوە. زۆرتر لە کۆبوونەوە و ڕێوڕەسمە سیاسییەکان بوو کە جار و بار هەڵێک دەرەخسا بۆ کەسانێکی وەک من کە شیعرێک بخوێنینەوە. ساڵانێکی زۆر دوای ئەوە کە کەم کەم گۆڤاری کوردی هاتنە ئاراوە، منیش لە گۆڤار و هەفتەنامەکان نزیک بوومەوە. ئەگەرچی زیاتر لە ڕووی باندبازی و کەس و ئاشنا و ڕۆشناوە کارەکان چاپ دەکران. بەڵام من زۆر پێشتر لەوە و لە سەردەمی فارسی نووسینمدا، چەن کەسێکم پەیدا کرد کە بتوانم لە ڕێگەی ئەوانەوە خۆم دەرخەم. یەکیان حەسەنی موزەبیەن بوو و یەکیشیان **عەلیرەزا تەبایی** .**ئیسماعیل خوویی** و نووری عەلاش کەسانێک بوون کە زۆر هەوڵییان دەدا یارمەتیم بدەن لەو بوارەدا. گۆڤارێکی بەرشکەستەمان گرتە خۆ بە نێوی "ئومیدی ئێران" کە بە شێوازێکی جددی توانیمان گەشەی پێ بدەینەوە و ناوی بخەینەوە نێو ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمەی ئێران و تەنانەت ڕێژەی چاپی گۆڤارەکەش تا ئاستێکی باش چووە سەر. هەر ئەو کارە بووە هۆی ئەوەی کە تا ڕادەیەکی باش بناسرێم و لەو ماوەدا کەسانێکی جددی داوای بابەتیان لێ کردم بۆ چاپ. ئەوە بۆ من زۆر سەرسووڕهێنەر بوو. لەو کاتەدا **خوسرەو گوڵسورخی**ش لەگەڵ خێزانی گۆڤارێکی چاپ دەکرد بە نێوی "ڕازی گوڵی سوور" کە گۆڤارێکی زۆر پرۆفێشناڵ بوو. هەموو شومارەیەک بابەتی منی چاپ دەکرد و بە تایبەت شومارەی شەش یا حەوت بوو کە دۆسییەیەکی تایبەتی لە سەر من کردبۆوە و تێیدا کەسانێکی زۆر لە سەر شیعرەکانم نووسیبوویان و ڕێژەیەکی باشی شیعرەکانیشمی پاشکۆی دۆسییەکە کردبوو کە بە گشتی نزیک ٤٠ لاپەڕەیەکی دەگرتەوە .**گوڵسورخی** خۆمی خۆش دەویست و تەنانەت چەن جاریش هاتە ماڵمان و زۆر نزیک بووین پێکەوە.

لە بواری ناسرانی شیعرەکانیشم بە زمانی زگماکی کە دەتوانم بڵێم زیاتر لە دوای شۆڕشی ئێرانەوە و بە تایبەت لە گۆڤاری سروەی ئەو سەردەمەدا کە سەرەتای بوو و ئاوڕێکی باش و جددیی لە ئەدەب و هونەری کوردی دەدایەوە، دەستی پێکرد. زۆربەی ژمارەکانی سروە بابەتی منی تێدا بوو و ماوەیەکیش تەنانەت هاوکارییەکی جددیی ئەو گۆڤارەم کرد و وەکوو پیشەیەک تێیدا کارم دەکرد. هەر ئەوە بووە هۆی ئەوە کە شیعرەکانی من بە زمانی کوردی زیاتر ئاوڕییان لی بدرێتەوە و تەنانەت کەسایەتییە گەورەکانی ئەدەبی کوردیش لوتفی خۆیان نواند و لەسەر کارەکانی من قسەیان کرد. سەردەمێک لەگەڵ خوالێخۆشبوو **مارف ئاغایی** بە شوێن کۆبوونەوە و ساغ کردنەوەی کارەکانی **سوارەی ئیلخانیزادە** کەوتین و توانیمان لەو بوارەشدا زۆر کار بکەین. بە گشتی هەموو ئەو هەوڵانە بوونە هۆی ئەوەی کە کەم کەم لەنێو کۆمەڵگەی ئەدەبدۆستی کوردیدا جێگە و پێگەیەکی دیار بە دەست بهێنم و شیعرەکانم ئاوڕی جددیی لێ بدرێتەوە.



**جەلال مەلەکشا فۆتۆ: فریا یوونسی**

**فریا :چۆن بوو بڕیارت دا بە کوردی بنووسیت و واز لە فارسی نووسین بهێنیت؟ ئایا لەو ئاڵوگۆڕەی زمانی نووسینت خۆشحاڵ هەی؟ پێت وانییە بەو کارە غەدرت لە خۆت کردبێ؟**

**مەلەکشا**: من نەک تەنیا پەشیمان نیم لەو کارە، بەڵکوو زۆریش شادمان و ڕازیم. چونکە ئەوەی ڕاستی بێ ئێمە تەنانەت ئەو کاتەش کە خەریکین بە زمانێکی دیکەی جگە لە زمانی خۆمان دەنووسین، لە ڕاستیدا خەریکین خۆمان تەرجەمە دەکەینەوە و ئەو جۆرەی کە زمانی دایکییمان شارەزای هەموو کەلوکوونەکانی بیروهزری مرۆڤانەی ئێمەیە بۆ دەربڕینی

هەست و سۆزمان، زمانێكی دیكە ناتوانێ ئەو كارەمان بۆ بكات. هەموو هەستێكی ئێمە بە زمانی دایكیمانە و هەر بەو زمانەیە كە وەرگری ئێش و ئازارەكانمان و خۆشحاڵی و شانازی و سەربەرزی و دیكەی هەستەكانمان دەبین. كەواتە تەنیا بەو زمانەشە دەتوانین بە باشی بەیانی بكەینەوە. زمانی ئێمە زیاتر پێویستی بە كار و خزمەت هەیە و دەبێ هەر كام لە ئێمە لە جێگەی خۆمانەوە هەوڵی بۆ بدەین كە زیاتر گەشەی پێ بدەین و ڕازاوەتری بكەین. بۆیە هەرگیز پەشیمان نیم لەوەی كە ڕێگەی خزمەت و گەشەدان بە زمانی دایكیمم هەڵبژارد و لەم ڕێگەشدا ڕەنگە چەرمەسەری و لەمپەرگەلێكی زۆرم لە سەر ڕێ بووبێ، بەڵام ئێستا كە ئاوڕی لێ دەدەمەوە، پڕ بە دڵ ڕازیم لە هەموو ئەو ئازارانەشی كە لە پێناو ئەو زمانەدا كێشاومە.

**فریا**: لە پێشانگای كتێبی ئیمساڵی سنە كە لەم ماوەدا بەڕێوەچوو، كتێبی كۆی بەرهەمەكانی بەڕێزتان وەكوو كتێبێك كە لەنێو كتێبەكانی دەزگای چاپی پانیزدا زیاترین فرۆشی كردبوو ناوی برابوو، هەروەها كتێبی كارەساتیش لە ڕیزی سێهەمی دەزگای كالێجدا ناوی هاتبوو. بە گشتی ئیمساڵیش و زۆرێك لەو ساڵانەی كە كتێبەكانی بەڕێزتان لە پێشانگای كتێب پێشكەش كراوە، فرۆشێكی باشی بووە و پێشوازییەكی بێوێنەی لێ كراوە. ئایا ئەم پێشوازی و فرۆشە باشە، هیچ داهاتێكی بۆ ئێوە وەكوو نووسەری كتێبەكان هەیە؟ یاخود باشتر وایە بڵێم ئەو دەزگایانەی كە كتێبەكانی بەڕێزتان چاپ و بڵاو دەكەنەوە، لە داهاتی فرۆشی ئەو كتێبە كە جاری وایە بە چەندین چاپ دەگات، بەشی ئێوە چۆن حسێب دەكەن؟

**مەلەكشا**: بەڵێ. ئەوە زۆربەی ئەو كتێبانە كە ئیمساڵ ئەو فرۆشە باشەیان هەبووە، چاپی دووهەم و سێهەم و تەنانەت پێنجەمیشی بووە. بەڵام بە داخەوە بەشی ئێمە لەو پێشوازییە باشانەی كە لێیان دەكرێ و یا بڵێین نامێننەوە بە سەر دەستی دەزگای چاپەكانەوە، لە سەدا دە و دوازدەیە و ئەمە زۆر بەشێكی كەمە بۆ كەسێك كە بە ڕاستی ماندوو دەبێ بە بەرهەمهێنانی ئەو كتێبەوە و دەكرێ بڵێم بۆ كەسێك كە تەمەنی خۆی لەسەر نووسینی شیعر داناوە و هەموو ئەو شیعرانەش دەبن بە كتێبێك كە داهاتی ڕەنج و ئێش و چەرمەسەریی ژیانێتی، بەڵام خۆی بەشێكی زۆر كەم لەلایەنە پۆزێتیڤەكەی –كە چاپ و بڵاوبوونەوە و فرۆشی كتێبەكانە- دەستی دەگرێت. بە گشتی بارودۆخی هەموومان وایە و هیچمان لەوە باشتر نین، تازە دەكرێ بڵێم كە ئەو بەشە دە دوازدە لە سەدییە، بۆ من ئاوا حسێب دەكرێ، ئەگینا بۆ شاعیران و نووسەرانی دیكە زۆر لەوە كەمترە و ڕەنگە هەر نەشبێت. بەڵام چاری ناچارە و هیچی لەگەڵ ناكرێ. وایان لێكردووین كە تەنیا بەوە ڕازی بین كە شكور كتێبەكانمان چاپ دەبن و دەچنە بەردەستی خوێنەر، ئیتر هیچیشمان لێی دەست نەكەوت، كێشە نییە. ئەمە فەزای ناپرۆفێشناڵ بوونی ئەدەب و كولتووره لەم وەڵاتەی ئێمەدا و هیچیشی لەگەڵ ناكرێ. هەڵبەت هەندێك لەو وەشانخانانە باشترن و بەشێكی زیاتر بۆ من حسێب دەكەن، بەڵام بە گشتی كێشەكە هەر هەیە و چارەسەری ئەستەمە.

**فریا**: لە چۆنییەتی چاپی كتێبەكان لە بواری كوالیتی و دیزاین و جۆری كاغەز و ڕووبەرگ و... ڕازی بوون؟

**مەلەکشا**: نـا. بەداخەوە جـاری وایە کتێبێکم لە بـازاڕدا نایـابیش بـووە مـن هێشتا نەمدیوە، چ بگـا بەوەی پێش چـاپ و بلاوبوونەوەی، چەن بەرگێکی کتێبەکەم نیشان بدرێ بۆ ئەوەی کە ڕای من بزانن. کتێبـی کۆبەرهەمەکـان، لە چـاپی یەکەمی کە بە داخەوە بە هیچ شێوەیەک ڕازی نەبووم. بەڵام لە چاپی دووهەمیدا، هاوڕێیەکم بە ناوی" ***ڕەزا نەقشبەندی*** "هاوکـاری کردم و توانیمان کواڵیتی کتێبەکە لە بواری دیزاین و چنینی شیعرەکانەوە، تـا ئاستێکی زۆر بەرز بکەینەوە و باشتر بـێ لە جاری یەکەم. خاتوونێکی هاوڕێشم هەیە لە کانادا کە ئەویش بۆ بردنە سەرەوەی ئاستی کواڵیتی کتێبەکـانم، زۆر یـارمەتیم دەدات. خـاڵێکی جێـی سـەرنج کە پـێم خـۆش بـۆتی بگێـڕمەوە ئەوەیە: کە لە چـاپی دووهەمـی ئەو کتێـبەدا، کتێبـی "زەڕە زەنجیـری شـەهیدان" کە کـۆمەڵە شیعرێکی زووی خـۆم بـوو، هەر بە مجەوزی ئەو کۆبەرهەمـانە چاپمـان کـرد و بە چـاپی دووهەمەکەمـان زیـاد کـرد و لە ٤٠٠ لاپەڕەوە کردمـانە ٦٠٠ لاپەڕە. کە ئەوە زۆر بـووە هـۆی ڕەزامەنـدی و خۆشحاڵی خـۆم. هەڵـبەت من دەربایستی ئەوە نیم کتێبێکم بە چـاپی شەشـەم و حەوتەم بگـات، بەڵام هەوڵ دەدەم لە چاپەکـانی دیکەدا، بواری کواڵیتی کتێبەکە لەوەی کە هەیە باشتری بکەم و بەرزتری بکەمەوە.

**فریـا**: لە باشـوور لە شـارەکانی هەولێـر و سلێمانی- و لەلایەن دەزگـای چـاپ و پەخشـەکانی ئەوێـوە، تـا ئیسـتا هـیچ پێشنیارێکتان بۆ چاپی کتێبەکانتان لەوێ هەبووە؟ ئایا بە تەمـای ئەوە نین ڕۆژێـک لە ڕۆژان کـۆی کتێبەکانتـان لەوێش - بۆ خوێنەرانی ئەوێ - چاپ بکەن؟

**مەلەکشا**: بێگومان تـا ئیستا لەلایەن دۆستی ئازیزمەوە کاک ***ئازاد بەرزنجی*** لە دەزگـای چـاپ و پەخشی سەردەم، چەن جـار پێشـنیاری ئەوەم پێـدراوە کە ئەو کـارە بـکەم. بەڵام بە داخەوە هەر جـارەی بە بـۆنەیەکەوە دواکەوتـووە و نەکـراوە. بە دڵنیاییەوە لە باشوور ڕێژەیەکـی باشی خوێنەری ئەدەبیمـان هەیە کە زۆربەی ئەو خوێنەرانە بە جۆرێک لەگەڵ شیعرەکانی من ئاشنان و خوازیـاری کتێبەکـانم هەن. بەڵام بە داخەوە بە هـۆی نەخۆشی و نەتـوانینی منەوە، تـا ئیستا نەکراوە بچمە ئەوێ و گرێبەسـتییان لەگەڵ بـکەم بـۆ چـاپی کتێبەکـانم. هەڵـبەت چەن سـاڵ لەمەوبەر چووم و تەنـانەت لەلایەن بەڕێـز مەسعوود بـارزانیشـەوە پێشـنیاری مـانەوەم پێـدرا و تەنـانەت مـاڵ و ژیـانێکی باشیشیـان خستە ئیختیـاری خـۆم و دایکمەوە، بەڵام نەمتـوانی و بە هـۆی ئەوەی کە دڵـم تەنیـا لەم شـارە ئـۆقرە دەگرێـت و دەحەسـێتەوە، گەڕامەوە. بەڵام بە تەمـام بەمزووانە دیسان بچمەوە و لەوێ چەندەها کـۆڕ و کۆبـوونەوەی بـاش بـۆ خوێنـدنەوەی شیعرم بە دەستەوە دەبـێ کە لەلایەن ستافە ئەدەبی هونەرییەکان و کەناڵە ناسراوەکانی ئەوێوە بەڕێوە دەچێت. ئومێدم وایە کە بتوانم لەگەڵ دەزگا ناسراوەکانی چاپ و پەخشی کتێبیشدا، گرێبەستێکی باش بنووسم بـۆ چـاپی کتێبەکـانم لەوێ. ئەوەی ڕاستی بـێ باشووری کوردستان لە ئیستادا هەلێکی باشـە بـۆ نووسـەران و هونەرمەنـدانی ئێمە کە بتـوانن لەوێ کارەکانیـان بڵاو بکەنەوە. بەڵام بە مەرجێک لەوێش باسی باندبازی و ئاشنا و ڕۆشنا نەیاتە گۆڕێ و زیاتر مەبەستییان لە خزمەت و ناسـاندنی ئەدەبیـاتێکی جددیی و پرۆفێشنـاڵ بێ تـا ناسـاندنی کەسە نزیکەکـانی خۆیـان لە بـاری خزمـایەتی و سیاسییەوە. ئیستا لە هەموو کاتێک باشتر

دەتوانین لە فرسەتەکانی ئەویّ کەڵک وەربگرین بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەدەبیاتەکەمان و بە جیهانی کردنی ئەم پرۆسە مەزنە کولتوورییە.

**فریا**: شیعرەکانی ئێوە ئەوەندەی کە لە فەزای مەجازی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، دەست بە دەست دەگەڕێت، لە فەزای چاپی و وەشاندا وەکوو کتێب یاخود گۆڤار، بەو جۆرە کە شیاوە، بەداخەوە کاری لەسەر نەکراوە و هەر ئەمە ڕەنگە بە جۆرێک لە جۆرەکان بەرهەمەکانی ئێوەی وا لێکردبێت کە ئاستی ڕێنووسی و چنینییان، بە پێی نووسینی ناشارەزایانەی کەسەکان لەو جۆرە فەزایانەدا، دابەزێت. هەڵبەت ئەم کێشەیە بە گشتی لەگەڵ زۆرێک لە نووسەرانی کورد هەیە. بەڵام لە بەرهەمەکانی ئێوەدا ڕەنگدانەوەی ئەم خاڵە بەجۆرێکی دیکە بووە. ئێوە بۆ زۆر بۆنەی تایبەت وەکوو شەهیدبوونی کەسایەتییە گەورەکانی کورد، ئێعدامی ڕۆڵەکانمان، کۆڕەوەکانی کورد لە چوار پارچەی کوردستان، هەرەسهێنانی سیاسەت و ئابووری لە پارچە غەدرلێکراوەکانی دیکەی کوردستان و... هتد، زۆر بابەتی گەورە و تایبەتیتان نووسیوە کە بە حاسانی هەر لە ڕێگەی ئەم تۆرە کۆمەڵایەتییانەوە، زووتر لە کتێبەکانتان چوونەتە نێو خەڵکی. ئایا ئەم خاڵە چەنێک دڵخوازی خۆتانە و ڕای بەڕێزتان لەسەر ئەم بابەتە چییە؟

من بە ڕاستی شاعیری "بۆنە" نیم و کەم شیعرم هەیە کە بە تایبەت بۆ بۆنەیەکی دیار و تایبەتیی مێژوویی نووسیبێ

**مەلەکشا**: ئەوەی بە پێویستی دەزانم باسی لێبکەم، ئەوەیە کە پێم خۆشە خوێنەرانم بزانن کە من بە ڕاستی شاعیری "بۆنە" نیم و کەم شیعرم هەیە کە بە تایبەت بۆ بۆنەیەکی دیار و تایبەتیی مێژوویی نووسیبێ، نا. ئەگەر دانیشی بە وردی شیعرەکانی من بخوێنیتەوە و ڕێککەوتی نووسینەکەیان بەراورد بکەی، دەبینی کە زۆرێک لەو شیعرانە بە هیچ بۆنەیەکەوە نەنووسراون و تەنانەت لەگەڵ ڕێککەوتی ئەو بۆنانەی کە خەڵکی پێیان وایە بۆنەی فلانە شیعری منن، مەودایەکی زۆریان هەیە. بەڵام ئەوە ڕەنگە لایەنێکی مێژووی ئێمە، یا خود شێوازێکی ئەو جۆرە شیعرانە بێ کە وەها بە حاسانی لەگەڵ بۆنە جۆراوجۆرەکاندا دەگونجێت و ڕێک دەخرێن. بۆ نموونە من بێ ئەوەی لە بیری شتێکدا بووبێتم یا مەبەستێکم بووبێ، هاتووم لە شیعرێکدا لە سەر مەرگی کەسێک، شەهیدێک وەکوو ناوێکی گشتی نەک ناوێک بە نموونە، چەند کۆپلەیەکم نووسیوە، دوایی لێیان پرسیوم - بە پێکەنینەوە: یەخەیان گرتووم - کە ئەو شیعرەت بۆ کێ نووسیوە؟ بۆ کێم وتووە؟ ئەبێ ئەم هەموو ساڵە بۆتان دەرکەوتبێ کە من لایەنگری هیچ حیزبێک و ڕێبازێکی تایبەت نیم، ئەوەشی کە دەبینن هەر ئەو شیوەنەی کە وا من کردوومە بە شیعر بۆ شەهیدێک و کەسایەتییەکی نادیار، بە بۆنەی شەهیدبوونی ڕێبەرانی کوردەوە داندراوە، من ئاگەداری نەبووم و ناکرێ بۆ ئەوەش هیچ وەڵامێکی لایەنێکی تایبەت بدەمەوە کە بۆ وابووە؟ ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی ئێمە و ئەو بەسەرهاتانەی کە وا لە درێژای ئەم مێژووەدا بە سەرماندا هاتوون. ئیتر بە مەحزی ئەوە شاعیرێک لە شوێنێک شیوەنێک دەهۆنێتەوە، خێرا ئەو بەسەرهاتانە دەگرێتەوە، نابێ کەسی پێ تاوانبار

بکرێت و بخرێتە ژێر پرسیارەوە. زۆر نموونەی دیکەی ئاوا هەن. بۆ نموونە شیعرێکم هەیە کە ئاوا دەست پێدەکات: کە خۆم ناسی، وتم دایە/ من کێم و چیم؟

لە هەزاران جێگە ئەو شیعرە بەکار هاتووە و ڕەنگە هەر کەس بە مەرامی خۆی بە بارێکا خستبێتی. لە حاڵێکدا مەبەستی من هیچ یەک لەوانە نەبووە کە باسی لێدەکرێت. هەر کەسێکیش موختارە لە بۆنە و ڕێوڕەسمی خۆیدا شیعری من یا هەر شاعیرێکی دیکە بەکار بهێنێت و لە مابەینی وتار و پڕۆگرامەکانیدا، بیخوێنێتەوە. بەڵام ئەوە نابێتە هۆی ئەوە کە جەخت بخەینە سەر شاعیرەکەی و بڵێین تۆ سەر بەو ڕێکخراوە و حیزبەی کە شیعرەکەی تۆیان خوێندووەتەوە و یا نەخێر و تۆ ئەو شیعرەت بۆ ئەو بۆنەیە نووسیوە. من پێکەنینم بەم ڕوانگە و هەڵوێستەی هەندێک کەس و لایەن دێت. من وەکوو خۆم ئێستا بەو قەناعەتە گەیشتووم کە شیعر دەبی بچێتە نێو خەڵک. شاعیر دەبێ هەموو هەوڵی ئەوە بێ کە شیعرەکانی ڕێگە بکەنە نێو دڵی کۆمەڵگا و ببنە وێردی سەر زمانی خەڵکی ئەو کۆمەڵگایە. هەڵبەت دیارە مەبەستی من لەمە، شیعری کلاسیک و سوننەتی نییە، بەڵکوو من باسی شیعری نوێ ئەکەم. شیعری نوێ زیاتر باسی ژانەکانی کۆمەڵگایە و ئیتر لەو ڕوانگەیەی شیعری سوننەتی و کلاسیک کە هەر باسی گوڵ و بولبول بوو، دوور دەکەوێتەوە و زیاتر لەسەر ئەوە پێداگری دەکات کە ئازارە مێژووییەکانی گەلەکەی بەرباس بداتەوە. ئەم خاڵەش کە باسمان لێکرد، خۆی نیشانەیەکە بۆ ئەو مەبەستەی کە وتم. واتە ئەوەی وا شیعرێک بۆ هەر بۆنە و ڕێوڕەسمێکی دیاریکراو، بەکار دەهێندرێت و دەخرێتە پاڵ ئەو جۆرە بۆنانە، خۆی نیشان دەدات کە ئەو شیعرە باسی ئازارە گشتییەکانی کۆمەڵگای کردووە و چووەتە نێو دڵی کۆمەڵگا و —بە پێکەنینەوە- چیش لەمە باشتر؟



جەلال مەلەکشا فۆتۆ: فریا یوونسی

**فریا** :دوایین بابەتێک کە لە ئێوە بڵاو بووبێتەوە چی بووە و لە کام بڵاڤۆکدا و کەی بڵاو بووەتەوە؟

**مەلەکشا**: ئەوەی ڕاستی بێ زۆر حسێبی ئەوانەم لە دەستدا نییە. دوایین بابەتێک کە بڵاو بووبێتەوە و خۆم ئاگەداری بم بە شێوەی وتار بووە کە لە گۆڤارە کوردییەکاندا و لەسەر کارەکانی من نووسراوە. بابەتی خۆشم لەم چەند مانگەی دواییدا لە چەند گۆڤارێکی کوردیی ناوخۆ و دەرەوەدا بڵاو بووەتەوە کە بە داخەوە ئێستا لە زەینمدا نییە کام گۆڤارانە بوون. چونکە ئەوەی ڕاستی بێ من زۆر ئیهتیمام نادەم بە کۆکردنەوەی ئەو لاپەڕە گۆڤارانەی کە کارەکانی منی تێدا بڵاو بووەتەوە و هەمیشە بە پەرشوبڵاوی لەملاوئەولا بینیومن، یا لە ڕێگەی دۆستانەوە ئاگەدار بوومەتەوە. مرۆڤ کاتێ تەمەنی تێپەڕ دەبێ و دەڕوا بەرەو ژوور، زۆر تاقەتی هەندێک کاری نامێنێ. منیش وەک خۆم - هەمیشە - بە خەمی نووسینەوە بووم زیاتر. بۆ بڵاو کردنەوەی بابەت هەمیشە کات هەیە و نەشبێ - بە پێکەنینەوە- دوای مردن کەسانێکی دڵسۆز هەر پەیدا دەبن کە شانی ژێر بدەن و بابەتەکان بڵاو بکەنەوە. ئەوەختە ئەوەی باشە هەرچی بکەوێتە دەستیان چاپی دەکەن. - کەمێک پێدەکەنێ و دوای چەن چرکە بێدەنگی دیسان درێژە بە قسەکانی دەداتەوە- زەمانێک لە گەڵ مارفدا - مارف ئاغایی - دەگەڕاین بە شوێن شیعرەکانی سوارە ئیلخانی زادەدا و هەموو هەموغەممان ئەوە بوو شیعرەکانی بە کامڵی پەیدا بکەین. هەمیشە قسەم ئەوە بوو بۆ مارف، ئەمگوت: "مارف ئەوەت لە بیر بێ سوارە لە چاو شیعری فارسیدا، شاعیرێ زۆر گەورە نییە، ها! ئەوەت لەبیر بێت. ئەگەر بێ تەعەسوب حسێبی بکەین، ئەو شاعیری دەرەجە سێی شیعری فارسییە." کەچی ئێستا ئەبیسم کەسانێک هەڵساون و ئەڵێن سوارە هیچ کەمییەکی لە شاعیرە گەورەکانی فارس نییە و تەنانەت لەگەڵ شاعیرانێکی وەک نیما و شاملوو بەراوردی دەکەن. من ئەم تەعەسوبەم پێ باش نییە. کابرا چووە لەسەر سوارە نووسیویێتی: شاعیرێکی تاقانە کە شیعرەکانی گشتی دانسقەن و تازە وەکوو ئەو وجوودی نابێتەوە! کاکە بۆ وا دەکەن؟ دەتانەوێ بەو کارانە چی بسەلمێنن. بەخوا ئەو تەعەسوبە جگە لە سووکی و بێ بایەخ کردنی ئەو شتانەی کە هەمانە و پێویستە بە بێ تەعەسوب خوێندنەوەیان لەسەر بکەین تا مێژووی ئەدەبیی خۆمانی پێ دروست بکەین؛ هیچ دەسکەوتێکی دیکەی نییە بۆمان. داوەرییەکانی ئێمە هیچی زانستییانە نین و کاتێکیش قسە دەکەی هەمووی تاوانبارت دەکەن بەوەی کە ڕێزی کەسە باشەکانی خۆمان ناگرم. وا نییە برا. کەسێک بهێنن بە چاوێکی زانستییانە و شیعرناسانە بەراوردی بکات. زمانی زگماکی جیاوازی زۆرە لەگەڵ زمانێکی بێگانە کە تۆ دەتەوێ شیعری پێ بنووسی. من سەرەتا بە زمانی فارسی دەستم بە نووسینی شیعر کرد. دڵنیا بن ئەگەر سەد ساڵی دیکە خۆم ماندوو بکردایە بە نووسینی شیعری فارسییەوە، هەرگیز نەدەگەیشتمە شیعری ئەخەوانی سالس. من لەنیوەی ڕێگەدا بووم کە شیعری فارسیم لابرد و هاتمەوە نێو زمانی زگماکی خۆم و بە کوردی دەستم بە نووسینی شیعر کرد. بەو حاڵەوە هەر یەکەم شیعری کوردیم بووە وێردی زمانی خەڵکی ئەو سەردەمە. ئەزانی بۆ؟ چونکە ئەوە زمانێکە کە من بیری پێ دەکەمەوە، قسەی پێدەکەم، پێی دەژیم، پێی دەگریم و هەموو خۆشی و ناخۆشییەکانم بەو زمانە ئەزموون دەکەم و لەگەڵ هەموو تایبەتمەندییەکانی ئەو زمانەدا ئاشنام. کاتێک ئێژم: ئـــــــاخ، کزەی جەرگم! دە وەرە بە فارسی ئەم هەستەم بۆ دەربڕە، بەشێوەیەک کە کوردێک هەستی پێی بجووڵێت.



مەلەکشا لەگەڵ دایکیدا فۆتۆ: فریا یوونسی

**فریا**: پرسیارێکی گرینگ کە هەیە، چۆنیەتی هەڵسوکەوتی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانە لەگەڵ بەڕێزتان. چەندە ئاگەداری ئەو بابەتانە هەی کە لەسەر ئێوە دەنووسرێت و لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاو دەبێتەوە. ئایا ئەوانەی گفتگۆیان لەگەڵ کردووی، چەندە دەروەست و ڕاست بوون بە نسبەت پرسیارەکانیان و ئەو وەڵامانەی ئێوە کە بە لاڕێدا بردبێتیان یان نا؟

دەبێ ڕۆژنامەنووس ئەوەندە دەروەست بێ بە کارێک کە دەیکا کە هیچ قسەیەکی ناڕاست نەنێ بە زاری ئەو کەسەوە کە خەریکە وتووێژی لەگەڵ دەکات

**مەلەکشا**: ئەوەی ڕاستی بێ، هەروا کە پێشتریش باسم کرد، تەنیا لە ڕێگەی دۆستانەوە ئاگەدار دەکرێمەوە و زۆرجار لینک یا خود وێنەی ئەو بابەتانەی لە سەر شیعرەکانی من نووسراون، بە دەستم دەگات. هەڵبەت لە بواری وتار و شیکاریی شیعرەکانەوە کە ئەوە من نابێ هیچ بڵێم. چونکە مافی ئەو توێژەرەیە کە خۆی چۆنی پێ زانستی و پسپۆڕانە بێ، لەسەر بابەتێک بدوێت و بە پێی ئەو خوێندنەوەی کە لەو بابەتە هەیەتی، شیکاری و توێژینەوەی خۆی پێشکەش بکات. بۆ نموونە هەر لەو ژمارەی گۆڤاری "شێ"دا کە ئێوە خوێندنەوەیەکتان لەسەر شیعرەکانی من و دنیای نووسینم، دانابوو و بە قەڵەمی هاوڕێی لاو "ئەنوەری عەرەب" نووسرابوو. بە گشتی شیکارییەکی خراپ نییە، بەڵام لە زۆر جێگەدا بێ ئەوەی ئەو جۆرە کە شیاوە بچێتە نێو ناخی ڕاستەقینەی شیعرەکانەوە، باسی ئەوە بۆ خوێنەر دەکا کە دنیای شیعری من، دنیایەکی تاریک و نائومێدانەیە. لە حاڵێکدا ئەوە بە ڕای من خوێندنەوەیەکی دروست نییە. ئەمە من خۆم نابێ باسی بکەم، بەڵام پێویستە خوێنەر ئەوە بزانێت کە ئەو بیرۆکەیە دروست نییە. چونکە لە شیعرەکانی مندا، تەنانەت لەوانەدا کە بۆنی خەم و کەسەرییەکی قووڵی لێدێ، ئومید بەرق دەداتەوە و بە ئاشکرا دەدرەوشێتەوە. هەرچەن پێم وابێ خوێنەر خۆی ئەمە

بزانێ و پێویست بەوە نەکا ڕوون کردنەوەی بۆ بدرێت. چونکە هەروا کە وتم بۆ ئەو وتار و لێکۆڵینەوانەی کە لەسەر شیعرەکانی من نووسراون و لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاو بوونەوە، پێویست ناکا من دەخالەت لە هیچ خاڵێکیدا بکەم. بەڵام کاتێک باسەکە دێتە سەر گفتگۆ و وتوویژ، ئیتر جیاواز دەبێتەوە. دەبێ ڕۆژنامەنووس ئەوەندە دەروەست بێ بە کارێک کە دەیکا کە هیچ قسەیەکی ناڕاست نەنێ بە زاری ئەو کەسەوە کە خەریکە وتوویژی لەگەڵ دەکات. زۆر جار ئەو شتە بۆ من پێش هاتووە کە بە داخەوە بووەتە هۆی ناڕاحەتی و دڵئێشانم. بۆ نموونە لەم دواییانەدا لەلایەن دۆستێکمەوە ئاگەدار کرامەوە کە لە ڕۆژنامەی هەولێردا بابەتێک وەکوو ناساندنی من بڵاو بووەتەوە کە گوایە لەوێدا باس لەوە کراوە کە شاملوو لە سەر شیعری من قسەی کردووە و وتوویەتی شیعری من و شەفیعی کەدکەنی وەکوو یەک وان و... هەندێک قسەی زۆر نابەجێی دیکە کە بەڕاستی بۆ من زۆر جێی داخە ئەو قسانە بە بێ ئەوەی هیچ تەعەهود و ڕاستییەک لە خۆ بگرن و پڕن لە درۆ و ناڕاستی، لە ڕۆژنامەیەکی کوردیدا بڵاو دەبنەوە. یان لە زۆر وتوویژی دیکەدا کە لە خۆڕا هەندێک قسەی ناڕاست و درۆ نراوە بە دەمی منەوە. لە حاڵێکدا من هەمیشە وتوومە کە ئەوانە گشتی درۆن و ***شاملوو*** هەرگیز لە هیچ شوێنێک باسی منی نەکردووە. تەنیا ئەو باسە نەبێ کە خۆم جاری تر ئاماژەم پێکردووە و وتوومە کاتێک شیعرم لە حوزووری شاملوودا خوێندەوە، زۆر بە ناخۆشی و تووڕەییەوە باسی شیعرەکەمی کرد و وتی دەورەی ئەو شیعرانە ئیتر بەسەر چووە. ئیتر من نازانم ئەمە لە کوێ شاملوو شتی وای دەربارەی من وتووە، خۆم نەمزانیوە؟ بە دڵنیاییەوە من باوەڕم وایە شاعیر کەسایەتییەک نییە کە بە تەئید و تاریفی شاعیرێکی دیکە ببێتە شاعیر و بەرز ببێتەوە. شاعیر لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە پەیوەندەی دەکا بە دڵی کۆمەڵگەی خۆیەوە و تەنیا شیعرە دەبێتە هۆی سەنگینی و سووکی شاعیرێک.

هیوادارم ڕۆژێک ڕۆژنامەوانیش لە لای ئێمە بەو ئاستە پرۆفێشناڵە بگات کە نووسەران و شاعیران و هونەرمەندان هەراسی ئەوەیان نەبێ لەگەڵ گۆڤار و ڕۆژنامە، دانیشتن بکەن و نەترسن لەوەی قسەکانیان تەحریف دەکرێت و بەلاڕیدا دەبردرێ. کە ئەوە بە دڵنیاییەوە لە سەر کەسایەتی ڕاستەقینەی ئەو شاعیر و هونەرمەندانە کاریگەریی خراپی دەبێت و نابێ ڕۆژنامەکان ئیجازە بدەن بۆ بازارگەرمیی خۆیان، هەموو چەشنە درۆ و ناڕاستییەک لەسەر ژیانی کەسایەتییە ئەدەبی و هونەرییەکان، بگاتە دەست کۆمەڵگە و ببێتە هۆی ڕووخانیان.

**فریا**: شتێک کە ئیمڕۆ بە ڕاستی لە نێو کۆمەڵگەی شاعیران و نووسەرانی ئێمەدا، بە شێوەیەکی زۆر ئازاربەخشانە هەست بە نەبوونی دەکەین، دەروەست بوونی نووسەرانمانە. ئەو جۆرەی کە من ئاگەداری ئەو بابەتە هەم، هەر ئێستا لە ڕۆژهەڵات زیاتر لە پێنجهەزار نووسەر و شاعیرمان هەیە کە لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا، دەبیندرێن و تەنانەت زۆرینەی ئەمانە چەندەها کتێبی بڵاوکراویان هەیە. بەڵام دەبینین هێشتا ڕێژەی چاپی کتێبی نووسەرێکی کورد لە ٥٠٠ دانە و هەزار دانەدایە، کە ئەمە ئاماژەیەکی تاڵە بەوەی کە تەنانەت شاعیران و نووسەرانی ئێمە، ئامادە نین کتێبی یەکترین بکڕن و بەو جۆرە پشتیوانی لە خۆیان و لەو کۆمەڵگەی کە هەمیشە لە لایەن چاوچنۆکانەوە، حەز بە نەمانی دەکرێ، بکەن. لەوە

گرینگتریش ئەوەیە لە تەنگانەکاندا کە دەبینین کێشەیەکی جددی بۆ کۆمەڵگە دێتە پێش، وەکوو کوشتنی کۆڵبەران، یا خود زۆرێک لەو پڕۆسە جەرگبڕانەی کە ساڵانە بەسەرماندا دێن، یەک نووسەر و هونەرمەندی کورد - تەنانەت لە کاناڵە تاکەکەسییەکانی خۆشیاندا لە فەیسبووک و ئینستاگرام و تێلێگرام و... متەقیان لێ نایەت. پێنج هەزار بێدەنگی... ئەوە لە حاڵێکدایە کە لە وەڵاتانی دیکە - زۆر دوور نەچین، تەنانەت - لە نێو هەر ئەم کۆمەڵگەیەی فارسی پەنادەستی خۆماندا، لە هەر کێشەیەکی ورد و درشتی کۆمەڵگەدا، هەست بە سێبەری قورسی نووسەران و هونەرمەندان دەکەین و زۆر جار دەبینین دەسەڵات لە ترسی لایەنگرییەکانی ئەوان لە مژارە کۆمەڵایەتییەکاندا و لەو زوڵمانەی لە کۆمەڵگەیان دەکرێ، دەکشێتەوە و ناوێرێ چیدی درێژە بەو باس و خواسە بدات. پێم خۆشە بیر و ڕای بەڕێزتان لەسەر ئەم نەبوونی تەعەهوود و دەروەست بوونەی نووسەران و هونەرمەندانی کورد بزانم.

**مەلەکشا**: بە داخەوە ئەوە کێشەیەکی زۆر گەورە و ڕیشەدارە و پێم وانەبێ چیتر بە قسە کردن و بەرباس دانەوەی، چارەسەری بکرێ. من پێم خۆشە لەسەر ئەم بابەتە بە وردی قسە بکەم و هەموو هۆکارەکان و خەسارەکانی ئەم خاڵە گرینگە بخەمە بەرباس. بەڵام هەروا کە دەزانن ناکرێ. هەر ئەو نەبوونی تەعەهوودە کارێکی کردووە کە ئەو چەند کەسەش لەنێو شاعیران و نووسەراندا کە دەتوانن و دەیانەوێ قسە بکەن، نەوێرن بە عامی ئاشکرا پشتگیری لە کۆمەڵگاکەیان بکەن. ئەگەرچی من هەر بە شیعرەکانم، هەمیشە دەرەوەست بوونی خۆمم نیشان داوە و بە زمانی وشە بە کۆمەڵگاکەمم وتووە کە لەگەڵتاندام، بەڵام... هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت و بێدەنگ دەبێت. وەها کە ئیتر مافی ئەوە بە خۆم نادەم لەوە زیاتر درێژە بەو باسە بدەم.-

**ئەدەبیات نەک تەنیا نەیتوانیوە من بژیەنێت و بژیوی ڕۆژانەی ژیانم تەئمین بکات، بەڵکوو زیاتر منیشی بە قوڕدا بردووە و هەمیشە ئەوە من بووم بۆ ئەوم خەرج کردووە و لە هەموو حەز و تاسەکانم گوزەراوم، ئەو هیچی بۆ من نەکردووە تا ئێستا**

**فریا**: پرسیارێک کە ڕەنگە زۆر بە کەمی لە نووسەرێک کرابێت لە بواری ماددیی ئەدەبیاتەوەیە و ئەویش ئەوەیە ئایا ئەدەبیات چەندە توانیوێتی بژیوی ڕۆژانەت تەئمین بکات و بتژیەنێت؟

**مەلەکشا**: هیچ. بە داخەوە ئەدەبیات نەک تەنیا نەیتوانیوە من بژیەنێت و بژیوی ڕۆژانەی ژیانم تەئمین بکات، بەڵکوو زیاتر منیشی بە قوڕدا بردووە و هەمیشە ئەوە من بووم بۆ ئەوم خەرج کردووە و لە هەموو حەز و تاسەکانم گوزەراوم، ئەو هیچی بۆ من نەکردووە تا ئێستا...

**فریا**: ئایا پێت وایە ڕۆژێك لە ڕۆژان، ئەدەبیات چیتر بەم شێوە لەگەڵ ڕۆڵەكانی خۆی مامەڵەیەكی وا دڵڕەقانە نەكات و ڕۆژگارێك بێت كە نووسەران و شاعیرانی ئێمەش لە ڕێگەی كتێبەكانیانەوە بژین و كاری چاپ و پەخشی كتێب لە نێو ئێمەشدا وەها پرۆفێشناڵ ببێتەوە كە چیتر پێویست بەوە نەكا نووسەرانمان لە لایەكەوە بە شوێن بژیوی ڕۆژانەی ژیانیاندا عەوداڵ بن و لەلایەكی دیكەشەوە لە خەمی نووسین و تەواو كردنی بەرهەمەكانیان و چاپ و بڵاوكردنەوەیاندا بن؟

**مەلەكشا**: نا. پێم وا نەبێ ئەو شتە هەرگیز ڕووبدات. یان لانیكەم بەم زووانە ڕووبدات. هەڵبەت ئەوە نیشانەی بەدبینی من نییە، بەڵكوو من ئەوەی وەكوو ڕووی ڕاستیی باسەكە دیومە و ئەزموونم كردووە، دەیخەمە بەردەست. ڕەنگە لە ئەورووپا، لە ئەمریكا، ئەو شتە بۆ نووسەرێكی ئێمە تا ئاستێك ڕووبدات - كە دەبینین بۆ نووسەرانی خۆیان لە ئاستێكی زۆر بالادا، ئەو بابەتە بایەخی خۆی پەیدا كردووە و چیتر نووسەرانیان ناچار نین بۆ پەیدا كردنی بژیوی ڕۆژانەی ژیانیان، لە سەر نووسینەكانیان بوێستن و ماوە ماوە لێی دابڕێن - چونكە ئەوان ئیتر بە پێی ئەو گشتە تەمرینی ڕۆشنبیرییە كە كردوویانە و خۆیان لە بواری كلتووری و هونەرییەوە بەهێز و پتەو كردووەتەوە، بوونی نووسەر و ئەدەبیات بۆ كۆمەڵگا بە زەروورەتێكی زۆر جددی دەزانن و هەر خەڵكەكە خۆی - تەنانەت بە كڕین و خوێندنەوەی كتێبیش بووبێ- ناهێڵن نووسەرانیان پەكیان بكەوێت. هەر بەو هۆیەشە كە ڕێژەی چاپ و فرۆشی كتێب لەوێ هەزار ئەوەندەی لای ئێمەیە. بەڵام لە وەلاتانی ڕۆژهەلاتدا - بە تایبەت ئەو وڵاتانەی كە تێیدا هیچ دەنگێكی دیموكراسی نییە - هەموو نووسەران و هونەرمەندانی بە خراپترین شێوە دەژین و دەمرن و هیچ ڕێزێك لە بەرهەمەكانیان ناگیرێت و تەنانەت ڕێژەی چاپ و فرۆشی كتێبەكانیشیان - بە زۆرەملێ - خۆی دەگەیەنێتە ٥٠٠ دانە و هەزار دانە كە بە داخەوە خەرجی چاپەكەشی دەرناهێنێتەوە. لێرە هیچ شاعیر و نووسەرێك نابینی بارودۆخێكی باشی هەبێ.

**من لە شاعیر بوون پەشیمان نیم. هەر نووسەر و شاعیرێك بە بڕوای من خوداخالقە، واتە نووسەران خالق و ئەفرێنەری دنیایەكن كە خۆیان بە جوانی دەزانن و حەز دەكەن هەموو خەڵك لەو جوانییە بەشدار بێت. نووسەران چیها جیهانی جیاواز دروست دەكەن و مرۆڤانێكی جیاواز لەم مرۆڤانەی لە دەوروبەرمان هەن دەخوڵقێنن، ڕێك وەك خودا حاكمن بە سەر ژیانی ئەو مرۆڤانە و ئەو جیهانەدا كە دەیخوڵقێنن.**


**فریا**: وەكوو دواهەمین پرسیار: ئەگەر جارێكی دیكە لە دایك ببیتەوە، ئامادەی دیسان ببیتە شاعیر؟ پێت خۆشە ئەگەر وابوو، بە چ زمانێك لە دایك ببیتەوە و ببیتە شاعیری چ زمانێك؟

**مەلەكشا**: (بە پێكەنینێكی تاڵەوە) ئەرێ و نا. بێگومان، ئەگەر جارێكی دیكە لە دایك ببمەوە پێم خۆشە ببمە شاعیر بەڵام نەك شاعیرێك كە شیعر دەنووسێ. من لە شاعیر بوون پەشیمان نیم. هەر نووسەر و شاعیرێك بە بڕوای من

خوداخالەقە، واتە نووسەران خالەق و ئەفرێنەری دنیایەکن کە خۆیان بە جوانی دەزانن و حەز دەکەن هەموو خەڵک لەو جوانییە بەشدار بێت. نووسەران چیها جیهانی جیاواز دروست دەکەن و مرۆڤانێکی جیاواز لەم مرۆڤانەی لە دەوروبەرمان هەن دەخوڵقێنن، ڕێک وەک خودا حاکمن بە سەر ژیانی ئەو مرۆڤانە و ئەو جیهانەدا کە دەیخوڵقێنن. وەک خودا بە مەیلی خۆی، دەیانژیەنێ، دەیانکووژێ، چیی پێ خۆش بێ لەگەڵیان دەیکا. ئەمە چێژێکی کەم نییە و پێم وانەبێ هەرگیز بتوانم دەستبەرداری ئەم چێژە بم. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ هەموو خواست و حەزی من ئەوەیە کە ئەگەر جارێکی دیکە لە دایک بوومەوە، لە ڕێگەی شیعر نووسینەوە ژیان نەکەم. بەڵکوو حەزم لە کشتوکاڵە و خۆزگەم دەخواست لە گوندێک لە دایک ببمەوە کە هەر لە منداڵییەوە خەریکی کشتوکاڵ بم، بەڵام بە ڕۆحێکی شاعیرانەوە. هەر بەم ڕۆحەوە کە ئیستا خەریکی نووسین و خوڵقاندنم. چونکە هەروا کە پێشتر باسم کرد شاعیر بوون ژیانی منی بە قوڕدا بردەخوار و هەرگیز هیچ خزمەتێکی ئابووریی بە من نەکرد. بەڵکوو ئەوەشی کە بووم لێ سەندم و لە ڕێگەی ئەدەب و شیعر و کتێبدا، پێی خەرج کردم. بۆیە پێم خۆش نییە ببمەوە بە شاعیر، بەڵام ئاواتم ئەوەیە ئەگەر جارێکی دیکە ئەو هەلەم بۆ بڕەخسێ، کشاوەرزێکی شاعیر بم و شاعیرانە ژیان بکەم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی: ژنەفتن - ڕێکەوتی: ١٨ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٠

# جەلال مەلەکشا، پێشمەرگەیەک لە ڕەگەزی وشە سەرکەشەکان



**بێهزاد قادری**

مامۆستا جەلال مەلەکشا، ساڵی ١٣٣٠ی کۆچی هەتاوی لە گوندی مەلەکشای سەر بە شاری سنە  لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لەدایک بووە. بە گوێرەی شەڕ و نەهامەتی و زوڵم و زۆری سەردەمی منداڵی و لاویەتیی مامۆستا جەلال، ئەمیش بەو ئەندازە، ئەم ئاژاوە و زوڵمانە لە ژیانیدا ڕەنگی داوەتەوە و جەلالێکی سەرکەش و سەربەرزی پێک هێناوە. هەروەها ناوبراو توانیویەتی ئەم سەربەرزی و سەرکەشبوونەی بە شێعر دەرببڕێت.

بەهۆی دەسەڵاتی زاڵی ئەو کاتە سەرەتا بە فارسی شێعر و چیرۆکی نووسیوە کە لە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران بە کوردی دەنووسێت و بە هێز و گڕێکی تایبەتەوە وشەکانی لەسەر لاپەڕە ڕیز دەکات.

مامۆستا جەلال مەلەکشا دەبێتە نووسەر و ڕۆژنامەوانی گۆڤاری "سروە" و لەوێ بە بیر و هزرێکی نەتەوەییەوە چالاکیی خۆی درێژە پێ دەدات. تەنیایی، نیشتمان، ئاڵا، خاک و کوردستان لەنێو شێعرەکانیدا زۆرترین ڕەنگ و بۆنیان هەیە. نیشتمان و

خاک و جوگرافیای کوردستان دەکات بە ملوانکە و مەداڵیایەک و لە ملی دەکات و دایناکەنێت. مەلەکشا، بە چاندنی وشەگەلێکی جیاواز، خاکی کوردستان وێنا دەکات؛ لە یەکێک لە کورتە شێعرەکانیدا دەڵێت:

ئاواتێک
ئاخۆ دەبێ
ئەو ڕۆژە بێ
کاوەی کوڕم
جانتای سەفەر کاتە شانی
دەڵاڵانی بەر گاراژی شاری سنە
هاوار بکەن
سلێمانی سلێمانی

لەم شێعرەدا دەتوانین ببینین کە نیشتمان لە چوارچێوە سەپێندراوەکاندا ناگونجێت و کوردستانێکی گەورە و سەربەخۆ پیشان دەدات؛ کوردستانێکی سەربەست، ڕزگارکراو و بێ سنوورە سەپێندراوەکان.

مامۆستا جەلال مەلەکشا هەمیشە بە ئاواتی کوردستانێکی سەربەخۆ و دەوڵەتی کوردی بووە و ئەم ئاواتانە بە ڕوونی لە شێعرەکانیدا بەرچاوە. ئەو لە داگیرکەر بێزارە و هیچ ڕەواییەک بە بوونی ئەوان لەم خاکەدا نادات. شاعیر ئامادەیە لەنێو ڕەشماڵێکی هەژارانەدا لە وڵاتی کوردان و لەژێر دەسەڵاتی کوردانـدا بژیت، بەڵام ژیان لە کۆشکی نێو خاکی داگیرکراوی خۆی ناوێت. نموونەی هەر بەرچاوی لەم شێعرەدا دیارە:

لەم جیهانە
پەلەوەریش
نیشتمانی بۆ خۆی هەیە
دارستانێ، تاقە دارێ
ئاوارەش بێ
نێو ئەشکەوتێ، بن پاسارێ!
چۆن شێت نەبم،
نەچم بە گژ کوێستانێکا و
چوار ڕێیانی گەردوون نەگرم
هێشتا بستێ خاک شک نابەم

تیا بژیم،

تیا بمرم...!

چۆن شێت نەبم

هەموو ڕێگام لێ بەسراوە

بە هەر جادە و شەقامێکا ڕادەبوورم

تەپۆڵکەیەک

کڵاوێکی سەربازانەی لە سەر ناوە

دڵ و گیرفان دەپشکنێ

بەڵگەی خوایشم لە گەڵدا بێ

ڕێگام دەگرێ

نەکا نەخشەی وڵاتێکم لە گیرفان و ڕەمزی نهێنیی ناوێکم لە دڵدا بێ!

چۆن شێت نەبم

تووڕەم، تووڕە...

وەک ئاگرم

شەمشێرێکی هەڵکێشراوم

لە ناو بریسکەی خوێنی خۆما ئەزریکێنم

هەتا کالان نەدۆزمەوە

ئۆقرە ناگرم!

خوا ئەزانێ

من حەز ناکەم وەک ئەشقیا

سەرگەردان بم لەم کوێستانە

ڕێگام بدەن بێمە خوارێ

هیچم ناوێ لەم جیهانە

جگە نەختێ سەربەستی و

بستێ خاک و

ئاڵایەک و

ڕەشماڵێکی قەرەجانە!

لە شێعرێکی تردا بێتاقەتی و چاوەڕوانیی مامۆستا جەلال مەلەکشا دەبینین. شێعرەکە کورتە، بەڵام پڕ بە پێستی وشە هاواری ئازادی دەکات و فرمێسک بۆ نیشتمانە داگیرکراوەکەی دەڕێژێت:

که بەهار دێت
لێم مەپرسە بۆ ناشادی
دەیان ساڵە
چاوەڕوانم
که نیشتمانم هەڵمژێ
شنەی شەماڵی ئازادی

وێڕای ئەوەی مامۆستا جەلال هەست به دیلی و بێزاری دەکات و هەست به ناشادی دەکات، بەڵام هەر سەربەرزه و هەوراز و نشێو و ڕێگای سەختی ڕزگاری ماندووی ناکات و سەری بۆ داگیرکەر دانانوێنێت و پێشمەرگەئاسا سینگی کردووه به قەڵغان:

من دارێکی باڵابەرزم
گەرچی تووشی
مەرگەساتی وەرزی ڕەشم
بەڵام هەرگیز
سەرم بۆ چیی دارکونکەرەی دنیا هەیه
دانانوێنم

هەروەها له شێعری "دارەپیرە"دا به ڕووداوێک ئاماژه دەکات که بەداخەوه لەنێو کورددا وەک دیاردەیەکی تاڵ بووه و هەیه و دیاره چەنده شاعیری تەزاندووه.

وەک له کۆمەڵه شێعری "زڕەی زنجیری وشه دیلەکان"دا دەبینرێت، لەو دیلبوونەدا، زمانی کوردی و وشەی کوردی و وشەی کوردستان و ئازادی سەما دەکەن و مەلەکشا مووچڕکه به گیانی خوێنەردا دێنێت، ئەو وشانەی که دیل کراون و به دیلیش زڕەیان دێت، وشەگەلێک که قەت نایانەوێت تەسلیم ببن و به مردنیان، سەرلەنوێ لەدایک دەبنەوه.

ئەوەیش که پێویسته ئاماژەی پێ بکرێت ئەوەیه که له کۆمەڵگای داخراودا هەستی ناوچەگەرێتی و خزمایەتی زۆر بەهێزتره له هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی! و ئێمه له شێعرەکانی مامۆستادا دەبینین که شاعیر هەوڵ دەدات ئەم هەسته بگۆڕێت بۆ دڵسۆزی و خۆشەویستی بۆ نیشتمان و مرۆڤایەتی و بۆ کەمکردنەوه یان نەهێشتنی دەمارگیریی ئایینی و چینایەتی و کۆمەڵایەتی و سیاسی کار دەکات.

کێ مافی داوە بەم جەردانە
ئاسمان و زەوین و دەریاکان دابەش کەن؟
کێ بەر درەوشانەوەی هەتاوی گرتووە
کێ ئیزنی پێداون
تیشک لە باڵندە دابڕ کەن؟
سیمای ڕۆژ بە چڵکی هەناسەی خۆ ڕەش کەن؟
من سنوور ناناسم!
پێم خۆشە هەڵبفڕم
لە گوانی کامە هەور زۆر تەڕە
پاراو کەم ئەم ڕۆحە شەقارەم.
پێم خۆشە
یاسای دەستکردی چی خواوەندی زەوینە
پێشێل کەم
بڕۆم و لەنێوان دوو هێمتی دنیادا ڕاوەستم
بست بە بست سەرتاپای نیشتمان
بکەم بە هێلانەی ئەم جەستە ئاوارەم.

بەگشتی، هەموو هەوڵ و تێکۆشانی مەلەکشا، بەتەنیا وەک نووسەر و شاعیرێک نەبووە، بەڵکوو وەک پێشمەرگەیەک بۆ نیشتمانی خۆی کە کوردستانە، هەوڵی داوە.

بەداخەوە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٠ی خەزەڵوەری ٩٩، مامۆستا جەلال مەلەکشا شاعیری نەتەوەیی کوردستان، لە تەمەنی ٦٩ ساڵیدا لە شاری سنە کۆچی دوایی کرد. یادی هەمیشە زیندووە و نامرن ئەوانەی وا لە دڵی میللەتدا دەژین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١١ی خەزەڵوەری ٢٧٢٠

# چی مامۆستا جەلال مەلەکشای کرد بە شاعێری نیشتمان



پژمان حەبیبی

دوای کۆچی دوایی مامۆستا جەلال مەلەکشا زۆرێک لە لایەنە نارۆوونەکانی ژیانی مامۆستا لە لایەن خەمخۆرانی نیشتمانەوە بۆ خەڵکی کۆمەڵگا روونکراوەتەوە، ئەگەری هەیە زۆرێک لە دۆستان تەنیا و تەنیا مامۆستا جەلال بە شێعرەکان یا چیرۆکە لە چاپدراوەکانییەوە بناسن و کەمتر چاودێری نووسینە ڕۆژانەکان و هەڵوێستی ئەو بەڕێزە لە کاتە هەستیارەکاندا کردبێت. وەک نووسەر و ڕۆژنامەوانێک شێعر بە چەکێکی زۆر کارتێکەر لە سەر چۆنیەتی تێفکرین و ڕوانینی خەڵکی کۆمەڵگا بۆ پرسە جیاجیاکان دەزانم، چونکە لایەنگری تەواوی شاعێرانی مرۆڤدۆست، ئازادیخواز و نیشتمانپەروەرم زۆر وردبینی بۆ هەڵسووکەوت و تێڕوانینی شاعێران لە بۆنە نەتەوەییەکان و پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستاندا دەکەم، بە خۆشحاڵییەوە ئەمڕۆ پتر لە مێژوو شاعێری نیشتمانپەروەرمان هەیە و بە ڕاستی زۆرێک لە شاعێران سامانی لە بن نەهاتوو و هەرە گرنگی کۆمەڵگای کوردەوارین. چاوخشاندنێکی خێرا بە ژیانی مامۆستا جەلال زۆر بەڕوونی دەریدەخات کە هەموو تەمەنی وەک چالاکوانێکی لێهاتوو و تێگەیشتووی سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی لە هەموو دەرفەتە هەستیارکانی کوردەواریدا بە شێعر چالاکی نواندووە و هیچکات بۆ دابینکردنی بەرژەوەندی تایبەت بە خۆی، پشتی لە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان نەکردووە، بۆ نموونە لە کارەساتی ١٦ی ئوکتەبەری باشووری کوردستاندا، زۆربەی هەرە زۆری شاعێرانی دڵسۆز و نیشتمانپەروەری ڕۆژهەڵات شێعریان بۆ مامۆستا جەلال نووسی کە ئیتر کاوەی کورت بە جانتاکەیەوە مەنێرە بۆ سلێمانی، سلێمانی ئیتر ئەو سلێمانییە نییە کە تۆ چاوەڕوانیت لێدەکرد. بەڵام مامۆستا جەلال چوون لە کوورەی پێشهاتە کارەساتبارەکانی کوردوستاندا برژیابوو، زۆر بەجوانی و هەستیارانە وەڵامی شاعێرانی نیشتمانپەروەری دایەوە:

"سلێمانی وەک خۆی ماوە.
گەلی یاران و برادەران
"چل ساڵ پێش لە ئێستا شاری سلێمانی
ژینگەی پیاوی گەورە و مەزن،
گانگای سەرهەڵدانی خەبات، کوورەی پڕ تینی شۆڕش بوو
ئێستاش وایە و هەر وا ماوە"!...
چل ساڵی پێش،
هیوام چوون بۆ ئەم شارە بوو
خۆم بەند کرام
کاوەی کوڕم
بەدیهێنەری هیوام بوو
سلێمانی، شاری هەڵمەت و قوربانی
جادەکانی بێوچان پڕ زایەڵە و ڕایەڵی
پێوەندی شۆڕشگێر، بەرەو ئازادی
بەردەوام
دەم بەهاوار و خرۆش بوو..
ئێستاش جگە دوو سێ ناکەسی
بوودەڵە
سەرپاچی هەر وەک جارانە و نەگۆڕاوە
کاوەی کوڕم جارێکی کەش هەر بۆ سلێمانی ئەچێ
ڕاستی گەل و، خاکفرۆش تاوانبارە یا خاک!؟
سلێمانی وەکوو جاران
هەر سواری کەحیلانە و دانابەزێ
دایکی ئەم شارە پیرۆزە
ڕۆژێ دەیان مامەڕیشە و شەهاب ئەزێ
ئێوە و خواتان
خوێ بە برینی سارێژدەبووی ئەم شارە تازیەبارە مەکەن
ئێتر چەمۆڵەی لێ مەنن
بە سەرمانا بەردەقارەمان دەبارێ
دوو سێ خاسە جاش چاوشی پیرەپنۆک نابن بە پێناسەی شارێ".....

هەڵوێستە جیاواز، لۆژیک و زانستییەكانی مامۆستا جەلال لە بۆنە و پێشهاتە جیاجیاكانی مێژووی كوردوستان لەم پەنجا ساڵەی ڕابردوودا، پشتنەكردن لە هێماكانی نەتەوەكەی لە هیچ بارودۆخێكدا و واڵابوونی درگای ماڵیی بۆ هەموو شاعیرانی گەنج و ئامۆژگاریان وەک دۆستێكی نزیک لە خۆیان، سێ وانەی گەورەی ژیانی مامۆستا جەلال مەلەكشایە كە مامۆستای كرد بە شاعیرێكی نیشتمانی و دەتوانێت ببێتە هێمایەک بۆ ژیان و شێوازی هەڵسووكەوتی شاعیرانی ئێستا و داهاتووی كوردستان لە كاتە هەستیارەكاندا.

سەرچاوە: ویبلاگی نووسەر - ڕێكەوتی: ٣ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٠

# جەلال مەلەکشا؛ شاعیرێکی لەخاچدراو





دوکتۆر مەسعوود بینەندە

جەلال مەلەکشا (١٩٥١ - ٢٠٢٠) لە گوندێک بەناوی مەلەکشا سەر بە شاری سنە لە دایک بووە و هەر لە هەرەتی لاوییەوە تەڤلی سیاسەت و هەروەها ئەدەب و شیعری بەلێندار بووە. پێش شۆڕشی گەلانی ئێران (١٩٧٩)، کەشوهەوای سیاسیی زاڵ بە سەر کۆمەڵگای کوردستاندا مەلەکشا بەرەو چالاکیی سیاسی ڕادەکێشێ. مەلەکشا کە هۆگریی سیاسی خۆی لە چوارچێوەی بزووتنەوەی چەپدا دەبینێتەوە، دوای ماوەیەک چالاکی بەرهەڵستی ڕژێمی پاشایەتی دەسبەسەر دەکرێت و چەند ساڵ لە

بەندیخانە بە سەر دەبات. چالاکیی ئەدەبیی بەربڵاوی جەلال کە سەرەتا لە بازنەی زمانی فارسیدا دەست پێ دەکات دەبێتە هۆی ئەوەی وەکوو ئەندامی سەرەکیی ناوەندی نووسەرانی ئێران وەربگیردرێت. جەلال دوای شۆڕش دیسانەوە گیرۆدەی بارودۆخی گرتن و ڕاپێچکردن و هەروەها کێشە سەرەکییەکانی ژیان دەبێتەوە و لە هەر لاوە چەرمەسەری و نەهامەتی ژیان ڕووی تێ دەکات. بارودۆخی کوردستانی پاش شۆڕش و بڵاوبوونەوەی گۆڤاری «سروە» بە سەرپەرشتی مامۆستا هێمن لە ورمێ، بەرەو نووسین و بڵاوکردنەوە بە زمانی کوردی ڕایدەکێشێت و بەم چەشنە وزەی داهێنانی ئەدەبیی خۆی لە پانتایی زمانی کوردیدا وەگەڕ دەخات. جەلال کە قەڵەمی بەهێزی خۆی لە گۆڕەپانی چیرۆک، پەخشان، شیعری فارسی و کوردیدا تاو داوە، زۆرترین هەوڵی خۆی لە بواری شیعردا چڕ دەکاتەوە و کۆمەڵە شیعرەکانی لە بەرهەمێکدا بەناوی «زرەی زنجیری وشە دیلەکان» (٢٠٠٤) بڵاو دەکاتەوە. ئەم شاعیرە پایەبەرزە پاش تەمەنێک ژیانی پڕچەرمەسەری لە ڕێکەوتی ١٠ی خەزەڵوەری ١٣٩٩ی هەتاوی لە شاری سنە کۆچی دوایی دەکات.

خولیا و بیرۆکەی ڕەوتی ڕۆمانتیسیستی لە سەردەمی گۆڕانکارییە مەزنەکاندا سەرهەڵئەدات، هەر بۆیە سەرەکیترین وشەی ئەم ڕێبازە وشەی «قەیران»ـە؛ واتە دۆخێکی ناسەقامگرتوو و سنوورنشین کە هێشتا یەکلایی نەکراوەتەوە. ئەم دۆخی قەیرانە تەژییە لە لایەنە دژواز و دژبەرەکان کە هاوکات هەبوون و کاریگەریی خۆیان لە ڕەهەندە بەرهەست و دەرهەستەکانی ژیانی مرۆڤدا مسۆگەر دەکەن. بەتایبەت ئەو گۆڕانکارییانەی کە ئاکامی دۆخی پێنەگەیشتوو و نائامادەی مێژوویین و ناتەواوی و بۆشایی لە هەناویانەوە خۆ دەنوێنێ. کاتێ ململانێی ڕیزبەندیی کۆن و نوێ دێتە ئاراوە و هێزە گۆڕانکاریخوازەکان وزەی پێویستیان بۆ دەربازبوون لە هاوبەندیی جیهانی کۆن بەدەستەوە نەبێ، کەشوهەوایەکی قەیراناوی و تەماوی دێتە ئاراوە. لە ئاوەها دۆخێکدا هاوکات لەگەڵ هەستی شۆڕشگێڕانە و ئاوەزی پێشکەوتنخوازانە، کەڵکەڵەی نوستالژیک و تاسەبێژانە پەرە دەستێنێ و عەقڵ و خەیاڵی پێکناکۆک لە تەنیشت یەکتردا ڕێگە بەرەو پێش دەبرن. لە هەناوی ئەم دۆخە قەیراناوییەدا سێ ڕەوتی سەرەکیی ڕۆمانتیسیستی سەرهەڵئەدەن: ڕۆمانتیسیزمی تاکخوازانە، ڕۆمانتیسیزمی کۆمەڵایەتی، ڕۆمانتیسیزمی ڕەشبینانە و ڕادیکاڵ. ژیانی جەلال مەلەکشا بەو گۆڕانکارییە مێژووییانەوە گرێی خواردووە کە لە بەئەنجامگەیاندنی ئەرکی مێژوویی خۆیاندا ناکام کەوتوون. دەرئەنجامی ئەم شکستە دۆخێکی قەیراناوی لە ژیانی شاعیردا پێکهێناوە کە بەرەو ڕەوتی ڕۆمانتیسیزمی ڕەشبینانە و ڕادیکاڵ ڕایناوە. شاعیر هەروەها لە ژێر کاریگەریی ئەدەبی ئێگزیستانسیالیستی فەرەنسیدایە کە بەشێوەیەک لە لایەن ژان پۆل سارتر (١٩٨٠ - ١٩٠٥) و ئالبێر کامۆ(١٩٦٠ - ١٩١٣) نوێنەرایەتی دەکرێت. نیهیلیزمی ئەدەبیی کامۆ وەسفی دۆخێکی بێواتا و تراژیک دەکات کە تێیدا مەودای هەرگیز تێنەپەڕیوی نێوان مرۆڤ و جیهان، مەودای نێوان خولیاکانی مرۆڤ و ناکارامەییەکانی جیهان لە وەڵامدانەوەی ئەو خولیا و ئارەزووانەدا، بۆشایی و پووچی بەرهەم دەهێنێت. قارەمانی تراژیکی کامۆیی کە لە فیگۆری "سیزیفووس"دا خۆی دەنوێنێ سەرەڕای ئەوەی لە بەستێنی شکست و ڕەنج و ئازاردا پێ هەڵدەنێ بەڵام چارەنووسی تراژیک قبووڵ دەکا و هەوڵئەدات بەرهەڵستی ئەو چارەنووسە شۆڕش بەرپا بکات. فەلسەفەی ئەبزۆرد لای کامۆ سەرەڕای ئەوەی

ڕواڵەتێکی نامۆئاسا و بێواتای هەیە بەڵام لە ڕەوتی ناسینی بەتاڵی و وەرگرتنی بەتاڵییەوە بەرەو بەرهەڵستکاری و بەرهرووبەڕووبوونەوە بەرەوڕووبوونەوەی بەتاڵی پێ هەڵدەنێ. کەوایە سیزیفووس لای کامۆ قارەمانێکی بەختەوەرە کە وێڕای ئەوەی بەبێ هیچ هیوادارییەک گاشەبەردێکی بەزۆرەملێ لە کۆڵ نراوە بەڵام چارەنووسی خۆی لە ئامێز گرتووە و بەردەوام لە هەوڵی ڕۆیشتن بەرەو لووتکەدایە. جەلال مەلەکشا لە بەرهەمە شیعرییەکانیدا بەگشتی هاوتەریب لەگەڵ ئەبزۆردیزمی کامۆییدا دەچێتە پێش و زۆرجاریش بەشێوەیەک دژوازانە ڕەوایەتی تراژیکی کامۆیی دەگێڕێتەوە. وشە و ئیماژەکانی دۆزەخ، تاراوگە، تەنیایی، دیوار، زیندان، حەسرەت، مەرگەجاڕ، غوربەت، تراویلکە و... گوزارشت لە ئەبزۆردیزمێک دەکەن کە دانی بە بێواتایی و دۆخی مەرگەساتباری مرۆڤی مەرگئاژۆدا ناوە، بەڵام سەری تەسلیم بۆ «خودا - زلهێزەکان»ی ژیان دانانەوێنێ و بەبێ هیچ هیوایەتێک بەرهەڵستیان دەبێتەوە.

لە شەقامە چۆڵەکانی ڕۆحی خۆمدا، سەرگەردانم
وەک شەپۆلێکی یاخیم و لە دەریای خۆم هەڵبڕاوم
هیچ بەندەرێک باوەشم بۆ ناکاتەوە
ئێستا، لێرە، شاعیرێکم زامەکانم دەهۆنمەوە
گۆرانیبێژێکی تەنیام و
لە شەوێکی بێبواردا...
دەنکدەنک خەمەکانم دەنووسمەوە...
ئەم سەردەمە
چەرخی دەردە
سەردەمی تەنیایی ئینسانە
... تۆ نازانی
لە کام لاوە
لە دۆزەخی تەنیاییدا
لاشەت دابێژدابێژ دەکەن!
«دەستم لێ هەڵگرە من خەڵکی دنیا نیم...
شکاوە شکاوە
بەلەمی نەجاتم شکاوە...
لە هەموو لاوە...
ڕووباری خوێنە
دەڕژێتە دەریای قووڵی سەدەی بیست
ڕێگای ڕزگاریی مرۆڤ بەسراوە

**لەم کەویرەدا**
**شەکەت و ماندوو**
**ڕوو لە هەر لایێ دەکەی سەرابە...»**
**(مەلەکشا، زڕەی زنجیری وشە دیلەکان)**

**مەلەکشا لەم شیعرانەدا دۆخی تراژیک و تراویلکەئاسای ژیان دەنوێنێتەوە و بەشێوەیەکی ڕەشبینانە و بەبێ هیچ هیوادارییەک باسی شکست و داڕووخانێکی بنەمایی و هەستیناسانە دەکات کە تێیدا ڕزگاری و سەرکەوتن مەحاڵ دەنوێنێت. بەڵام وەک لە تایبەتمەندییەکانی فەلسەفەی ئەبزۆرددا ئاماژەمان پێدا، مرۆڤی تراژیک بە سەر پانتایی شکستدا هەڵدەبەزێ و تەنیا لە قووڵایی ئەو دۆزەخەدایە کە هەست بە بوونی خۆی دەکات:**

**من تەنیا لەم دۆزەخەدا**
**هەست بە بوونی خۆم دەکەم و ئارام دەگرم!**
**ژیان خاچێکی گرانە**
**من، وەک عیسا**
**بەرەو گردی یاخیبوونم**
**کێشی دەکەم!**
**یان گاشەبەردی تاوانە**
**من وەک سیزیف**
**لە بناری منداڵییەوە**
**هەتا لووتکەی مەرگی دەبەم!**
**تاوانیشم ئاورێکە**
**لە خواکانی زەوی دەدزم**
**بە مرۆڤی پێشکەش دەکەم**
**هەزار ساڵە ئەم هەورازە تووشە دەبڕم**
**[هەر داڵ دێت و جەرگم دەخوات]**
**بەڵام شادم**
**کە سەرئەنجام لە جولجوتای عیشقا دەمرم«.**
**(مەلەکشا، هەمان)**

ئانتالۆژیای گرۆتسک و نامۆنوێنی مەلەکشا، ژیان وەکوو تراویلکەیەک وێنا دەکا کە نەتەنیا دەستپێڕاگەیشتوو و هەرمان نییە بەڵکوو مەترسییەکە لە نێوان ڕووداوەکاندا ڕوو دەدات و لە دەوری مەداری مردندا دەسووڕێتەوە:

**چاوەڕوانین**
**هەموو کاتەکانی ژینمان**
**چاوەڕوانی ڕووداوێکین**
**ڕووداوەکان ڕوو دەدەن و**
**ئێمە هەروا چاوەڕوانین**
**[مەودای نێوان ڕووداوەکان مەترسییە]**
**لەدایکبوون، ڕووداوێکە**
**مردن ڕووداوێکی دیکە**
**ژین مەترسیی نێوان ئەو دوو ڕووداوەیە!» (مەلەکشا، هەمان)**

ڕۆمانتیسیزمی ڕەشبینانەی مەلەکشا، «ئێستایی» لە زەمەنێکی تێپەڕیو و لەدەستچوودا دەدۆزێتەوە و تاسەبێژیی خۆی بۆ قۆناغێک کە بزر بووە و سەردەمانێک کە نادیار کەوتووە دەردەبڕێت. مەلەکشا لە شیعرەکانیدا زەمەنێکی نەوەستاوە و تێپەڕیو دەنوێنێت کە لە ڕەوتی بێگەڕانەوەیدا هەموو شتە بایەخمەندەکانی ژیان وەکوو تەمەن، کات و جوانی تووشی مەرگ و فەوتان دەکات و لە پاش خۆی تەنێ ڕایەڵەی حەسرەتێکی نادیار بەجێ دەهێڵێت. حەسرەتی ژیانێکی پەپوولەیی و کاتی کە گیرۆدەی تەمەنکورتیی و هێرشی بێوچانی نەمانە، لەگەڵ نوستالژیای سەرچاوە و زێد و هەروەها سەردەمی ئازادی و سەربەستی یەک دەگرن و وێنەیەکی حەسرەتبار لە ژینی نەمان بەرهەم دەهێنن:

**لە ئاقاری بێبواری ئەم زیندانە**
**کات مشکێکە و تەمەن دەجوێ**
**شەو درەنگە زیندانی چاو لە کاتژمێر**
**بێدەنگ دەنوێ...**
**خەریکە ڕێ تەواو دەبێ**
**زۆربەی زۆرم لێبڕیوە**
**ڕۆژژمێری سەرمێزەکەم هەتا دێ کەم دەبێتەوە**
**پەنجا پەڕەم لێ دڕیوە**
**هاکا وتیان ئەسپە سەرشێتەکەی زەمان**
**«جەلال مەلەکشا»یشی گلان...**

– بە زنجیری تەمەن لە ئەم گۆڕخانەدا دیل کراوم
هاوار ئەکەم
تاسەیەکی لێوشەقارم
تینوو، تینوو، لەم کەویرە بەجێ ماوم
بۆ سەرچاوەم بگێڕنەوە...»
(مەلەکشا، هەمان)

ئەبزۆردیزمی ڕەشبینانە و تەریکخوازانەی مەلەکشا لە »ژین-جیهان»ێکی تایبەتدا ڕەنگ و ڕوانەتی جیاواز بەخۆوە دەگرێ و بوار و ئاراستەیەکی شۆڕشگێڕانە و ئەمەگدارانە دەبڕێ. دۆخی مێژوویی کۆمەڵگەی کوردستان و زاڵبوونی گوتاری ڕابوون و بەرخۆدان، خەم و خەفەتەکانی شاعیر لە ئاستێکی تاکەکەسییەوە بەرەو ئاقارێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی ڕادەنێ و تەقڵی ئەدەبی بەڵێندار و بەرگریی دەکات. شاعیر لە بێواتایی ئەبزۆردەوە بەرەو واتاخوازییەکی هیومانیستی پێ هەڵدەنێ و سەرەڕای دووپاتکردنەوەی هاوارەکانی زامی دەروون و دڵەڕاوکێکانی ڕۆحی ماندووی، دروشمێکی دەروەستخوازانە هەڵدەبڕێ و مەشخەڵی پرۆمتیووسی بۆ ڕزگاری مرۆڤ و هەروەها نیشتمانی کوردستان بەرز دەکاتەوە. شاعیر لە ڕابوونی بێمەبەستی «کامۆیی»یەوە کە هەوڵ بۆ «کەمکردنەوەی وەهمی واتا» دەدات بەرەو شۆڕشێکی بەڵێندارانەی «سارتری» زمان دەگۆڕێ و بە بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵات و دیکتاتۆری، لە سەر ئازادی و ئاکاری بەڵێندار پێداگری دەکات.

قەڵەمەکەم
لە بەرانبەر چی سوڵتان و فەرمانڕەوا و داگیرکارە
کڕنۆش نابات.
وەک قەندیل و هەڵگورد و پیرەمەگروون
سەری بەرزم دانانەوێ بۆ گەردوون.
هاوارم کرد: من شاعیری چەوساوانم
هەزار کوانووی پڕ لە ئاگر
شیعرەکانم ناسووتێنێ
گۆمی گەندەڵ کەی ئەتوانێ
چیای هاوار لە ناو خۆیا بخنکێنێ؟
چیا دەبێ، لە دەروونیا
بچریکێنێ لوولەی تفەنگ
ئەوینداران بۆ ئازادی
لە سەر دوندی

بلێن قام و بەستە و ئاهەنگ.
شیعرێک بلێ بۆ هەزاران بێ بە چەک.»
(مەلەکشا، هەمان)

سەربزێوی و کۆڵنەدانی شاعیر لە ئاست خودا - زلهێزەکانی گەردووندا، ڕۆمانتیسیزمێکی کۆمەڵایەتی بەرهەم دەهێنێ کە لە ڕەوایەتە ئوستوورەییەکان و هەروەها ئیماژەکانی سروشت بۆ دەربڕینی خواست و خولیای شۆڕشگێڕانەی خۆی کەڵک وەردەگرێت. شاعیر لە جەستە جیاوازەکانی پرۆمتیووس، سیزیفووس، قەقنەس، عیسا و حەلاجدا دەردەکەوێ تاکوو خەبات و خۆڕاگریی بێوچانی لەهەمبەر جەللاد و دیکتاتۆرەکانی مێژوودا بە دەنگێکی بەرز و نەبەرد بنوێنێتەوە و ژیانەوە و هەستانەوەی بەردەوامی ڕەوتی ئازادیخوازی و ئەوینپەرستی لە پاش هەر شکست و هەرەسلێکەوتنێک ڕابگەیەنێت. شیعری ناوبانگدەرچووی «داستانی دارەپیرە»، هەم وێنەیەک لە کێشەی مێژوویی خەیانەت و براکوژی لە ناو کۆمەڵگەی کوردستان بەدەستەوە ئەدات و هەم لە سەر ئیرادەی دیۆنیزۆسی و قەقنەسئاسای سەرهەڵدانەوە و ژیانەوەی دووبارە لە مێژووی گەلی کورددا جەخت دەکاتەوە .

دارەپیرە: من نامرم
لە ناو خوێنا ئەژییێمەوە
وەک چووزەرە و چرۆ لە سەر کۆتەی خۆما دەڕوێمەوە... کاتێ چوومە سەر مەزاری دارەپیرە
بە چاوی خۆم ئەوەم بینی [دیتم ڕواوە لە سەر کۆتی]
گۆپکە و چووزەی چەتری تازە!
من قەقنەسم
لە ئەفسانە و لە مێژوودا ناوم هەیە
گەر بمکوژن هەزاران جار
من خۆڵەمێش ئەکەم بە هێلانەی هاوار.»
(مەلەکشا، هەمان)

ڕۆمانتیسیزمی کۆمەڵایەتی لە زۆر شوێنی شیعرەکانی مەلەکشادا بە سەر ئەبزۆردیزمی تەریکخواز و ناچالاکدا زاڵ دەبێت و بە ئارمانج و مەبەستێکی پیرۆز، بۆشایی و بێواتایی بنەمایی ئەم کەونارایە پڕ دەکاتەوە. نیشتمان ئەو گشتە تەواوکۆ و ئەو ئۆبژە ئایدیالەیە کە هەموو ئاوات و حەسرەتەکانی شاعیر لە خولگەی ئەودا دەسووڕێتەوە و هەرچەشنە ئۆخژن و ئۆقرەگرتنێک لە ڕزگاری و سەربەستی ئەودا پێناسە دەکرێت. مەلەکشا لە وەسییەتنامەی شیعریی خۆیدا دۆنادۆن و گەڕانەوەی پاش مەرگی خۆی بۆ جولجوتای نیشتمان، بەم چەشنە ڕەوایەت دەکات:

**گەڕانەوە**

**گەلی یاران!**
**کاتێ مردم، دەخیلتان بم**
**لەم غەریبستانە مەمنێژن**
**جەستە ماندووە خەمڕێژەکەم بسووتێنن**
**خۆڵەمێشە خەمبارەکەم**
**بە ئاوی دیجلە بسپێرن**
**دیجلە دەمبا بۆ ئەقیانووس**
**دەبمە هەڵم و دەگەڕێمەوە بۆ ئاسمان**
**...دادەبارێم، تۆزقاڵ‌تۆزقاڵ**
**ژیلەمۆی دڵ، دابەش دەکەم**
**بە سەر هەموو کوردستانا. »**

مەلەکشا ئەگەرچی بەگشتیی کاریگەریی هەندێ لە شاعیرانی ڕۆژهەڵات وەکوو هێمن و سوارەی پێوە دیارە بەڵام لە باری فۆرم و زمانی شیعرییەوە دەکەوێتە ژێر کاریگەریی سێکوچکەی شیعری باشوور واتە پەشێو- هەڵمەت-شێرکۆ و ڕۆمانتیسیزمی ئەوان بە زمانێکی ئاسایی و ساکار و لە شێوازێکی تاکخوازانەدا دەئەزموێت. شاعیری «زڕەی زنجیری وشە دیلەکان» بە درگاکردنەوە لە ئەزموونی شاعیرانی ڕوانگە لە باشووری کوردستان و هەروەها کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونی نوێخوازیی شاعیرانی ئەدەبی فارسی: شاملوو، ئەخەوان و کەسرایی، ئاستی ڕەوتی نوێخوازی لە شیعری کوردیی ڕۆژهەڵاتدا چەند قۆناغ دەباتە پێشەوە و ڕێگا بۆ شاعیرانێک وەکوو مارف ئاغایی، ژیلا حسەینی و ڕەحیم لوقمانی ئاوەڵا دەکات. مەلەکشا تا ڕادەیەک زاراوەی شیعریی خۆی لە ژێر باری ڕیتم و کێشی زاراوەی موکریانی ڕزگار دەکات و لە ڕێگای بەکارهێنانی هەندێ نیشانەی سەر بە زاراوەی ئەردەڵانی، ڕێگا بۆ ساکاربێژییەکی هەمووانەکی ئاوەڵا دەکات. ئەگەرچی لە زۆر شوێندا ڕادیکاڵیزمی ساکاربێژانە، زمانی شیعریی لە زمانی ئاخافتن نزیک دەکاتەوە بەڵام هاوکات وەکوو خەسارێک، ڕەهەندی پۆیەتیک و شاعیرانەی بەرهەمەکانی مەلەکشا تووشی دابەزین دەکات. فرەڕەنگی و چەندڕەهەندیی دەستەواژە و وشە شیعرییەکانی مەلەکشا لە ئاست شاعیرانی تر تا ڕادەیەک نزمترە(کە ئەمەش پاساوی خۆی هەیە) و ئەمەش وای کردوە کە دووپاتە و لێکچوونێکی زەق لە زۆربەی ئیماژ و ئاماژە شیعرییەکانیدا ببینرێتەوە. مەلەکشا بە زمانێکی ساکار هەوڵ ئەدات زمانی بێ‌پێچ‌وپەنای خەڵکی کووچەوکۆڵان بکا بە دەربڕینی شیعریی و هاوکات ڕەنگی میتافۆر و هێمای ئووستوورەیی لە سەر بنەخشێنێت. هەروەها هەوڵ ئەدات بە ئامێتەکردنی ڕۆمانتیسیزمی تاکخوازانە و کۆمەڵڕێبازانە، گوتاری شیعریی تایبەتی

خۆی بهێنێته ئاراوه؛ گوتارێک که ئانتالۆژیای ئەبزۆرد له ئەدەبی بەلێندار و بەرگریدا ڕۆ دەبات و شاعیرێکی نیشتمانی و زمانێکی خەڵکی بە ئەدەبی کوردی پێشکەش دەکات.

حەسرەت

ئەی ڕێبواره غەریبەکە!
بەم لا و بەو لا
چاو مەگێڕە
خێڵ ڕۆییوە
تەنیا جێگەی کوچکئاورێک
بەجێ ماوە لەم هەوارە
ئەم گەردالە
تەپوتۆزی خۆڵەمێشی یادەکانە
ئەو چنوورە کێویلەیە
بۆی دەگەڕێی
ئێستا گوڵێکی دەستەمۆی
نێو گوڵدانی خەڵکی شارە.»
(مەلەکشا، هەمان)

١١ آبان ١٣٩٩

سەرچاوە: ماڵی کتێبی کوردی - ڕێکەوتی: ١ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٠

# جەلالی شێعر و جەلالی کورد



**مەنسوور مروەتی**

مانگێک بە سەر کۆچی دوایی شاعیر و ئەدیبی ناودار و بەهەڵوێستی کورد جەلال مەلەکشا تێدەپەڕێ، کە هەم ژیـانەکەی و هەم کۆچی دواییەکەشی جیاوازییەکی بەرچاوی لەگەڵ هاوقەتـارەکانی خۆی هەبوو.

جەلال مەلەکشا بە وشە سادە و ساکار و لە هەمان کاتدا پڕ نێوەرۆکەکانی خۆی لە ڕاستیدا یەکێک لە کۆڵەکە قـایمەکـانی ئەدەبیـاتی بەرگریـی کـورد بـوو کە سـەرەڕای کێشـە و تەنگوچەڵەمەکـانی ژیـان، هیچکـات لە بەرانـبەر داگیـرکەردا سـەری نەچەماند و بە سەربەرزی سەری نایەوە.

جەلالی شێعری کوردی لە ڕیزی ئەو شاعیرانە بوو کە لە بەندی هیچ ئیدئۆلۆژییەکی تـایبەتدا نەبـوو و ئەوەی ئـامـانجی بـوو تەنیا ڕزگاریی گەلەکەی بوو لە ژێردەستی.

**ئەو وەک خۆی ئەیوت:**

**خوا ئەزانێ**
**من حەز ناکەم، وەک ئەشقیا**

سەرگەردان بم لەم کوێستانە
ڕێگام بدەن بێمە خوارێ
هیچم نــاوێ لەم جیهانە
جگە نەختێ سەربەستی و
بستێ خاک و
ئاڵایەک و
ڕەشماڵێکی قەرەجانە!

جەلالی بە هەڵوێست لە کاتی تیرۆرکرانی ڕێبەری نـاوداری کورد دوکتـور قـاسملوودا و لەو ڕۆژگـارە ئەنگوستەچاوەدا ڕەنگە تەنیـا شـاعیرێکی نیشـتمان بـوو کە لە نێـو جەرگەی داگیـرکەردا وەدەنـگ هـات و شـێعری بەنـاوبـانگی "هـاتن سینگتیان هەڵدڕی"ی نووسی.

کاتێ زانییان،

دڵت پاپۆڕی ئەوینە و
بۆ گەیشتن بە بەندەری خۆشەویستی،
دەریای شەختە و سەهۆڵ ئەبڕی
هاتن سینگتیان هەڵدڕی...

کاتێ زانییان،

دڵت پردێکە پان و پۆڕ
بەرەو ناخی مێژووی جیهان

دەستی کوێستانت گرتووە و
لە قووڵایی مەرگ و خوێنا
ئەیبەی بەرەو کۆشکی ژیان
پەردەی وەرزی زریان ئەدڕی
هاتن سینگتیان هەڵدڕی...

**کاتێ زانییان،**

**بورکانە دامرکاوەکان ئەخرۆشێنی**
**بوومەلەرزە خنکاوەکان**
**لەناو خوێنتا ئەجووڵێنەوە،**
**نەخشەی جیهان ئەشێوێنی،**
**سنوورەکان لەژێر پێتا ئەتوێنەوە،**
**وەک بڵێسەی کڵپەی ئاگر،**
**لەناو شەوەزەنگا ئەگڕی**
**هاتن سینگتیان هەڵدڕی...**
**کاتێ زانیان،**
**ناوت بووە بە جوانترین وشەی ئەوین.**
**دڵدارەکان ئەبزوێنی،**
**دەنگت بووە بەچەپکە تیشک،**
**شەوی چڵکن ئەشڵەقێنی**
**شانت داوە بەژێر خەمی نیشتمانا و**
**فرمێسک لە چاو هەژار ئەسڕی؛**
**هاتن سینگتیان هەڵدڕی...**

**کاتێ زانییان،**

**کوێستانت کردووە هێلانە،**
**بە شمشاڵی لوولەی تفەنگ،**
**دڵدارەکان بۆ جێژوانی چیا ئەچڕی؛**
**هاتن سینگتیان هەڵدڕی...**
**هاتن سینگتیان هەڵدڕی...**

**ئەو دوو بابەتە وەکوو نموونەیەک لە دەیان شیعری ڕووسوور و بەهەڵوێستی جەلال، وای کردبوو ئەو ببێتە کۆڵەکەیەکی قایم و تەنانەت هێمایەک بۆ شێعری بەرگریی کورد و ئەلحەق بە باشی ئەرکی خۆی بەجێ هێنا و تەنانەت کۆچەکەشی هەر تایبەتی بوو و هەر نەبێ ئەو لە کاتی کۆچەکەی بە هەندێ لە ئاواتەکانی گەیشت.**

کۆچی دوایی جەلال مەلەکشا لە کاتێکدا بوو کە پەتای کرۆنا تەنگی بە ژیان و بە مرۆڤەکان هەڵچنیبوو و تەنانەت کۆڕی پرسە و سەرەخۆشی بۆ ئازیزانی لە دەستچوو زەحمەتە، بەڵام خەڵکی کوردستان و بەتایبەتی شاری سنە نەیانهێشت ئەم قەڵەمە بەهەڵوێستە و ئەم سەرمایە نەتەوەییە هەروا بە بێنازی بەجێیان بهێڵێ.

ئەو کۆمەڵە کەسە کە جەلالی مەلەکشایان بەرەو هەرمان بەڕێ کرد، بەو کارە بەپێز و گەورەیە کە کردیان هەم بەو شێوازەی کە جەلال ئاوات و ئارمانی بوو ماڵاواییان لێ کرد،هەم بەو شکۆیەی کە نیشتمان دەیهەویست. ئەوان جەلالی شیعری کوردییان بە سروودی نەتەوەیی کوردان بەڕێ کرد و تەنانەت تەڵقینەکەشیان بە کوردی دادا.

لەم ڕۆژگارە کە هەر ئان و ساتێک ڕووداوێکی گرینگی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕوو دەدا و زۆر ڕووداوی دیکە دەچنە پەراوێزەوە، ئەم خەڵکە وەفادارەی ڕێگا و ڕێبازەکەی مەلەکشا بەو کارە گرینگە پەیامێکی گەورەشیان بە هەموو لایەک دا:

**یەکەم** ئەوەی کە کۆمەڵگەی کوردستان و بزووتنەوە زیندووەکەی سەرەڕای هەموو تەنگوچەڵەمەکان و بە تایبەتی کێشەکانی سەردەمی کۆڕۆنا، بە کردەوە و بە وەرەیەکی بەهێزتر لە هەموو کاتێک درێژە بە ئەرکی خۆیان دەدەن و ناهێڵن سەرمایە نەتەوەییەکانیان بە بێنازی و بێدەنگی بە جێیان بهێڵن.

**دووهەم** ئەوەی کە ڕاستە نیشتمانەکەی مەلەکشا بە زەبری چەک داگیر کراوە، بەڵام خۆ ناتوانن زمانەکەیان و جامانەکە و ورە و ئیرادەیان لێ بستێنن.

ئەوان بە هەموو لایەکیان گوت، ئەوەی بۆ سەربەرزیی نیشتمانەکەی تێبکۆشێ هەروەکوو جەلالی مەلەکشا جێگای لەسەر سەرانە.

ئەو وتەیەی دوکتور قاسملوو کە؛ مرۆڤی شۆڕشگێڕ تەنانەت مردنەکەشی شۆڕشگێڕانەیە ڕاست لە مردنەکەی جەلالدا دەبینرا. ئەو شاعیرە شۆڕشگێڕە کۆچەکەشی کارێکی شۆڕشگێڕانەی لێکەوتەوە.

**جەلالی دڵپڕ لە داگیرکاریی وڵاتەکەی بە تووڕەییەوە ئەیگوت:**

بە هەر شەقامێکدا تێدەپەڕم، تەپۆڵکەیەک کڵاوێکی سەربازانەی لە سەر ناوە، بەڵگەی خواشم لەگەڵدا بێ ڕێگەم دەگرن.

بەڵام وەفاداران و خۆشەویستانی قەدرزانی جەلال لە کاتی ماڵاواییەکەیدا بەویان گوت، خەمت نەبێ لە کۆچتدا کوێستان دەستی ڕێز بە سینگەوە دەنێ لە بەرانبەر خزمەت و هەڵوێستەکانت، ئەوەش کە هەر دەمێنێتەوە و بەرەو ئامانج ڕێ دەپێوێ هەر ڕێبوارانی ڕێگای ئاڵا و ڕەشماڵەکەی تۆن، ئەوەش کە دەبێ بڕوا و وڵاتەکەت بە جێ بهێڵێ ئەو تەپۆڵکانەی کە کڵاوێکی سەربازانەیان لەسەر ناوە.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی دێسەمبەری ٢٠٢٠**

# لە یادی جەلال مەلەکشادا



خالد توکلی

١- کە شاعیرێک بەجێمان دێڵێ و ماڵئاوایی ئەکا لە ژیان، لەوانەیە دابچڵەکین، بپرسین و بیر لەوە بکەینەوە کە تۆ بڵێی ڕازی بووە لە ژیانی خۆی و، نیاز و پێداویستییەکانی بەو چەشنە کە شایانی بووە دابین کرابوو یان بەشی هەر چارەرەشی و خەمباری بووە؟ مەرگ کۆتایی ئەهێنێ بە ژیانی "جەلال" و ئەم پرسیارانە و دەیان پرسیاریتر سەر هەڵدێنن و ئارام و قەرار لە زەین و بیر ئەستێن.

کاتێک زیندوو بووە، ئاوا گلەیی لە کچانێ ئەکا کە شێعرەکانی ئەمیان کردووە بە چەپکە گوڵی دیاری بۆ دڵداران:

شێعرەکانم بوون بە گوڵ و
کەنیشکەکانی ئەم شارە
چەپک چەپک کردیان بە هەدیەی دڵداری
بەڵام هەرگیز کچێ نەهات
بڵێ جەلال:
ئەی خۆت بۆ هێندە خەمباری

"جەلال" کەسێک نەبووە ئازار و خەمی بەندیخانە بتوانێ بیبەزێنێ و خۆی وەکوو هەڵۆیەکی باڵشکاوو کێوە سەربەرزەکان

(قەنـدیل، هەڵگـورد و پیرەمەگـروون) وێنـا ئەکـات کە سـەری بەرزی بـۆ گەردوون دانەنوانـدوە. بەڵام خەمبـارە و دڵـی خەمڕێژی، زامێکی کۆنی تیایە.

٢- بۆردیۆ باس لە چەند جۆر سەرمایە ئەکا کە تاکەکـان لە کـۆمەڵگە ئەتـوانن ببن بە خاوەنیـان و بە پێـی چۆنییەتی و چەندایەتیی ئەو سەرمایە کە هەیانە پلە و پـایەی کۆمەڵایەتی و چینایەتییەکەیـان دیـاری ئەکرێ. سەرمایەی فەرهەنگی یەکێـک لەو سـەرمایانەیە کە لای بۆردیـۆ و کۆمەڵناسـانی دوای ئەو گرنگـی تـایبەتی هەیە بـۆ خوێنـدنەوە و تەحلیلـی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵناسی ئەدەبیاتا، جێی خۆیەتی کەڵکی لێ وەرگیرترێ.

لە تیۆری سەرمایەکانی بۆردیۆدا، سـەرمایەی فەرهەنگی لە چەنـد ڕەهەنـدی جۆراوجۆر پێک هـاتوە. ئەو کەسانەی خـاوەنی ئەم سـەرمایەن، شـیوازی ژیـانی تـایبەت بە خۆیـان هەیە و چێـژ و سـەلیقەیان لەگەڵ ئەو کەسـانەی کە لە سـەرمایەی فەرهەنگی بێبەشن، جیاوازە. کەسانێک سەرمایەی فەرهەنگییان هەیە لە سێ لایەنەوە خەسڵەتی جیاواز بەدەس ئێرن:

لەوانەیە فەرهەنگ وەکوو مەیل و ئاکاری پایەدار لە دەروونیانا جێگیر بێ و بە شێوەی زمانزانی، خۆشڕەفتاربوون، فرەزانی و.. ببێ بە بەشێکی پـایەدار لە کردەوە و ڕەفتـاری. یـان سـەرمایەی فەرهەنگی بە شێوەیەکی عەینـی خـۆی نیشـان بـدا و کەسێک خاوەنی ئەو سەرمایەیە دەس بکا بە سـەندنی کەلەپـوور و میراتـی فەرهەنگی و بە بوونیـان شـانازی بکـا. سێهەمین ڕەهەندی سەرمایەی فەرهەنگی خۆی لە ڕێگەی گەیشتن بە خوێندنی باڵا و سەرکەوتن لە کێبەرکێ زانستییەکان و وەرگرتنـی خەڵات لە بۆنە فەرهەنگییەکاندا و... نیشان ئەدا.

بۆردیـۆ ئامـاژە بەوە ئەدا کەسـانیک سـەرمایەی فەرهەنگییـان هەیە ئەتـوانن ئەو سـەرمایەی خۆیـان بگـۆڕنەوە بە سـەرمایەی مادی و بەم جۆرە جێگە و پێگەی کۆمەڵایەتی بەدەس بێنن.

٣- بە درێژایـی مێـژووی کۆمەڵایەتی، لە نێـو کـورددا شـاعیر، مەلا، شێخ، میـرزا و ئـاغـا خاوەنـدارانی سـەرەکیی سـەرمایەی فەرهەنگی بـوون. هەر کـام لەم تـوێژە کۆمەڵایەتییـانە بە شێوازی جۆراوجـۆر کەڵکیـان وەرگرتـوە لە سـەرمایەی فەرهەنگی. ئەمانە سەوادی خوێندن و نووسینییان بووە، قسـەزان بـوون و بە باشـی لە وشـە و زمـان، بـۆ دەربڕینـی هەسـت و نەسـتییان، کەڵکیان وەرگرتە. تەنانەت لەوانەیە بەشێکیان چەن زمانیان زانیوە و بە چەن زمان قسەیان کردوە یان توانایی خوێنـدن و نووسینیان بە چەن زمان هەبووە.

مەلا و شێخ سەوادیان بووە و بەشێک لە کەلەپووری فەرهەنگی وەکوو کتێبی کۆن و دەسنووسییان لایان خۆیان هەڵگرتە یا

دووباره نووسیویانەتەوە. زۆربەیان قسەزان و لە کاتی قسەکردنا لە حەدیس، ڕەوایەت، پەندی پێشینان و شێعر کەڵکیان وەرگرتوە. شەڕ و کێشەی ناو خەڵکیان کەم کردۆتەوە و لە ناکۆکییەکاندا داوەری و ناوجێیان کردوە و حوکمییان داوە و قسەی مەلاکان قسەی ئاخر بووە. ئەمان بە ئاسانی توانیویانە سەرمایەی فەرهەنگی بگۆڕنەوە بە سەرمایەی مادی، یان لەگەڵ ئاغا و ئەرباب یەکیان گرتوە و بە پێی مەیلی ئاغا دینییان تەفسیر کردوە و ئاغایش ئەرکی بەخێوکردن و پشتیوانی لەوانی گرتۆتە ئەستۆ. بەشێکیتر لە مەلاکان لایەنی خەڵکی ئاساییان گرتوە و دژی ئاغا و ئەرباب هەڵوێستییان گرتوە. ئەم بەشەیش شەریعەتییان کردوە بە ستوونێک بۆ میچی بژێوو بەم شێوە پێداویستییەکانی ژیانیان بۆ دابین کراوە. هەڵبەت مەلای زۆریش هەبووە کە لە باری دابین کردنی بژێو وابەستە بە هیچ چین و توێژێک نەبووە، بە سەربەستی ژیاوە و دەستی لە گیرفانی خۆیا بووە، سەری بۆ کەس دانەنواندوە و تەفسیر و خوێندنەوەی تایبەت بە خۆی پێشکەشی خەڵک و کۆمەڵەی مەلا و زانایان کردوە.

میرزا و ئاغاکانیش کە دەسەڵات لە دەسیانا بووە بە شێوەیەکی نادین لە سەرمایەی فەرهەنگی بۆ بەهێز کردنی خۆیان و دەسەڵاتەکەیان کەڵکییان وەرگرتوە. ئەوان سەوادیی خوێندن و نووسینییان بووە، دیواخانییان کردوە بە جێگەی هونەرمەندان و کۆڕی شاعیران و بەیتخوان و گۆرانیبێژان لەوێ گرتوە. لە هەمان کاتیشا ئاغاکان، سەرمایەی مادی کۆمەڵگایان لە بەر دەسا بووە و بەم دوو سەرمایە، پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیانع بەرزتر کردۆتەوە.

وەزعیەتی شاعیران هەم لە گەڵ مەلاکان و هەم لە گەڵ ئاغاکان جیاواز بووە. بەتایبەت لە گەڵ هاتنی تۆفانی مۆدێرنیتە بۆ کۆمەڵگای کوردەواری، پێگە و ڕێزی کۆمەڵایەتی شاعیرەکان ڕووی لە هەڵکشان کرد و بەمجۆرە کاریگەرییان لە سەر بزووتنەوەی سیاسی و فەرهەنگی زیاتر بوو. لەم ساڵانەدا، شاعیر تەنیا شاعیر نیە، سیاستەمەدارە، ڕۆژنامەنگارە، چالاکی فەرهەنگییە و... بۆیە شاعیرەکان ئەبن بە خاوەنی سەرمایەیەکی فەرهەنگی یەکجار زۆر بەڵام ناتوانن ئەم سەرمایە بگۆڕنەوە بە سەرمایەی مادی. بڕێک لە شاعیران لە ناوەندەکانی دەسەڵات نزیک ئەبنەوە و بەو بۆنەوە سەرمایەی مادییش بۆ خۆیان دەستەبەر ئەکەن.

زۆربەی شاعیران نە تەنیا بۆ گۆڕینەوەی سەرمایەی فەرهەنگی لە گەڵ سەرمایەی مادی کارێک ناکەن لە هەمان کاتیشدا هێرش ئەکەنە سەر سەرمایەی مادی و لە چاو سەرمایەی فەرهەنگی بە هیچی ئەزانن. بۆ نموونە هێمن لە چەند جێگە ڕاشکاوانە ماڵی دونیا وەکوو شتێکی پیس و ماڵپەرست وەکوو بێوەفا و بێ بەڵێن کە جێی متمانە نین وێنا ئەکا:

تۆیش بە ڕەنگ و بۆی ئەوان خواردت فریو؟
چاوی تۆیشی هەڵفریواند زێڕ و زیو؟

تۆش دەگۆڕیەوە دەگەڵ گەوهەر هونەر؟
کەنگێ گەوهەر جوانی کردن بەختەوەر!

زێڕ بەڵایە، بێ وەفایە دەوڵەمەند
هەر هونەر نەمرە، هونەروەر مەرد و ڕەند

چڵکی دەستە ماڵی دنیا وەک دەڵێن
ماڵپەرست پێمان شکێنە و بێ بەڵێن

قەدری جوانی کوا دەزانێ ماڵپەرست!
جوانپەرستە پیری خاوەن زەوق و هەست

- جەلال مەلەکشا لەباری سەرمایەیەکی فەرهەنگییەوە زۆر دەوڵەمەن بوو. زۆر کەس ویستییان ئەم هونەرە لە گەڵ گەوهەر بگۆڕێتەوە بەڵام فریوی زێڕ و زیوی ماڵپەرستەکانی نەخوارد و نەیانتوانی هەڵیفریوێنن. سەرمایەی مادی زۆری نەبوو و بە زەحمەت پێداویستییە مادییەکانی خۆی بۆ دابین ئەکرا ئەمما خاوەنی بەهرە و سەرمایەیەکی فەرهەنگی بەرفراوان بوو کە ناوی بۆ هەمیشە زیندوو ڕائەگرێ.

لەوانەیە هەنێ کەسی بە یاییەت نەوکیسە کە هەموو شتێک لە پووڵ پارەدا ئەبینن، بە سووکی تماشای ژیانی جەلال بکەن کە هیچی نەبووە و نیازەکانی بەراوەردە نەکراوە. خەمی جەلال ئەو شتانە نەبوو بۆیە بۆ گۆڕینەوەی هونەرەکەی لە گەڵ گەوهەر هیچ هەنگاوێکی هەڵنەگرت و بە فەقیری ژیا و بە فەقیریش مرد، بەڵام تا توانی سەرمایەی فەرهەنگی بەرهەم هێنا و لەم بوارەدا زۆر سەرکەوتوو بوو.


ڕایەخێکیان بۆ ڕاخستم
قەڵەمێکی دەستەمۆیان دایە دەستم
وتیان بنووسە شەوەزەنگ
لەم وڵاتە سرووشتیە،
بۆنی گوڵ و تیشک و هەتاو و دەمار ئەگرێ
ئەوەی بەرەو ئاسمان ئەفڕێ ئەشقیایە
عومری باڵندەی بەرزەفڕ،
کورتە بە قەد تەمەنی گوڵ،

**هەر زوو ئەمرێ**
**وتیان بنووسە ئاسمان،**
**قەڵەمڕەوی یاسای داڵە**
**ئەوین چیای یاخی بوونە**
**بۆنی گوڵ و بێنی ڕۆژ و پەڕووچکەی ئاسمانی بەرز**
**خەونە، خولیایە، خەیاڵە**
**وتیان بنووسە یاسای داڵ،**
**یاسای خوایە**
**چی باڵندە و پەلەوەرن بێ سام و سڵ**
**هەتا بن میچی ئەو ڕکەی تێیدا دەژین**
**دەتوانن دەنگیان هەڵبڕن**
**ناو بە ناویش بە سرتە سرت،**
**قام و حەیران بۆ داڵ بچڕن**
**ئەتوانن لە شەقەی باڵ دەن**
**تا بەر دەرکی قەفەز بفڕن**
**لقی شکاوی گوڵێکم کردە قەڵەم،**
**بە خوێناوی بولبولێکی کوژراو نووسیم؛**
**نووسیم؛ ئاسمان قەڵەمڕەوی باڵندەیە**
**نووسیم،**
**ئەوین یاسای بێ خەوشی دڵدارە**
**گوڵ و ئاسمان و ئازادی،**
**قانوونی خوای ئەویندارە...**

*** ئەم وتارە لە چلەی شاعیر جەلال مەلەکشادا نووسراوە و لە کاناڵی تێلێگرامیی ناوبراو وەرگیراوە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٦ی دێسەمبەری ٢٠٢٠**

## ئەمشەو ئاریز بەسەر سنەدا داڕووخا!



**بەختیار سەجادی**

بەشی فەرهەنگ - دوکتور بەختیار سەجادی ئەندامی لیژنەی زانستی و سەرۆکی بەشی کوردیی زانکۆی کوردستان بابەتێکی لە سەر کۆچی دوایی مامۆستا جەلال مەلەکشا نووسیوە و ئەو شاعیر و نووسەرە کۆچکردووە بە کەسایەتییێکی بەوەفا بۆ واتا بەرزەجێکان وەسف دەکات.

دوکتور بەختیار سەجادی ئەندامی لیژنەی زانستی و سەرۆکی بەشی کوردیی زانکۆی کوردستان بابەتێکی لە سەر کۆچی دوایی مامۆستا جەلال مەلەکشا لە پەیجی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک بڵاو کرۆدتەوە. دەقی یادداشتەکەی دوکتوری سەجادی:

١- کە لە ماڵە بچووک و هەژارانەکەی جەلال دەگەڕامەوە، بیرم لەوە دەکردەوە خەڵک بۆ مەرگی هیچ دەوڵەمەند و خانەدانێک بەو دڵپاکی و حەماسەتەوە ئامادە نابن. بە دیوێکی تریشدا، ئەوەی لە دەموچاو و بێدەنگیی خەڵکەکە دەمخوێندەوە، بەر لەوەی پیشاندەری ناڕەحەتی بێت بۆ مەرگی ئەو شاعیر و نووسەرە هەڵکەوتەیە، دەربڕی قەلەقی و بێئۆقرەیی و دۆشداماوی بوو بۆ ئەو دۆخەی هەمووانی بە گشتی تێکەوتوونە و دەرئەنجامە کارساتبارەکانی، توێژی وێژەوانی کوردینووسی لە چەشنی کاک جەلال-ی زیاتر گرتۆتەوە. دۆخەکە هەستیار و ناخۆشە و زۆربەی ئەندامانی ئەو توێژەش لە ڕووی دەروونییەوە لە بارێکی ناهاوسەنگدان. هەمووومان پێویستمان بە گۆڕانکاری و دڵنەوایی و حەسانەوەیە.

٢- پەرلەمانی بریتانیا یەکەم خوێندنەوەی بۆ ڕەشنووسی یاسای ماڤی لەچاپدانەوە لە ساڵی ١٧١١دا ئەنجام دا و زاراوەی نووسەری هەک hack writer هەر لەو سەروبەندەدا هاتە نێو گوتاری ئەدەبی و ئابوورییەوە. مەبەست لەم زاراوەیە ئەو نووسەرانە بوون کە لە ڕێگەی کردەی نووسینەوە پارەیان بەدەست دەهێنا و خەرجیی ژیانی خۆیان و بنەماڵەکەشیان دابین دەکرد. دواتر شۆڕشی پیشەسازانە و سەرمایەداریی چاپ گوڕوتینیان بەخشیە باشتربوونی دۆخی ماڵیی دانەران. لە ڕۆژئاوا، تەنانەت ئینتێرنێت و کەشی بەربڵاوی مەجازیش، بە هۆی گرتنەبەری ڕێوشوێنی گونجاوەوە، نەیانتوانی بەر بە قازانج و داهاتی دانەران بگرن.

٣- لای ئێمە، لە بەشێکی زۆری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە تایبەت لە ناو کورددا، و نەخاسما لەم دوخە ئابوورییەی ئێستا، ئەوەی نرخی نەماوە بەرهەمی ئەدەبی و هونەری و هەروەتر ژیانی توێژی ویژەوانانە. چەند ساڵ لەمەوبەر و لە لێداونێک لە سەر قەبران و لە پرسەی عەباس کەمەندیدا - کە ئەویش، وەک جەلال، قوربانیی سیستەمی بێبەزەی ئابووریی و گوتاری بێسەروبەری فەرهەنگی بوو - وتم تەنانەت نووسەر و شاعیرە ئاستنزمە ڕۆژئاواییەکان تا ماون بۆخۆیان و پاش مەرگیشیان نەوە و نەتیجەیان لە خێروبێری ئەو بەرهەمانە سوودمەند دەبن، بەڵام لای ئێمە تەنانەت دانەرە بلیمەتەکانیشمان لە خراپترین دوخی ئابووریدان.

٤- جەلال مەلەکشا کەسایەتییێکی گەورە و گرانی ئەدەبی کوردییە. لە چەقی ئازار و خەمدا بوو، بەڵام هەردەم بە هەناسەیێکی ڕۆمانتیکەوە دەپەیڤی و بە ورە و وزەوە دەینووسی. بە بێکەسی و لە تەنیایی و گۆشەگیریدا ژیا، بەڵام لە زۆر کەس زیاتر هاوڕێ و خوێنەری هەبوو و هەیەتی. هیچ کات وازی لە ڕێباز و خەون و ئارمانەکانی نەهێنا و تا دوا ساتی تەمەنی وەفادار بوو بە واتا بەرزەجێکان: شەرافەت، ویژدان، ئەوین، شکۆ، ڕەسەنایەتی، بەرخۆدان، ئازادی، دژی زۆرداری و دژی چەوساندنەوە. هەر بۆیەش کەمتر شاعیرێکی کورد ئەوەندەی ئەو خاوەن پلە و پایەی جەماوەرییە.

٥- دوو هەفتە لەمەوبەر هەر لەم لاپەڕەیەدا نووسیم: "مەرگی دایکی ... شاعیری ئێستا تەنیاتر لە جاران ... خەمباری کردم و خێرا هەستم بە ئاکامەکانی کرد بۆ کاک جەلال. کەسێ نییە ئیتر پەرداخێک ئاو بداتە دەستییەوە و ..." خۆزگە قسەکەم ڕاست دەرنەچووبا و بمتوانیبا جارێکی تر ئەو مرۆڤە پاکژدڵە ببینمەوە. ئۆغرت بەخێر کاک جەلال! لە بیری ئەو ڕۆژانەدام کە لە سنە و لە هەولێر و لە ورمێ پێکەوە باسی شیعر و چیرۆک و وەرگێڕان و ڕەخنەی ئەدەبیمان دەکرد. تۆ نەمردوویت! ناوت، یادت، کەسایەتی و بەرهەمت تا هەتایە بە زیندوویی دەمێننەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردپرێس - ڕێکەوتی: ١ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٠

## بۆ یادی جەلال مەلەکشا؛ شاعیری ئەدەبیاتی بەرگریی کوردستان"



**ساماڵ ئەحمەدی**

ئەدەبیاتی بەرگری، یەکێک لە لقەکانی ئەدەبیاتە کە لە ژانرە جۆراوجۆرەکاندا، هەڵوێست و دەروەستیی ڕەوتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان دەنووسێتەوە و، وەکوو بەرەنگاربوونەوەیەکی سرووشتی و خۆزاییی مرۆڤ لە بەرانبەر ئەو هێزانەدا ڕاست دەبێتەوە کە سەرچاوە فەرهەنگی و شارستانەتییەکانی لێ دەخەنە مەترسییەوە. ئەم جۆرە ئەدەبیاتە، بەرەنگاربوونەوەی ستەم و فیداکاریی نەتەوەیەک لە بەرانبەر داگیرکەران و دەستدرێژیکەراندا وێنا دەکات و دەخوازێت بە وەسفە هونەرییەکانی ورەی خەبات و بەرەنگاربوونەوە و خۆڕاگریی نەتەوەیی لە بەرانبەر دژمندا هان بدات. بەسەرداهاتنی جەنگ کە دیاردەیەکی تاڵ و زیانبارە یەکێک لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەدەبیاتی بەرگرییە. ئامانجی ئەوانەی جەنگ هەڵدەگیرسێنن یان بۆ ئەوەیە کە سەربەتی و گەورەییی نەتەوایەتیی و فەرهەنگیی خۆیان بەسەر لایەنی بەرانبەریاندا بسەپێنن، یان لە پێناو داگیرکەری و دەسەڵاتخوازی و دەستەبەرکردنی بەرژەوەندیی ماددیدا جەنگ وەڕێ دەخەن. ئەدەبیاتی بەرگری، ئەدەبیاتێکی دژی جەنگ و ڕیسواکەر و ڕەخنەگری جەنگە. ئەم جۆرە ئەدەبیاتە، ئەدەبیاتێکی ئەزموونییە و لە مێژووی مرۆڤدا نموونەی زۆرە.

ئەدەبیاتی بەرگریی ئێمە لە بەژنی پێشینەی فەرهەنگی و سیاسیی مێژوومان هاڵاوە. لە ڕاستیدا نەک هەر لە یەکەمین دەقەکانی ئەدەبیاتی نووسراوماندا، بگرە لە ئەدەبی زارەکییشماندا هاواری بەرگری مۆنج دەداتەوە. تێگەیشتن لە ڕازی ئەم بەردەوامییەی ئەدەبی بەرگری لە مێژووی ئەدەبیاتەکەماندا دوورەدیمەنێکی پاتەوەبوو دێنێتە بەرچاومان کە زۆر جار

دەکەوێتە بەر تیری تانە و ڕەخنەی ئەدەبی بەرگرییەکە خۆی؛ دەقەکانی ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆیی و مەلا مارفی کۆکەیی و سەیفولقوزات و عەبدوڵڵا پەشێو و... تاد.

بەشی هەرەزۆری ئەدەبیاتی بەرگریی ئێمە بەرەنگاربوونەوەی بندەستیی نەتەوایەتی و داگیرکراویی خاک و بەکۆلۆنیاکردن و دابەشکردنی نیشتمانەکەمانە، بەشێکی بەرچاویشی هاندانی مرۆڤی کوردە بۆ لای هێماکانی شارستانەتی و پێشکەوتنی فەرهەنگی و زانستی و پیشەسازیی ڕۆژاوای دنیا، وەکوو پیشەسازیی چاپ، سیستەمی خوێندن، دروستکردنی قوتابخانە، دەرکردنی ڕۆژنامە و دادپەروەری، ئازادی، ماف، ئەرک، یەکسانیی ژن و پیاو و... تاد.

سەد قائیمە و قەسیدە کەس نایکڕێ بە پوولێ
ڕۆژنامە و جەریدە کەوتۆتە قیمەت و شان
•
بۆ فەننی حەرب و سەنعەت، بۆ زەبتوڕەبتی میللەت
دەینێرنە ئورووپا گەورە و بچووکی خۆیان

"حاجی قادر کۆیی"

کوردینە، تاکەی ئێمە لە کێوان میسالی دێو
بێین و بچین و بۆ مە نەبێ چ خودان و خێو
•
بۆ ئاسمان دەڕۆن و لە بەحرا دەکەن سەفەر
هەر عەرزە نیشتگاهی مە، سەنعاتە وەرد و شێو

ڕێی وانە کەهکەشان و ڕێی ئێمە بەردەڵان
جێی وانە تەخت و بەخت و جێی ئێمە بەرد و چێو

"سەیفولقوزات"

من تەشیرێسێکی وەک شیرنی وەفاییم بۆ چییە
کیژی وریای چاوکراوەی فێرە زانینم دەوێ

"هێمن"

هەرچەندە بابەت و گوتاری بەرهەمەیلی فەرهەنگی لە هەموو دەورە، یان سەردەمێکدا بە شێوەیەکی جیاواز بەدیار دەکەون، بەڵام ئەدەبی بەرگریی ئێمە زنجیرەیەکی تێکئاڵقاو و نەپساوەیە و تەنانەت زۆر بە کەمی بواری ئەوەی بۆ ڕەخساوە کە گوتاری خۆی بگۆڕێت، چونکە ئەگەر دەقێک جودا لەو زنجیرەیە خۆی بنوێنێت، نە ڕەمێنێکی وای دەبێت و نە کاریگەری و پەسندێکی ئەوتۆی ڕای گشتی دەستەبەر دەکات. لەوانەیە هۆکارەکەی درێژبوونەوەی ڕەنج و بەدینەهاتنی ئامانجەکانی نەتەوەکەمان بێت کە خۆی جێی تێڕامان و لێکۆڵینەوەی بابەتییە.



پۆرترێتی ئەحمەدی خانی (١٦٥٠ - ١٧٠٧)

بەشێک لە توێژەرانی بواری ئەدەبیات لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەدەبیاتی بەرگری، لە سەردەمێکدا بە گوێرەی بارودۆخی ڕۆژگار ڕەمێنی دەبێت، بەڵام بەدوای گۆڕانی بارودۆخەکەدا (سەقامگریی سیاسی و کۆمەڵایەتی) ناچالاک دەبێت و لە گۆڕەپانی ئەدەب کلا دەکرێت. بەلای بۆچوونی نووسەری ئەم دێڕانەوە، ئەم بۆچوونە وەک "حوکمێکی گشتی" ڕاست نییە، بەڵام لە لایەنی پێویستیی گۆڕانی گوتار و شێوازی دەربڕین بە گوێرەی پێداویستیی کات و شوێن جێی لێوردبوونەوەیە؛ یەکەم لەبەر ئەوەی کە لە مێژووی ئەدەبیاتی هەموو نەتەوەکانی دنیادا هیچ سەردەمێک نییە کە بەرەنگاربوونەوەی کەموکوڕییەکان وشکاوی بێت و لە شیعر و وتە و واتای نووسەران و شاعیرانی ئەو نەتەوەیەوە نەدەڵێت؛ ئەوپەڕەکەی بە گوێرەی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی زاڵ، شێوەی دەرکەوتنی ئەدەبیاتی بەرگری گۆڕانی بەسەردا دێت و خۆی بۆ گەیاندنی دۆخ و گوتاری هەیی کۆمەڵگە دەگونجێنێت. هەرچۆنێک بێت ئەدەبیاتی بەرگری هەر هەبووە، جا لە فۆرمی شیعر، شانۆ، چیرۆک، ڕۆمان و هەر ژانرێکدا، هەبوونی خۆی نیشان داوە. دووەمیش لەبەر ئەوەی بە تایبەتی ئەدەبیاتی بەرگریی ئێمە، کە دەربڕی ئەو ڕەنج و ستەمانەیە وا بە درێژاییی مێژوو بەسەر نەتەوەکەمان هاتووە و خاکی نیشتمانەکەمان پارچە پارچە کراوە، بەردەوام سەکۆی نواندنی لێکدژەکان بووە؛ مەرگ لە بەرانبەر ژیاندا، ئازادی و سەربەستی لە بەرانبەر ژێردەستیدا، ستەملێکراو لە بەرانبەر ستەمکاردا و ...تاد. خۆ "ڕەنج و ستەم"، "مەرگ و ژیان" و

"ئازادی و بندەستی" کۆمەڵێک بابەت و واتای سەردەمی نین، ئەوەندە نەبێت کە لەوانەیە لە هێندێک قۆناغدا ڕوونتر بن. بۆیە ئەدەبیاتی بەرگری، وەک سەکۆی نواندنی لێکدژەکان هەرگیز ناچالاک نابێت.

دیاریکردنی جۆرێکی تایبەتی ئەدەبی بەرگری چەندی ئاسان دەنوێنێت هێندە و پتریش دژوارە، چونکە لە لایەکەوە دەزانین چییە و، لە لایەکی دیکەشەوە بەستێنی گوتارییەکەی زۆر بەربڵاوە؛ تەنانەت لە ڕوانگەیەکەوە کە هونەر و ئەدەبیات بە جۆرە بەرەنگارییەک لە بەرانبەر کەموکووڕیی ڕاستەقینە و سرووشتدا دانراوە، سەرانسەری ئەدەبیات دەکەوێتە چوارچێوەی پێناسەی بەرگری و بەرەنگارییەوە.

لە ڕاستیدا دیاریکردنی جۆرێکی تایبەتی ئەدەبی بەرگری چەندی ئاسان دەنوێنێت هێندە و پتریش دژوارە، چونکە لە لایەکەوە دەزانین چییە و، لە لایەکی دیکەشەوە بەستێنی گوتارییەکەی زۆر بەربڵاوە؛ تەنانەت لە ڕوانگەیەکەوە کە هونەر و ئەدەبیات بە جۆرە بەرەنگارییەک لە بەرانبەر کەموکووڕیی ڕاستەقینە و سرووشتدا دانراوە، سەرانسەری ئەدەبیات دەکەوێتە چوارچێوەی پێناسەی بەرگری و بەرەنگارییەوە. شاعیری ئەمریکاییی بە ڕەچەڵەک ڕووسی، جۆزێف برۆدسکی (خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتی ساڵی ١٩٨٧ی پێ بڕا)، دەڵێت: "هونەر، شێوەیەکی بەرەنگاربوونەوەیە لە بەرانبەر کەموکووڕییەکانی ڕاستەقینەدا". لەم ڕووەوە ئیتر هونەری ئەدەبیات تەنیا لاساکردنەوەی سرووشت نییە، بگرە جۆرێک ڕاسانە لە بەرانبەر ڕاستەقینەی هەیی و هەڵوەشاندنەوەی و، دووبارە ئافراندنەوەی ڕاستییەکی بزر. ئەم ئافراندنەوەیە بە لەکارهێنانی تەواوی کەرەستەکان و پێداویستییەکانی زمان دەکرێت، واتا گوتاری ئەدەبی کۆمەڵێک توخمی جیاوازی سیستەمی زمان دەخاتە خزمەت خۆیەوە و چۆنایەتییەکی تایبەتیان پێ دەبەخشێت، ئەو چۆنایەتییانەی کە لە گوتاری ئەدەبیدا بە زمان و توخمەکانی دەدرێن، لە زمان و کردەوەکانی زمان دەکەونەوە و باری هەرمان بە دەق دەبەخشن.

یەکێک لە تیۆرییەکانی ئەدەبیاتی بەرگری، تیۆریی "دەروەستی"ی فەیلەسووفانی فەرەنسایی و مارکسیستەکانە. هۆکاری مێژوویی ئەم بابەتەش ئەوەیە کە بارستاییەکی زۆری ئەدەبیاتی ڕۆژاوا و تەنانەت ئەدەبیاتی سەدەی ڕابردووی کوردییش سەر بە ئەو ڕەوتە هزرییەیە. بۆ ڕوونکردنەوەی "دەروەستی"ی ئەدەبی، بۆچوونەکانی سارتر و کامۆ و ترۆتسکی و ... ئەو بنەما تیۆرییە بەهێزانەن کە پاڵیان پێوە دراوە. هەرچەند تیۆریی "ئەدەبیاتی دەروەست"ی مارکسیستی لە ڕۆژاوا بەرەبەرە کاڵ بووەوە، یەکەم لەبەر ئەوەی کە دۆخی کۆمەڵایەتیی دوای جەنگی دووەمی جیهانی توخمە هاندەرەکانی نووسەری بۆ دەروەستی لەنیو برد و، یەکێتیی سۆڤییەت وەک ناوەندێکی سەقامگرتووی مارکسیستی بە ڕەفتاری توندوتیژ و گوشارخستنە سەر نووسەران، ناچاری دەکردن بەرەو ڕۆژاوا ڕا بکەن. هەروەها لەنێوان بۆچوونەکانی سارتر و کامۆ وەکوو ڕێبەرانی ئەو تیۆرییەدا جوداوازیی قووڵ پەیدا بوو، سارتر باوەڕی بە لەکارهێنانی توندوتیژی لە ڕێبازی خەباتدا هەبوو، کەچی کامۆ پێی وابوو کە بۆ گەیشتن بە سەقامگیربوونی دادپەروەری و ئازادی دەبێ توندوتیژی وەلا بنرێت. ئەو هۆکارانە بواریان بۆ

تیۆریگەلی مۆدێرن و بنەماکانی هزری ماتریالیستیی ڕۆژاوا خۆش کرد تا ئەدەبیاتی بەرگری لە ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵات پێناسەی نوێ هەڵبگرێت. یەکێک لەو پێناسانە ئەوەیە کە لە ڕێی تیۆریی ئەدەبیی "پاش کۆلۆنیالیزم"ەوە دەکرێت کە یەکێک لە فرەجۆرترین تیۆرییە ڕەخنەییەکانی ئەدەبیاتی ئێستایە و پاش بڵاوبوونەوەی کتێبی "ڕۆژهەڵاتناسی"ی ئیدوارد سەعید پەیدا بوو. ئەدەبیاتی پاش کۆلۆنیالسیتی لە ئەنجام و کاریگەرییەکانی ڕزگاری لە داگیرکەر و کۆلۆنیالیست و ڕەوتی گۆڕان و سەربەخۆیی سیاسی و فەرهەنگیی ئەو گەلانە دەکۆڵێتەوە کە لە بندەستی کۆلۆنیالیست ڕزگاریان بووە، یان هێشتا بە تەواوی ڕزگار نەبوون. گرینگترین توخمە پێکهێنەرەکانی ئەدەبیاتی پاش کۆلۆنیالیستی بریتین لە:

**جوداکردنەوەی خۆ لە ئەوی تر، ژیاندنەوەی هەویەتی (شناس)، بانگەوازی یەکگرتن و یەکیەتی، دەربڕینی بێزاری لە داگیرکەری و تاڵان و بڕۆ، بەرزکردنەوەی ورەی بەرەنگاربوونەوەی ستەم و ڕۆژهەڵاتناسی (لە ئەدەبیاتی کوردیدا کوردستانناسی و کوردناسی).**

لە پاش شەڕی چاڵدێران (٢٣ی ئاگوستی ١٥١٤) و دابەشبوونی کوردستان بەسەر دوو ئیمپراتۆریی عوسمانی و سەفەویدا، کۆمەڵێک میرنشینی کورد لە کوردستانی بندەستی عوسمانییەکاندا دامەزران کە سەرباری ناکۆکیی نێوخۆیان و دنەدانی عوسمانییەکان بۆ بەردەوامیی ئەو ناکۆکییانە زمان و فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردی لە سێبەری ئەو میرنشینانەدا بەدیار کەوت و گەشەی کرد و شاعیرانی وەکو مەلایێ باتێ، مەلایێ جزیری، عەلی هەریری و فەقێ تەیران و ئەحمەدی خانی ئەدەبی کلاسیکی کوردییان خولقاند. بەرهەمە گەورەکەی ئەحمەدی خانی، داستانی "مەم و زین" و شیعرەکانی فەقێ تەیران و... هەر لەو بەرەبەیانەی دەقی کوردییەوە وەک ئەدەبی بەرگریی کوردی بۆ بووژاندنەوەی هەویەتیی کوردی هاواریان کرد. دواتر لە سەدەی ١٨ی زایینیدا پاش ئەوەی کەریم خانی زەند، لە هۆزی کوردانی زەند، کە دایکیشی لە کوردانی زەنگنە بوو، دەسەڵاتی ئیمپراتۆریی ئێرانی بە دەستەوە گرت، لەو بەشەی کوردستانیش ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی سەری هەڵدا و شانامەنووسانی وەکوو ئەڵماس خانی کەنوولەیی و شاعیری داستاننووسی وەکوو خانای قوبادی و... تاد، گەشەیان کرد و لە بەرهەمی ئەوانیشدا ئەدەبی کوردی بانگ بۆ زیندووڕاگرتنی هەویەتیی کوردی دەدات:

**جەلای عاقڵان، ساحێب عەقڵ و دین**
**دانا بزورگان کوردستانزەمین**
**راسەن مواچان فارسی شەکەرەن**
**کوردی جە فارسی بەل شیرینتەرەن**
**پەی چێش نە دەوران ئەی دنیای بەدکێش**
**مەحزووزەن هەرکەس بە زوبان وێش**

**"خانای قوبادی"**

دواتر لە سەردەمی میرانی ئەردەڵان و باباندا ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی زیاتر گەشەی کرد و "تەبعی شەککەرباری" شاعیری کورد "ئیمتیحانی" خۆی دەکرد و هەست و دەروەستیی بووژاندنەوەی زمان و فەرهەنگ و داستان و ئەفسانەی کوردی بەرەنگاری دەیان سەدە بێدەنگیی ئەدەبیات و زمانی کوردی و ستەمی داگیرکەرانی کوردستان بووەوە، تا لە کۆماری کوردستاندا بەرگ و فۆرم و زمانێکی نوێی بە بەردا کرد و تا ئێستاش ئەو ئەدەبیاتە هەر بەردەوامە لە گەشە و بەرەنگاربوونەوەی سیستەمی کۆلۆنیالیستی.

بابەتی ئەم یادداشتە کە بە بەرییەوە هەیە بە مێتۆدی وتارێکی زانستی لەدووی بدرێت، لێرەدا بە ئەنجامگرییەکی کورت دەبڕمەوە کە ئەدەبیاتی بەرگری، جۆرێکی ئەدەبییە، لە سەرەتای ڕەوتی ئەدەبی نووسراو و کلاسیکی کوردییەوە هەیە و بە چەندین دەورەدا تێ پەڕیوە و تا گەیوەتە ئەمڕۆش بەردەوامە لە بووژاندنەوەی هەویەتیی کوردی.

## جەلال مەلەکشا لە چەند دێڕێکدا



جەلال مەلەکشا (١٩٥٢ - ٢٠٢٠) شاعیر و نووسەر. فۆتۆ: فریا یونسی

- ٭ ساڵی ١٣٣٠ی هەتاوی لە گوندی مەلەکشای سەر بە شاری سنە لە دایک بووە.
- ٭ لە منداڵییەوە هۆگری شیعر و نووسین بووە.
- ٭ مرۆڤێکی ئازادیخواز، قەڵەمێکی دەروەست و ئاشتیخوازێکی خەباتکار بوو کە ئەسپی قەڵەمی لە مەیدانی خەبات دژ بە زوڵمدا تاو دەدا.

**❊ پێش شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ ئەندامی «کانوونی نووسەرانی ئێران» بوو، دواتر و لە سەردەمی ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران لەدژی حکوومەتی شادا، بە شیعری پڕ لە حەماسە و ورە و وزەی شۆڕشگێڕانە ناوبانگی دەرکرد.**


**❊ ماوەی ١٤ ساڵ ئەندامی کارای گۆڤاری "سروە" بوو، و لەو سەنگەرەی خەباتی نەتەوەییدا پەرەی بە زمان و ئەدەبی کوردی دا.**

**❊ ئێوارەی ڕۆژی شەممە، ١٠ی خەزەڵوەری ١٣٩٩ی هەتاوی لە تەمەنی ٦٩ ساڵیدا دڵە پڕ سۆز و ئەوینەکەی بەهۆی جەڵتەی دڵ ڕاوەستا و کوردستانی نوقمی ماتەم کرد.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی نۆڤەمبەری ٢٠٢١**

---

# گەشتێک بۆ ئەو دیوی چیا ... دیدارێکی جەلالی مەلکشا



**کاوە ئەمین**

کە لە باشماخ دەپەڕیتەوە بۆ بەری ڕۆژهەڵات، زرێبار وەکو ئاوێنەیەکی گەورە لێی ڕاکشاوە و پەڵەهەورەکان لەناویدا مەلە دەکەن. شاری مەریوان پاڵی بە قەڵاکەیەوە داوە. کزەیەکی ساردی دێت و خەڵک پۆشاکی زستانەیان پۆشیوە، شارێک سەروسیمای تەواو کوردەوارییە، بەڵام شارێکی بێورتەیە، بە کەمی بزەیەک لەسەر دەموچاوی خەڵکەکە دەبینیت، هەموو ماندوو دیارن، عەوداڵی پەیداکردنی بژێوی ژیانیانن.

لە چێشتخانەیەک لادەدەین، یەک - دوو کەس نەبێت جگە لە شاگردەکان، کەسی تێدانییە. وەکو عادەتی هەمیشەیی، چڵەوکەباب و چڵەوجووجە (مریشک) کە زۆربەی جار سنگی مریشکە و براژندوویانە. زۆر ئیشتیام بۆ خواردنەکە ناچێت، بەڵام بە ناچاری یەک-دوو پارووم لێ خوارد و چوومە دەرەوە.

دەمویست لە هەر هەلێکدا بۆم بلوێت چەند گرتە ڤیدیۆیەکی ناوشار و گوندەکان بگرم. لەسەر تابلۆیەک کە لە ناوەڕاستی گۆڕەپانێکدا دانراوە و دەخولایەوە، بە فارسی نووسرابوو: "ئەمریکا لە گیرفانی سەدامەوە دەستی دەرهێناوە." دیارە هی سەردەمێک زووتر لە ئێستایە، بەڵام لای ئێرانییەکان هێشتا کاتی بەسەر نەچووە.

ئێمە تیمێکی ١٧ کەسیین و لەلایەن سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، لقی سلێمانییەوە گەشتێکمان بۆ ڕێکخراوە بۆ دیدار لەگەڵ داودەستگا ڕاگەیاندنەکان. لێرەدا من تەنیا باسی شاری سنە دەکەم.

لەسەر ڕێگەی مەریوان - سنە لەلایەن بازگەیەکەوە ڕاگیراین، ئەگەرچی ئێمە بە فەرمی هاتبووینە ناو ئێرانەوە، بەڵام بەهۆی باڵباڵێنی ناو سیستمی ئێران کە هەندێک جار کەس وەرەقەی کەس ناخوێنێتەوە، بۆ ماوەی کاژێرێک ڕایانگرتین. ئەو قسە باوەم هاتەوە یاد کە دەڵێت: "کە پاسدار گوتیان نابێت، نابێت و تەواو".

دەمەو ئێوارەیە و خۆر بە خشکەیی دوا تیشکەکانی خۆی لەسەر چیا و دوڵ و نەواڵەکانی دەڤەرکە دەکێشایەوە و تاریکی جێگەی دەگرتەوە. سەوڵاوا کە یەکێکە لە گوندە گەورەکانی گوێی جادەکە، تاکوتەرا نەبێت گڵۆپی تێدا نەدەبینرا، ئەوەیش لەبەر ئەوەنا کە کارەبای پێویستی نییە، بەڵکو خەڵک کەممەسرەفی دەکەن و تەنیا گڵۆپی پێویست دادەگرسێنن. زیادەمەسرەفی لە هیچدا ناکەن.

ڕێگەی نێوان مەریوان و سنە ئەگەرچی قیرتاو کراوە، بەڵام ڕێگەیەکی پڕ مەترسییە، گەوە و پێچاوپێچی ئێجگار زۆری تێدایە و وادەردەکەوێت هەموو شۆفێرەکان پەلەیان بێت.

ئیدی ئێوارەیە و لە دەرگای شاری سنە دەدەین. ئاویەر کە هەزاران ساڵە لە شوێنی خۆی نەبزوتووە، زۆر دەستەڵات هاتن و چوون و سەریان لە گابەردەکانی داوە، بەڵام ئەو هەمیشە پشت و پەنای شارەکەیە، وەکو ئێشکگرێکی کارامە شار دەپارێزێت؛ شارێک کە یادگارییەکی کەونارای ئەردەڵانییەکانە. وەکو پڵنگێکی ماندوو چاوەکانی بە نیوە نووستوویی هێشتبووەوە.

گڵۆپەکان لەبەر کزبەیاکی سارددا گوێتولاخانە ڕێگەوبانیان ڕووناک کردبووەوە. دیمەنێکی زۆر سەرنجراکێشیان هەبوو. لە بەردەم پارکێکی گچەکەدا کە چەند دووکانێکی لە بەردەمدا بوو و دەکەوتە سەر ڕێگەیەکی گشتی. وەستاین، هێشتا ماشێنەکان فڕکان فڕکانیان بوو، دەهاتن و دەچوون.

سنە کە لەسەر نەخشەی فەرمیی ئێران بە "ئوستانی کوردستان" ناسراوە، ئەوەیش خۆی سیاسەتێکی زیرەکانەی دەوڵەتی ئێرانە کە ساڵانێکی زۆرە پەیڕەوی دەکات و دەیەوێت وانیشان بدات کە تەنیا ئەو پارێزگایە کوردستانە و شارەکانی دیکەی وەکو کرماشان، سەقز، مەهاباد و ورمێ و شوێنانی دیکە لە کوردستان وەکو یەکەیەکی جوگرافی و ئیدرای لە یەکدی دابڕێت.

سنە ناوەندێکی گرنگی فەرهەنگییە، سەرەڕای هەموو بەربەستەکان، چەندین گۆڤار و هەفتەنامەی نیوە کوردی و نیوە فارسی بڵاو دەکرێنەوە، وەکو سیراون، بەیان و چیا و زۆری دیکە. کاتێک بە خێرایی سەردانی ئەو بازاڕەمان کرد کە چەند کتێبفرۆشییەکی کوردی لە خۆ دەگرێت، ژمارەیەکی بەرچاو کتێبی کوردی کە لە هەردوو بەری وڵات چاپ کراون، دەفرۆشرێن. ئەوە سەرەرای ئەو شێوەزارە شیرینە کوردییە کە خەڵکی شارەکە پێی دەدوێن.

دەمێک بوو لە دوورەوە بە شیعرەکانی جەلالی مەلەکشا ئاشنا بووم، بۆیە تاسەی بینینم دەکرد لە نزیکەوە. ئێمە شەرەفی ئەوەمان پێ بڕا کە سەردانی "عەمارەتی خەسراو" بکەین کە شوێنێکی کۆنی سەردەمی ئەردەڵانییەکانە، یادگاریەکی مەستوورە خانم و خەسرەوخان کە هێشتا سایەیان بەسەر شارەوەیە. یەکێک لە شوێنە مێژوویەکان کە ئێستا شوێنی کارکردنی پەیکەرسازی بەتوانا "هادی زیائەدینی"یە. خانووەکان بە دیواری بەرز دەورە دراون. بە ناو دەرگایەکی سوننەتیی گەورەدا پێ دەنێینە ناو حەوشەیەکی گەورەوە. حەوزێکی گەورە لە ناوەڕاستی حەوشەکەدا دروستکراوە و مراوییەکان بەناویدا دێن و دەچن. دەچینە شوێنی کارکردنی کاک هادی، چەندین پەیکەری گەورە پیاوانی کورد، بە شکۆوە دانراون.

چاوم بە کاک عەتای نەهایی، کاک جەلالی مەلەکشا و کاک ماجید رۆحانی کە یەکێکە لە فەرهەنگناسەکانی کورد و چەند کەسایەتییەکی دیکە کەوت. کۆبوونەوەی ئەو کەڵە پیاوانەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی لە شوێنێکدا لە شارێکدا کە خۆیان هەریەکەیان شارێکن بۆ خۆیان.

عەتا نەهایی کە خۆی خەڵکی شاری بانەیە، کاتێک باسی سلێمانی و سنەی کرد و بەراوردی کردن، دەتگوت لە نەوەی بابان ئەردەڵانییەکانە.

"ئێوە ئێستا لە شارەوە هاتوون بۆ شار، ئاخر خەڵکی سنە و سلێمانی تەنیا ئەو دووشارە بەشار دەزانن. سنە و سلێمانی دوو چاوی دوو پارچەی کوردستانن. ئێستا ئێوە وان لەنێو دڵی شاردا، هادی زیائەدینی، دڵی ئەم شارەیە. لە بیرتان نەچێت، جەلالی مەلەکشا لێرەیە کە ئەویش لە پێشەنگەکانی شیعیری کوردییە. یەکێک لە پێشەنگەکانی شیعری بەرەنگاری ئێمە لەم پارچەیەدا، کەواتە ئەویش بۆ خۆی شارێکە لەم شارەدا، بە خۆی و هەڵوێستەکانیەوە،" ئەوە قسەی عەتای نەهاییە.

هەستم دەکرد ئێمە لە بەردەم چەند کۆڵەکەیەکی قایمی شارەکەدا وەستاوین. چەند گەوهەرێک کە هێشتا نرخی خۆیان پێنەدراوە. ئاخر کاتێک گوێمان لە قسەکانی کاک ماجیدی رۆحانی بوو، بە ئاشکرا بۆکوڕوز لە قسەکانی دەهات، "بەداخەوە سیاسییەکانمان زۆر تێنەگەیشتوون، بەڵکو خوا بکات خۆمان لە خۆمان تێبگەین و لەدەوری یەک کۆبینەوە".

کاتێک نۆرە گەیشتە سەر قسەکردنی کاک جەلالی مەلەکشا ،بەم شێوە بۆمان دوا: "دوورین لە یەک، باشترە لە یەکتر نزیک بینەوە. بەداخەوە لەم ماوەیەدا زۆر کەس لە کوردبوونی خۆیان هەڵاتن، لە کاتێکدا کە کوردستان پێویستی بەوان بوو. بەهەشتی دەرەوەیان هەڵبژارد و جەهەنەمەکەی کوردستانیان بەجێهێشت، بەڵام بۆ ئێمە ئەو جەهەنەمە بەهەشتە و ناتوانین بەجێی بهێڵین".

کاتێکیش لێم پرسی: "مامۆستا، ئەرێ کاوەی کوڕت جانتای سەفەری کردە شان؟" لە وەڵامدا گوتی، "بەڵێ، گەڕاویشەتەوە، بەڵام ئەو شیعرە خۆی چیرۆکێکی لە پشتەوەیە!" ئەو قسەیەی عەباسی کەمەندیم بیرهاتەوە کە لەسەر گۆرانییەکی خۆی پرسیاریان لێ کردبوو، "ئاخۆ گۆرانییەکە باسی چیرۆکی خۆشەوستیی تۆ دەکات؟" ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: "ها باوە، ئەوە هەموو ژیانی منە. گەرەکتە هەروا بە سووک و ئاسانی بۆت باس بکەم".

کاک جەلال درێژەی بە گێڕانەوەی چیرۆکی شیعرەکەی دا: "بە قەولی لای خۆمان، لە دەوری مەیدانی شار وەستابووین، دەوری حەوزەکە، گەراجی سنەیش هەر لەوێیە و دەلالان هاوار دەکەن بۆ شارەکان، 'سەقز... سەقز، مەریوان... مەریوان ...' کابرایەک هەبوو هەمیشە مەست بوو، هاواری دەکرد، 'سەقز، مەریوان' و کەوتە ناو حەوزەکەوە. ئێمە لەوبەرەوە لەگەڵ هاوڕێیەکم لە دوخانیان وەستابووین، منیش لە بەر خۆمەوە گوتم: 'رۆژێک هەر دێت، بانگ بکەیت سلێمانی.' ئیدی شیعرەکە ئاوا لە دایک بوو، دەنگی دایەوە:

**ئاخۆ دەبێ ئەو رۆژە بێ؟**
**کاوەی کوڕم**
**جانتای سەفەر کاتە شانی**
**دەڵاڵانی بەر گاراژی شاری سنە**
**هاوار بکەن:**
**سلێمانی ... سلێمانی"!**

ئێمە دەبوو ئەو ئازیزانە بەجێ بهێڵین، چەند وێنەیەکی یادگاریمان پێکەوە گرت و دیسان تێکەڵاوی ئاپۆرای خەڵک بووینەوە. لە گەڕانەوەماندا بەرەو باشووری وڵات، لە گوندی نگڵ بۆ ساتێک لەبەردەمی مزگەوتەکەی نگڵدا کە کۆنترین قورئانی ئەو دەڤەرە لەوێ پارێزراوە، لامان دا. ئەو قورئانە هێندە پیرۆزە لای خەڵکی ئەو ناوچەیە کە بووە بە سوێندی هەرە گەورەی خەڵکەکە، دوا سوێندیانە.

بەڵێ، ئێمە لە وڵاتی خۆمانەوە هاتینەوە بۆ وڵاتی خۆمان کە لە سلێمانی نزیک بووینەوە و نەخشە و ئاڵای کوردستانمان لە بان گۆیژە بینی، قسەکەی کاک عەتای نەهایم بیر کەوتەوە: "ئێوە لە شارەوە هاتوون بۆ شار".

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - ڕێکەوتی: ١ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٠

## بیرەوەریەک بە بۆنەی کۆچی دوایی ماموستا جەلال-ی مەلکشا



**شاسوار ڕەحمانی**

جەلال-ی مەلکشا بۆ کەسانێک کە هەر تۆزقاڵێک شەمی ئەدەبی و نەتەوەیان هەبێت ئەوەندەی گەورەیی و میراتی ئەدەبی بۆ نەسڵی ئێستاو داهاتو لە پاش خۆی بەجێی هێشتوە، کە پێویستی بە ناساندنی ئێمە مانان ناکات، هەر بۆیە تەنیا دەمهەوێ نەقڵی قەول و بیرەوەریەکی کۆنی بخەمە رو!!

کەمتر لە ١٨ ساڵ لەمەوە بەر لە شاری ئستامبوڵ-ی تورکیە لە گەرەکیی ئەسەنلەر، بە بۆنەی خزمێکمان میوانی بازرگانێکی کوردی باکور بە ناوی نایف بووم تەمەنی لەسەرەوە ٥٠ ساڵ بوو، ئەو کەرمانج و من سۆرانی، باش لێک حاڵی نەدەبووین بەڵام زبانی فارسی باش دەزانی. لێم پرسی کە چۆن فێری زبانی فارسی بووی؟ کوتی من بۆ کاری بازرگانی زۆرم هاتوچۆێ ئێران کردوە، زۆر جار بە چەن مانگ لە تاران ماومەوە!

لەپڕرا لێی پرسیم؛ تو جەلال-ی مەلکشا دەناسی، کوتم کورد نییە خوێندەوار بێت و مامۆستا نەناسێت یان ناوی

نەبیستبێت؟ پێ سەیر بوو! كوتی پێمخۆشە زیاترم بۆ باس بكەی؟ منیش تا ئەو جێگایەی لە توانام دابوو بۆم باسی خۆشەویستی مامۆستا لە ناو كۆمەڵانی خەڵك و رابردووی وەك؛ بیرو باوەر و زیندانی كردنی لە دەورانی شای گۆر بەگۆر و هەروەها زیندانی كردنی لە دەورانی رژیمی پەت و سێدارە كرد، تەنانەت یەكێك لە شێعرەكانیم بە فارسی بۆ خوێندەوە، زۆر بەدیقەت و سەرنجەوە گوێی بۆ راگرتبووم!

### لێم پرسی تۆ چۆنی دەناسی؟

كوتی ساڵانێكی زۆر لەمەوە بەر لە ئێران چەن كیلۆم زێر لێ گیرابوو و خستبوومیانە ناو زیندان، دەستم وە هیچكوێیەك رانەدەگەیشت زۆریان ئەشكەنجەو ئازار دەدام!

كوتی رۆژێكیان بردیانمەوە ژورێك و كەسێك بە زبانی توركی ئازەری كەوتە قسە لەگەڵم، زۆرم پێخۆش بوو چۆن زبانی توركیم زۆر لە فارسیەكم باشتر بوو، كوتی زۆری لەبەر پارامەوە كە ئازادم كەن و ماڵەكم پێبدەنەوە، كابرا زۆری هەرەشە كرد كە تو تاوانێكی گەورەت كردوە و مەترسیت خستۆتە سەر بواری ئابوری ئێران، هەر بە كەمەوە ٢٠ساڵ زیندان دەكرێت ماڵەكەشت دەفەوتێ! دواتر كوتی بەڵام ئەگەر هاوكاریمان بكەی ئێمەش كار ئاسانیت بۆ دەكەین تا وەكیلی باش بگری و زوو خەلاسیت بێت!

چارەم نەبوو، كوتم هەر كارێكی لەدەستم بێت كۆتایی ناكەم، لە كیفەكەی وێنەیەكی دەرهێنا و كوتی ئەو كەسە دەناسی، دیقەتم دایە كوتم بەڵێ لە زیندان لەگەڵ ئێمەیە، كوتی ئەو كەسە پیاوێكی خەراپ و تێكدەرە، دەبێت بەردەوام بەدوایەوە بی، هەر كارێك دەكە و هەر كەسێك هاتوچۆی دەكە دەبێت ئاگادارمان بكەی، و حەوتوی جارەێك راپورتەكم بدەیەی، كوتم بە چاوان!

نایف كوتی هەستێكی خۆشم نەبوو بەتایبەت كە كوتی جەلال-ی ملكشا كوردە، بەڵام لەبەر دەردو مەرگی خۆم ناچار بووم خۆی لێ نێزیك بكەمەوە و خۆم پێناساند بە كوردی لێك حاڵی نەدەبووین ناچار بە فارسیەكی شەق و شڕ پێمگوت كە من كوردی توركیەم و حاڵ و مەسەلەی خۆمم بۆ گێرایەوە، كوتی بە روێكی خۆشەوە زۆری تەحویل وەرگرتم و زۆری دڵخۆشی دامەوە و كوتی هەر كات بێ تاقەت بوی وەرە لام، كوتم وەڵا زۆرم پێخۆشە بەتایبەت ئەگەر زبانی فارسیم باشتر فێركەی، چونكە لێرە كەس باشم لێ حاڵی نابێت!

نایف كوتی بەردەوام لەگەڵی بووم و هەر حەوتوی جارێك راپورتم دەدا بە بەرپرسی زیندان، تەنانەت جارێك كوتم ئەو

کەسە وەک کەسێک باش دیارە و کاری خەراپم پێوە نەدیوە، بەڵام بەرپرسەکە کوتی ساویلکە مەبە ئەوە هەمووی تاکتیکە!
چەن مانگێک گوزەرا، لەو ماوەیەی دا کەسایەتی کاک جەلالم زیاتر ناسی، لەبواری ماڵیەوە هەژار بوو و زۆر بەخۆی رانەدەگەیشت کەسیش بۆ دیداری نەدەهات و مولاقاتی نەبوو، بەڵام تەبعێکی بلیندی هەبوو و زۆر باوەر بەخۆ بوو، بەردەوام خەریکی نوسین یان خوێندنەوەی کتێب بوو، ئەو کەسانەی دەهاتنە لای، زۆربەیان چینی هەژار و کرێکار بوون کە کاک جەلال رێنەمایی و نامەنگاری بۆ دەکردن و ئومێدی پێدەبەخشین کە نەروخێن و تەسلیم نەبن!

نایف کوتی لە ماوەیەی دا رێگەیان پێدام وەکیل بگرم منیش وەکیلەکی باشم گرت چاوپێکەوتنم لەگەڵ کرد و زۆر ئاسان کاری بۆ کردم و قەولی پێدام چەن مانگی تر ئازاد دەکرێم!

هەر لەو ماوەیەشدا بە یارمەتی کاک جەلال زبانی فارسی زور باشتر فێر ببوم و تەنانەت فێر نوسینی زبانی کوردی سورانیشی کردم و زۆر ووشەی زبانی کرمانجیش لەمن فێر بوو و لەهەموویی گرینگتر هەستێکی پیرۆزی نیشتمان پەروەریی لە ناخمدا دروست کرد کە قەت لە یادی ناکەم!

بەڵام لە ناخمدازۆرم خۆ پێ رووزەرد و شەرمەزار بوو، لەوەێکە من نێزیک ٦ مانگە جاسووسی بەسەرەوە دەکەم، لەئاخیریەکانی دا پێم شەرم بوو چاو لە ناو چاوی بکەم زۆر جار خۆم لێ دوور رادەگرت ماموستاش هەستی بە شتێک کردبوو.

رۆژێکیان لەکاتی نان خواردنی نیوەرۆویە لێی پرسیم نایف چ بووە؟ شتێک روویداوە؟ یان لەمن عاجز بوویی کە دووری دەکەی لێم؟ لەپڕرا من تەقیمەوە و خۆم پێ رانەگیرا و کوتم تو زۆر مەرد و پیاوی بەڵام من نامەردی و ناپیاویم لەگەڵ کردووی، بۆیە خۆم پێ شەرمەزارە و دواتر لە مەحەوتەی زیندانەدا لە شوێنێکی چۆل هەموو حاڵ و مەسەلەکم بۆ گێرایەوە و کوتم ٢ حەوتویە من راپورتت لەسەر نادەم خۆم لە نەخۆشی داوە!

نایف کوتی؛ کاک جەلال ماوەیەک مات بوو، دواتر بە دەنگێکی برایانە کوتی تۆ کەسێکی باشی و من لێت نارەحەت نییم دەبێت لەسەر راپۆرتەکانیشت بەردەوام بیت مادام یارمەتی حاڵ و وەزعی تۆ دەکە، بەڵام قەولم پێبدە کە هیچ کات ئەو کارە دووپات نەکەیەوە لەسەر کەسانیتر!

نایف کوتی هێندەی دیکە هەستم بە گەورەیی دڵی ئەو مرۆڤە جوانەو شەرمەزاری زیاتری خۆم کرد!

دوایی ٧ مانگ کە لەزیندان ئازاد دەکرام چومە لایی و پێمگوت کە تا لێرە بم یارمەتی ماڵیت بۆ دەنێرم و هەر کارێکم لەدەست بێت بۆت دەکەم، فەرموی من یارمەتی ماڵیم ناوێ بەڵام ئەگەر بۆت کرا چەن مەجەلەو گۆوارێک کە بە زبانی کوردی چاپ دەبن و چەند کتێبێکی داوا لێکردم کە بۆی بنێرم!

لە دوایی ئازاد بوونم ٣ جار برێک دیاری و مەجەلەو گۆواری جۆراوجۆری کوردی و چەن کتێبکی کوردیم بۆ نارد و دواتر گەرامەوە تورکیە و لێی بێ خەبەر مام!!!

دوودڵیم لەسەر قسەکانی نایف نەما کاتێک کە هەر ئەو شەوە بەردەوام داوایی لێدەکردم کە تکایە هەر ئەوشۆ دەبێت هەوڵ بدەی شومارە تەلەفونی کاک جەلال-ی بۆ پێدا بکەم تا پەیوندی پێوەبکە،

پێمگوت کە من قەت بە خزمت ماموستا نەگەیشتوم بەڵام رەفیقێکم لە بنەماڵەی شێخەالئیسلامیەکانی شاری سنە هەیە کە چوومەوە هەوڵ دەدەم شومارەکەت بۆ پێدابکەم. نازانم بە چ هۆیەک بەڵام بەداخەوە سەرکەوتوو نەبووم و دواتر لەبیرم چۆوە!!

**کەمتر لە ٢٠ رۆژ لەمەوە پێش دایکی مامۆستا جەلال کۆچی دوایی کرد،مامۆستا جەلال-ی مەلەکشا-ش دوایی مەرگی دایکی ئازیزی لە شەقەی باڵی دا تا لەباوەشی دایکی ئازیزی و گوندی مەلیکشاهان سەر بە ناوچەی شاری سنە ئوقرە بگریت**

**ئۆغرت خێر مامۆستا گیان، برایی ئازیزت مامۆستا بێهروز-ی ملکشا تەمەن درێژ بێ و نیشتمان سڵامەت بێ!**

شاسوار


من پیشمرگ کوردم و تفنگم از خون میروید
من شعله وار در خرمن شب زبانه میکشم
من گرم و آتشین به انجماد فصل سرد می وزم
من مهربان گلهای خونم را بر گیسوان کودکان گرسنه می نشانم
من تلخ تلخ تلخ چونان خیزاب نفرت از دهانه زخم ناسور سرزمینم فواره میزنم
من پیشمرگ کوردم
تو مرا میشناسی
تو مرا میشناسی

**من عصارۀ خشم رنجبران جهانم من از سالالۀ ستاره های کهکشانم**
**من پیشمرگ کوردم**
**قلبم برای تو می تپد ای دورترین انسان رنج دیدۀ زمین**
**کوردستان سرزمین خون و حماسه**
**که آزادی را پر جوش و خروشان فریاد میزند**
**من پیشمرگ کوردم**
**و تفنگم از پیشانی آسمان گذر خواهد کرد**
**قلبم برای تو می تپد ای دورترین انسان رنج دیدۀ زمین**
**قلبم برای تو می تپد**
**و شعر بزرگ آزادی را با خون خویش برای تو می سرایم کوردستان سرزمین خون و حماسه**

**جلال ملکشاه**

**سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٠**

# "کاتێک جیهان بە کروتەونی کارەسات دەچندرێ"



ڕەهبەر مەحموودزادە

## "کاتێک جیهان بە کروتەونی کارەسات دەچندرێ"

### (ئەزموونی ئەدەبیی مامۆستا جەلال مەلەکشا لە نێوان بەردەوام بوون و دابڕاندا)

ئەی ڕێبوارە غەریبەکە
بەملا و بەولا چاو مەگێڕە
خێڵ ڕۆییوە
تەنیا جێگەی کوچکاورێک
بەجێ ماوە لەم هەوارە
ئەم گەردالە
تەپوتۆزی خۆڵەمێشی یادەکانە
ئەو چنوورە کێویلەیەی
بۆی دەگەڕێی
ئێستا گوڵێکی دەستەمۆی
نێو گوڵدانی خەڵکی شارە

ئەم شێعرە نەک هەر یەکەمین شێعری جەلال مەلەکشا بوو کە خوێندمەوە، بەڵکوو یەکەمین شێعری نوێی کوردی بوو کە چاوم پێی کەوت و بۆ من بوو بە دەروویەکی ئەفسووناوی کە بێئەوەی خۆم هەستی پێ بکەم ڕەکێشی کردمە ناو جیهانی شێعر و ئەدەبی کوردییەوە. ئێستا کە بیری لێ دەکەمەوە دەبینم وزەی شاردراوەی ناو ئەم شێعرە و ئەو ڕاچڵەکانەی تووشی کردم، لەم ڕەکێش کردنە پەنامەکییەدا و لە دیاری کردنی ئاراستەی گشتی خوێندنەوەکانی دواترمدا شوێنێکی بەرچاوی هەبووە.

مەلەکشا جگە لە شێعر لە دوو بواری دیکەی چیرۆک و ڕەخنەی ئەدەبیشدا کاری کردووە. بەڵام هێژموونی شێعر باڵی بەسەر کارەکانی تریدا کێشابوو. دەبێ سەرنج بدەینە ئەو خاڵە کە ئەو هێژموونییە ناچارەکی هێژموونی شێعری مەلەکشا نییە کە کارەکانی تری کاڵ کردووەتەوە، بەڵکوو پیرۆزی و باڵادەستییێکە کە شێعر بەگشتی لە فەرهەنگ و ئەدەبی ئێمەدا بۆخۆی تەرخان کردووە. ئەوە لە حاڵێکدایە چیرۆکی مەلەکشا لە کەشی چیرۆکنووسی ساڵانی دەیەی حەفتا و بەر لەو، شوێنێکی بەرچاوی بۆخۆی تەرخان کردبوو. لەم بارەیەدا وێکچوونێک لە نێوان مەلەکشا و سوارەی ئێلخانیزادەدا بەرچاو دەکەوێ. دوای ئەو چل ساڵەی پاش مەرگی سوارە، سوارە لە زۆربەی ڕەخنە و لێکۆڵینەوەکاندا بە سیفەتی شاعیر دەردەکەوێ و سوارەی چیرۆکنووس و سوارەی ڕەخنەگر کەموزۆر باسیان لێ ناکرێ و پەردەیەکی تەماوییان بەسەردا کشاوە و تارماییەکییان لێ بەجێماوە. ئەوە لە حاڵێکدایە لەلایەکەوە ڕەخنەی ئەدەبی لەم دیوەی کوردستاندا بە شێوەیەکی جیددی لەناو کارەکانی سوارەدا چەکەرەی کرد و لەلایەکی ترەوە دوای یەکەمین کورتە چیرۆکەکانی حەسەنی قزڵجی، سوارە بەشێک لە هەڵسووڕانە ئەدەبییەکەی لە بواری چیرۆکدا بەتاقی کردووەتەوە. من لەم یادداشتە کورتەدا زیادتر لەوەی بەشوێن تەتەڵە کردن و لێکدانەوەی دیاردەکان و گەڕان بەدوای هۆیەکاندا بم، بەنیازی گەڵاڵە کردن و خستنەڕووی خودی دیاردەکانم. یەکەمین دیاردەی فەرهەنگی کە پێویستە بەر لە تەتەڵە کردن بە شێوەیەکی دروست فۆرمۆلیزە بکرێ ئەوەیە: "زۆربەک لە ئەدیبانی ئێمە لە بەرەی سوارەوە بگرە هەتا بەرەی مەلەکشا، هەر کامەیان پرۆلتێرێکی ئەدەبی بوون واتە لە زۆربەی بوارە ئەدەبییەکاندا کاری جیددییان کردبوو، بەڵام سیمای شاعیرانەی ئەو ئەدیبانە سیمای ڕەخنەگرانە و چیرۆکنووسانە و وەرگێڕانەیانی پەراوێز خستووە و پاشقولی داون. ئەوە لە حاڵێکدایە ئاستی بەرهەمی غەیرەشێعری ئەو ئەدیبانە نزمتر لە ئاستی شێعریان نییە".

دیاردەیەکی ئەدەبیی تریش، دیسان لە بەراورد کردنی سوارە و مەلەکشادا خۆیا دەبێ کە لە پانتایی ئەدەبی کوردیدا دیاردەیەکی بەرچاوە. سوارە بە وردی ئاگای لە ئەزموونی گۆران هەبوو. لە وتارەکانیدا تازەگەریی گۆرانی شی کردبووەوە و بەرگری لێ کردبوو. سوارە لە کاتی خۆیدا پسپۆرێکی شێوازی گۆران بوو. بەڵام لە شێعری خۆیدا کەموزۆر ئاوڕی لە ئەزموونی گۆران نەداوە. شێعری نوێی سوارە بە ڕێچکەی شێعری نوێی گۆراندا نەو شێعرەی مەلەکشا بۆ سوارەی نووسیوە، "تاپۆی بوومەلێڵ" نموونەی هەرە بەرچاوی "شێعری نەستەقخواز"ە.

شاعیر لە شێعری نەستەقخوازدا بە دوای ئیدەیەکی نەستەق یا ئیماژێکی نەستەقدا دەگەڕێ و ئەو ئیدە و ئیماژە لە فۆرمێکی دانستەی چڕوپڕ بە کێشی بڕگەییدا جێ دەکاتەوە و لە کۆتاییشدا فۆرم و ناواخنەکە بە بزماری سەروا (قافیە) توند دەکا و وا دەکا شێعری نەستەقخواز لە فۆرم و دەربڕین دا زۆر لە "قسەی نەستەق" نزیک بێتەوە. داهێنەری ئەم شێوازە شێعرە لە ئەدەبی کوردیدا عەبدوڵڵا پەشێوە. بەڵام شێعری نەستەقخواز لە درێژەی شێعری ئەودیو و لەسەر دەستی مەلەکشاوە هاتە ناو جوغرافیای شێعری کوردی ئەم دیو. ئەم شێوە شێعرە . بەر لەوەی وەچەی دوای مەلەکشا ئاگادارانە لێی دابڕێ . بۆ ماوەیەکی زۆر زەین و بیری شاعیرانی داگیر کردبوو.

**مەلەکشا شێعری ئەوتۆی هەیە کە لە بەشێکی شێعرەکەدا قۆڵی لە قۆڵی گۆران دایە و لە بەشێکی تریدا دەستی لەناو دەستی لەتیف هەڵمەت دایە:**

**چەند گەڕاوم**
**لە شار لە دێ**
**لە نیشتمان لە بیانی**
**سوێند دەخۆم**
**نەمدیوە کەس**
**وەک تۆ کچێ**
**شەنگ و چەلەنگ**
**لەناو کچانی دنیادا**
**هەر تۆ جوانی**

ناسینەوەی سیمای "بەستەی دڵدار" ی گۆران لەم بەشەدا دژوار نییە. (لە ژێر ئاسمانی شینا. لەپاڵ لووتکەی بەفرینا . کوردستان گەڕام . دۆڵاودۆڵ پێوام . نە لە شار و نە لە دێ . نەمدی کەس . وەک تۆ جوان بێ . تۆیت و بەس . کچە کوردێک دڵ پێی شاد بێ . وەک فریشتە و پەریزاد بێ)

**ڕێک دوای ئەم بەشە، جەلال هاوزمانی لەتیف هەڵمەتە:**

**بانگت دەکەم**
**دەم پڕ دەبێ لە شیلەی گوڵ**[...]
**بانگم دەکەی**
**ئاسمان دەبێ**

بە چارشێوی گوڵئەستێرە و
دارستانی کپی ژیان
پڕ دەبێ لە چریکەی بولبول

دەبینین دابڕانێک لە ئەزموونی سوارە ڕووی داوە. ئەم زنجیرە دابڕانانە لە وەچەی دوای مەلەکشاشدا دیسان دووپات بووەوە و "نەریتی دابڕان" هەر درێژەی کێشا. ئەم دیاردەیەش دەتوانین بەم شێوەیە گەڵاڵە بکەین: لە ئەدەبی کوردیدا ئەزموونی دابڕان لە ئەزموونی بەردەوام بوون ئاساییترە. دابڕان لە ئەدەبی گەلانی دیکەش دا دیاردەیەکی بەرچاوە بەڵام جیاوازییەکەی لەگەڵ ئەدەبی کوردی لەوە دایە لە ئەدەبی گەلانی تردا لە ڕەوتێکی سروشتیدا پتانسیەلە دەستلێنەدراوەکانی نەریتێکی زاڵ واتە نەریتی پێشوو زیاتر هەڵدەهێنجرێ. هەڵبەت لە هەر دوو بەستێندا دابڕانەکان ئاگادارانەن."

نامهەوێ بڵێم لە ئەدەبی گەلانی تردا دابڕان نییە. دابڕان و تێپەڕاندن داینەمۆی گەشەی ئەدەبیاتە. بەڵام لەم دابڕان و تێپەڕاندنە داهێنەرانانە دوو دیاردەی گرینگ بەرچاو دەکەوێ:

**یەکەم**، لەناو ئەدەبی پێشکەوتووی گەلانیتردا لەگەڵ ئەوەی تێپەڕاندن و دابڕان هەیە، ئەزموونە ئەدەبییەکانیش بە دەستلێنەدراوی و هەڵنەهێنجراوی و وەک پرۆژەی نیوەکارە نامێننەوە.

**دووەم**، دابڕانەکان ئاگادارانەن و دوای ڕۆچوون بەناخی ئەزموونەکانی پێشوودا ڕوو دەدەن.

دابڕانی ئاگادارانە چ مانایەکی هەیە و چ جیاوازییەکی لەگەڵ دابڕانی نائاگادارانە و کوێرانە هەیە؟ لە دابڕانی ئاگادارانەدا ئەدیبانی بەرەی تازە، بەرهەمی بەر لە خۆیان برگە بە برگە و جومگە بە جومگە دەخوێننەوە و هەر کاتێکی پێویست بێ ئەدیبە نوێخوازەکان بە شارەزاییەوە ئەدەبی بەر لەخۆیان شرۆڤە دەکەن. دیتمان ئەو پێودانە لە شێعری سوارە و لە شێعری مەلەکشادا بەدی دەکرا.

ئەم ڕەوتە بەپێچەوانەی ڕەوتی داکشانی و دارمانی بەرە بەرەی داهێنانی ئەدەبی‌یە. ئەم داهێنەرانە لەگەڵ ئەوەی ئاگاداری ئەو بازدان (جهش) یا مۆتاسیۆنەن کە دروستیان کردووە، خۆیان و بەرهەمەکانیان لە دەرەوەی مێژووی ئەدەبی و زەمینەی فەرهەنگی گەلی خۆیشیاندا نابینن. بەڵام چەشنە دابڕانێکیش هەیە وا بە بێ هیچ چەشنە ئاگادارییەک لە سامانی بەرەکانی پێشوو و هەر لە جێدا بە هۆی ئەم نائاگادارییەوە ڕوو دەدا. لێرەدا دابڕان، لە خوێندنەوەوە سەرچاوە ناگرێ

بەڵکوو لە نەخوێندنەوەوە سەرچاوە دەگرێ. پێشەنگەکانی ئەم جۆرە دابڕانانە جێگیر بوونی خۆیان لە دەرەوەی مێژووی ئەدەبی گەلەکەیان بە "دەستپێکردنی مێژوویەکی تایبەت" تەعبیر دەکەن.

تەنانەت "خراپ خوێندنەوەی چالاک"ی هارۆلد بلۆمیش بەمانای ڕۆچوون بە هەناوی سامانی ئەدەبی مەوجوود و داهێنانی ئاراستەیەکی تری جودا لە ئاراستەی باو و بەردەستە. وشەی "خراپ" لە دەستەواژەی "خراپ خوێندنەوەی چالاک" دا بارێکی مانایی ئەرێی هەیە نەک بارێکی مانایی نەرێ و زیادتر بەلای داهێنان و گۆڕینی ئاراستە، دوای خوێندنەوەیەکی ورد و ڕژددا دەشکێتەوە. دابڕانی نائاگادارانە بە بڕوای من نەک هەر لە بارستای ئانترۆپی و پیریی ئەدەبی کەم ناکاتەوە بەڵکوو هەر لە درێژەی ئەم ڕەوتە دایە.

بابەتێکی زۆر پێویستی دیکە ئەوەیە کە زاڵ بوونی تۆخی "کەشی کافکایی" خاڵی هاوبەشی نێوان شێعر و چیرۆکی مەلەکشایە. ناکرێ بڵێین ئەو شێوازە لە چیرۆکی مەلەکشاوە بەزیوەتە ناو شێعرەکەیەوە یا بەپێچەوانە. لە بەرهەمی ئەدەبی مەلەکشادا بەگشتی فەزای کافکایی زاڵە. ئەگەر لە من بپرسن خاڵی تاقانە و داهێنانی تایبەت بە جەلالی مەلەکشا لە ئەدەبی کوردیدا کامەیە؟ دەڵێم زاڵ بوونی کەشی کافکایی لە بەرهەمەکانیدا. فۆرمی شێعری گۆران و شێعری دوای گۆران و بەتایبەتی فۆرمی شێعری نەستەقخواز، یان بە ناواخنی ڕۆمانتیسمێکی ئەویندارانە پڕ دەبووەوە یان بە ڕۆمانتیسمێکی خەباتکارانە. مەلەکشا فۆرمەکەی وەرگرت. تێمی خەبات و ئەوینیشی لانەبرد، بەڵام فۆرمەکەی بە ناواخنەکەیەوە لە کەشێکی کافکایی هەڵێنا و لەناو گێژاوی دڵەخورپەیەکی هەتاهەتاییدا خووساندی. لە شێعر و چیرۆکی مەلەکشادا ئەو ڕەشبینییەی جێگای ڕۆمانتیسم دەگرێتەوە تایبەت بە فڵانە شکستە یان فیسارە کارەساتە نییە بەڵکوو بە گشتی ژیانی مرۆڤ و تەنانەت هەموو جیهان و گەردوون دەتەنێتەوە. لە بەرهەمی مەلەکشادا جیهان بە کروتەونی کارەسات چندراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٠

# شاعیری خوێن و کوێستان و تفەنگ



ڕەسووڵ سوڵتانی

جەلال مەلەکشا، شاعیری هەڵوێست و هەڵوەدای ئازادی، وێنە و تابلۆی هەموو مەینەت و ئازارەکانی گەلەکەی بوو. مەینەتیی بێدەوڵەتی و ماڵبەکۆڵی و ژێردەستەیی و ئازارچەشتوویی و لەسەرووی هەموو ئەوانەشەوە خۆڕاگری و نەسرەوتوویی و تینووی ئازادی و هەوڵدان و هاوارکردن لە پێناو ئازادیدا بەبێ پرینگانەوە لە کۆسپ و کۆت و بەند و زیندان و کوشتن و بڕین.

شێعری جەلال، شێعری واتا و هێما و پەیامن. فۆرمی شێعری جەلال شان بە شانی سەردەمی خۆی هاتووە و ئاوازی ناوەوەی شێعرەکانی شاعیر، تایبەتمەندیی شێعری کوردیی دەیەی شێستی بەسەرەوەیە، کە تێیدا شاعیر دەنگی چەوساوە و هاواری ڕاپەڕیوان و هاندەری بندەستانە. شاعیر لە شێعری "شاعیری خوێن و کوێستان و تفەنگ"دا بە ڕوونی ئەو ڕەهەندەی ڕوانین و لایەنە جۆراوجۆرانەی فۆرم و زمانمان بە جوانی دەخاتە بەر دەست.

ناوی شێعرەکە، لە سێ وشەی "خوێن و کوێستان و تفەنگ" پێک هاتووە. ئەو سێ وشەیە سێ وشەی سیمبولیکی خەباتی دوورودرێژ و خوێناویی میللەتی شاعیرن. سیمبولیستەکان کاتی خۆی پێیان وابوو سیمبولیزم جۆرێکە لە دەربڕین و بەکارهێنانی ئەو وشانەی بە شێوەیەک قەدەغە کراون و نووسەر و شاعیر واتا و مانایەکی زۆریان تێدا چڕ دەکاتەوە و

تەنانەت جاری وابوو پێوەندیی نێوان "دال و مەدلوول" واتە هێما و ئاماژەپێکراوەکە هێندە لێک دوور دەکەوتەوە، کە بە زەحمەت دەخرانەوە سەر یەکتر.

کوێستان، لە شێعری جەلال و بەشێکی هەرە زۆری شاعیرانی هاوچەرخی ئەودا، هێمای خەبات و خۆڕاگری و سەوزی و سەربەرزی و سەربەتەمی و دواجار هێمای خەباتگێڕ و شۆڕشگێڕی کورد و سەنگەری بەرگری و خۆڕاگرییە.

**وەک مامۆستا هێدییش دەڵێ:**

**حەیفە کوێستان بەو چیا بەرزانەوە هەر تەم نەبێ**
**ئەو تەمە پیرۆزە سایەی لەو سەرانە کەم نەبێ**

**یان هێمن دەڵێ:**

**هەڵۆی کوێستانی کوردستانم و ناژیم بە دەستندە**

کەوابوو کوێستان و هێماکانی وەکوو هەڵۆ و بەرد و تەنانەت کەو و نسار و بەربەرۆژکە و ئەشکەوت و دوند و لوتکەشی لەسەر یەک بوونەتە سیمبول و هێمای نێو شێعری شاعیران.

خوێن، یەکێکی دیکە لە کلیلەکانی کردنەوەی هێما و لایەنە شاراوەکانی ئەو شێعرەیە. خوێن و شەهیدبوون و قوربانیدان لە پێناو نیشتماندا، بەشێکن لە ڕاستییە تاڵەکانی مێژووی ئێمە. وەک بڵێی هەڵاڵەکانی کوێستان هەموو لە دڵۆپەی خوێنی شەهیدەکانی ڕێگای ڕزگارییەوە ڕوابن.

تفەنگ، هێما و ناوێکی دیکەیە، کە شاعیر وەکوو بەشێک لە چارەنووسی سەپێنراو بەسەر میللەتێکی بندەست و چەوساوەدا لەو شێعرەدا باسی دەکا.

**با بزانین شاعیر لەو شێعرەدا چیمان پێ دەڵێ:**

لەسەرەتای شێعرەکەدا، شاعیر وەک چیرۆکێکمان بۆ بگێڕێتەوە، بە وشەی وتیان دەست پێ دەکا. کێ وتی؟ ئەوانەی وتیان،

بە هەڕەشەوە پێیان گوت، یان وەک ئامۆژگاری؟ یان هەر هەواڵێکیان پێدا؟ ڕێک لە دوایە وشە بە وشە مەتەڵەکەمان بۆ هەڵدێنێ:

**وتیان کاکە، وشەی تفەنگ ڕەقە، زەقە، ناهەموارە**
**بەرهەڵستی گەشە و نەشەی شێعرەکانتە**

**شانی شێعرت بەو بۆنەوە بریندارە**

ئامۆژگاریکەر بە شاعیر، کە لەوێدا هێما و سیمبولی پێشمەرگە و شۆڕشگێڕی وڵاتەکەیەتی، دەڵێ: وشەی تفەنگ بەلاوە بنێ. ڕاستە لە شێعرەکەدا دەڵێ وشەی تفەنگ، بەڵام ناڕاستەوخۆ پێمان دەڵێ چەک دانێن. چەک شانتان بریندار دەکا، واتە ئێوە سەربزێوی دەکەن و چەک هەڵدەگرن و مل بۆ چەوسانەوە و توانەوە و لەنێوچوون ڕاناکێشن، بۆیە خوێنتان لەبەر دەڕوا. ئەوە لەگوێخوێندنێکی ئاشنایە. دوژمنی بندەست و چەوساوەکان، ڕقیانە لە ڕابوون و چاوکراوەیی و خەبات.

**بەڵام شاعیر لە وەڵامیدا دەڵێ:**

**ئەی من چ بکەم،**
**نەخشەی گەورەی وڵاتەکەم تفەنگێکە و**
**بتانەوێ و نەتانەوێ**
**لە ناو هەموو نووسراوەکانمدا**
**دیارە...**

شاعیر لە وەڵامدا نەخشەی کوردستانی گەورە دێنێتەوە پێش چاوی ئامۆژگاریکەرەکە و دەڵێ، کاتێک نەخشەی وڵاتەکەم لە تفەنگ دەچێ، من چۆن دەکرێ باسی نەکەم. خۆ من بە هەر بارێکدا باسی وڵاتەکەم بکەم، هەر باسی تفەنگە. ئەوە جگە لەوەی نەخشەی کوردستانی گەورە وەها بیچمێکی هەیە، بەڵام پێشمان دەڵێ هەر باسکردن لە وڵات و ئازارەکانی میللەت، دەبێتە هۆی ئەوەی داگیرکەر بە تفەنگەوە بێتە سەرت، کەوابوو تۆش دەبێ دەست بدەیە چەک. دەی تۆ کە بە چەک دێیتە سەرم، منیش دەبێ بە ناوی چەک و بە چەک خۆمت لێ بپارێزم...

**وتیان چیا زۆر سەرکەشە**
**لە ناو شێعرێکی پەسند و ڕێکوپێکدا**
**ناشیرینە قوت بێتەوە...**

چیا، كوێستان، شاخ، لووتكە، كۆمەڵێک وشەی هێمایی و كلیلەوشەی شێعری دەیەی شێستی شاعیرانی كوردن. لێرەدا ئامۆژگاریكەر بە شاعیر دەڵێ: وەرە شێعری ڕۆمانتیک بۆ كچانی جوان بنووسە، شێعری ناسک بنووسە، چیا بەو هەمووە زبری و ناڕێكییەوە لە نێو شێعرێكدا قوت مەكەوە. واتە شاعیر بانگهێشت دەكا لە ژیانێكی ئارام و بێ هەوراز و نشێو و ئاسوودەدا وردە وردە خەم و ئازارەكان لەبیر بكا و بیر لە خەبات و شاخ و سەنگەر نەكاتەوە. ئاخر چیا هێمای پێشمەرگە و بەرخودانی ڕاپەڕیوان و شۆڕشگێڕانە و لە شێعردا، چەندی بۆ شۆڕشگێڕان وشەیەكی جوان و ورەبەخشە، ئەوەندە لای داگیركەران زبر و ناڕێک و ددانشكێن و گورچووبڕە.

**هەر بۆیە شاعیر دەمودەست دەڵێ:**

**ئەی من چ بكەم، نیشتمانم كوێستانێكە و**
**هەرچەند ئەكەم وشەی چیا**
**لە ناو دێڕ و كەرت و ڕستەی شێعرەكانما ناچێتەوە**

ئامۆژگاریكەر ئەمجارە بەربینگ بە وشەی خوێن دەگرێ. ئاخر خوێن، وەكوو یەكەم ڕەنگی ئاڵای كوردستان، هێمای خەبات و قوربانیدان و ئەو دەریا خوێنەیە كە لە پێناوی ئازادی و ڕزگاریدا پێشكەشی بارەگای نیشتمانمان كردووە و بێكەسیش دەڵێ:

**داری ئازادی بە خوێن ئاو نەدرێ قەت بەر ناگرێ...**

**بۆیە وشەی خوێن، یەكێكی دیكە لەو وشانەیە كە داگیركەر لێی تۆقیوە.**
**وتیان ئەی خوێن؟**
**خۆ ئیتر خوێن پێویست ناكا**
**لە ناو شێعرا خۆی بنوێنێ**
**ئەی من چ بكەم؟**
**نیشتمانم دەریای خوێنە**
**ڕەنگی خوێن لە دڵۆپی خوێن بسڕمەوە، چی دەمێنێ؟**
**بتانەوێ و نەتانەوێ شێعری من هەر خوێنە**

**لێرەوە، شاعیر پشت دەکاتە ئامۆژگاریکەر و ڕوو دەکاتە شاعیرانی وڵاتەکەی و بە دەنگی بەرز دەڵێ:**

**پێتان دەڵێم**
**شاعیرانی وڵاتەکەم پێتان دەڵێم**
**سەری شێعری بێ چەک دەبڕن**
**شێعری بێ خوێن**
**زەرد و بێهێز و لاوازە**
**شێعرێ چیای تێدا نەبێ، زگی دەدڕن**
**پێتان دەڵێم**
**بۆیە شێعرم خوێناوییە و سوورە ڕەنگم**
**من شاعیری نیشتمانی**
**خوێن و کوێستان و تفەنگم...**

**سێ ڕستەی دوایی شێعرەکە، ڕوون و بەرز دەڵێ: ئەگەر دەتانەوێ ڕووسووری بەردەم میللەت و بارەگای نیشتمان بن، ئەی شاعیرانی وڵات، ئێوەش شاعیری خوێن و کوێستان و تفەنگ بن و وەکوو من ڕووسوور و سەربەرز بژین.**

**هەڵبەت ئەوە یەکێکە لە کۆی ئەو شێعرانەی جەلال مەلەکشا، کە ئاوا تێیدا وشە دەکاتە هەوێنی هەڵوێست و هەڵوێست دەکاتە بەرگی وشە و لە دەفری خەیاڵدا تێکیان هەڵدەشێلێ و دەیانکاتە شێعر.**

**جەلال لە شێعری پیرەدار و شەهید و کاروان و باشتر بڵێین لە سەرجەمی وشەکانیدا، هەناسەیەکی لەلای ئازادی و ڕزگارییە، دەستێکی چەکی قەڵەمی پێیە و بە دەستەکەی دیکە ئاڵای پێشەنگایەتیی شێعری سەردەمی خۆی دەشەکێنێتەوە. مخابن ژیانی ئەو شاعیرە گەورەیە، هەموو بەشمەینەتی و دەربەدەری و ماڵبەکۆڵی و خەم و پەژارە بوو. هەر بۆیە دەڵێم جەلال ڕوخساری هەموو نەهامەتییەکانی میللەتەکەی بوو.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٠**

# جەلالی مەلەکشا لە ڕەوت و پڕۆسەی ژیان و بەرهەمەکانی؛ چیرۆکی ڕەنج و ئەوین



**چاوپێکەوتن محەمەد موتەقی**

«وەکوو خۆم پێم وایە ئەو تایبەتمەندیانەی کە لاوێتی و هەست و بیری ئەو قۆناغەی تەمەن هەیەتی و لە بەرهەمەکانی ئەدیبێکدا ڕەنگ دەداتەوە، لە ئێستادا لای من گەیشتۆیە دوایین مەنزڵی خۆی و کۆتایی هاتووە. لە ئێستادا بە بیرێکی زۆر قووڵترەوە دەنووسم. دونیایەکی نوێترم بەدەستهێناوە. لەم دونیا نوێیەدا ڕووم لە فەلسەفە کردووە. بیرم زیاتر لە واتای مەرگ و ژیانە و ڕەنگە ئەمەش بە هۆی تەمەن و نەخۆشییەوە بێت.» ئەمە وتەی شاعیری شیعری بەرزی «هەتا لووتکە چەندی ماوە» لە حەفتاکانی تەمەنیەتی، "جەلالی مەلەکشا" خولقێنەری دارەپیرە کە وەکوو مرۆڤێکی ئاشتیخواز ئەسپی قەڵەمی لە مەیدانی خەبات تاو داو و لە سۆنگەی ئەم گەرناسییەوە تووشی دەردیسەر و ئازاری زۆر هات و وەک خۆی دەڵێ «کەوتوەتە بەر تووکەشەقی چارەنووس» بەڵام قەد قەڵەمی نەبردوەتە قوربانگای نان و ناو. مامۆستا جەلال مەلەکشا لە ئێستادا و لە گفتوگۆیەکی زۆر دۆستانە لەگەڵ جام کوردی باس لە پیری و غەریبی دەکات و دەڵێت «بە ڕاستی ئیحساسی غەریبی دەکەم. پێم وایە دێر بە دونیا هاتووم. کەسایەتی جەلال هی پێشووە و سەردەمی پێشووتر. جیلی نوێش بۆ من زۆر نامۆن و هەست بە غەریبییەکی قووڵ دەکەم لە ناویاندا. نایانناسم. سەیر و سەمەرەن بەلامەوە و لە بەرهەم و بیرەکانیان تێ ناگەم. لەگەڵ ئەو دونیایەدا نیم و شتەکانی فێر نابم. دونیای من سادەترە. لەلای من ئەم دونیایەی ئەمان جێگای عەشق و میهرەبانی تێیدا نییە یان ئەوەی زۆر کەمە، نازانم!»

### * ئەمەش ئێوە و دەقی تەواوی چاوپێکەتن لەگەڵ جەلالی مەلەکشا:

**مامۆستا جەلال مەلەکشا چۆن هاتنە ناو دونیای ئەدەبەوە؟**

* من لە دایکبووی ساڵی ١٣٣٠ی هەتاوی لە گوندێکی بچووکی سەر بە شاری سنەم بە ناوی مەڵەکشان، خوێندنی من لەم شارە بوو. لەوەتەی خۆم ناسیوە تێکەڵاوی شیعر و ئەدەب بوومە. هۆکارێکی سەرەکی ئەمەش ڕەنگە بنەماڵەکەم بووبێت کە تێیدا ئەدیب و کتێب خوێن زۆر بووە و ئەوەی زۆرتر لە هەر شتێک لەبەردەستدا بووبێت کتێب و بە تایبەت کتێبی کوردی بووە. هەر لە سەرەتای منداڵییەوە هۆگرییەکی تایبەتم بە لای کتێب و کتێب خوێندنەوەدا بووە. بەڵام بە فارسی دەستم بە نووسین کردووە. بە ئەدەبی فارسییەوە چوومەتە نێو دونیای چاپەمەنی و ڕۆژنامەکانەوە و هەر وەها نووسینی بابەت و وتاری ئەدەبی. چەندین ساڵ بە شێوەیەکی پرۆفیشناڵ لە دونیای ئەدەبی فارسیدا بوومە و هەڵسەنگاندنی کار و بەرهەمەکانم لەم بوارەدا دەگەڕێنمەوە بۆ ئەوانەی لە وێژەدا شارەزاییان هەیە و خوێنەری بەرهەماکانی من بوونە و ئاشنان بە نووسینی من. خۆم بە کەسێکی ئاسایی دەزانم و لە ڕێگای قەڵەمەوە دەروونیاتی خۆم دەنووسم.

لەو کاتەدا کە باسم کرد گەشە کردنێکی باشم لە ئەدەبی فارسی هەبوو و لەگەڵ چەند ڕۆژنامە و گۆڤارێک کارم دەکرد و بەرهەمەکانم بڵاو دەکردەوە. پاش شۆڕشی گەلانی ئێران گەڕامەوە بەرەوە لای کوردی، پێش ئەوەش ئاشنایەتی و شارەزایی باشم لە زمانی کوردی هەبوو و هەندێ نووسراوەشم بە کوردی هەبوو، بەڵام بابەتەکە ئەوە بوو کە لەم قۆناغەدا بە تەواوەتی وازم لە نووسینی بەرهەمەکانم بە زمانی فارسی هێنا و چوومە دونیای کوردییەوە. تا ئێستای لەگەڵ بێت بە زمانی کوردی سێ کتێبی چاپکراوم هەیە و ئەوەش هەم لە بواری شیعردایە و هەم لە بواری چیرۆک. ئەوەی کە لەم بەرهەمانەدا باڵای قەڵەمەکەم چەندە؟ دەگەڕێنمەوە بۆ خوێنەر. ئایا کورتە باڵایە یان بەپێچەوانەوە و باس لەوەش ناکەم.

لە بواری ڕۆژنامەگەری؛ لە ڕۆژنامە فارسییەکانەوە لە تاران دەستم پێکرد. کەیهان و چەند ڕۆژنامەیەکی دیکە. لە کوردیشدا لە سەردەمی مامۆستا هێمن دا چوومە گۆڤاری سروە تا ئەو کاتەی وازمان لەو گۆڤارە هێنا. کار لەم گۆڤارەدا ١٥ ساڵی خایاند. هەر لە سەردەمی سەرنووسەریی ڕەحمەتی کاک ئەحمەدی قازی دا لەگەڵیان بووم تا ماوەی ١٥ ساڵ. پاش ئەو ماوەیە و بە هەر هۆیەک بوو دەستمان لەو گۆڤارە کێشایەوە. کاک ئەحمەدی قازی لەوێ نەما، منیش بە هەمان چەشن، کاک مارف ئاغایی کۆچی دوایی کرد و دوو سێ کەسی دیکەش هاوکاریان لەگەڵ گۆڤارەکە نەما و بە ناچار ئەو گۆڤارە کەوتە دەستی کەسانێک کە شارەزاییان لەو کارەدا نەبوو، یان ئەوەی کە پابەندییەکیان نەبوو و زۆر بایەخیان بە کارەکە

نەدەدا و هەر بۆیە ئەو گۆڤارە زۆر زوو لە کیس چوو. لەو سەردەمەی ئێمە و ئەو کەسانەی کە ئاماژەم پێیان دا لەو گۆڤارە بووین بە شاهیدی دۆست و دوژمن خراپ نەبوو. بە هەر حال بە باوەڕی هەندێ کەس، بوونی لە نەبوونی زۆر باشتر بوو و لە ئاستێکی بەرزدا کارمان دەکرد و سروە بوو بە هەوێنی خزمەت لە زۆر بواردا، لە ڕووی ناوەڕۆکی دەوڵەمەندە خزمەتێکی زۆری بە زمان و ئەدەبی کوردی کرد. ئێمەش یەکێک لە ئەندامانی نووسەرانی بووین. دوای سروە من بۆ ماوەیەکی زۆر وازم کە چالاکی ڕۆژنامەوانی هێنا و تا حەفتاکان و پێم وایە لە ساڵی ١٣٧٨ بوو کە بانگهێشت کرام بۆ هاوکاری لەگەڵ ڕۆژنامەی جام جەم و ئەوش بڵاوکردنەوەی لاپەڕەکانی تایبەت بە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا بە زمانی کوردی بوو. پاش ئەوە بۆ ماوەیەک لەوێ دەست بەکار بووم و لە ڕاستیدا هەر خۆم بووم و کەسم لەگەڵدا نەبوو و نێزک بە ٤٠ ژمارەی ئەو ڕۆژنامەیە لە چاپ درا. دەبێ باس لەوەش بکەم کە کەسانێک پاڵپشتی ئەو کارە بوون کە یەکیان کاک ئەحمەدی قازی بوو و هەروەها کاک ئەحمەدی شەریفی لەگەڵ چەند مامۆستایەکی دیکە لە تاران و کرماشان پاڵپشتییان لە کارەکە دەکرد و لێ ڕازی بوون. لە جام جەم کوردی پرسە جۆربەجۆرەکان بە شێوەیەکی بێ لایەنانە بڵاو دەکرایەوە و لایەنگری هیچ لایەنێکی تایبەت و نەبووین و بە شێوەیەکی پرۆفێشناڵ کارمان دەکرد. وەکوو خۆم کارەکەم لا پەسەند بوو بەڵام پاش ماوەیەک بڵاوکردنەوەی ئەو ڕۆژنامەیەش ڕاگیرا.

دەبێ باس لەوەش بکەم کە بۆ ماوەیەکیش لە شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانی عێراق لە گۆڤاری پرشنگ سەرقاڵی کاری ڕۆژنامەوانی بووم. لە شاری سنەش لەگەڵ چەند حەوتەنامە و گۆڤاردا کارم کردووە بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بە دڵم نەبوو بمەوێ وەکوو کارێکی هەمیشەیی لەگەڵیان هاوکاریی بکەم! نا شتێکی وا نەبوو. ماوەیەکیشە بە هۆی نەخۆشییەوە ئیدی تاقەتی کاری ڕۆژنامەوانیم نەماوە.

*** جەلالی مەلەکشا هەر لە تەمەنی لاوەتی و سەرەڕای ئەوەی کە هیچ بەرهەمێکی چاپکراو وەکوو کتێبی نەبوو، بوو بە ئەندامی کانوونی نووسەرانی ئێران، دەکرێت باسی ئەوشمان بۆ بکەیت؟**

**ئەندامەتی لە کانوونی نووسەرانی ئێران،**

ئەوە بۆ پێش شۆڕش و سەردەمی حکوومەتی پاشایەتی واتا ساڵی ١٣٤٧ دەگەڕێتەوە، لەو کاتەدا زۆرێک لە شاعیران و نووسەرانی گەورەی ئێرانی لەو کانوونەدا ئەندام بوون. شاعیران و نووسەرانێک وەکوو ئەخەوانی سالس، ئەحمەدی شاملوو و جەلالی ئالی ئەحمەد و مەحموود ئیعتماد زادە و هووشەنگ گوڵشیری و کەسانی تر. ئەوان خۆیان دامەزرێنەری کانوون بوون و پاش ئەوانیش کانوون بەردەوام بوو لە کار و چالاکییەکانی و زۆربەی شاعیر و نووسەرانی توانا و ناودار ئەندامی کانوون بوون. لەو کاتەدا بابەت و نووسینی من لە چیرۆک و شیعر لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان بڵاودەکرایەوە و لە حاڵێکدا هیچ

کتێبێکم لە چاپ نەدرابوو و ڕێگە بە چاپ کردنی کتێبم نەدرابوو، داوای ئەندامێتیم کرد و پاش ماوەیەک داواکەم پەسەند کرا و بووم بە ئەندامی کانوونی نووسەرانی ئێران و لەو کاتەدا لە کوردستاندا تەنها دوو کەس ئەندامی کانوون بوون، ئەویش یەکیان من بووم لە سنە و ئەوی دیکەشیان عومەری فاڕووقی بوو لە سەقز.

*** لەو سەردەمەدا و لە کانوونی نووسەرانی ئێران پێوەندیت لەگەڵ ئەحمەدی شاملوو چۆن بوو؟**

## پێوەندیت لەگەڵ ئەحمەدی شاملوو

لەگەڵ ئەحمەدی شاملوو ئاشنایەتیم هەبوو. زۆر شتیشم دەنووسی و بۆم دەنارد و لە گۆڤاری جومعەدا بڵاوی دەکردەوە. زۆرێک لە شیعر و نووسینەکانم بۆی دەنارد و وەڵامی دەدامەوە. جارێکیان لە یەکێک لە دانیشتنەکاندا لە هەڵسەنگانی نووسینەکانم وەکوو پێداهەڵگوتنێ لە سەرم لە یەک دوو ڕستە دا وتی، مەلەکشا شاعیرێکی سادق و ڕاستبێژە و نووسین و شیعرەکانی هەر بەم شێوەیە سادقانەیە و هیوام وایە ببێت بە شاعیرێکی باش. ئەمەش لوتفی بەڕێزیان بە من بوو. ئەوەی کە لە پێوەندی من لەگەڵ ئەحمەدی شاملوو گرینگ بوو، وەرگێڕانی بەرهەمی کوردی بوو. وەرگێڕدراوی بەرهەمی شاعیرانێک وەکوو شێرکۆ بێکەس، عەبدوڵڵا پەشێو و لەتیف هەڵمەت لە گۆڤاری کتێبی جومعە بڵاو دەکردەوە. وەک بڵێم دۆستایەتیەکی نێزیکم لەگەڵ بووبێت؛ نا وا نەبوو، لەو ئاستەدا بوو کە باسم کرد.

*** جەلالی مەلەکشا یەکێک لەو ئەدیبانەیە کە هەم لە دونیای شیعردا بووە و هەمیش لە دونیای چیرۆکدا، جەنابتان پاش بڕینی چەندین وێستگە لە ژیانی ئەدەبیتاندا لە ئێستادا خۆتان بە شاعیر دەزانن یا بە نووسەر دادەنێن؟**

## خۆتان بە شاعیر دەزانن یا بە نووسەر دادەنێن؟

ئەوە پرسیارێکە کە هەندێ جار لە خۆمی دەکەم و دەکەومە موناقشە لەسەری کە ئایا جەلالی مەلەکشا شاعیرە یان نووسەر، هەندێ جار دۆستان باس لە چیرۆکەکانم دەکەن پێم خۆشە بە چاو نووسەرێکەوە سەیری شتەکان بکەم و هەندێ جاریش ئەمە لە پێوەندی لەگەڵ شیعرەکانم دەبینرێت. لە پێشتردا و ئێستاشی لەگەڵ بێت لەهەر دوو بوار کار دەکەم. ئەگەر بتوانم بە شیعر کە بەرهەمێکی جوانتر و زەریف ترە مەبەست و هەستەکانی دەروونم بێنمە سەر زمان و کاغەز ئەوا پەنا بۆ وشەکان دەبەم و شیعر دەنووسم و لە حاڵەتی تریشدا ئەگەر بابەتەکە دوور و درێژ و پێویستی بە زمانێکی پتەوتر بێت ئەوا چیرۆک بەکار دێنم. وەک خۆم و پاش ئەزموونی چەند ساڵەم، پێم وایە قەڵەمێکی بەهێزترم لە شیعردا هەیە.

*** وەکوو ئەدیبێک شیعر بە لای مامۆستا جەلالەوە چ واتا و پێناسەیەکی هەیە؟**

## واتاو پێناسەی شیعر

بە لای منەوە شیعرێک کە وێنە و خەیاڵی تێدا نەبێت، شیعر نییە و تەنیا نەزمە. لە ئەدەبی کوردی دا بە واتا ڕاستەقینەکەی زۆر کەم شیعر دەدۆزیتەوە.

*** جەلالی مەلەکشا لە تەمەنی ئێستادا و بە بڕینی زۆر وێستگەی جۆربەجۆر لە ئەزموونی ئەدەبیدا خۆی لە کامە قۆناغی ئەدەبیدا دەبینێتەوە؟**

## قۆناغی ئەدبیدا ئێستا

وەکوو خۆم پێم وایە ئەو تایبەتمەندیانەی کە لاوێتی و هەست و بیری ئەو قۆناغەی تەمەن هەیەتی و لە بەرهەمەکانی ئەدیبێکدا ڕەنگ دەداتەوە لە ئێستادا لای من گەیشتۆیە دوایین مەنزڵی خۆی و کۆتایی هاتووە. لە ئێستادا بە بیرێکی زۆر قووڵترەوە دەنووسم. دونیایەکی نوێترم بەدەستهێناوە. لەم دونیا نوێیەدا ڕووم لە فەلسەفە کردووە. بیرم زیاتر لە واتای مەرگ و ژیانە و ڕەنگە ئەمەش بە هۆی تەمەن و نەخۆشییەوە بێت. ئەڵبەت شۆڕش و خەباتی کۆمەڵایەتی و مەدەنی و لە پێناو یەکسانی و ئازادی لە بیرنەکردووە و لە بەرهەمەکاندا وەکوو خۆی ماوەتەوە و ڕەنگە ڕواڵەتی گۆڕابێت. لەم ڕووەوە منداڵی دەروونی جەلال وەکوو خۆی ماوەتەوە و هێشتاکە گەورە نەبووە و پێشم خۆش نییە گەورە بێت. لەو بوارانەی کە ئاماژەم پێدا لە هەمان تەمەنی گەنجێتیدا دەژیم و ئەو بیر و باوەڕیان قەت ناکەونە بەر کاریگەرییەکانی بەساڵاچوویی و پیری. بەڵام لە ڕووی ناوەڕۆک و ئینسیجامی شیعرەوە بەرهەمەکانم پتەوتر، قووڵتر و واتادارتر بووە.

*** لەو پێناسیەی کە لە کەسایەتی جەلالی ئێستا بە دەستانەوە دا، دونیای ئەمڕۆی ئەدەب چۆن دەبینن، هەستتان چۆنە؟ ئایا هەست بە نامۆ بوون و غەریبی لە ناو ئەو جیلە نوێیە دەکەن کە لە ئێستادا هاتوونەتە دونیای نووسینەوە و ئێوە بەرهەمەکانیان دەبینن؟**

## دونیای ئەمڕۆی ئەدەب

زۆر زۆر! بە ڕاستی ئیحساسی غەریبی دەکەم. پێم وایە دێر بە دونیا هاتووم. کەسایەتی جەلال هی پێشووە و سەردەمی

پێشووتر. جیلی نوێش بۆ من زۆر نـامۆن و هەست بە غەریبییەكی قـووڵ دەكەم لە ناویانـدا. نایاننـاسم. سەیر و سەمەرەن بەلامەوە و لە بەرهەم و بیرەكانیان تێ ناگەم. لەگەڵ ئەو دونیایەدا نیم و شتەكانی فێر نابم. دونیای من سادەترە. لەلای من ئەم دونیـایە، جێگـای عەشـق و میهرەبـانی تێیـدا نیـیە یـان ئەوەی زۆر كەمە، نـازانم! پـێم وایە شـاعیر تـا ئاسـتێک دەتوانێت ئەو دونیایە بۆ خۆی بگۆڕێت. بە لای منەوە نووسەر خودایە بە واتـای  بەرهەم هێنـان، خـودایەک كە دەخولقێنێت. ئەوەی كە بەرهەمـی ڕۆمـانی هەیە، قـارەمانەكـانی نـاو ئەو ڕۆمـانە خـولقێنراوی نووسـرەكەن و هەروەهـا ئەو دونیـایەی كە وێنـای دەكـات. بە واتـایەک ئەو خـودایە كە دونیـایەک دەخولقێنێت و نووسەران دەتـوانن دونیـاگەلێكی جیـاواز بخـولقێنن و مرۆڤ دەتوانێت یەک لەو دونیا و دونیابینیانە هەڵبژێرێت. مرۆڤ وەكوو جەستە هەمان مرۆڤە كە لە سەرتـاوە بـووە، ئەوەی كە گۆڕیویەتی قۆنـاغەكان و گۆڕانكارییەكانە لە بیركردنەوەدا.

بەڵام لە هەر سەردەمانێكدا عەشق و میهرەبانی نەبێت، ئەوا ژیـان واتـایەكی نامێنێت. پێم وایە تەنیـا شیعرە كە دەتـوانێ من ڕزگار بكات و هەست بە ژیانم پێ بدات.

*** ئەگەر مامۆستا جەلال لە ئێستادا كە خۆی بە نامۆ و غەریب ناوی دەبات، لە دایک ببوایە چۆن جەلالێک بوو، چۆن شیعری دەنووسی و لە بەرهەمەكانیدا چی دەخولقاند؟**

وابیر ناكەمەوە فكر و بیركردنەوەم بهاتبایە ئاستی ئەوەی ئێستا دەیبینم. زۆر شت هەن كە من لەگەڵیانـدا نیم. مرۆڤەكـان دابەش دەبنە سەر دوو گرووپەوە، گووپێكیان بازەرگـان و گرووپێكیـان عـاشق. من لە نـاو عـاشقەكانم كە قەت خـۆم لە نـاو بـازەرگانەكانـدا نابینمەوە. كەوایە ئەگەر ئێستاش بهاتبـایمە دونیـاوە لەو دەستە عـاشقە دەبـووم. دیـارە وەكوو هـر مرۆڤێـک بیـر و بـاوەڕییەكم هەیە و ئەو بیـر و بـاوەڕییە وای كـردووە خـۆم لە نـاو بـازەرگانەكانـدا نەبینـمەوە.  قەت لەگەڵ زوڵـم و ستەم و دیكتـاتۆری نەبـوومە و نـیم. ئەو چەمكـانە بە نـاخی مـنەوە بێگـانەن و تـا توانیـومە بەرانبەریـان وەسـتامەتەوە و دیسانەوە دەیكەم؛ بە قەڵەم بە دەست بە هەر شتێک كە بتوانم و ئەمەش وام لـێ دەكـات لە هەر سەردەمێكدا بم، هەمـان جەلالی ئێستام.

*** وەک خۆتان ئاماژەتان پێ دا شاعیر و نووسەران خولقێنەر و بە واتا ڕاستەقینەكەی خودای ئەو بەرهەمانەن كە لە سەر دەسـتی ئەوان دێـنە دونیـاوە و بە دڵنیـاییەوە بە هـۆی ئەو تایبەتمەنـدییەوە هەمـوو مەخلووقەكـان بەلای خالقیـانەوە خۆشەویستن، بەڵام بە دڵنیاییەوە لەلای هەر شاعیر و نووسەرێک بەرهەمێـک لە لووتكەدایە و خۆشەیست ترینە، بە لای جەلالی شاعیرەوە ئەم بەرهەمە كامەیە، لەگەڵ كامە بەرهەم زۆرتر بیرەوەریتان هەیە و لەگەڵی دەژین؟**

**بەرهەم و بیرەوەری**

تا ئێستای لەگەڵ بێت هیچ شیعرێکم ناخی دڵمی ڕازی نەکردووە و بە هەموو هەست و وجوودەوە لە هیچ یەک لەو شیعرانەم ڕازی نەبوومە؛ بەڵام هەندێ جار و لە کاتی نووسینی هەندێ لە بەرهەمەکانم توانیومە زۆر نێزیک ببمەوە لەو هەستی دەروونی خۆمەوە و مەحوی ئیحساس بوویێتم، پێم وایە لە شیعری "هەتا کووتکە چەندی ماوە" تا ئاستێک قسەی دەروونی خۆمم کردووە و ئەوەی لە دڵ و دەروونمدا بووە لە ئاست دونیای دەروبەرم و خەڵکدا، هەڵمڕژاندووە. لەو شیعرەدا هەموو شتێکم گووتوە. چەند شیعرێکی کەمی دیکەم هەیە کە ڕەنگە توانیبێتیان ڕازیم بکەن دەنا زۆر نین ئەو بەرهەمانەی کە وەکوو خۆم بە دەستیانەوە ڕازی بم.

*** هەتا لووتکە چەندی ماوە؟**

مەبەست لەو شیعرە پرسیارێکی فەلسەفییە، بەڵام هەندێ کەس بە هەڵە لە واتای ئەو شیعرە تێگەیشتوون. ئەوە پرسیارێکە کە ڕووبەڕووی خۆمم کردۆتەوە. ئەو شیعرە چیرۆکی ژیانی سیزیف لە ئیلاهەکانی ئەساتیری یوونانە و باس لە ڕەنجێکی ئەبەدی دەکات. هەتا لووتکە چەندی ماوە پرسیارە لە کۆتایی ئەو ڕەنجە ئەبەدییە.

*** شیعرێکتان هەیە بە ناوی دەکرێت باس لەو شیعرە بکەن؟**

**شیعری (خۆشەویستی من!)**


ئەو بەرهەمە بە تەواوەتی عاشقانەیە. ڕەنگە لە ژێر کاریگەیی بەسەرهات و مەسەلەیەک بوویێت. من لە ژیانمدا تووشی تراژیدیایەکی عاشقانە بووم و ئەو شیعرە بەرهەمی ژیانی خۆشەویستی و عاشقی خۆمە.

**لە کۆتاییدا هەر شتێک کە بە پێویستی دەزانن بفەرموون؟**

وێڕای سپاس بۆ ئێوە و ڕۆژنامەکەتان. هیوادارم ڕۆژنامەکان لە ناو خەڵدا بن و زمانی خەڵک بن و دەرد و ئازاری خەڵک بڵاوبکەنەوە و ئەرکی ئەخلاقی خۆیان بۆ خزمەت بە خەڵک بەجێ بێنن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی جام کوردی - ڕێکەوتی: ١٧ی جوونی ٢٠١٧

## جەلال مەلەکشا: شیعر ژیانی منی بە قوڕدا کرد.



شاعیر و ئەدیبی ناسراوی کورد جەلال مەلەکشا

**فریا یونسی**

ماوەی دوو مانگێک دەبوو لە هەلێک دەگەڕام بۆ دانیشتن لەگەڵ ئەو شاعیرەی شێعر و هەڵبەستەکانی دەست بە دەست لە نێوان گەورە و بچووکی ئەم وڵاتەدا دەگەڕێن و بە بۆنەگەلی تایبەتەوە پێشکەش دەکرێن و دەخوێندرێنەوە،

بەڵام خۆی دیار نییە و کەم کەس تا ئێستا لە کۆڕ و کۆبوونەوەیەکدا، لە بۆنە و ڕێوڕەسمێک، لە دانیشتنێکی شاعیرانە و تەنانەت لەبەردەم کامێرایەکدا بینیویەتی. جەلال مەلەکشا، شاعیری هەموو چینەکانی کۆمەڵگایە و دەکرێ بە ئاسانی لەسەر هەر شێعر و هەڵبەستێکی بنووسی، بەڵام زۆر ئەستەمە بتەوێ دێڕێک لەسەر کەسایەتی خۆی و ژیانی تایبەتی ئەو شاعیرە ئاشنا بە ڕەنجە، بهێنیتە سەر کاغەز. لەڕاستیدا بەهۆی هۆگریی مامۆستا بە گوندی منداڵیی خۆی و چوونی ڕۆژانەی و سەردانی لە باخ و باخاتی ئەو گوندە، زۆر کەم لە شار دەبینرێ و ئەوەندەش کە بتوانی دوای ماوەیەک گەڕان و پرسیار لە دۆستانی، لە شوێنێک بە دیداری بگەی، بێگومان ئەو شوێنە بەرزاییەکانی حەسەنئاوای سنە و ماڵی دایکییەتی. ئەو دایکەی کە خۆی گوتەنی هاتووە ئاگای لەو بێ تەنیا نەبێ، بەڵام ئەوە دایکیەتی کە ئاگای لە مامۆستایە و هێشتاش وەک منداڵێک وشک و تەڕی دەکاتەوە.

ژیانی جەلال مەلەكشا، ئەوەندەی ڕژد و نشێوی بەخۆوە بینیوە كە تەنانەت ئەوانەشی ئاشنای دۆخی ئەدەب و سیاسەت لەم ناوچە پڕ لە مەترسییە نین، دەتوانن بە ئاسانی نیشانەی ئەو ئێش و ڕەنجانەی كە بەسەر ئەو ڕوحە جوانەی ئەدەبی كوردیدا هاتووە، بە نێوچاوانییەوە ببینن و لەڕاستیدا شێوەی ژیان و قسەكردن و شێعرخوێندنەوەی مامۆستا، بێ ئەوەی لەلایەن خۆیەوە هیچ هەوڵێكی بۆ درابێ، دەتوانێ ئەو بەسەرهاتە تاڵ و سوێرانەی وا بە درێژایی تەمەن بەسەریدا هاتوون، بۆمان بگێڕێتەوە و بە دڵنیاییەوە كەسێك نییە بۆ چەند خولەك لە نزیكی دانیشێ و گوێی لە قسەكانی بێت و نەزانێ چ چەرمەسەرییەک بەسەر ژیانیدا هاتووە و نەبینێ ڕوحی ئەو ئەوەندە لەگەڵ دەسەڵات و سیاسەتی ڕۆژی وڵاتەكەی نەگونجاو بووە و نەیتوانیوە سازش بكا كە وردە وردە ڕێگەی تەریكی گرتووەتەبەر و پەڕاوێزێكی هەڵبژاردووە، هەم خواستی دەسەڵات بووە و هەمیش خواستی ئەو كەسانەی بە جۆرێك لە جۆرەكان لە دەنگی ڕاستگۆیانەی مەلەكشا لە شێعردا هەراسان بوون و هەمیشە نیگەرانی حزووری ئەو لە بۆنە و ڕێوڕەسمەكاندا بوون. بەڵام ئەم پەڕاوێزە هەرگیز نەیتوانی مەلەكشا لە هەست و نەستی كۆمەڵگادا بسڕێتەوە و ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر شێعرەكانی ئەم ئەدیبە مەزنە چوونە نێو كۆمەڵگاوە و لە هەمیشە خۆشەویستتر و مەقبووڵتر بوو لەلای خەڵک. وەها كە ئێستاش هەر ڕێوڕەسمێكی فەرمی و نافەرمی لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان - بە تایبەت لە شاری سنە- بەڕێوە دەچێت، ماڵە بچكۆلە هەژارانەكەی دایكی لە بەرزاییەكانی حەسەنئاوای سنە، دەبێتە مەكۆی كۆبوونەوەی عاشقان و دڵسۆزانی ئەدەبی كوردی. ئەوەی جێی سەرنجە، لە ڕۆژانی ئەو ڕێوڕەسمانەدا ماڵی مەلەكشای شاعیر لە ساڵۆنە فەرهەنگییەكانی شار قەرەباڵغترە و هەر ئەمە خۆی نیشانەیەكە بۆ خۆشەویستیی ئەم شاعیرە ڕاستگۆیە.

ڕووداو: پێش هەرشتێک پرسیارم لەسەر بارودۆخی جەستەیی و ڕوحیی خۆتە و دەمەوێ بزانم ئێستا باری تەندروستیت چۆنە؟

**مەلەكشا**: باری سڵامەتیم باشە و هەروا كە دەمبینن هێشتا بە خۆشی و ئازایەتی دەژیم، نێو سروشت دەچم، كاروباری خۆم بەڕێوە دەبەم و لە هەمووی گرینگتر دەخوێنمەوە و دەنووسم.

ڕووداو: واتە ئێستاش شێعر دەنووسی؟ دواهەمین شێعرێک كە نووسیت كەی بوو؟

**مەلەكشا**: بەڵێ، ئەی مەگین دەكرێ نەنووسم؟ ئەی شاعیر بە چی شاعیرە؟ هەر بە نووسینی شێعرە كە دەتوانێ بڵێ من شاعیرم. منیش هەر دەنووسم و دواهەمین شێعرم یەک دوو شەو لەمەوبەر تەواو كرد.

ڕووداو: بە تێر و تەسەلی باسی خۆتمان بۆ بكە. باسی ئەو مێژووەی بووە هۆی دروستبوونی كەسایەتی جەلالی مەلەكشا. دەمانەوێ خوێنەرانمان بزانن لە كوێوە و چۆن دەستتپێكردووە و بە ئێرە گەیشتوون؟ سەرەتا لەگەڵ شێعری كوردی چۆن

ڕووبەڕوو بوونەوە و چۆنتان مامەڵە لەگەڵ زمانی زگماکی خۆتان کردووە بۆ نووسینی شێعر؟ بە تایبەت لە سەردەمێکدا کە ڕەنگە نووسین بە زمانی زگماکی - ئەویش نووسینی شێعر- زۆر سەخت و ئەستەم بووبێت. ئەوەی دیارە و تا ئێستا لە زۆر جێگەدا باسی لێکراوە، ئێوە لە سەردەمی خۆتاندا، یەکێک بوون لە کەسایەتییە پێشەنگەکانی شێعری کوردی و تەنانەت جاروباریش زۆرێک لە قۆناغە جیاوازە ئەدەبییەکان و سەبکە تایبەتەکانی ئەو سەردەمە، ئێوە دەخەنە پاڵ خۆیان و وەک یەکێک لە داهێنەرانی ئەو ڕەوتە دیارانە ناوتان دەبەن. هەروا زۆر لە شاعیرانی بەناوبانگی وەک شێرکۆ بێکەس بە باشی باسی ئێوە دەکەن و وەک یەکێک لە باڵەکانی شێعری کوردی لە ڕۆژهەڵات ناوتان دەبات. لەو سەردەمەشدا هەندێک شاعیری دیکە کە ئێستا خۆیان دەنگێکی دیارن لە ئەدەبی کوردیی ڕۆژهەڵاتدا، لەگەڵ ئێوە بوون - وەکوو فەرەیدوون ئەرشەدی و ئیبراهیم ئەحمەدی نیا - کە گەشەیەکی تایبەتیتان بە شێعری ئەو سەردەمەی ڕۆژهەڵات دا. دەمەوێ بە وردی باسی ئەو مژارە تایبەتەم بۆ بکەن.

**مەلەکشا**: سەرەتا پێمخۆشە خاڵێکی گرینگتر لەوانە بێنمە ئاراوە، ئەویش ئەوەیە کە دەبێ ددان بەوەدا بنێم من پیاوێکی گوندیم. واتە کەسێکم کە هێشتاش و هەمیشە هەر عاشقی گوند و سروشت و کشتوکاڵ و هەموو ئەو لایەنە گوندییانەم کە مرۆڤی مۆدێرن لێی وەڕەزن و لەگەڵی بێگانەن. هێشتاش هەموو وجوودی من بە گۆشت و پێست و ئێسقانەوە، هەر گوندییە و تاکوو بشمێنم لە گوند نابڕێم. هێشتاش لە گوندی خۆمان زەویم هەیە و ماڵیشم هەر لەوێ ماوە و دەخوازم تا کۆتایی تەمەنم هەروا بمێنمەوە. هەربۆیە ڕاشکاوانە دەڵێم ئەم خاڵی گوندنشینی و خۆشویستنی سروشتە لەلایەن منەوە، کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر ڕوح و هزری من داناوە و هەمیشەش ئەو کاریگەرییە بە ڕوخساری شێعرەکانمەوە دەمێنێتەوە. هەر ئەم حەزە کارێکی کردووە کە هەمیشە هەموو هەوڵ و تێکۆشانی من لە پڕۆسەی ئەدەبیی شێعردا ئەوە بێ ئاوڕی جددی لە بارودۆخی مرۆڤی گوندنشین بدەمەوە و هەوڵ بدەم شێعرەکانم هاواری گوندییەکان بن. بەڵام بەداخەوە بارودۆخی ژیانم بە بۆنەی پیشەی باوکمەوە کە کارمەندێکی دەوڵەتی بوو، ناچاری کردین بێینە شار. لە شاریشدا لە جێگایەک دەژیاین جێی ژیانی مودیری گشتیی ئەو سازمانە بوو کە باوکم کارمەندی ئەوێ بوو. ژیانی ئەوێش بە بۆنەی هاوسێیەتی لەگەڵ مودیری گشتی و دیکەی کارمەندەکانی، بووە هۆی ئەوەی کە ئاگاداری شێوازێکی دیکەی ژیان لە دەوروبەری خۆمان بین، ئەویش ژیانێکی بۆرژوازییانە و لوکسی شاری بوو. لێرەدا دژوازییەکی گەورە لە ژیانی مندا دروست بوو: ژیانی هەژارانەی ئێمە لە هاوسێیەتی ئەو ژیانە لوکسە بۆرژوازییانەی مودیر و کارمەندە باڵادەستەکان. بەراوردی ژیانی دوو کەسایەتی ئەم دوو بوارە - کرێکارێک و مودیرێک - دەبێتە هۆی تێڕامانی زیاتری منداڵێک کە هەموو خولیای ئەوەیە ببێتە شاعیر و هاوارەکانی خەڵکی گوندەکەی خۆی بە گوێی دنیا بگەیەنێت. ئەم دژوازی و پارادۆکسە کە لە هەموو شتێکدا بە ئاسانی دەبینرا، لە جلوبەرگەکاندا، لە شێوەی قسەکردنەکاندا، لە شێوەی هەڵسوکەوتی کەسەکاندا، لە شتومەکی نێو ماڵەکاندا، بە ئاسانی دەهاتنە بەرچاو، ببوونە هۆی ئەوەی کە زیاتر بیر لە ژیان و ئازارەکانی و کەموکووڕی و مەحروومبوونەکانی بکەمەوە. ئەم پارادۆکسە، ڕەنگە لە وجوودی مندا زۆر نەبووبێتە هۆی نەفرەت و ڕق، بەڵام جۆرێک بێزاری لە مندا بە

نسبەت ئەو کەسانەوە کە بێ هیچ هۆیەک ژیانێکی خۆشتر و شاهانەتر لە ئێمەیان هەبوو، دروست کردبوو. جۆرێک جیاوازی و لە یەکنەچوون کە هەر ئەم جیاوازی و لەیەکنەچوونە بوو خەریکبوو وردە وردە ڕێگەی بۆ دەردەخستم و دەیبردم بەرەو شێعر و لە شێعریشدا کە ئاساییە ئەو دژوازییە ڕەنگدانەوەی خۆی هەبێت. لەڕاستیدا ئەو دژوازی چینایەتییەی کۆمەڵگەی ئێرانی - کە بە ئاشکرا لەنێو کورد و فارسدا هەبوو، ئێستاش هەر هەیە - ڕۆژبەڕۆژ زیاتر لە من و شێعردا باڵای کردووە و لە گەڵمان گەورە بووە. ئەو سەردەمە بە تایبەت لە نێو سیاسییەکاندا، زۆرتر باس لەو دژوازی چینایەتییە دەکرا و منیش هەر بەو دژوازییەوە سیاسەت و دواجار دەستم بە شێعر کرد. خەبات لە دژی ئیمپریالیزم و چینە بۆرژواکانی کۆمەڵگە، دەبوونە هەوێنی شێعرەکانم و بەم ڕوانگەوە هاتمە دنیای ئەدەبییەوە. تەنانەت یەکەمین زیندانیش کە چووم، هەر لە پێناو ئەو خەباتە بوو کە لەو سەردەمدا بە بۆنەی ڕوانگە تایبەتییەکانی مارکسەوە لە مندا شکڵی گرتبوو. چەند ساڵێک بەم بۆنەوە لە زینداندا مامەوە و دوای ئەوەش چەند جارێک بە بۆنەی بابەتی دیکەی وەکوو بابەتە نەتەوایەتییەکان کەوتمەوە زیندان و ئەم زیندان چوونانەم بووە هۆی ئەوەی لەگەڵ کەسایەتییە گەورەکانی ئەو سەردەمە و بەرهەمە ناوازەکانیان ئاشنا ببم. لە سەردەمی شۆڕشی سپیی ئێراندا کە ڕیفۆرمخوازییەکی جددی شکڵی گرتبوو، لە قوتابخانە و بەندیخانە، یەکێک لەو کەسانە بووم کە هەمیشە بانگەشەی ئەو خەباتە تازە لەدایکبووەم دەکرد و جاروباریش شێعرم لەو بارەیەوە دەنووسی و دەمخوێندەوە. ئێمە ئاوا گەورە بووین: بە زیندان و شاربەدەرکران و گرتن و ئەشکەنجە. منیش وەک زۆرێک لە شاعیرانی کوردی ئێرانی، لە خوێندنەوە و نووسینی شێعر بە زمانی فارسییەوە دەستمپێکرد. کەم کەم لەگەڵ شاعیرانی ناسراو و نەناسراوی ئەو سەردەمەی ئێران، پێوەندیم دروست کرد و لە کۆبوونەوەکاندا شێعرم دەخوێندەوە. تەنانەت جارێک چەند شێعرێکم بۆ ئەحمەدی شاملوو خوێندەوە (بە پێکەنینەوە) کە زۆر بە دڵی نەبوو، گوتی لەو شێوازە شێعرییە وەرە دەر، کاتی خۆت بەفیڕۆ مەدە لەوە زیاتر. لەگەڵ کەسانی دیکەش وەک خوسرەوی گوڵسورخی پێوەندی باشم هەبوو. چونکە شەو و ڕۆژ بە شوێن جەرەیانی سیاسیی ڕۆژی ئێرانەوە بووم و دەمویست سەری لێ دەربهێنم. نەک بە مەبەستی ئەوەی کە داخڵ بەو جەرەیانانە ببم، نا. زیاتر بە مەبەستی ئەدەبیات و شێعر وام دەکرد و دەمویست کار بکەم. نزیکیش بوومەوە لێیان. بەڵام کە لەگەڵ زمانی زگماکی خۆم ئاشنا بووم و زانیم بەو زمانە جوانتر و باشتر دەتوانم شێعر بنووسم، لەو جەرەیانانە دوورکەوتمەوە و زیاتر هاتمەوە بەرەو هەستە نەتەوایەتییەکانی خۆمان کە بە هەموو شێوەیەک پامال کرابوون و لەبەرچاو نەدەگیران.

**ڕووداو: سەرەتا کە دەستتان کرد بە نووسین بە زمانی کوردی، شێعرەکانتان لە چ ڕێگایەکەوە بڵاودەکردەوە؟**

**مەلەکشا**: ئەو سەردەمە نە گۆڤارێکی وەها هەبوو کە تایبەت بێ بە شێعر و بابەتی کوردی، نە کەسیش بە جۆرێکی جددی بیری لە چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب دەکردەوە. زۆرتر لە کۆبوونەوە و ڕێوڕەسمە سیاسییەکان بوو کە جاروبار هەلێک دەرەخسا بۆ کەسانێکی وەک من شێعرێک بخوێنینەوە. ساڵانێکی زۆر دوای ئەوە کە کەم کەم گۆڤاری کوردی هاتنە ئاراوە،

منیش لە گۆڤار و هەفتەنامەکان نزیک بوومەوە. ئەگەرچی زیاتر لەڕووی باندبازی و کەس و ئاشنا و ڕۆشناوە کارەکان چاپ دەکران، بەڵام من زۆر پێشتر لەوە و لە سەردەمی فارسی نووسینمدا، چەند کەسێکم پەیدا کرد کە بتوانم لە ڕێگەی ئەوانەوە خۆم دەرخەم. یەکیان حەسەنی موزەییەن بوو، یەکیشیان عەلیڕەزا تەبایی. ئیسماعیل خوویی و نووری عەلاش کەسانێک بوون کە زۆر هەوڵیان دەدا یارمەتیم بدەن لەو بوارەدا. گۆڤارێکی بەرشکەستەمان گرتەخۆ بە نێوی "ئومیدی ئێران" کە بە شێوازێکی جددی توانیمان گەشەی پێ بدەینەوە و ناوی بخەینەوە نێو ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمەی ئێران و تەنانەت تیراژی گۆڤارەکەش تا ئاستێکی باش چووە سەر. هەر ئەو کارە بووە هۆی ئەوەی کە تا ڕادەیەکی باش بناسرێم و لەو ماوەدا کەسانێکی جددی داوای بابەتیان لێکردم بۆ چاپ. ئەوە بۆ من زۆر سەرسوڕهێنەر بوو. لەو کاتەدا خوسرەو گوڵسورخیش لەگەڵ خێزانی گۆڤارێکی چاپ دەکرد بە نێوی "ڕازی گوڵی سوور" کە گۆڤارێکی زۆر پرۆفێشناڵ بوو. هەموو ژمارەیەک بابەتی منی چاپ دەکرد و بە تایبەت ژمارەی شەش یا حەوت بوو کە دۆسییەیەکی تایبەتی لەسەر من کردبووەوە و تێیدا کەسانێکی زۆر لەسەر شێعرەکانم نووسیبوویان و ژمارەیەکی باشی شێعرەکانیشمی پاشکۆی دۆسییەکە کردبوو کە بە گشتی نزیکەی ٤٠ لاپەڕەیەکی دەگرتەوە. گوڵسورخی خۆمی خۆشدەویست و تەنانەت چەند جاریش هاتە ماڵمان و زۆر نزیک بووین پێکەوە.

لە بواری ناسرانی شێعرەکانیشم بە زمانی کوردی، دەتوانم بڵێم زیاتر لە دوای شۆڕشی ئێرانەوە و بە تایبەت لە گۆڤاری سروەی ئەو سەردەمەدا بوو کە ئاوڕێکی باش و جددیی لە ئەدەب و هونەری کوردی دەدایەوە. زۆربەی ژمارەکانی سروە بابەتی من تێدابوو، ماوەیەکیش تەنانەت هاوکارییەکی جددیی ئەو گۆڤارەم کرد و هەر ئەوە بووە هۆی ئەوەی کە شێعرەکانی من بە زمانی کوردی زیاتر ئاوڕیان لێبدرێتەوە و تەنانەت کەسایەتییە گەورەکانی ئەدەبی کوردیش لوتفی خۆیان نواند و لەسەر کارەکانی من قسەیان کرد. سەردەمێک لەگەڵ خوالێخۆشبوو مارف ئاغایی بە شوێن کۆبوونەوە و ساغکردنەوەی کارەکانی سوارەی ئیلخانیزادە کەوتین و توانیمان لەو بوارەشدا زۆر کار بکەین. بە گشتی هەموو ئەو هەوڵانە بوونە هۆی ئەوەی کە کەم کەم لەنێو کۆمەڵگەی ئەدەبدۆستی کوردیدا جێگە و پێگەیەکی دیار بەدەستبهێنم و شێعرەکانم ئاوڕی جددییان لێ بدرێتەوە.

**ڕووداو: چەنێک لەو گۆڕینی زمانی نووسینە خۆشحاڵیت و ئایا هەست دەکەیت بەو کارە غەدرت لە خۆت کردووە یان نا؟**

**مەلەکشا**: من نەک تەنیا پەشیمان نیم لەو کارە، بەڵکوو زۆریش شادمان و رازیم. چونکە ئەوەی ڕاستی بێ ئێمە تەنانەت ئەو کاتەش کە خەریکین بە زمانێکی دیکەی جگە لە زمانی خۆمان دەنووسین، لەڕاستیدا خەریکین خۆمان تەرجەمە دەکەینەوە و ئەو جۆرەی کە زمانی دایکیمان شارەزای هەموو کەلوکونەکانی بیروهزری مرۆڤانەی ئێمەیە بۆ دەربڕینی هەست و سۆزمان، زمانێکی دیکە ناتوانێ ئەو کارەمان بۆ بکات. هەموو هەستێکی ئێمە بە زمانی دایکیمانە و هەر بەو زمانەیە کە

وەرگری ئێش و ئازارەکانمان و خۆشحاڵی و شانازی و سەربەرزی و دیکەی هەستەکانمان دەبین. کەواتە تەنیا بەو زمانەشە دەتوانین بە باشی بەیانی بکەینەوە. زمانی ئێمە زیاتر پێویستی بە کار و خزمەت هەیە و دەبێ هەرکام لە ئێمە لە جێگەی خۆمانەوە هەوڵی بۆ بدەین کە زیاتر گەشەی پێ بدەین و ڕازاوەتری بکەین. بۆیە هەرگیز پەشیمان نیم لەوەی ڕێگەی خزمەت و گەشەدان بە زمانی دایکیم هەڵبژارد و لەم ڕێگەیەشدا ڕەنگە چەرمەسەری و لەمپەرگەلێکی زۆرم لەسەر ڕێ بووبێ، بەڵام ئێستا کە ئاوڕی لێ دەدەمەوە، پڕ بە دڵ ڕازیم لە هەموو ئەو ئازارانەشی لەپێناو ئەو زمانەدا کێشاومە.

**ڕووداو: لە پێشانگای کتێبی ئەمساڵی سنە کە لەم ماوەدا بەڕێوەچوو، کتێبی کۆی بەرهەمەکانی بەڕێزتان وەکوو کتێبێک کە لەنێو کتێبەکانی دەزگای چاپی پانیزدا زیاترین فرۆشی هەبوو، ناوی برا، هەروەها کتێبی کارەساتیش لە ڕیزی سێیەمی دەزگای کالێجدا ناوی هاتبوو. بە گشتی ئەمساڵیش و زۆرێک لەو ساڵانەی کە کتێبەکانی بەڕێزتان لە پێشانگای کتێب پێشکەش کراون، فرۆشێکی باشی بووە و پێشوازییەکی بێ وێنەی لێ کراوە. ئەم پێشوازی و فرۆشە باشە، هیچ داهاتێکی بۆ ئێوە هەیە؟ یاخود بڵێم ئەو دەزگایانەی کە کتێبەکانی بەڕێزتان چاپ و بڵاودەکەنەوە، لە داهاتی فرۆشی ئەو کتێبە کە جاری وایە بە چەندین چاپ دەگات، بەشی ئێوە چۆن حسێب دەکەن؟**

**مەلەکشا**: بەڵێ. ئەوە زۆربەی ئەو کتێبانە کە ئەمساڵ ئەو فرۆشە باشەیان هەبووە، چاپی دووهەم و سێهەم و تەنانەت پێنجەمیشی بووە. بەڵام بە داخەوە بەشی ئێمە لەو پێشوازییە باشانەی کە لێیان دەکرێ، لە سەدا دە و دوازدەیە و ئەمە زۆر بەشێکی کەمە بۆ کەسێک کە بە ڕاستی ماندوو دەبێ بە بەرهەمهێنانی ئەو کتێبەوە و دەکرێ بڵێم بۆ کەسێک کە تەمەنی خۆی لەسەر نووسینی شێعر داناوە و هەموو ئەو شێعرانەش دەبن بە کتێبێک کە داهاتی ڕەنج و ئێش و چەرمەسەریی ژیانێتی، بەڵام خۆی بەشێکی زۆر کەم لە لایەنە پڕۆزەتیڤەکەی — کە چاپ و بڵاوبوونەوە و فرۆشی کتێبەکانە- دەستی دەگرێت. بە گشتی بارودۆخی هەموومان وایە و هیچمان لەوە باشتر نین، تازە دەکرێ بڵێم کە ئەو بەشە دە دوازدە لە سەدییە، بۆ من ئاوا حسێب دەکرێ، ئەگینا بۆ شاعیران و نووسەرانی دیکە زۆر لەوە کەمترە و ڕەنگە هەر نەشبێت. بەڵام چاری ناچارە و هیچی لەگەڵ ناکرێ. وایان لێکردووین تەنیا بەوە ڕازی بین کە شکور کتێبەکانمان چاپ دەبن و دەچنە بەردەستی خوێنەر، ئیتر هیچیشمان لێی دەستنەکەوت، کێشە نییە. ئەمە فەزای ناپڕۆفێشناڵبوونی ئەدەب و کولتووری لەم وڵاتەی ئێمەدا و هیچیشی لەگەڵ ناکرێ. هەڵبەت هەندێک لەو وەشانخانانە باشترن و بەشێکی زیاتر بۆ من حسێب دەکەن، بەڵام بە گشتی کێشەکە هەر هەیە و چارەسەری ئەستەمە.

**ڕووداو: لە باشوور - لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی- و لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشەکانی ئەوێوە، تا ئێستا هیچ پێشنیارێک بۆ چاپی کتێبەکانتان هەبووە؟ بە تەما نین ڕۆژێک لە ڕۆژان کۆی کتێبەکانتان لەوێش چاپ بکەن؟**

**مەلەکشا**: بێگومان. تا ئێستا لەلایەن دۆستی ئازیزمەوە کاک ئازاد بەرزنجی لە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چەند جارێک پێشنیاری ئەوەم پێدراوە کە ئەو کارە بکەم. بەڵام بەداخەوە هەر جارەی بە بۆنەیەکەوە، دواکەوتووە و نەکراوە. بە دڵنیاییەوە لە باشوور ژمارەیەکی باشی خوێنەری ئەدەبیمان هەیە کە زۆربەی ئەو خوێنەرانە بە جۆرێک لەگەڵ شێعرەکانی من ئاشنان و خوازیاری کتێبەکانم هەن. بەڵام بەداخەوە بەهۆی نەخۆشی و نەتوانینی منەوە، تا ئێستا نەکراوە بچمە ئەوێ و گرێبەستیان لەگەڵ بکەم بۆ چاپی کتێبەکانم. هەڵبەت چەند ساڵ لەمەوبەر چووم و تەنانەت لەلایەن بەڕێز مەسعود بارزانیشەوە پێشنیاری مانەوەم پێدرا و تەنانەت ماڵ و ژیانێکی باشیشیان خستە ئیختیاری خۆم و دایکمەوە، بەڵام نەمتوانی و بەهۆی ئەوەی کە دڵم تەنیا لەم شارە ئۆقرە دەگرێت و دەحەسێتەوە، گەڕامەوە.

**رووداو**: ئەگەر جارێکی دیکە لەدایک ببیتەوە، ئامادەی دیسان ببیتە شاعیر؟ پێت خۆشە ئەگەر وابوو، بە چ زمانێک لە دایک ببیتەوە و ببیتە شاعیری چ زمانێک؟

**مەلەکشا**: ئەرێ و نا. بێگومان، ئەگەر جارێکی دیکە لە دایک ببمەوە پێمخۆشە ببمە شاعیر، بەڵام نەک شاعیرێک کە شێعر دەنووسێ. من لە شاعیربوون پەشیمان نیم. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ هەموو خواست و حەزی من ئەوەیە ئەگەر جارێکی دیکە لەدایکبوومەوە، شاعیر نەبم. واتە لە ڕێگەی شێعر نووسینەوە نەژیم. بەڵکوو حەزم لە کشتوکاڵە و خۆزگەم دەخواست لە گوندێک لە دایک ببمەوە کە هەر لە منداڵییەوە خەریکی کشتوکاڵ بم، بەڵام بە ڕۆحێکی شاعیرانەوە. شاعیربوون ژیانی منی بە قوڕدا بردەخوار و هەرگیز هیچ خزمەتێکی ئابووریی بە من نەکرد. بەڵکوو ئەوەشی کە بووم لێی سەندم و لە ڕێگەی ئەدەب و شێعر و کتێبدا، پێی خەرج کردم. بۆیە پێم خۆش نییە ببمەوە بە شاعیر، بەڵام ئاواتم ئەوەیە ئەگەر جارێکی دیکە ئەو هەلەم بۆ بڕەخسێ، جووتیارێکی شاعیر بم.

سەرچاوی: ماڵپەڕی روداو - ڕێکەوتی: ٣٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

# جەلال مەلەکشا، شاعیری کەڵکەڵە ناسکەکان



**وریا رەحمانی**

ئەگەر قەرار بێ لە دەلاقەیەکی رۆژهەڵاتیەوە سەیری گەشەی شێعری کوردی (سۆرانی) لە بەستێنی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردەواری دا بکەین، پێویستیی لەبەرچاو گرتنی سێ قۆناغی جیاواز بەڵام زنجیرەیی و بە دوای یەکدا بە گشتی خۆی دەنوێنێ. دیارە لە نێو هەر کام لەم قۆناغە گشتیانەدا کە هەرکام خوڵقێنەری شێوازگەلێکی جیاواز و جێی سەرنجی تایبەتی ئەدەبین، کۆمەڵێک قۆناغ و شێوازی بچووک و لاوەکی‌تریش بوونیان هەیە کە رەنگە لە پێوەندیەکی ئۆرگانیکی تایبەت لەگەڵ باسەکەی ئێمەدا نەبێ.

١- قۆناغی شارەزووری

٢- قۆناغی موکریانی

٣- قۆناغی ئەردەڵانی

**قۆناغی یەکەم**، کە لەگەڵ شێعری شاعیرانێکی وەکوو نالی، سالم، کوردی و... دەست پێدەکا و بە شێعرە پاراوەکانی مەحوی، شێخ رەزا، حەمدی و... درێژە دەکێشێ، لە لاپەڕە زێڕینەکانی شێعر و ئەدەبی کوردی بە حیساب دێن. لە تایبەتمەندیە دیارەکانی ئەم شێوازە کەڵکوەرگرتنی زۆر لە وشە و چوارچێوەکانی شێعری عەرەبی‌یە کە بە هۆی نزیکبوونی شاعیرەکانی ئەم شێوازە لە فەزا و جوغرافیای عەرەبی، خۆی شتێکی سرووشتی بوو.

**قۆناغی دووهەم**؛ لە »سەیفولقوزاتی موکریانی»یەوە دەست پێدەکا و لە سەر دەستی شاعیرانێکی وەک سەید کامیل، خاڵەمین، میسباحوددیوانی ئەدەب و... درێژە بە کاری خۆی دەدا و لە شێعری هێمن و سوارە دا ئیتر بەو پەڕی خۆی دەگا و دەدرەوشێتەوە. شێعری ئەم قۆناغە فەزایەکی کوردیتری هەیە و هەوڵ دەدرێ لە زیاترین وشە و هێما و بەستێنی کوردی کەڵک وەرگیرێ و لە بواری ناوەرۆکیشەوە نیشتمانیانەترە و وڵات و نەتەوە وەک دوو توخمی سەرەکی تێیدا بەرجەستە دەبێتەوە.

**قۆناغی سێیەم**؛ کە بەتایبەت لە دەورانی دوای بە ئاکام گەیشتنی شۆڕشی ئیسلامییەوە دەست پێدەکا و مەبەستی سەرەکیی نووسینەکەی ئێمەشە لە ناوچەکانی سنە و ئەردەڵان و بە گشتی ناوچە باشووریترەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دا خۆی دەبینێتەوە و لە شێعری شاعیرانێکی وەک؛ شەریف حوسێن پەناهی، رەحیم لوقمانی، حەمەساڵە سووزەنی، جەلال مەلەکشا، فەرەیدون ئەرشەدی و... دا خۆی نیشان دەدا. فەزای گشتیی شێعری ئەم دەورانە زەرافەتێکی زمانی و ناوەرۆکیی وردتری تێدا هەیە و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی نێو کۆمەڵگای کوردستان زیاتر بەرجەستە دەکاتەوە. ئەگەر لە قۆناغی موکریانیی شێعردا پرسی نەتەوەیی و نیشتمانی زیاتر ئاقارێکی بەرخۆدانی و بەراوردکارانەی لە پێوەندی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەدا هەبوو، کەچی لەم قۆناغی سێیەم دا شێعر پتر لە هەموو شتێک وەک ئەرزشێکی زمانی و بە دیدێکی جوانی ناسانەوە دەوری هونەری خۆی دەگێڕێ و پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان لە دەروونی کەڵکەڵە و داخوازییەکانی شاعیرەوە وەک کوردێکی پێگەیشتوو دەکەونە روو. لێرەدا ئیتر کوردبوون بە واتا مرۆڤیەکەیەوە ناوەندیەتیی تایبەتی خۆی هەیە و لە ناوەندی ناوئاخنی شێعرییەتەوە دادەنرێ. شاعیر و نووسەری ئەم قۆناغە چیتر لە روانگەیەکی دەرەکییەوە سەیری بایەخی وجودیی خۆی ناکا و بە پێچەوانەوە تا رادەیەکی زۆر ئەم روانینە دەروونیتر دەبێتەوە و هەوڵ دەدا کە خۆی وەک خۆی بنرخێنێ و باسی بکا. لە پانتایی قۆناغی سێیەم دا ئیتر شاعیر روانگەیەکی گشت بە تاکی نییە و هەوڵ دەدا (بە واتا فەلسەفییەکەی) دیدێکی تاک بە گشتی هەبێ و لەو رەهەندەوە سەیری خۆی و باوەڕ و ئامانج و بایەخ و نەتەوە و نیشتمانەکەی دەکات. «جەلال مەلەکشا» یەکێک لە شاعیرە هەرە بەرز و قەڵەمە بە تواناکانی ئەو قۆناغەیە کە بە حەقیقەت وەک شاعیرێکی لێهاتووی خاوەن ئەزموونێکی بە نرخ شوێنی تایبەتیی خۆی هەیە.

لە شێعری «سەفەر»دا وەها بە شێوەیەکی هونەرمەندانەوە لە چوارچێوەی خۆزگە و ئاواتێکی رەوای خۆیدا بۆ کاوەی کوڕی، سنوورەکانی زەمانی و مەکانی تێک دەشکێنێ و وێنای نیشتمانێکی پیرۆز کە هەمان کوردستانی گەورە بێ دەکێشێتەوە، کە کاریگەرییەکی بێوێنە لە سەر خوێنەر دادەنێ و شێعرێکی لە قەوارەدا کورت بەڵام لە حەقیقەت و ناوەرۆک دا بێکۆتایی و مەزن دەخوڵقێنێ.

**ئاخۆ بڵێی ئەم رۆژە بێ**

**کاوەی کوڕم**
**جانتای سەفەر کاتە شانی،**
**دەڵلاڵانی دەم گاڕاجی شاری سنە**
**هاوار بکەن؛ سلێمانی... سلێمانی.**

«جەلال مەلەکشا» لە دایکبووی ساڵی ١٣٣٠ی هەتاوی لە گوندی «مەلەکشا»ی سەر بە شاری سنەیە. دیپلۆمی ئینسانیی هەیە و هەر لە کاتی مێرمنداڵی و لاوییەوە هۆگری شێعر و ئەدەبیات بووە و دەستی بە نووسین کردوە. لە سەرەتاوە بە فارسی دەینووسی و نووسینەکانیشی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە بەناوبانگەکانی سەردەم دا بڵاو کردۆتەوە. بە هۆی چالاکیی سیاسی لە سەردەمی پاشایەتی دا چەند ساڵ لە زیندان بووە و بەشێکی زۆر لە کارە جوانەکانی بەرهەمی ئەو دەورانەن. لەگەڵ بە ئاکام گەیشتنی شۆڕشی ١٩٧٩ بەرەبەرە رووی کردە شێعر و نووسینی کوردی و بەرهەمەکانی بڵاو کردەوە. ئەو شاعیرە هەست ناسک و ئەو مرۆڤە خۆشەویستە لە سەردەمی کۆماری ئیسلامییش دا دیسان چەند ساڵی دیکە دەکەوێتە زیندانەوە. پاشان بۆ ماوەی ١٤ ساڵ وەک ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری «سروە» دەبێتە کارمەندی ناوەندی سەلاحەدینی ئەییوبی و بەرپرسایەتیی بەشی شێعر و چیرۆکی لە ئەستۆدا دەبێ. ماوەیەک دەبێتە سەرنووسەری گۆڤاری «پرشنگ» لە هەولێر و ٥ ژمارەی لێ دەردەکات. شێعر و نووسینەکانی بە چەند زمانی بیانی وەک ئینگلیزی، فەرانسەوی، رووسی، عەرەبی و فارسی وەرگێردراوەتەوە. بەداخەوە زۆربەی بەرهەمەکانی ئەم شاعیرە بەتوانایە (چیرۆک، شێعر، ڕۆمان، وتار و...) هێشتاش مەودای چاپ و بڵاوکردنەوەیان بۆ نەڕەخساوە و تەنیا کۆمەڵە شێعرێکی بە ناوی «زڕەی زنجیری وشە دیلەکان» لە تویێ کتێبێکی ٢٠٤ لاپەڕەیی دا بڵاو بۆتەوە

دوشنبه نهم بهمن ١٣٩١

سەرچاوە: ویبلاگی نووسەر

## جەلال مەلەكشا قەڵەمێكی پڕ هاوار



شەماڵ ئیسماعیل پوور

پێش شۆڕشی گەلانی ئێران هەر ئەو كاتانەی كە بێ كتێبی چاپ كراو و بێ بەرهەمی بە كتێب كراو دەبێتە ئەندامی كانوونی نووسەرانی ئیران، نیشانە و هێمایە بۆ چالاكی و ئەكتیڤ بوونی جەلالی مەلەكشا. ئەو شاعیر و نووسەرەی كە ئێستا یەكێك لە قەڵەمە پڕ هاوارەكانی گەلی كوردە. جەلالی مەلەكشا لە دوو بواری شیعر و چیرۆكدا بەرهەمی هەیە، وەكوو بۆ خۆی دەڵێ ئەو كاتانەی توانیویەتی بە وشەی سێحراوی و كورت و پڕهەست مەبەستی خۆی دەرببڕێ چۆتە هەواری شێعرەوە و كاتێكیش بە بابەتە دوور و درێژ و ئاو هەڵگرەكانەوە خەریك بووە، لە چوار چێوەی چیرۆكدا خۆی دیتۆتەوە. ئەو پێی وایە بۆ نووسینێكی پتەو چیرۆك شیاوترە.

مامۆستا جەلال بۆ ئەخلاق و دەردی خەڵك و ئازادی كۆمەڵگا دەنووسێ. شاعیرێكی ئازار دیتووە. هەمیشە ئازار بەشێك لە ژیانی داگیر كردووە. تەنانەت ئەو كەسانەی كە لە نزیكیشەوە نەیناسن بە بەرهە مەكانیدا پەی بەو ئازارانە دەبەن و هەستی دەكەن. جەلالی مەلەكشا شاعیری عەشق و مێهرەبانییە، قەلەمێكی عاشقە و هەرگیز بۆ نان و ناو هەڵنەسووڕاوە. ئەو دەڵێ مرۆڤەكان یان عاشقن یان بازرگان. بۆ خۆی ئاشقێكی بێ بەراتی ئاو و خاك و نیشتمانە. سەوداسەرێكی كەم وێنەیە؛ شەڵاڵی خوناوی سپێدەی ئەوین؛ رێبوار ئاستەنگە ڕێ و دەروێشی خانەقای خۆشەویستی. لە نێو ئەو هەموو خوێن و شەڕ و نائارامی و بێ بەشی و خانەخەرابییەدا، لە دووی ئاشتی وێڵە و ئاشتیخوازێكی لاشەڕە. هەر وەك خۆی دەڵێ لەم كۆتاییانەدا لە فەلسەفەیەكی قوڵی ژیان ڕۆچووە و زۆرتر باس لە مەرگ و ژیان دەكا. لە شێعری هەتا لووتكە چەندی ماوەدا خۆی وەك سێزیف دێتە بەرچاو و لە رەنجێكی ئەبەدی دەدوێ. ئەو رەنجەی كە مرۆڤ بەردەوام بۆ بە لووتكە گەییشتن بە گیان كڕیویەتی.

ئەم شاعیر و نووسەرە مەزنە ماوەی سێزدە ساڵ ئەندامی نووسەرانی گۆڤاری سروە بووە و وەک ڕۆژنامەوانێکی لێزان خزمەتی بە فەرهەنگ و ڕۆشنبیری گەلەکەی کردووە. لە ماوەی ئەو ساڵانەدا لە گەڵ هاوکارانی لە سروەدا ، مامۆستای قوتابخانەیەک بوون کە سەدان لاوی کوردیان پێگەیاند و شۆڕشێکی فەرهەنگی بەرچاویان هێنا ئاراوە. ئەم خزمەتە هێندە بەرچاوە کە بۆ هەتاهەتایە ناوی جەلالی مەلەکشا بە بەرۆکی مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردییەوە دەمێنێ.

جەلالی مەلەکشا شاعیرێکی زۆر خوێندەوارە و لە زۆربەی ئەفسانە و ئوستوورەکان دەزانێ. زۆربەی ئەو زانستانە لە شێعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. بەشیک لە شێعرەکانیشی ئاوێنەی تراژدیای عەشقن . ئەو عەشقەی کە شاعیر هەرگیز سڵی لێ نەکردووە . مامۆستا جەلال هەمیشە بۆ خزمەت و فەرهەنگی خۆی دەروەست و خاوەنی دڵێکی گەورە بووە . ئەم دڵە گەورەیە ئێستا بە ئازار و دەردی نەخۆشییەوە دەتلێتەوە و لە داوێنی ئاویەری وەک خۆیدا دیسان چاوی لە لووتکەیە و بەردەوام دەپرسێ تا لووتکە چەندی ماوە؟ خۆزگا زایەڵەی دەنگی پێی مەرگ، لە داڵانی دلییەوە نەیەت و هەنگاو هەنگاو بگاتە لووتکە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی واکاوی - ڕێکەوتی: ٢٩ی مای ٢٠١٨

# گوزەرێک بە ناو ژیان و کارەکانی جەلالی مەلەکشا دا

## جەلالی مەلەکشا، ئەگەر جەستەی نەخۆش بێت شیعرەکانی نەخۆش ناکەون




**یەحیا سەمەدیی**

جەلالی مەلەکشا شاعێرێکی بەناوبانگی کوردە، ساڵی ١٩٥١ زایینیی لە گوندی مەلەکشا سەر بە شاری سنە لە دایکبووە. هەر لە شاری سنە خویندوویەتی و پەروەردە کراوە، مامۆستا جەلال مەلەکشا، لە سەرەتاوە بە فارسی شیعر و پەخشان و چیرۆکی دەنووسی و لەبەر هێز و پێزی لە نووسیندا بە بێ ئەوەی کتێبی چاپکراوەی ببێ، دەبێتە ئەندامی"کانوونی نووسەرانی ئێران"

پاش ساڵی ١٣٥٧ (١٩٧٩ زاینی) لەغاوی قەڵەمی دەگێڕێتەوە بۆ نێو زمانی کوردی و لە کوردیشدا سەرکەوتنێکی بەرچاوی دەبێ. بۆ ماوەی ١٥ ساڵ وەکو نووسەر و ڕۆژنامەوان دەبێتە ئەندامی گۆڤاری سروە و بە ڕاستی پەرە بە زمان و ئەدەبی کوردی ئەدات.

شیعرەکانی جەلالی مەلەکشا تا ئێستا بە زمانەکانی فارسی، عەرەبی، ئینگلیزی، سوێدی و..وەرگێڕدراون.

مامۆستا جەلال ئێستا ١٣٩٧ ک.ه) ( ٢٠١٨ زایینیی) لە شاری سنەیە و هەرچەند کەوتوەتە بەر تووکەشەقی چارەنووس و نەخۆشە و تۆزێ وەزعی جەستەیی باش نییە، بەڵام بێ گومان جەلال لەو نووسەرە دەگمەنانەیە کە قەد قەڵەمی

نەبردوەتە قوربانگای نان و ناو و دەسەلات، ئەگەر جەستەی نەخۆش بێ، شێعری نەخۆش ناکەوێت.

مامۆستا زۆربەی شێعرەکانی بەرز و جوانن و بۆ نموونە دوو شێعری «هەتا لووتکە چەندی ماوە؟» و «داستانی دارە پیرە» لە شیعرە بە ناوبانگەکانی کاک جەلالن کە لە کتێبەکەی "زرەی زەنجیری وشە دیلەکان" چاپ کراوە.


لە بواری ڕۆژنامەگەری؛ بەرلە ساڵی ١٩٧٩ لە ڕۆژنامە فارسییەکان لە تاران ئیشی کردووە وەک:. کەیهان و چەند ڕۆژنامەیەکی دیکە. لە کوردیشدا لە سەردەمی مامۆستا هێمن دا چووەتە گۆڤاری سروە تا ئەو کاتەی وازیان لەو گۆڤارە هێنا، ماوەی پانزە ساڵ کار دەکات. هەر لە سەردەمی سەرنووسەریی ڕەحمەتی کاک ئەحمەدی قازی دا لەگەڵیان بووە تا ماوەی ١٥ ساڵ. پاش ئەو ماوەیە و بە هەر هۆیەک بووە دەستیان لەو گۆڤارە کێشایەوە. کاک ئەحمەدی قازی لەوێ بووە، کاک مارف ئاغایی، سەرتیپ جەعفەری، ڕەحیم سورخی، ڕەحیم لوقمانی، سالح سوزنی و...ئەمانە کە هاوکاریان لەگەڵ گۆڤارەکە نەما و بە ناچار ئەو گۆڤارە کەوتە دەستی کەسانێک کە شارەزاییان لەو کارەدا نەبوو، یان ئەوەی کە پابەندییەکیان نەبوو، یان مەبەستێ تریان بوو و زۆر بایەخیان بە کارەکە نەدەدا و هەر بۆیە ئەو گۆڤارە زۆر زوو لە کیس چوو.

لەو سەردەمەی قازی و جەلال و ئەو کەسانەی کە ئاماژەیان پێ کرا لەو گۆڤارە بوون بە شاهیدی دۆست و دوژمن خراپ نەبوو. بە هەر حال بە باوەڕی هەندێ کەس، بوونی لە نەبوونی زۆر باشتر بوو و لە ئاستێکی بەرزدا کاریان دەکرد و سروە بوو بوو بە هەوێنی خزمەت لە زۆر بواردا و خزمەتێکی باش و زۆری بە زمان و ئەدەبی کوردی کرد. دوای سروە کاک جەلال بۆ ماوەیەکی زۆر وازی لە چالاکی ڕۆژنامەوانی هێنا و تا حەفتاکان و پێم وایە لە ساڵی ١٣٧٨ (١٩٧٨ زایینیی) بوو کە بانگهێشت کرا بۆ هاوکاری لەگەڵ ڕۆژنامەی جام جەم و ئەوش بڵاوکردنەوەی لاپەڕەکانی تایبەت بە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و چەن ساڵ لەوێ خزمەتی کرد.

ماوەیەکیش لە شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانی عێراق لە گۆڤاری پرشنگ سەرقاڵی کاری ڕۆژنامەوانی دەبێت. لە شاری سنەش لەگەڵ چەند حەوتەنامە و گۆڤاردا کار دەکات. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بە دڵی نەبووە و ئیدی تاقەتیشی نابێ و وەکوو کارێکی هەمیشەیی لەگەڵیان هاوکاریی ناکات.

**جەلالی مەلەکشا، ماوەیەکە بە هۆی نەخۆشییەوە ئیدی تاقەتی کاری ڕۆژنامەوانی و چالاکی فەرهەنگی نامێنی و ئیتر چەن ساڵە خانەنشینە و لە ماڵی دایکی لە سنە دەژی و هاوسەر و کوڕەکانیشی لە ورمێ دەژین.**

ماوەیەکیشە بە هۆی نەخۆشییەوە ئیدی تاقەتی کاری ڕۆژنامەوانی و چالاکی فەرهەنگی نامێنی و ئیتر چەن ساڵە خانەنشینە و لە ماڵی دایکی لە سنە دەژی و هاوسەر و کوڕەکانیشی لە ورمێ دەژین.



جەلالی مەلەکشا . شاری سنە

جەلالی مەلەکشا هەر لە تەمەنی لاوەتی و سەرەڕای ئەوەی کە هیچ بەرهەمێکی چاپکراو وەکوو کتێبی نەبوو، دەبێ بە ئەندامی کانوونی نووسەرانی ئێران، لەو کاتەدا زۆرێک لە شاعیران و نووسەرانی گەورەی ئێرانی لەو کانوونەدا ئەندام بوون. شاعیران و نووسەرانێک وەکوو ئەخەوانی سالس، ئەحمەدی شاملوو و جەلالی ئالی ئەحمەد و مەحموود ئیعتماد زادە و هووشەنگ گوڵشیری و کەسانی تر و ئەوان خۆیان دامەزرێنەری کانوون بوون و پاش ئەوانیش کانوون بەردەوام بوو لە کار و چالاکییەکانی و زۆربەی شاعیر و نووسەرانی توانا و ناودار ئەندامی کانوون بوون. لەو کاتەدا بابەت و نووسینی کاک جەلال لە چیرۆک و شێعر لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان بڵاودەکرایەوە و لە حاڵێکدا هیچ کتێبێکی لە چاپ نەدرابوو و ڕێگە بە چاپ کردنی کتێبی نەدرابوو.

لەگەڵ ئەحمەدی شاملوو ئاشنایەتی هەبووە، زۆر شتی دەنووسی و بۆی دەنارد و لە گۆڤاری جومعەدا بڵاوی دەکردەوە. زۆرێک لە شێعر و نووسینەکانی خۆی بۆی دەنارد و وەڵامی دەدایەوە.


جارێکیان لە یەکێک لە دانیشتنەکاندا نەمر شاملوو لە هەڵسەنگانی نووسینەکانی کاک جەلال وەکوو پێداهەڵگوتنێ لە سەری لە یەک دوو ڕستە دا دەڵێ: مەلەکشا شاعێرێکی سادق و ڕاستبێژە و نووسین و شیعرەکانی هەر بەم شێوەیە سادقانەیە و هیوام وایە ببێت بە شاعێرێکی باش.



لە ڕاستەوە:: جەلالی مەلەکشا، نەجمەدینی غولامی، عەباسی کەمەندی

ئەوەی کە لە پێوەندی کاک جەلال مەلەکشا و مامۆستا ئەحمەدی شاملوو گرینگ بوو، وەرگێرانی شێعر و بەرهەمی کوردی بوو کە مامۆستا جەلال مەلەکشا لەو سەردەمە هەوڵی بۆی دەدا و دەیکرد و وەرگێڕدراوی بەرهەمی شاعێرانێک وەکوو شێرکۆ بێکەس، عەبدوڵلا پەشێو و لەتیف هەڵمەت لە گۆڤاری کتێبی جومعە شاملوو بڵاوی دەکردەوە.

**وەک بڵێین کاک جەلال دۆستایەتیەکی نێزیکی لەگەڵ شاملو بووبێت؛ نا وا نەبوو، لەو ئاستەدا بووە کە باسی کرا.**




دیوانە شیعری جەلالی مەلەکشا

جەلالی مەلەکشا یەکێک لەو ئەدیبانەیە کە هەم لە دونیای شیعردا بووە و هەمیش لە دونیای چیرۆکدا. لەهەر دوو بوار

کاری کردووە. بەڵام بە شێعر بەرهەمێکی جوانتر و زەریف تر و کاریگەرتری بە بەرهەم گەیاندوە و قەڵەمێکی بەهێزتری لە شیعردا بووە.

**خۆی دەڵێ: بە لای منەوە شێعرێک کە وێنە و خەیاڵی تێدا نەبێت، شیعر نییە و تەنیا نەزمە.**

ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ئەو تایبەتمەندیانەی کە هەست و بیری شێعری تێدا بێت و مانای شێعر بات و وەک بەرهەمێکی ئەدەبی ڕەنگ بداتەوە لە ئێستادا لای خەڵک و نووسەران و زانایانی بواری ئەدەب و شێعر پەسند بکرێ، مامۆستا جەلال گەیشتۆیە قۆناخ و دوایین مەنزڵی شێعری و کەسێکی خاوەن بەرهەم و بە مانای کلیمە شاعێرە. شاعێرە و لە ڕەوتی شێعری کوردی و تایبەتی لە کوردستانی ئێران ڕۆڵ و کاریگەری چاک و بە قازانجی بووە و ناوی قەد ون نابێ و تا شێعر و وشە و زمانی کوردی بمێنێ جەلال و شێعری جەلال یش دەمێنێ.

**نمونەیەک لە شیعرەکانی جەلالی مەلەکشا:**

من کە سوتاوی فیراقم ئیتر ناوم بۆ چییە
خەزنەداری گەنجی عیشقی تۆم دراوم بۆ چییە

کەم بە شمیێری برۆ قەسدی دڵی زارم بکە
من شەهیدم تیخی تیژی تازە سواوم بۆ چییە

من بە بەد ناوی لە دنیادا بەناو بانگم، بەڵام
یادو ناوی تۆم لە دڵ بێ، بانگ و ناوم بۆ چییە

وەک پڵنگی جەنگەڵی عیشقم بە سەربەستی دەژیم
زوڵف و چاوی تۆم هەبێ، زنجیر و داوم بۆ چییە

ئەم جیهانە چۆڵ و هۆڵ و من غەریبێکم نەناس
نیشتیمانی خۆم دەوێ، دنیای گڵاوم بۆ چییە

من لە تەنیایی گەلێک تەنیا ترم لەم شارە دا
ماڵی غەم هەر ئاوەدان بێ، ژاوە ژاوم بو چییە

بۆ فەرامۆشی بەرەو مەیخانە ڕاكێشم مەكەن
مەست و كەیلی ساغەری عیشقم، شەراوم بۆ چییە

من كە پەیمانم لەگەڵ ڕۆحی هەتاوا بەستوە
نازو غەمزەی وردە تیشكی ناو بە ناوم بۆ چییە

من موریدی حەزرەتی پەروانەم و غەرقی گڕم
نوری ڕوخسارم دەوێ، شەمعی شكاوم بۆ چییە..؟!

سەرچاوە: ماڵپەڕی دیپلۆماتیك مەگەزین - ڕێكەوتی: ٧ی جوونی ٢٠١٨

## جەلال مەلەکشا، شکۆی شێعری بەرگری



**«لە کازیوەی تەمەنتدا**
**ڕەنگت بۆ هەتاو بردوە**
**خونچەی دەمی ئاسۆ پشکووت**
**لە شێعرێکا کۆت کردەوە»...**

**باس و خواسی ئەم دێڕانە «جەلال مەلەکشا»یە. ئەم تاڤگە سۆما کەسکە لە سەرەتای خرۆشانەوە ڕواڵەتی بەهاری بە دێم و بەیار بەخشی و قاقڕیی لە هەناوی زەوی و زار خڕکردەوە و لە تویێ شێعر و داستانا**

**وەرزی سەردەمێکی زێڕینی چاند و، وەک ئەویندارێکی لێبڕاو، ئارام و قەراری لێهەڵگیراو، تەنیا لە تویێ کتێب و دەفتەرا حەسایەوە و سینگی سپیی کاغەزی بە وشەی جوان و شیاوی سەرنج پڕ کردەوە.**

**لەو سەردەمدا کە زمانی دایکی بێناز و، ڕێگەی خوێندنگە و زانکۆی لێ گیرابوو، هەست و خولیای جەلال لە فارسی نووسیندا یەک دەگرنەوە و گلێنەی ئەم ڕێزمانەش ڕوون دەکاتەوە. ئەحمەد شاملوو دەڵێ: «ئەگەر لە دوارۆژدا کەسێک لە شێعری فارسی بدوێ ئەوە جەلالی مەلەکشایە؛ جەلال لە «خودا»یانی شێعری فارسی و «ناخودا»ی ئەدەبیاتی کوردییە. » ئەم شاعیرە کە بە ڕوانینێکی ڕەخنەگرانەی نوێ و، ورد و وێچوویانە لە ئەدەبیاتی دەروانی و هەڵسەنگاندنی بۆ قالب و قەوسی برۆ و برژانگی وشەی خەیاڵیی شاعیر و قەڵەمبەدەستانی هاوچەرخی خۆی دەکرد، ببووە مایەی سەرنجی نووسەران**

و مەحەکی لێکدانەوەکان، ڕۆژبەڕۆژ بەرەوپێش دەچوو و بە شارەزایی تەواوەوە دەرکەوت و، وەک قەڵەمێکی دیار و بەرچاو هاتە گۆڕەپانی ڕووناکبیرانی ئێرانەوە و بوو بە ئەندامێکی کارای کانوونی نووسەرانی ئێران.

ئەو هۆنەرە هەست ناسکە و ئەوینداری هەژارانە، بۆ چرکەساتێکیش بیری لە بەرژەوەندیی خۆی نەکردەوە و لە هەمبەر بەختەوەری و ژینی خۆیدا سازشی لەگەڵ داگیرکەران و دیکتاتۆڕان نەکرد. جەلال ئەوکاتەی ئەقڵ و بیری بە ملکی خۆی دەزانی، کە بڵێسەی لە دەروون هەڵدەستاند و، وشەی یاخی و سەربزێوی بە هەستیدا دەخرۆشان و، وەک کوان و برین لە سەر دڵی تاریکپەرستان ڕەگ و ڕیشەیان دادەکوتا، ئاخر ڕازونیازی بیری ئەدەبی ئەو هەستە پاک و ئینسانیە بوو کە لە سەرچاوەی ئەوینی شعووری مرۆڤێکی ڕاستەقینەوە هەڵدەقولا. ئەو مەڵحەمانەی جەلال تیماری زام و زەخمی کۆمەڵانی ڕەنجکێش و حەقخوراوی وڵاتەکەی پێدەکردن، سیمایەکیان لە ڕەنگی ئازادیخوازی بە کەسایەتی و پێگەی ئەو بەخشیبوو؛ هەر بۆیە دوژمنانی ژین و ژیان ڕۆژبەڕۆژ چوارچێوەی بەختەوەرییان لێ بەرتەسک دەکردەوە و بە گەل و وڵاتیان ڕەوا نەدەدی. ئەم شاعیرەی پەیمانی لەگەڵ ڕووناکی بەستبوو، بە زوڵمەت ڕا نەدەهات و توانج و پلار و تیروتانە و ئازار و برک و ژان لە ئیرادە و خواستی ڕەوای نەیدەسڵەماندەوە و لە بەر هیچ چەشنە ئازارێکا بە چۆکدا نەدەهات. ئەوە جەلال بوو ساواکی دڕندە و نوکەری دەرباری تاجی ئێعدامی کردبووە چەقەنەی ئاشی و خەوی سەرکورسی لێزڕاندن و خوانی چزە و بزەی چەور و پێکهاتوو لە ڕەنجی پەڵە و جووتیار و کرێکاری دەس قەڵەشیو و بێری و شوانی ڕوومەت تاو بردوو لێ حەرام کردن.

شەوپەرستان بۆ پەرەپێدانی زەبروزەنگ و، کپکردنی بانگەوازی دادپەروەری کە هەڵزناوی ئاوازی شێعر و داستانی جەلال بوون، بۆ ماوەیەکی زۆر ئەم قەڵەمە هەقبێژەیان لە دەیەی چلی هەتاویدا لە قوژبنی بەندیخانەکانی ڕێژیمی شادا ڕاگرت، بەڵام جەلال کە بەڵێن و پەیمانی بە سەنگەری ڕزگاری دابوو، زیندان نەیتوانی لە بیری شۆڕشگێڕیی دووری بخاتەوە و لە پشتی میلەکانی گرتووخانەوە هەمدیسان قەڵەمەکەی دەکاتە تریبوونی بانگی ئازادی و سنووره لۆکاڵیەکانی ئەقڵیەتی دەربار دادەچڵەکێنێ و دنەی بیری سەربەستی دەدا و لە شەقام و هەستی نووسەراندا بەربەرینتر دەبێتەوە. ئەم وێژە خەماوییەی، زۆربەی لاوەتیی لە کونجی بەندیخانە و مێحنەتی ڕۆژگاری سەخت و بێدەرەتانیدا ڕابرد، لە کۆتاییەکانی دەیەی پەنجای هەتاویدا گوڵی ئاخی دەپشکوێ و شۆڕشی گەلانی ئێران ڕەنگی زەردی لەبەردادەماڵێ و ئاهێکی وەبەر دێنێتەوە. دوای ئەوەی «سروە»، شنەی بەهارێکی هێمن لە شاری لاوکەوە هەڵ دەکا و گۆڤارێکی ئەرخەوانی لە خاکی ئەشق و ئەوین دەڕوێ، وەرچەرخانێک لە هەست و ڕێزمانی هونەری جەلالدا پێکدێ و دەگەڕێتەوە نێو شنەی کوێستانی کوردستان و ئاوی سازگاری کوچکەڕەش و سەیوان ئەخواتەوە و سەر لە بنار و چەم و چیای نیشتمان هەڵدێنێ و لە نێو زمان و ئەدەبیاتی میللەتی خۆیا ئەگیرسێتەوە و دەبێتە پاڵپشتی هێمنی موکریانی و لە سەنگەری گۆڤارە ڕەنگینەکەی سروەدا دەچێتە بەرەکانی خەباتی گەلەکەیەوە و، لە مەیدانی بەرخۆدانی وشەوە هەقانییەتی مافی زەوتکراوی نەتەوەکەی

دەسەلمێنێ. ئەم بلیمەتە، دڵداری خاوەن بەڵێنی دڵی شێعر لە ماڵەکەی سروەدا دەبینێتەوە و غەدر لە زمانی وتووێژی ئەم ئاشقە ناکا و بۆ ماوەی ١٤ ساڵ ئەوینی ئەو دڵدارە لە ژوانی ئامێزی وێژە و ئەدەبدا دەحەسێتەوە و وەک قەڵەمێکی دیار و بەبڕشت جوانترین بەرهەمەکان دەخوڵقێنێ و دەبێتە بەرپرسی بەشی ئەدەبی و شێعر کە ئەو سەردەمە بە قۆناغی زێڕینی گۆڤاری سروە دادەنرێ. بەڵام مەخابن؛ جەلال لە کۆلکە سڵەمیوەتەوە و بەسەر بەرازا کەوتوە! ئەمجارەیان ڕێژیمی چاوچنۆک و بیرتەسکی کۆماری سێدارەیە گەمارۆی بیری ئازادیی دەدا و مەجال بۆ قەڵەمی جەلالی شەیدای ئازادی ناهێڵێتەوە و لە خەیاڵی شێعرا سواری ئەسپێکی تیژڕەو ئەبێ و سنوورەکان ئەبڕێ و تادێ بگلێ، ئیسماعیلی بەرزەنجی جڵەوی ئەسپەکەی ئەگرێ؛ بەڵام جەلالی هەست بریندار و غەریب لە شاری خۆی دەردەداری خاکە و ژانی خاکیش بە کۆچ ناکرێ...

بەمجۆرە ئەو مامۆستا هەگبە لەکۆڵە، پەڕیوەی گەرمێن دەبێ و لەوێش گوڵبژەی نیشتمانەکەی لەسەر بیری دەڕوێ و سەرپەرستیی گۆڤاری «پڕشەنگ» دەگرێتە ئەستۆ و بە ئەدەبیاتێکی پاراو و جێکەوتوو لاپەڕەکانی دەڕازێنێتەوە. شێرکۆ بێکەس لە وەسفی قەڵەمی ئەو هۆزانڤانەدا دەڵێ: «جەلال بۆتە هۆی پێشکەوتن لە زمان و ئەدەبییات، شێعری ئەو لە دڵەوە دێن و لەسەر دڵیش دەنیشن، ئەگەر ئەو ژیانێکی ئارام و بێ ڕەنجی بووبا، دەیتوانی بەرهەمی بەپێزتر بە گەل و نیشتمانەکەی ببەخشێ. »

جەلال پاش ئەوەی بەرگەی دووریی زێدەکەی ناگرێ، دەگەڕێتەوە کوێستانی نیشتمانەکەی و لە گۆڤاری فەرهەنگیی ئەندیشەی ئەحمەدی خانی لە ورمێ، قەڵەمی وەگەڕ دەخاتەوە. ئەو کۆچاوکۆچ و گەرمێن و کوێستان کردنە، ئەوەندەیتر ڕەنج و ئازارەکانی میللەتەکەی پەلکێشی ژیانی هونەری دەکا و، شێعر و داستانی بەرگی شۆڕش لە بەر دەکەن و لە هەمبەر ڕووداوەکاندا هەڵوێست دەگرێ و ڕووحی هونەر لەگەڵ سەنگەر و پێشمەرگەدا، گەوە و چیای سەختی خەبات دەپێون و شەهیدان دەبنە سونبول و لە نێو پەلکی بۆنخۆشترین گوڵە شێعرەکانیدا دەڕوێن...

ئەو شاعیرە نیشتمانپەروەرە زۆر جار دوژمنانی گەلەکەی ویستویانە بەرگی ڕووسوری و وڵاتپارێزیی لەبەرداماڵن و لە بەرامبەر بژێویدا بە چۆکی دابێنن، بەڵام ئەو ژینێکی سادە و ساکاری بردۆتە سەر و کۆشک و تەلاری ڕەنگاوڕەنگی لە ئازادیی نیشتماندا دیتۆتەوە و خەمی گەورەی دەستەبەرکردنی مافی ڕەوای گەلەکەی بووە؛ هەر بۆیە لە ئاست هیچ خەمێکی نیشتماندا بێدەنگ نەبووە و لێکدابڕانی هێزەکانی جووڵانەوەی کوردیشی داوەتە بەر پەلاماری شێعر و نشوست و نسکۆکانی ڕوون کردۆتەوە...

مامۆستا جەلال لەگەڵ ئەوەدا کە مافی ژنی بەڕەوا زانیوە و بەردی یەکسانیخوازی بۆ لە سینگ داوە، بەڵام زۆرجاران دڵی

ئاوێنەئاسای چرژاوە و شێعری وەک مار لە قەدی دڵدارا پاپۆکەی خواردۆتەوە و سەرسەرای هونەری لێ ڕووخاندوە و لە پەسیو و قوژبنی داستان و شێعردا بێمەیلیی خۆشەویستەکەی هۆنیوەتەوە...

ئەو شاعیرە خاوەن هەڵوێستەی شەو و ڕۆژ بە دەردی نیشتمانەوە دەگلێ، هەتا ئێستاش لە شاری سنە هەروا خەمی وڵاتەکەی بە کۆڵەوە و شێعر و داستانی چۆڕچۆڕ خوێنی شەهیدان و فرمێسکی کەسوکاریانی لێ دەچۆڕێ و ژانی ڕووح و جەستەی وێکرا زەرد و ژاکاویان هەڵگەڕاندوە و کوچکەڕەش و ئاویەر تەم و تاریکە و ئاسمانی جەلال نزم و نەوی سەری تا بن میچی دەگا.

(لە ژمارەی ٧٢٧ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جوونی ٢٠١٨

## مەلەکشا ڕۆژهەڵاتی بێناز کرد




شەوی ١٠ی خەزەڵوەر، جەلالی مەلەکشا گەورە شاعیری کورد و ئاڵاهەڵگرانی شێعری بەرگریی کوردی، لە تەمەنی ٦٩ ساڵی و لە شاری سنە کۆچی دوایی کرد و بەمەش دوای کۆچی دوایی شێرکۆبێکەس یەکەمجارە کە بەم شێوەیە دونیای ئەدەب و نووسین و شیعر خەم دایدەگرێت و لە هەموو لایەکی کوردستانی گەورەوە پەیام دەنێردرێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەئاخێنرێن بە شیعری ئەم شاعیرە جوانە.

### ژیننامەی مەلەکشا:

- جەلالە مەلەکشا لە ١٩ - ٣ - ١٩٥١ زایینی لە گوندی مەلەکشای شاری سنە هاتوەتە دونیاوە. هەر لە شاری سنە خویندوویەتی و پەروەردە کراوە. لە منداڵییەوە هۆگری شیعر و نووسین بووە.

- جەلال وەکوو مروڤێکی ئاشتیخواز نەیتوانی لە هەمبەر زوڵم و زۆردا چاو بنووقێنی و ئەسپی قەڵەمی لە مەیدانی خەبات دژ بە زوڵمدا تاو داوە و لە سۆنگەی ئەم گەرناسییەوە تووشی دەردیسەر و ئازاری زیندانی زۆر بووە.

- لە سەرەتاوە بە فارسی شیعر و پەخشان و چیرۆکی دەنووسی و لەبەر هێز و پێزی لە نووسیندا بە بێ ئەوەی کتێبی چاپکراوەی ببێ، لە ساڵی ١٩٧٨ی زایینی دەبێتە ئەندامی (کانوونی نووسەرانی ئێران.(

- پاشان لەغاوی قەڵەمی دەگێڕێتەوە بۆ نێو زمانی کوردی و لە کوردیشدا سەرکەوتنێکی بەرچاوی دەبێ. بۆ ماوەی ١٤ ساڵ وەک نووسەر و ڕۆژنامەنووس دەبێتە ئەندامی گۆڤاری سروە و بە ڕاستی پەرە بە زمان و ئەدەبی کوردی ئەدات.

- ماوەی چەند ساڵێکیش ئاوارەی هەرێمی کوردستان بووە و لەوێ سەرنووسەری گۆڤاری "پرشنگ" بووە کە پێنج ژمارەی لێ بڵاو کراوەتەوە.

- شیعرەکانی جەلال تا ئێستا بە زمانەکانی فارسی، عەرەبی، ئینگلیزی، لیبیایی، سوێدی و... وەرگێڕدراون.

- جەلال مەلەکشا لەو نووسەرە دەگمەنانەیە کە قەد قەڵەمی نەبردوەتە قوربانگای نان و ناو و دەسەڵات.

- دوو شیعری (هەتا لووتکە چەندی ماوە؟) (داستانی دارە پیرە) لە شیعرە بە ناوبانگەکانی جەلالن کە لە کتێبەکەی زڕەی زەنجیری وشە دیلەکان چاپ کراوە.

- بەداخەوە ئەم شاعیرە گەورەیەی کورد ئێوارەی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٣١ - ١٠ - ٢٠٢٠ی زایینی کۆچی دوایی کرد و بۆ سبەینەکەی بە ئامادەبوونی سەدان کەس لە خوازیاران و لایەنگرانی ئەدەبی و هونەر و شیعری بەرگری و نەفەسی ئەم شاعیری گەورەیە، لە گوندی مەڵوەشان بەشداری مەراسیمی بەخاکسپاردنی ئەم پیاوەیان کرد!

## پرسەنامەی کەسایەتییە باڵاکانی کوردستان:

**هەر بە دوای مردنی جەلالی مەلەکشا، سەدان پەیام و سەرەخۆشی لە ناوەندە ڕۆشنبیری و ئەدەبی و فەرهەنگیەکان و کەسایەتییە سیاسی و ئەدەبییەکان و خەڵکی عامەی کۆمەڵگە بڵاو کرانەوە کە لێرەدا چەند دانەیەکی گرنگیان دەخەینە بەرچاو:**

**ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە بۆنەی کۆچی دوایی جەلال مەلەکشا پەیامێکیان بڵاو کردەوە کە تیایدا هاتووە:**

کاک جەلالی مەلەکشا کە هەر لەسەردەمی پاشایەتی بەهۆی بیری ئازادیخوازی ماوەیەک لە زیندان کرابوو، لەسەردەمی ڕاپەڕینو پاش هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیش بە شیعری شۆڕشگێڕانەو حەماسی بۆ خۆڕاگری خەڵکی کوردستان بەرامبەر

بە رژێمی کۆماری ئیسلامی ناو و ناوبانگی دەرکردو شیعرەکانی بۆ خەباتو بۆ پێشمەرگە وێردی زمانی خەڵک بوو. جەلالی مەلەکشا بەهۆی شارەزایی لە ئەدەبیاتی کوردو فارسی ئەندامی کانونی نوسەرانی ئێران بوو. ئەو کە تەواوی تەمەنی لە ژێر گوشارەکانی رژێمو لە دۆخێکی سەختدا تێپەڕکرد، بەڵام قەت ورەی بەرنەداو بەهۆی ئازادیخوازیو نوسینەکانیەوە خۆشەویستی هەموو خەڵکی کوردستان بوو.

ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەم بۆنەیەوە سەرەخۆشی گەرمی خۆی ئاراستەی خانەوادەو کەسوکاری کاک جەلالی مەلەکشاو کۆڕی ئەدیبانو شاعیرانی کوردو خەڵکی شاری سنەی قارەمانو سەرجەم کوردستان دەکات.

**مەسعود بارزانی پرسەنامەیەکی بۆ کۆچی دوایی شاعیر جەلالی مەلەکشا بڵاو کردەوە کە تیایدا هاتووە:**

بە داخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی شاعیری ناوداری گەلی کورد جەلالی مەلەکشام پێ گەیشت، جەلالی مەلەکشا نووسەر و شاعیرێکی نیشتیمانپەروەر بوو کە جێی دەستی لە بەرەوپێشبردنی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردستان دیارە. سەرەخۆشی لە خانەوادە و کەسوکاری خوالێخۆشبوو جەلالی مەلەکشا و ڕۆشنبیر و ئەدەبدۆست و نووسەرانی شاری سنە و هەموو کوردستان دەکەم و خۆم بە هاوبەشی خەمیان دەزانم، لە خودای گەورە داواکارم خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و سەبر و ئارامیش بە هەموو لایەک ببەخشێت.

**هەروەها سەرۆکی هەرێمی کوردستان هاوخەمیی خۆی بۆ لەدەستدانی جەلال مەلەکشا دەردەبڕێت و بە شاعیری ئاوەر ناوی دەهێنێت و دەڵێت:**

بە داخەوە هەواڵی کۆچی دواییی شاعیری ناوداری کورد جەلالی مەلەکشام بیست. پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵە و دۆست و خۆشەویستان و شەیدایانی شیعرە بەرزەکانی دەکەم، هاوخەمی کۆڕی شاعیران و ئەدەبدۆستانم بۆ لەدەستدانی شاعیری ئاوەر و داوا لە "خوای مەزن" دەکەم، "گیانی بخاتە بەر بەزەیی و میهرەبانیی خۆی و ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت."

**مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرەخۆشی لە بنەماڵەی شاعیری ناسراوی کوردستان جەلالی مەلەکشا دەکات کە ئەمەش دەقەکەیەتی:**

بە داخەوە هەواڵی کۆچی دوایی شاعیر و نووسەری ناسراوی کوردستان جەلالی مەلەکشام بیست، کە ڕۆشنبیرێکی

نیشتمانپەروەر بوو. پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵەکەی دەکەم وهاوبەشی خەمیانم. خوای گەورە گیانی بە بەهەشت شاد بکات و ئارامییش بە کەسوکاری ببەخشێت.

**کانوونی نووسەرانی کوردستان بە بۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا جەلال مەلەکشا، شاعیر و نووسەری ناوداری کورد بەیاننامەیەکی بڵاو کردەوە کە تیایدا هاتووە:**

مامۆستا جەلال مەلەکشا، شاعێرێکی نەتەوەیی و قەڵەمێکە لە ڕەگەزی هەڵوێست؛ ناوەرۆکی شیعر و چیرۆکەکانی لێوانلێون لە خەون و ئاواتە بەدینەهاتووەکانی نەتەوەی کورد .جەلال مەلەکشا یەکێکە لە شاعیرانی نەوەی دووەمی شیعری نوێی ڕۆژهەلاتی کوردستان کە شانبەشانی نەوەی یەکەم لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا ڕۆڵی کاریگەری گێڕاوە .ئەم قەڵەمە بوێرە، چیرۆکی نەتەوەیەکی لە هەگبەیدا هەڵگرتووە و، بەرهەمەکانی لە (زرەی زنجیری وشە دیلەکان)ـ'ەوە هەتا '(کارەسات) و...هتد، ئاوێنەی سیمای ڕاستەقینەی ژیان و دۆخی زەین و زمانی نەتەوەی کوردن.

مامۆستا جەلال وەکوو شاعیرێکی بەهەڵوێست دژی زۆرداری هاواری کردووە و لە دەیەکانی چل و پەنجای هەتاویدا بەهۆی چالاکیی سیاسی لە دژی حکوومەتی پادشایەتی ماوەیەک کەوتووەتە زیندانەوە. پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بەسەر ڕێژیمی پادشایەتیدا بەهۆی بیروباوەڕی سیاسی و بۆچوونی جیاواز و نووسینی ڕەخنەگرانەوە چەندین جار لەلایەن ڕێژیمی ئیسلامیشەوە لە زیندان کراوە و خۆی دەڵێت، بەشێک لە شیعرەکانی زادەی کونجی زیندانن.

کانوونی نووسەرانی کوردستان کۆچی دوایی مامۆستا جەلال مەلەکشا، شاعیر و نووسەری گەورەی نەتەوەکەمان بە خەسارێک بۆ شیعر و ئەدەبی کوردی دەزانێت و بەم بۆنەیەوە بە ناوی بەڕێوەبەران و سەرجەم ئەندامانی کانوونی نووسەرانەوە وێڕای دەربڕینی هاوخەمی بۆ کەسوکار و بنەماڵەی بەڕێزی مامۆستا جەلال، سەرەخۆشی لە سەرجەم کۆمەڵگەی ئەدەبیی کوردستان دەکەین و خۆمان بە شەریک و هاوبەشی ئەم کۆستە دەزانین.

## شیعر و ئەدەبی و مەلەکشا:

**دکتۆر بەختیار سجادی لە نووسینێکیدا کە لە واڵەکەی خۆی بڵاوی کردووەتەوە، بە سەدێری "ئەمشەو ئاریێز بەسەر سنەدا داڕووخا!"، لەبارەی جەلالی مەلەکشاوە دەنووسێت؛**

١- کە لە ماڵە بچووک و هەژارانەکەی جەلال دەگەڕامەوە، بیرم لەوە دەکردەوە خەڵک بۆ مەرگی هیچ دەوڵەمەند و خانەدانێک بەو دڵپاکی و حەماسەتەوە ئامادە نابن. بە دیوێکی تریشدا، ئەوەی لە دەموچاو و بێدەنگیی خەڵکەکە

دەمخوێنــدەوە، بەر لەوەی پێشـاندەری نـاڕەحەتی بێت بـۆ مەرگی ئەو شـاعیر و نووسـەرە هەڵكەوتەیە، دەربـڕی قەلەقـی و بێئـۆقرەیی و دۆشـداماوی بـوو بـۆ ئەو دۆخەی هەمـووانی بە گشـتی تێكەوتـوونە و دەرئەنجـامە كارسـاتبارەكانی، تـوێژی وێژەوانی كوردینووسی لە چەشنی كـاك جەلال-ی زیـاتر گرتـۆتەوە. دۆخەكە هەستیار و نـاخۆشە و زۆربەی ئەنـدامانی ئەو توێژەش لە ڕووی دەروونییەوە لە بارێكی ناهاوسەنگدان. هەموومان پێویستمان بە گۆڕانكاری و دڵنەوایی و حەسانەوەیە.

٢- پەرلەمانی بریتانیا یەكەم خوێندنەوەی بۆ ڕەشنووسی یاسای مـافی لەچاپدانەوە لە سـاڵی ١٧١١دا ئەنجام دا و زاراوەی نووسەری هەك hack writer هەر لەو سەروبەندەدا هاتە نێو گوتاری ئەدەبـی و ئـابوورییەوە. مەبەست لەم زاراوەیە ئەو نووسەرانە بوون كە لە ڕێگەی كردەی نووسینەوە پارەیان بەدەست دەهێنا و خەرجیی ژیـانی خۆیـان و بنەماڵەكەشیان دابین دەكرد. دواتر شۆڕشی پیشەسازانە و سەرمایەداریی چاپ گوڕوتینیان بەخشیە باشتربوونی دۆخی مـاڵیی دانەران. لە ڕۆژئـاوا، تەنانەت ئینتێرنێت و كەشی بەربڵاوی مەجازیش، بە هـۆی گـرتنەبەری ڕێوشوێنی گونجـاوەوە، نەیـانتوانی بەر بە قـازانج و داهاتی دانەران بگرن.

٣- لای ئـێمە، لە بەشێكی زۆری ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاست و بە تـایبەت لە نـاو كـورددا، و نەخاسـما لەم دوخە ئـابوورییەی ئێستا، ئەوەی نرخی نەماوە بەرهەمی ئەدەبـی و هونەری و هەروەتـر ژیـانی تـوێژی وێژەوانـانە. چەنـد سـاڵ لەمەوبەر و لە لێـداوێنێك لە سـەر قەبـران و لـە پرسـەی عەبـاس كەمەنـدیدا - كە ئەویـش، وەك جەلال، قوربـانیی سیستـەمی بێبـەزەی ئـابووری و گوتـاری بێسـەروبەری فەرهەنگی بـوو - وتـم تەنـانەت نووسـەر و شـاعیرە ئاسـتنزمە ڕۆژئاواییەكـان تـا مـاون بۆخۆیان و پاش مەرگیشیان نەوە و نەتیجەیان لە خێروبێری ئەو بەرهەمانە سوودمەند دەبن، بەڵام لای ئێمە تەنانەت دانەرە بلیمەتەكانیشمان لە خراپترین دوخی ئابووریدان.

٤- جەلال مەلەكشـا كەسـایەتییەكی گەورە و گرانـی ئەدەبـی كـوردییە. لە چەقـی ئـازار و خەمـدا بـوو، بەڵام هەردەم بە هەناسەیەكی ڕۆمانتیكەوە دەیپەقی و بە ورە و وزەوە دەینووسی. بە بێكەسی و لە تەنیـایی و گۆشەگیریدا ژیـا، بەڵام لە زۆر كەس زیاتر هاوڕێ و خوێنەری هەبوو و هەیەتی. هیچ كـات وازی لە ڕێبـاز و خەون و ئـارمانەكـانی نەهێنـا و تـا دوا سـاتی تەمەنی وەفادار بوو بە واتا بەرزەجێكان: شەرافەت، ویژدان، ئەوین، شكۆ، ڕەسـەنایەتی، بەرخـۆدان، ئـازادی، دژی زۆرداری و دژی چەوساندنەوە. هەر بۆیەش كەمتر شاعیرێكی كورد ئەوەندەی ئەو خاوەن پلە و پایەی جەماوەرییە.

٥- دوو هەفـتە لەمەوبەر هەر لەم لاپەڕەیەدا نووسیم: "مەرگی دایكی ... شـاعیری ئێستا تەنیـاتر لە جـاران ... خەمبـاری كردم و خێرا هەستم بە ئاكامەكانی كرد بۆ كاك جەلال. كەسێ نییە ئیتر پەرداخێك ئـاو بداتە دەستییەوە و ..." خۆزگە قسەكەم ڕاست دەرنەچووبا و بمتوانیبا جارێكی تر ئەو مرۆڤە پاكژدڵە ببینمەوە. ئۆغرت بەخێـر كـاك جەلال! لە بیـری ئەو

ڕۆژانەدام کە لە سنە و لە هەولێر و لە ورمێ پێکەوە باسی شیعر و چیرۆک و وەرگێڕان و ڕەخنەی ئەدەبیمان دەکرد. تۆ نەمردوویت! ناوت، یادت، کەسایەتی و بەرهەمت تا هەتایە بە زیندوویی دەمێننەوە.

**هەروەها شاعیر ڕەزا عەلیپووریش یادداشتێکی ساڵی ٢٠١٦ی خۆی دەنووسێتەوە کە تیایدا هاتووە:** "یادێکی جەلال مەلەکشا هێمن و بێ هەواڵ هات. نە لە سیمایدا ئاسەواری ناوداربوون دەبینرا، نە لە قەڵافەتیدا شکۆی ناسراوی. وەک تاسەیەکی شاعیرانە و دڵدارێکی پڕ ماجەرا هات، وەک شیعرێکی خەمبار، بەڵام کۆڵنەدەر. بێدەنگ و کتوپڕ بۆ کافە هات، جەلال مەلەکشا. هەمووان دەیانناسی. چۆن دەبێ نەیناسن؟ لە پۆل ڤێرلن دەپرسن (باشترین) شاعیری فەڕەنسە کێیە، دەڵێ "ناسراوترین"ی ڤیکتۆر هۆگۆیە. جەلال مەلەکشا تا ئێستەیش ناسراوترین شاعیری (زیندووی) ڕۆژهەڵاتە، گومانتان نەبێ. بڵندترین دەنگ و فیگۆری شیعریی جڤاتێکی پەراوێزخراو. بە دەم چایی و شیرینییەوە لە کتێب دواین، گلەمەند بوو لە بڵاڤۆک و نەشر و بازاڕ. دەربارەی مامۆستا هێمن لێمان پرسی، بە بزەوە لە وردە شەڕەکانی دوا لەگەڵیدا، لە سروەی ئەو ساڵانە و تەنز نووسینەکانی خۆی. یادی عەباس کەمەندیی کرد. باسی وەرگێڕان کرا؛ یەکەم وەرگێڕانەکانی جەلال بۆ سەر زمانی فارسی. ئەو ساڵانە، زوو، باشی وەرگێڕابوو زۆریش؛ شیعری هەڵمەت، پەشێو و شێرکۆ. ئەحمەد شاملوو بۆی چاپ کردبوو، شێرکۆ بێکەس و لەتیف هەڵمەت کە بیستبوویان خەنی ببوون، زۆریش، خۆی گوتی. شاملوو گوتبووی وەک کتێب وەریانبگێڕە. نەیکردبوو. هەرچی مەیلی سەرکەشی نەیخوازێ نایکا، ئازادانە بە مەیلی خۆی وەفادار بووە. (زڕەی زنجیری وشە دیلەکان)ی ئیمزا کرد. کۆمەڵە شیعرێک ڕاچەنیو و دارماڵی ئایدیای ڕزگاری. وێنەمان کێشا. فۆتۆگرافەر داوای بزەی لێ کرد، تراژیدیایەک پێکەنی".

**مامۆستا کرمانج گوندی سەبارەت بە کۆچی دوایی جەلالی مەلەکشا دەنووسێت؛** "شاعیری مەزن و خاوەن کەسێتیی نیشتیمانیی، ئەورۆ، شەمۆ، ٣١ ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠، لە شاری هونەر و هونەرمەندانی جوانی نیشتیمان، شاری سنە، سەفەری ڕۆحی خۆی دەستپێکرد و گەڕایەوە لای خودا .مەلەکشا، شاعیری هەست ناسک و مرۆڤدۆست، پیرۆزەیی شیعرەکانی خۆی لە چارچێوەی خۆشەویستیی و ئەڤینی کوردستانێ نەخشاند. مەلەکشا مرۆڤێک بوو کە دەریچەی شیعری بۆ ڕاگەیاندنی هەستی دەروونی کوردەواریی خۆی هەڵبژارد کە لەو دەریچە بتوانێ جارێکی دیکە کوردەواریی بخەملێنێتەوە و ئێکپارچەی خاکی کوردستانێ وەبیر نەتەوەی مەملەکەت بهێنێتەوە، وەک لەو شعرە ناسکە هەستی نیشتیمانپەروەرانەی خۆی بەیان کردیە".

**شیعرێکی جەلال مەلەکشا دوای تێرۆری شەهید د. عەبدولڕەحمان قاسملوو:**


**کاتێ زانییان،**
**دڵت پاپۆڕی ئەوینە و**

بۆ گەیشتن بە بەندەری خۆشەویستی
دەریای شەختە و سەهۆڵ ئەبڕی
هاتن سینگتیان هەڵدڕی...
کاتێ زانیان،
دڵت پردێکە پان و پۆڕ
بەرەو ناخی مێژووی جیهان
دەستی کوێستانت گرتووە و
لە قووڵایی مەرگ و خوێنا
ئەیبەی بەرەو کۆشکی ژیان
پەردەی وەرزی زریان ئەدڕی
هاتن سینگتیان هەڵدڕی...
کاتێ زانیان،
بورکانە دامرکاوەکان ئەخرۆشێنی
بوومەلەرزە خنکاوەکان،
لەناو خوێنا ئەجوولێنەوە
نەخشەی جیهان ئەشێوێنی
سنوورەکان لەژێر پێتا ئەتوێنەوە
وەک بڵێسەی کڵپەی ئاگر،
لەناو شەوەزەنگا ئەگڕی
هاتن سینگتیان هەڵدڕی...
کاتێ زانیان،
ئاوت بووە بە جوانترین وشەی ئەوین
دڵدارەکان ئەبزوێنی
دەنگت بووە بەچەپکە تیشک
شەوی چڵکن ئەشڵەقێنی
شانت داوە بەژێر خەمی نیشتمانا و
فرمێسک لەچاو هەژار ئەسڕی
هاتن سینگتیان هەڵدڕی...
کاتێ زانیان،
کوێستانت کردووە هێلانە
بەشمشاڵی لوولەی تفەنگ،

دڵدارەکان بۆ جێژوانی چیا ئەچڕی
هاتن سینگتیان هەڵدڕی...
هاتن سینگتیان هەڵدڕی..

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوا تۆدەی - ڕێکەوتی: ٢ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٠

---



---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

خەزەڵوەری ٢٧٢٤ی کوردی = نۆڤەمبەری ٢٠٢٤ی زایینی



# سپاس و پێزانین

بۆ هەموو نووسەران بۆ ئامادەکردنی "دیمانە" نووسینی "وتارەکان".

دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.

**ڕەحمان نەقشی**

